


Rahand

نەبەز گۆران

# شازادەکەی ئورفا

رۆمان


کتێبخانەی (PDF)

ئەبەز گۆران

# شازادەکەی ئورفا

# ١

(زستانی_١٩٤٩)

بەفرێکی زۆر باری بوو.

ئاسمان ساماڵ، سەر لە ئێوارە کە تەماشات دەکرد هەموو شوێنێک سپی دەنواند، تاریک داهات، ئەستێرەکان دەرکەوتن، جگە لە دەنگی وەڕینی سەگەکانی ماڵی ئاغا و کوێخا، لە گوندی ئامارا گوێت لە دەنگێکی دیکە نەدەبوو. کتوپڕ، نیوەشەو، چرایەک هەڵکرا، هاواری ژنێک بیسترا، دوای هاوارەکە، چرایەکی تر هەڵکرا، دەنگێکی تر بیسترا، گوندەکە لە کپی و خامۆشیی بەئاگا هات، چراکان داگیرسان، خەڵکەکە بەرەو ڕووی یەکەم هاوار ڕۆیشتن، زۆری نەبرد دانیشتوانی گوند، لەبەردەم ماڵی ئاپێ ئۆجەلان کۆبوونەوە، هەواڵی لە دایکبوونی کوڕێک گەیشتە گوێی هەمووان. لەناو ئەو بەفر و سەرمایەدا، گەرمییەک کەوتە دڵی خەڵکەکەوە. پیاوان پێکەنین، ژنان بەهەمان شێوە، منداڵان لەبەردەم شەوقی چراکاندا، دەستیانکرد بە یاریکردن. لە درەنگانێکی ئەو شەوەدا، شازادەی شەوە بەفرینەکە، لە دایک بوو.

سەرێکی خڕ، ڕەنگێکی تۆخی ئەسمەر، برۆی پڕ، چاوی بز و تیژ، پەنجەی خڕ، دەستەکانی توند نوقاند بوو. خستیانە ناو پەڕۆیەکی

سووورەوە، بردیانە هەیوانی ماڵەکە، لە ناوەڕاستدا دایان نا. پیاوان لێی وردبوونەوە، ئەویش بەدەم جوڵانی دەست و قاچە خڕپنەکانییەوە تەماشای بنمیچی هەیوانەکەی دەکرد. جارجارە ڕادەچڵەکی و ڕووی وەردەگێڕا بەلایکدا. نە دەگریا، پێنەدەچوو ناڕازی بێت لە هاتنە ناو دونیاوە. باوکی کەیف خۆش، چاوەڕێی نەکرد ژنان سەروکاری میوانەکان بکەن، بە پەلە ڕۆیشت، سینییەک هەنجیری وشکی هێناو بەخشییەوە، هەمووان دەمیان شیرینکرد. ئاگری سۆپاکە داگیرسابوو، چراکان بەدەوری ماڵەکەدا دەدرەوشانەوە، منداڵەکان یەک یەک خۆیاندەکرد بە هەیوانەکەدا، تەماشایەکی شازادەی شەوە بەفرینەکەیان دەکرد، کە چۆن لە ناوەڕاستی مەجلیسەکەدا بە بێدەنگ، دەست و قاچی بۆ ژیان ڕادەوەشێنێت.

سەرماوسۆڵەی شەوەکە لەبیرکرا، ماڵەکە هێندەی تر گەرم داهات. بەو درەنگانی شەوە، ئاگردانەکانی ناندەکە پاککرانەوە، مەنجەڵە مسەکان شۆران، ژنان و کچانی گورجوگۆڵ، بەدەستوبرد، خۆیان ئامادە کرد بۆ دروستکردنی خوان. پیاوان بەدەم گفتوگۆکردن و تەماشاکردنی شازادەی ناو بەفرەوە، کە وەک گوڵێک لە ناوەڕاستی مەجلیسەکە لەسەر پەڕۆیەکی سوور دانرابوو، کەوتنە باسوخواسی ئەو وەرزە و هەریەک لەلای خۆیەوە ناوێکی هەڵدەبژارد. ئاپێ ئۆجەلان بێدەنگ، تەنها سەری ڕادەوەشاند و دڵخۆشیی خۆی پیشاندەدا و چاوی لە کوڕەکەی لا نەدەدا. دەستی بۆ دەبرد و مشتە توند نوقاوەکەی دەگرت و بەوردی سەرنجی دەدا: «پسمام، چاوی لە من دەچێت، وانییە پسمام.» بەدەم ئەو قسانەوە سەرنجی پیاوانی مەجلیسەکەی ڕادەکێشا، تا باشتر لێی وردببنەوە، بزانن کوێی لە باوکی و کوێی لە دایکی دەچێت.

ژنان لەکاتی هاتووچۆدا، بەهەمان شێوە کەمێک دەوەستان، نیگایەکیان لێدەکرد، «مشتە نوقاوەکانی توندکردووە، لە دەستی دایکی

دەچێت.» ئەو قسەیان بە پێکەنینەوە دەکرد، تا بەبیری هەموانی بهێننەوە، هەسارە خاتوونی دایکی چەندە بەهێزە. هۆدەی ژنان پڕ لە دەنگە دەنگ و، پێکەنین و پاڕانەوە و سوپاسگوزاری خودا بوون. پیاوان بە گفتوگۆ، منداڵان بە یاری و گاڵتەکردن، بەشێکی دیکەی ژنان و کچان سەرقاڵی ئیش، لەناو ئەو هەلایەدا، دەنگی هەسارە خاتوون هات، هۆدەی ژنان و هەیوانی پیاوەکان، سەرتاپا بێدەنگ بوون. لەسەر نوێنەکەیەوە فەرمانیکرد، بەخۆشی هاتنی ئاپۆی کوڕییەوە، گیسکێک سەربڕن بیکەنە قوربانی، کەس نەچێتەوە ماڵی خۆی، نیگەراندەبێت کەسێک لەو قوربانییە نەخوات. پاش فەرمانەکە، هەمووان زانییان ناوی شازادەکەی ناو بەفر نراوە، ئیدی کەس باسی ناوێکی تری نەکرد. خێرا دوو پیاو هەڵسان بەرەو گەوڕەکە ڕۆیشتن، گیسکێکیان ڕاکێشایە دەرەوە، لەناو بەفرەکە دایان بە زەویداو کردیانە قوربانی، خوێنی گیسکەکە ڕەنگی بەفرەکەی سوور کرد، وەک پەڕۆ سوورەکەی ژێر ئاپۆ.

ئەستێرەکانی ئاسمان دەدرەوشانەوە. جگە لە ماڵی ئاپێ ئۆجەلان کە بە چرا دەور درابوو، تەواوی ماڵەکانی تر خامۆش بوون. کزەبایەک لە کێوەکانەوە دەهات. ئاگر لە ناو ئاگردانەکان بەرزبوونەوە، مەنجەڵە مسەکان خرانە سەر، قرچەی ڕۆن و بۆنی پیاز ئەو ناوەی تەنی. گەورە و بچووک خەوی زڕا، وەک ڕۆژێکی ڕووناک، بەخۆشیی لە دایکبوونەکەوە لە درەنگانێکی شەودا ژیان دەستی پێکردەوە. نەریت بوو، هەرکاتێک منداڵێک بهاتایەتە دونیاوە، مژدەی ژیانێکی نوێ، دانیشتوانی گوندەکەی سەرلەنوێ کۆ دەکردەوە. پیاوە پیرەکان وەک شانازییەک دەستیان بە سمێڵە سپییەکانیاندا دەهێنا، تەماشای نەوەکانی خۆیان دەکرد. ژنە پیرەکان، کەمێک سەرپۆشە سپییەکانی سەریان ڕێک دەکرد و، بەچاوێکی پڕ لە نیانییەوە، لە خێزان و بنەماڵەکانی خۆیانیان دەڕوانی. ئەو ماڵەی منداڵەکەیان هاتبوویە

دونیاوە، ئارەزووویان دەکرد، لەو ساتەدا چی لە خەزنەکەیاندایە بیهێننە دەرەوە و بیخەنە بەردەمی میوانەکان، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاریی خۆیان پیشان بدەن، دڵخۆشییەکەیان بە بەخشندەیی دەربخەن.

جێی سەرنج بوو، نە ئاغای گوند و نەکوێخا دیارنەبوون، گەرچی هەواڵیان پێدرابوو. گوماندەکرا بەهۆی هەسارە خاتوونەوە بێت، هەمیشە کێشەی هەبوو لەگەڵیان، لەسەر زەویوزار، لەسەر باج وەرگرتن، ماندووکردنی جوتیارەکان، نەیدەویست فەرمانەکانیان جێبەجێ بکات. ئاپێ ئۆجەلان پیاوێکی کەم دوو، بێدەنگ و ئیشکەر. هاوینان بەکاری جوتیاری و زستانان بە هێنانی داری وشک خێزانەکەی دەژیاند. تا حەزکەی خودا پەرست و گوێڕایەڵ. بیهێنە بەرچاوت، جوتیارێکی ڕوخسار لاواز، مەچەکی دەماراوی و ڕەش، خۆر پێستی هەڵقرچاندبێت، جامانەیەک بەسەرییەوە، سمێڵە ڕەشەکانی ڕژابن بەسەر لێوە ئەستوورەکانیدا. نە گلەیی لە ژیانی هەبێت، نە لە ماندوویەتی، بەردەوام بە ڕێزەوە لە هەموولایەکی دەڕوانی. هەسارە خاتوون ئەو هێمنی و بێدەنگییەی بەلاوازیی دەبینی، بە ئاشکرا و دەنگی بەرز هاواریدەکرد بەسەریدا، «مرۆ نابێت هێندە هێمن و بەڕێز بێت، چونکە دەکەوێتە ژێر پێیان.» سالانە کاتی باجدان، بەردەرگای ماڵیان دەبوو بە دەنگە دەنگ، لەگەڵ پیاوانی ئاغا و کوێخادا، دەکەوتە چنگە کڕێ، دەنگی بەرزدەکردەوە و ئاخ و کەسەری بوو: «بریا پیاو بام. نەمدەهێشت یەکێکتان ڕۆژ بکاتەوە.» بەو قسانەی تانەیەکی لە بێدەنگییەکەی پیاوەکەی خۆی و پیاوانی دیکە دەدا، ورەیەکی دەخستەوە ناو دانیشتوانی گوندەوە، کە نابێت ڕەنجی خۆیان بە ئاسانی بخەنە بەردەستی ئاغا و کوێخا.

چەندجارێک جەندرمە بانگکرانە سەریان، ئەمما لەسەر داخوازییەکانی خۆی پێی دادەگرت. پیاوانی گوند بە شاژنی ماڵ ناویان

دەبرد، ڕاستییەکەی کەمێک لە توندی و بەهێزییەکەی خۆیان لادەدا. سەرپۆشێکی سپی دەدا بەسەریدا، کراسە کوردییەکەی هەڵدەکرد و بە بەنێک لەناو قەدیدا دەیبەست، بە دەست و پل و گورجوگۆڵ. ڕوخسارێکی ئەسمەر، چاوی تیژ و دەنگێکی کەمێک گڕ. بەوە ناسرابوو زۆر پیاوانە هەڵکەوتووە. نازانم چۆن ڕێککەوتبوو لەگەڵ ئاپێ ئۆجەلان ژیان ببەنە سەر، یەکیان بێدەنگ و هێمن، یەکیان بەهێز و دڕ و ملکەچ نەکردن. لە شەوی لە دایکبوونەکەدا، دیاربوو کێ ماڵ بەڕێوە دەبات، کاتێک لەو دیو فەرمانیکرد، کەس کاردانەوەیەکی پێچەوانەی پیشان نەدا.

نان پێگەیشت، دەستکرا بە خواردن. لەگەڵ یەکەم پاروو، مەلا بانگی بەیانی دا. ئاپۆی بچکۆلە برایە هۆدەی ژنان. هەسارە خاتوون لای ژنەکان باسی کردبوو، لەناو سکیدا زۆر هێمن بووە، هیچ نەجوڵاوە و ئازاری نەداوە، بەڵام کاتی لە دایکبوونەکە بە تەکانێکی بەهێزەوە خۆی فڕێداوەتە ناو ژیانەوە. «منداڵێکی ئارام، بە سروشتێکی ئارامەوە لە سکمدا، لەوە دەچوو بیەوێت بە هەنگاوێک پێ بخاتە ناو دونیاوە.» بەدەم نانخواردن و نوێژکردن و گفتوگۆوە شەوەکە بەڕێ دەکرا. لای ژنان جێگەی سەرنج بوو، منداڵەکە نە دەگریا، تەنانەت هەموو منداڵان، کە دەکەونە ناو ژیانەوە، بەشێوەیەکی کتوپڕ دەگرین بەبێ ئەوەی نە برسییان بێت، نە ئازارێکیان هەبێت، ئەمما شازادەی بەفر، وەک بەفر کپ و بێدەنگ.

لەو شەوەدا سەگەکانی گوند نا، سەگەکانی ماڵی ئاغا و کوێخا، سەرەتا دەوەڕین، پاش لە دایکبوونەکە دەیان لوراند. لوراندنێک وات هەستدەکرد شتێکی خەمگین ڕوویدابێت، یان بیانەوێت دەوروبەر ئاگادار بکەنەوە، شتێک بەڕێوەیە. پیرە پیاوەکان ئەو لوراندنەی سەگەکانیان دەگێڕایەوە بۆ سەرسامبوون. بە قسەی ئەوان، هەرکاتێک

مانگ دەردەکەوێت سەرەتا پێی دەوەڕن، کە دەدرەوشێتەوە، سەگەکان سەرسام دەبن پێی و ڕووی تێدەکەن و دەلورێنن. بەس بۆچی تەنها سەگی ئەو دووماڵە؟ بووە پرسیارێک لە نێوان پیاواندا، خاوەن ئەزموونەکان شتانێکی سەیریان باسدەکرد، ژنان شتانێکی دیکە. بە قسەی ژنان بێت، سەگەکان حەزیان لە بۆنی منداڵە، بۆیە دەیانەوێت بە شێوازی جیاواز خۆیان دەرخەن، هەتاکو لێی نزیک ببنەوە. بەڵام بۆچی تەواوی سەگەکانی دیکە بێدەنگ، لە دەوری ماڵەکە لەناو بەفرەکەدا ڕاکشابوون و تەماشای چراکانیان دەکرد؟ ئەی بۆچی سەگەکانی ئەو دووماڵە نەدەهاتنە ناویانەوە؟ ئاپێ ئۆجەلان بۆ ئەوەی ترس و قسەی جۆراوجۆر لەسەر بابەتەکە بگۆڕێت، بە دەنگێکی بەرز تا هەمووان گوێیان لێ بێت: «سەگەکان هەواڵی نیگەرانیی ئاغا و کوێخامان پێدەگەیەنن.» بەو قسەیەی پێکەنینێکی خستە ناو هەمووان.

پاش مەلابانگدان، مەلای گوند لە دەنگبەری مزگەوتەکەوە بە زمانی تورکی، کەوتە باسکردنی لە دایکبوون. دڵنیایی دا، «نابێت مرۆڤ نیگەران بێت، دەست لە شوکرانەی زەوی و ئاسمان هەڵگرێت، خوداوەند هەمیشە هەواڵێکی خۆشی پێیە. جوتیارەکان، ئەی دانیشتوانی گوند، ئێوە سەدان ساڵە لەسەر ئەم زەوییە دەژین، گرێدراون بە زەوی و ئاسمانەوە، بەردەوام هەوڵدەدەن نەوە دوای نەوە وەچە بخەنەوە. هاتنی منداڵێک واتای ئەوەیە، ژیان لە شوێنێکدا ناوەستێت. هەردوێنێ پیرێک لەناوماندا گەڕایەوە بۆ ئاسمان و ئەمشەو لەناو ئەم بەفرە سپییەدا، منداڵێک هاتە ناومانەوە و مژدەی بەردەوامیی پێداین.» داخوازی لە خێزانەکەی کرد، ناوێکی پیرۆزی بۆ هەڵبژێرن. پاش نوێژکردنەکە گەیشتە ماڵی ئاپێ ئۆجەلان، بەڕێزەوە لەبەری هەڵسان، داوای لێبوردنی کرد نەیتوانیوە بە زمانە پاک و ڕوونەکەی کرمانجی لە مزگەوتەوە قسە بکات، سینییەک خواردنیان بۆ هێنا، نانی خوارد و داوایکرد منداڵەکە بهێنن بانگ بدا بە گوێیدا.

لەناو پەڕۆ سوورەکەدا شازادەی ناو شەوی بەفرەکەیان هێنا. مەلا خستییە باوەشییەوە، کەمێک لێی وردبوویەوە، ئەویش دەستە خرپنەکانی بۆ جولاند، چاوەڕێی ناو بوو. ئاپێ ئۆجەلان ناوەکەی پێگووت، ناوێکی زۆر کوردانە، پێدەچوو مەلا کەیفی بەناوەکەی بێت، بە پێکەنینەوە کە دڵخۆشیی لێ دەباری، بەرزیکردەوە، دەمی لە گوێی نزیک خستەوە، بە دەنگێک تا خۆی و خەڵکەکە بیبیستن، بانگی دا بە گوێیدا. «تۆ ئاپۆی، کوڕی ئەم ماڵە جوتیارەی، کوڕی ئەم گەلەیت، شکۆمەندانە گەورەبە، بەڕێزەوە سەیری دەوروبەرت بکە، ئەرکەکانت جێبەجێ بکە. باش گوێ بگرە ئەی منداڵی شیرینی ناو ئەم شەوە سپییە، تۆ ناوت ئاپۆیە، ڕەگوڕیشەت لەناو ئەم خاکەیە، بیرت نەچێت، ئەم ژیانە هی تۆیە، بەخێربێیت بۆناومان، خێرت هێنابێت بۆ خێزانەکەت و گوندەکەت، خێرت هێنابێت بۆ هەموومان.» پاش ناو لێنانەکە هەمووان دەمیان شیرینکردەوە، شەوەکە پیرۆز کرا.

مەلا منداڵەکەی لەبەردەم خۆی دانا، بە چاوە نیوە کراوەکانییەوە تەماشای دەکرد، وەک بڵێیت، گوێی لێبوە ناوی لێنراوە. بە هێمنییەوە دەست و قاچی بۆ ڕادەوەشاند، مەلاکە بۆ ئەوەی هەستی خۆی بۆ دەربڕێت، پەنجەی شایەتومانی خستە ناو دەستییەوە، ئەویش بە پەنجە خرپن و بچوکەکانییەوە گرتی و توند دەیگوشی.

بەو جۆرە، لەو شەوە بەفراوییەدا، بە دیار هاتنی منداڵێک بۆناو گوندەکە، دانیشتوانەکەی دڵخۆش بوون. نانخورا و شتەکان کۆکرانەوە، چایەکی گەرم ئامادەکرا، چایەکە خورایەوە، ئەستێرەکانی ئاسمان بەرەو کزی دەچوون، سەرەتای ڕۆژێکی نوێ دەستی پێکرد. ڕۆژێک بۆ گوندەکە و بۆ ئەو منداڵەی هاتبوویە ناوییەوە، ڕۆژێک بۆ خێزانی ماڵی ئاپێ ئۆجەلان و هەسارە خاتوون، نوێ بوو. هەریەکە و لە شوێنی خۆیەوە پیرۆزبایی کرد، بە ڕوویەکی پڕ لە زەردەخەنەوە ماڵئاواییان کرد و گەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان.

# ٢

وا دەردەکەوت گوندی ئامارا، قوڵترین گوندی دونیایە. کەوتبویە ناو شیوێکەوە بە دوو کێو گەمارۆ درابوو، قەدپاڵی کێوەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە، خانووەکان پێیدا هەڵشاخابوون. چەمێک بە ناوەڕاستیدا تێدەپەڕی، هەتا چاو بڕکات زەوی نیوە کێڵراو، زەوی کێڵراو و زەوی دەست لێنەدراو. وەرزی بەهار لەو گوندەدا، وەرزێکی تەڕی باراناوی بوو، تەواوی دەوروبەری دەبوویە سەوزایی و گوڵ و بۆنی گیاکان، چرۆی لقی درەختەکان، هاژەی ئاو، گرمەی هەورەکان، ڕژانی تەم بەسەر کێوەکاندا، تەقینی کانییەکان و چەندین دیمەنی دیکە، شێوەی گوندەکەی پێ دەناسرایەوە. بەجۆرێک هەڵکەوتبوو، هەستت دەکرد هێندە قوڵە، لەو سەرزەمینەدا گوندێکی دیکە نییە بەو جۆرە. زستانەکەی سارد و بەفراوی، هاوینەکەی ڕۆژانی کپ و شەوانی فێنک. ماڵباتی ئاپێ ئۆجەلان کەوتبوونە تەنیشت ئەو شاڕێگەیەی لە ئورفاوە دەچوو بۆ خەڵفەت و لەوێوە بۆ ناو گوند.

ڕێگایەکی خۆڵاویی گوندەکەی دەبەستەوە بە دونیای دەرەوە. زۆربەی دانیشتوانەکەی خزم بوون، چەند ماڵباتێکی لێدەژیان. پەیوەندییەکان وەک زۆر شوێنی دونیا ساردی و گەرمی تێدەکەوت.

ژیانی خەڵکەکەی گرێدرابوو بە کشتوکاڵەوە، بۆنی خاک و تێکەڵبوون بە کێڵگەکان لە ڕوخساری یەک بەیەکیاندا دەردەکەوت. بە پێی قسەی پیرەکانیان ماڵباتی ئۆجەلانییەکان کۆنترینەکانن، پێشتر شەڕێکی خوێناوییان لەگەڵ ماڵباتی یەکێک لە گوندییەکان هەبووە. هەڵگیرسانی شەڕەکە لەسەر پاوانکردنی زەوی ڕوویداوە. یەکێک لە نەیارەکانیان بە کوشتنی کەسێک لەو ماڵباتە، ئاگری دوژمنایەتییەک دادەگیرسێنێت، ئەو ئاگرە بە کوشتنی چەند کەسێک لە هەردوولا کڵپە دەکات، دەگاتە ئاستێک شەونخونیی بەدیار هەڵکوتانە سەر یەکتری، هەل دۆزینەوە بۆ تۆڵەکردنەوە، پاسەوانیکردنی ماڵەکان، دەبێتە ژیانی هەردوولا. پیاوانی دونیادیدە دەکەونە نێوانیان، ئاگرەکە کەمێک خامۆش دەکەن. هێشتا ڕقەکە ماوە و بەتەواوەتی کۆتایی نەهاتووە، شەڕەکە لە کوشتنەوە گوازراوەتەوە بۆ ڕق لێبونەوە و پەیوەندی ساردوسڕ لە نێوانیاندا. لەو خوێن ڕشتنەدا، پیاوانی ڕیش سپی عەلەوی هەوڵێکی زۆردەدەن، هەتاکو چارەسەرێک بۆ دوژمنایەتییەکە بدۆزنەوە. بە زەوی و باخ کێشەکە کپ دەکەنەوە، ئەو کەسەی یەکەمجار خوێنەکەی ڕشتووە، بە کۆی دەنگی هەردوو گوندنشینەکە گۆشەگیر دەکرێت.

نەریتە کۆنەکەی گوندی لەسەر پەیڕەو دەکەن. یەکێک لە ڕیش سپییەکان هەڵدەستێت بەردێکی درێژ لەبەردەم دەرگای ماڵی هەڵگیرسێنەرەکەدا دەچەقێنێت. ئەو بەردە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەسەکە گۆشەگیرکراوە، ئیدی هیچ کەسێک، لە خزم و نزیک، لە دانیشتوانی گوند، هاتووچۆی ناکەن، کاری پێنادەن، لە هەرەوەزیدا بەشداری پێناکەن و کەس شتی لێناکڕێ و شتی پێنافرۆشێت. لە هەموو پەیوەندییەکی ناو گوندنشینی تەریک دەکرێت. ئەو سزایە بە پێی دۆخەکە لە خولەکێکەوە بۆ چەند ساڵێک درێژە دەکێشێت، تەنانەت دراوسێ و نزیکەکانی سەلام لە خۆی و خێزانەکەی ناکەن. ماڵی بکوژ سەرەتا دەخەنە پەراوێزەوە، یان دەبێت داوای دانیشتنێکی

دیکە بکات بۆ ئەوەی لەبەردەم پیران و خەڵکی گوند تۆبە بکات، کە جارێکی دیکە بچووکترین کێشە نانێتەوە، یان گەر بەردەوام بوو لەسەر بەرگریکردن لە خۆی، سزاکەی بۆ درێژ دەکەنەوە، تا ئەو ساتەی ناوچەکە جێ بهێڵێت، یان ناچار دەبێت پەشیمان ببێتەوە، هیچ کەس لە گوندییەکان بەرگەی ئەو گۆشەگیرییە ناگرێت.

سزادراوەکە لە کۆتاییدا پەشیمان دەبێتەوە. دوای ئەو شەڕە و خامۆشکردنەوەی، لە نێوان هەردوو گوندەکەدا هیچ ناکۆکییەک نییە، بەڵام نەوەی ماڵباتی هەڵگیرسێنەری شەڕەکە هێشتا گوندنشینەکان بەساردییەوە لەگەڵیان هەڵسوکەوت دەکەن، چونکە بوونە هۆی درێژکردنەوەی شەڕێک چەندین کەسی بێگوناه لەو نێوانەدا لەناوچوون. نەوەکانی ئەو دوو ماڵباتە، لە ڕێگەی چیرۆکەکانی ماڵەوە، هێشتا سەردەمی کۆنیان بە بیر دەهێننەوە. بەشێکی بۆ ناسینی یەکترییە، بەشێکی وەک وانەیەکە، تا دووبارە نەبێتەوە. هەرچەندە هەسارە خاتوون مەبەستی دیکەی هەبوو. منداڵەکانی خۆی هاندەدا لە نەوەی ماڵباتی بکوژەکە نزیک نەبنەوە و ئەو خوێنە بۆ هەمیشە لەو نێوانەدا ناسڕێتەوە، بڕێکجار کەمێک بە توندییەوە، تەنانەت لەبەرچاوی دراوسێکان، بە زمان، ئاپێ ئۆجەلانی دەخستە گۆشەیەکی بێدەنگییەوە: «پێم سەیرە تۆ نەوەی ئۆجەلانییەکان بیت. ماڵباتی ئێوە ناوەکەی هەڵگری تۆڵە سێنە، کەچی تۆ نەک تۆڵە ناکەیتەوە، ژنان باسی ئەوە دەکەن زستانان داری وشک بۆ نەوەی کۆنە دوژمنەکەتان دەبەیت.» بەو قسانە خزمانی دنە دەدا، تۆڵەی خۆیان ژبیرنەکەن و نەوەکانیان لەسەری ڕابهێنن.

دەگوترا ماڵباتی هەسارە خاتوون بەڕەچەڵەک لە تورکە هاوردەکانن. پێشتر دەوڵەت نەخشەی هەبوو بۆ گۆڕینی گوند و ناوچە کوردییەکان. لە دوای کۆمەڵکوژییەکەی دێرسیمەوە، ئاڵوگۆڕی

ماڵباتەکان دەستی پێکرد. ئێوارە دەخەوتن بەیانی هەڵدەستانەوە، ماڵباتێکی تورک دەهێنرانە سەر زەویی و ماڵەکەیان، بە هێزی جەندرمەکان ماڵباتە کوردەکان دەر دەکران. لە چەندین شوێن بەو جۆرە کوردەکان لەسەر خاک و ئاوی خۆیان ڕادەگوێزران بۆ شارە گەورەکانی تورکیا، لە گۆشەیەک فڕێدەدران، وەک کێوی و نەزان تەماشا دەکران، لە شوێنی ئەوان ماڵباتە تورکەکان لەسەر ماڵ و زەوییەکانیان دادەنیشتن. کاتێک دەبرانە شارەکان، شوێنیان پێنەدەدرا، بە تێشوەکەی پشتیانەوە، لە کەنارێک فڕێیان دەدان، لەسەر خاکێکی وشک، لە ناو شارنشینە غەریبەکان، کەپرێکیان دروستدەکرد، بەناو شارەکەدا بڵاودەبوونەوە، بۆ ئیشکردن و خزمەتکردنی تورکان، هەتا یەکێکیان ئیشی پێدەدرا، سەد کەس نەفرەتی لێدەکردن و بە پیس و چەپەڵ ناویان دەبردن، دۆخی قەرەجێکیان هەبوو، ڕێگەیان پێنەدەدرا بۆ باکوور بگەڕێنەوە.

کوردان پەرێشان بوون لەو ئاڵوگۆڕە، ناچار فێڵێکیان دۆزییەوە بۆ مانەوە. هەڵدەستان ژن و ژنخوازییان دەکرد، یان کچێکی خۆیان دەدا بە تورکە هاوردەکان، یان لەوان کچێکیان دەخواست، ئیدی بەو هاوسەرگیرییە ڕێگرییان دەکرد لە ڕاگواستن، چونکە بە پێی یاساکانی دەوڵەت هەموو تورکێک دەتوانێت خاوەن زەوی و موڵکێک بێت، کە خۆی دەیەوێت و کەس بۆی نییە موڵکی تورکێک داگیربکات و خۆی بە خاوەنی بزانێت. پێدەچێت هاوسەرگیرییەکەی ئاپێ ئۆجەلان لەگەڵ هەسارە خاتوون وێنەیەکی لەو جۆرەبێت. بە هەڵسوکەوتیاندا بە باشی دەردەکەوت، هەسارە خاتوون بەهۆی ڕەچەڵەکییەوە، زۆر باڵادەست بوو بەسەر ئاپێ ئۆجەلاندا. ئەوە تەنها بۆ ماڵی ئەوان ڕاست نەبوو، بۆ هەموو ئەو ماڵانە ڕاستبوو، کە یەکێکیان تورک و، یەکێکیان کورد بوون، هەمیشە کوردەکە، چ پیاو بایە، یان ژن، لە ماڵەوە بە ژێردەستە تەماشا دەکرا.

ئاغا و کوێخاکان لەو بڕیارەی دەوڵەت دووربوون، نەک بڕیارەکە نەیدەگرتنەوە، بەڵکو بە جۆرێک خزمەتیان دەکرد، گوندی زیاتر و زەوی زیاتریان پێدەدرا. ماڵەکانیان گەورە، خزمەتکاریان هەبوو، باجگریان هەبوو، سەگ و پاسەوان، بەشێکیان دەوڵەت کۆمەڵێک چەکی پێدابوون بۆ چاودێریکردنی سنوورەکەیان، ئەرکی جەندرمەکانیان ئاسانتر دەکرد. فشارێکی زۆریان دەخستە سەر جوتیارەکان، ناچاریان دەکردن بەباشی گوێڕایەڵیان بکەن. هێزی هەسارە خاتوون دژی پیاوانی ئاغا و کوێخای گوندەکە، سەرسوڕهێنەر بوو، بەهێز بوو، سڵیان لێدەکردەوە، گەر ئەوەی هەسارە خاتوون دەیکرد هەرژنێکی دیکەی کورد بیکردایە، بە قژ ڕایاندەکێشایە گەوڕەکانەوە و پیاوەکەی فەلاقەیەکی باش دەکرا. ئەو چەندجارەی جەندرمەیان بردە سەریان، کاتێک دەیانزانی ڕەگوڕیشەی سەر بە ماڵباتێکی تورکە و باکی بە دەسەڵات نییە، چاوپۆشیان لێدەکرد و لێی خۆش بوون، قسەی کوێخا و ئاغا بە هەدەر چوو.

تا دەهات فشاری دەوڵەت لەسەر کوردە گوندنشینەکان زیاتر دەبوو. گەنجەکان لەناو کێڵگە و هەرەوەزییەکاندا خۆیان دەخواردەوە. دەنگوباسیان پێدەگەیشت لە شارەکاندا ناڕەزایەتی دەستی پێکردووە، گروپی گەنجان دروستکراوە، هەمووان لە گوندی ئامارا چاوەڕێ بوون یەکێک بێت لە گوندەکان ئەوکارە بکات، تاکو لە دەوری کۆ ببنەوە. لە بەرامبەردا ئاغا و کوێخا هەوڵیاندەدا ناکۆکییەکان زۆر بکەن و تەنانەت شەڕە کۆنەکان نوێ بکەنەوە. بە جیا داوەتی نەوەکانی هەردوو بەرەیان دەکرد، دنەیاندەدان دژی یەک بن، قسەیان دەگواستەوە، بە تایبەت گەنجە تازە پێگەیشتووەکانیان پڕدەکرد لە ڕق. نەیاندەهێشت ئەو ساردییەی نێوانیان کەم ببێتەوە. هەسارە خاتوون لایەکی ئەو فەرشەی بە هەڵدراوی هێشتەوە، دەستهەڵگرنەبوو.

هاتووچۆ، کاری هەرەوەزی، یارمەتیدانی یەکتری، ڕێزی گەورە و بچوک، گوێگرتن لە چیرۆکە کۆنەکان. دانیشتنی شەوان و شەوچەرە خواردن، بە تایبەت دوای وەرزی چنینەوە و هەڵکردنی بای پاییز. زستانان خەزنەی ماڵەکان پڕدەکران، کەنۆڵەیەک پڕ لە چەڵتوک، چەند کەنۆڵەیەک ئارد، وشککردنی میوە شیرینەکان، پڕکردنی مەنجەڵە مسەکان، لە نۆک و گەنم و ترخێنەی وشک و کەشک و کەرە و ڕۆنی خۆماڵی و هەنگوین. دوورینەوەی لێفە جاجمەکان. چنینی دەستکێش و پوزەوانە و کڵاو، هەڵچنینی دارە وشکەکان، بوونی ئاوانێکی بەردین لەبەردەرگای هەموو ماڵێک، بۆ کوتینی چەڵتوک و گەنم. کوڵاندنی گەنم، دەنگی تەقە تەقی ئاسنگەرەکەی گوند کاتێک داسێک، تەورێک، تەوەرزینێکی دروست دەکرد. هاڕەی ئاشەکەی خوارەوەی تەنیشت کانی ئامارا، کە بەنۆبە فەردە گەنمیان بۆ دەبرد، تاکو بیکات بە ئارد، هاتنی دەنگی سترانێک لەسەر تولەڕێی باخێک، لەرینەوەی دەنگی بانگ، ڕۆژی پێنج جار.

گەڕانەوەی کچانی سەبەتە لەسەر، لەناو کێڵگەکان. فڕینی پۆلێک چۆلەکە لە دارتوویەکەوە بۆ دارتوویەکی تر. کەوتنە خوارەوەی زەڕنەقوتەیەک لە هێلانەکەی لە دەمەو بەهاردا و کۆبوونەوەی چەند منداڵێک لە دەوری. هاربوونی دایکی زەڕنەقوتەکە و جریوەجریوکردنی. دەنگی بەرخێک لە گەوڕێکدا، بۆڕەی گایەک دوای تێربوونی. بەلادا کەوتنی پەڵەیەک وێنجە، پاش هاتنی شنەبایەک. هەڵوەرینی گەڵاکان و ڕووتبوونەوەی درەختەکان لەگەڵ هاتنی یەکەم بای پاییز. بۆنی دوکەڵی سیغارێک، لە دارجگەرەی پیاوێکی پیردا، هاتنی هەورێکی سپی و دانانی سۆپای دارەکان و پێشبینی خەڵکی گوند بۆ بارینی بەفرێکی نوێ.

تێپەڕینی دەستەیەک جەندرمە بەناو ڕێگا خۆڵاوییەکەدا بۆ ماڵی ئاغا یان کوێخا. قورسکوهوڕی سەگەکانی بەردەرگای ماڵیان، کاتێک

جەندرمەکان بە پۆتینە ڕەشەکانیان شەقێکیان لە قەپۆزیان دەدا. خێرا ڕاکردنی منداڵێک لەبەردەم ماڵیاندا لە ترسی سەگەکانیان. لێدانی فیکەی شوانێک لە دەمەو ئێوارەدا، کاتێک مەڕەکان دەگەڕێنێتەوە. سەیرکردنی بنارەکان و ڕۆیشتن بۆ هێنانی گوڵە چنوور بۆ دۆی هاوینان، هێنانی ڕێواس بۆ خواردنی ئێواران. چنینی گوێژ و بەخشینەوەی بەسەر ماڵەکاندا، هاتنی ڕیشۆڵەکان لە سەرەتای دەرکەوتنی بەهاردا. هاتنی پۆلی ئایرەمەلە باڵ ڕەش و سنگ خۆڵەمێشییەکان کاتێک دەزانن توو پێگەیشتووە.

سیسبوونی هەنجیرێک دوای ئەوەی هەنجیرە خۆرەیەک لەتێکی لێکردوەتەوە. دەرکردنی زەردەواڵەیەک بەسەر هێشوێک ترێوە. خوراندنی چاو کاتێک دوکەڵی ئاگرێک ئەوناوە دادەپۆشێت. دانیشتنی پیاوە سمێڵ گەورەکانی گوند، لە قەراخ دیوارێکی قوڕاوی و قسە و باسەکانیان و تەماشاکردنی دەستە زبرەکانیان. شۆردنی منداڵێک لەناو تەشتێکدا. بانگکردنی دایکێک کاتی خواردنی نیوەڕۆ. بۆنی قاژکردنی خەیار و شووتی و کاڵەک، لە گەرمای هاویندا. هەواڵی گەڕانەوەی کوڕە سەربازێک، پاش ساڵێک دووری لە ماڵباتەکەیان. دەنگۆی خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچی دوو ماڵبات. تەنیا دانیشتنی دوکانی وشکە فرۆشەکە و چاوەڕوانیکردنی بەدیار هاتنی کڕیارێکەوە. زرەی پیاڵەی تاقە چایخانەکە، زەڕینی گوێدرێژێک بە بارێکی سوکەوە، خرمەی پێی ناڵی هێسترێک بەسەر بەردی سەر ڕێگایەک، گەرمی سۆپای چایخانەکە لەوەرزی زستاندا. ئەوانە و چەندین دیمەنی دیکە، بە پێی وەرزەکان و مانگەکان، لە گوندی ئامارا دەبینران و سەرنجی خەڵکەکەی ڕادەکێشا، تێرنەدەبوون لە دووبارە بینینەوەی دیمەنەکان. لە هەمووی بەردەوام تر، دانیشتنی ئێوارانی ئاغا و کوێخا لە سەر کورسییەکانیان و دەوردانیان بە پیاوەکانیان و جەندرمەکانی قەڵاکەی نزیک گوندەکە، یان کتوپڕ دەرکەوتنی جێبێکی خۆڵەمێشی سەربازی،

کە بەرەو گوند تۆزی دەکرد و پاش دابەزینی سەرنشینەکانی، بڕیاری بانگهێشتکردنی چەند گەنجێکیان دەهێنا کە بەرەو سەربازی بڕۆن و، دوای ئەوە دایک و خوشکەکانیان دەیانکرد بە شیوەن.

# ٣

زستان ڕۆیشت، بەفری دەوروبەری گوند توایەوە، سەرما نەما. خەڵکی گوند کەوتنە خۆ، لێفە ڕەنگاوڕەنگەکان برانە دەرەوە، هەندێکیان دەدران بەسەر دیوارەکاندا، تا خۆر لێیاندا، هەندێکیان شۆران. پەردەی پەنجەرەکان لادرانەوە بۆ ئەوەی تیشکی خۆر بچێتە ژوورەوە. گوڵدانەکان شۆران، بەتانی و دۆشەکەکانیش. هەیوان و حەوشەکان گسک دران. لەگەڵ بارینی هەر بارانێکدا، تۆوی گیاکان تەقین و پەلکە کەسکە کاڵەکانیان سەریان دەرهێنا. لایەکی کێوەکان سپی، لایەکیان کەسکێکی کاڵ. ڕووبارەکە کەفی دەکرد. ئاپۆی خڕوخەپان برایە هەیوانەکە، دەستیکرد بە گڕوگاڵ، بەسکە خشێ فشاری خستە سەر خۆی کەمێک بڕوات. وەرزێکی نوێ دەستی پێکرد، شازادەی شەوە بەفرینەکە، بە چاوە ڕەش و گەشەکانی بەژداریکرد لە بینینی ئەو وەرزە.

هۆدەکەی جێهێشت، لە هەیوانەکە دەرکەوت. کاتێک باران دەباری، بە حەپەسانەوە، لەسەر دۆشەکە بچوکەکەی بە دەما دەکەوت و لە خوڕە و کەوتنە خوارەوەی دڵۆپە بارانەکان ورد دەبوویەوە. دەستەکان و قاچەکانی بۆ ڕادەوەشاند. دایکی بەدەم ئیشکردنەوە

لـە دەوری دەخولایـەوە. باوکـی بەیانیـان زوو، لەگـەڵ دەنگـی مـەلادا، لەخـەو ڕادەپـەڕی. لێفـە و دۆشـەکەکانی خـۆی کـۆ دەکـردەوە، دەقـی دەکردن، دەیخستە سەر دۆلابە قاوەییەکە. دۆلابێکی کۆن، لەسەرووی هۆدەکەوە دانرابوو. جێ خەوەکانی لەسەر هەڵدەگیرا و جاجمێکی پێدا دەدرا. دۆلابەکـە سـێ دەرگای هەبـوو، دەرگایەکیـان جلەکانـی هەسـارە خاتوون، یەکێکی تریان جلەکانی ئاپێ ئۆجـەلان، سێهەمیان جلـە بچوک و تـازە درواوەکانـی ئاپـۆی بچکۆلـە.

باوکی لـە جێگاوە گۆرەوییەکانی لـە پێ دەکرد. شـەرواڵەکەی دەکرد بەسـەر بیجامـە سپیەکانیدا. جامانەیەکی ڕەشوسپی عەلەویانـەی دەپێچا بەسـەرییەوە. دەستێکی دەهێنا بە سمێڵەکانیدا، بەرەو مزگەوت هەنگاوی دەنـا. دەسـتنوێژی دەگـرت و نوێـژی بەیانـی دەکـرد، دەگەڕایـەوە. گـەر سـەرەتای بەهـار بوایـە، بێڵەکـەی دەخسـتە سەرشـانی، تێشـوێک و دوو نـان و کەمێک هەنجیری وشـک، یـان هـەر شتێکی هەڵدەگرت. دەڕۆیشـت بـۆ سـەر کێڵگەکـە. وەک زۆربـەی جوتیارەکانـی دیکـە، زەوی دەکێـڵا، کـە ڕۆژ دەبوویـەوە، نانێکـی دەخـوارد. چاوەڕێـی هەسـارە خاتوونـی نەدەکرد، چونکـە بەهـۆی منداڵەکـەوە پێـی نەدەکرا بـەو زووییـە بچێـت یارمەتـی بـدات.

لەگـەڵ بـە ئـاگا هاتنی باوکـی، ئاپـۆی خنجیلانـە لـە خـەو هەڵدەسـتا. لەنـاو بێشـکەکەوە کەمێـک گڕوگاڵـی دەکـرد. تێـر خـەو، کەیفـی سـاز بـۆ یاریکـردن. باوکـی هەندێـک یاریـی لەگـەڵ دەکـرد و دەسـتێکی لەنـاو دەسـتڕازەی بێشـکەکە دەردەهێنـا، دوای دوو مـاچ، جێـی دەهێشـت. ئاپـۆ بـەدەم تەماشـاکردنەوە گڕوگاڵـی بـۆ دەکـرد. هێنـدە دەجـولا و دەکەوتـە کفـە کـف، دایکـی لەخـەو هەڵدەسـتا. فشـاری لـە خـۆی دەکـرد دەسـتەکەی تـری دەربهێنێـت. دایکـی بـەدەم سـەروقژ چاککردنییـەوە ماچێکـی لا ڕوومەتـی دەکـرد، دەسـتەکەی دیکـەی دەردەهێنـا، تـا پشـوێک بـدات، بـەر

لەوەی دەموچاوی بشوات تێرشیری دەکرد. لەناو بێشکەکە دەری دەهێنا، جلوبەرگی دەگۆڕی و دەیبردە هەیوانەکە.

بەهارێکی تەڕ، بەڕێژنە باران دەباری. کەژ و کێوەکان بەرەو سەوزی دەڕۆیشتن. ڕووبارەکە خوڕەی دەهات. هەسارە خاتوون، سەرێکی گەوڕەکەی دەدا، دڵی لای هەیوانەکە بوو، پڕپۆڵەی بۆ مریشکەکان دەکرد و بەریدەدان، دەرگای گەوڕەکەی دەکردەوە و بزنەکانی بەرەو قەتپاڵەکە دەبرد، بەخێرایی دەگەڕایەوە و چاوی بۆ هەیوانەکە دەگێڕا، ئاپۆ کە چاوی بە دایکی دەکەوت بەدەم هاوارکردن و دەست و قاچ ڕاوەشاندنەوە دیمەنێکی دروست دەکرد، کە دایکی خۆی نەگرێت و بیخاتە باوەشی.

هەڵیدەگرت، توند دەیگوشی بەخۆیەوە، بەدەم ماچکردن و یاریکردن بە دەستە خرپنەکانییەوە، ئاگری دەکردەوە، کتریەکی دەخستە سەر. نان و چای بەیانی ئامادە دەکرد، دەمەو خۆرهەڵات، تێشوی پڕدەکرد لە پێداویستی ئەو ڕۆژە و منداڵەکەی دەبەست بە کۆڵییەوە و دەچوو بۆ سەر کێڵگەکە. لە ژێر درەختی قەراخ جۆگەی کێڵگەکە جۆلانەیەکی بۆ دروست کردبوو، دەیخستە جۆلانەکەوە، دەکەوتە بژارکردن. هەتا نزیکی نیوەڕۆ بەوجۆرە لەگەڵ ئاپێ ئۆجەلاندا کاریان دەکرد. دەمەو نیوەڕۆ هەسارە خاتوون دەهاتەوە لای منداڵەکەی، لە جۆلانەکە دایدەگرت و بەدەم لە باوەشکردنییەوە نانێکی ئامادە دەکرد. لەسەر دۆشەکێک دایدەنا، بە یاریکردن لەگەڵیدا نانێکیان دەخوارد. نە دەگریا، یان دەخەوت، یان یاری دەکرد، یان بە دەم دەست و قاچ ڕاوەشاندنەوە بۆخۆی سەرقاڵ دەبوو بە جوڵەی شتێکەوە و کەیفی دەنواند.

بەوجۆرە تا نزیک ئێوارە دەمانەوە، پاشان دەگەڕانەوە گوند. شتێکی نوێ لە ژیانیاندا نەبوو، کێڵگە و ناو گوند. شەوان گەر میوانێکیان بهاتایە، هەتاکو کاتی خەو کەمێک قسەو باس دەکرا و

لەگەڵ ڕۆیشتنی میوانەکە دەخەوتن. بەهارەکە تێپەڕی. کێڵگەکە کێڵرا و تۆوی ئەو ساڵە چێنرا. لەگەڵ باران بڕاندا، لە قەراخ کێڵگەکە ژێر دارەکە تەخت کرا. بەدیار چاوەڕوانیکردنی پێگەیینی بەرهەمی ئەو ساڵەوە، هاوینەکە تێدەپەڕی. باوک چاوی لە کێڵگە و ماڵ و کوڕە و ژنەکەی، دایک بەهەمان شێوە. لە وەرزی دروێنە و پێگەیشتندا، گوندەکە کاری هەرەوەزییان دەکرد. ئیدی توتن، مەرەزە، گەنم، نۆک، بامیە، هەرشتێک بایە، گەنجان لە کوڕ و کچ، کۆدەبوونەوە و هاوکاری یەکدییان دەکرد بۆ کۆکردنەوەی بەرهەم.

ئاپێ ئۆجەلان، یان چەڵتوکی دەکرد، یان گەنم. توانای نەبوو گاجوت بهێنێت بۆ کێڵان، بە خەرجییەکی زیادەی دەزانی، بۆیە خۆی و هەسارە خاتوون پێکەوە بە بێڵ، لە سەرەتای بەهارەوە دەکەوتنە زەوی کێڵان و بژارکردن، بەبێ ماندووبوون، کاری خۆیان دەکرد و بەرهەمی باشیان دەدورییەوە. بەشێکی دەفرۆشت بۆ پێداویستییەکانی ماڵ و بەشێکی هەڵدەگرت بۆ زستان.

بەهار و هاوین تێپەڕین، شنەبای پاییز دەستی پێکرد. ماڵە گوندییەکان کەوتنە کۆکردنەوەی بەرهەمەکەیان. ئاغا و کوێخا ئێواران لەسەر کورسییەکانیان دادەنیشتن، لەو بەرزاییەوە تەماشای هێنانەوەی بەرهەمیان دەکرد. یەک یەک دەیانژمارد بزانن هەرماڵە و چەند فەردەی هەیە. لە ژێریشەوە پیاوەکانیان دەناردە سەر کێڵگە و شوێنەکان، نەبادا جوتیارەکان لێیان بشارنەوە. ڕاپۆرتی خۆیان بەرز دەکردەوە بۆ دەوڵەت و بەرهەمی ئەوساڵەی باج وەرگرتنەکەیان دەخستە بەردەمیان. سەروەختی باج دان پیاوەکانیان دەنارد و بەشی خۆیان و بەشی دەوڵەتیان لێوەردەگرتن.

ئاپێ لە کۆتایی وەرزی پاییز و سەرەتای زستاندا، بەرەو گاگولکێکردن دەڕۆیشت. چاوەڕێی زستانێکی ساردی دەکرد، جارێکی

دیکە بگەڕێتەوە هۆدەکە و لە تەنیشت سۆپا گەرمەکە، بەجلی زۆرەوە داپۆشن. زستانی دووهەمی تێپەڕاند. زۆر دەرەوەی نەبینی، مەگەر لەو کاتانەدا نەبێت، خزمان دەچوون بۆ ماڵیان، کچەکان دەیانگرتە باوەشیان و لەگەڵ خۆیان تا بەردەم هەیوانەکە دەیانبرد، سپییەتی وەرزەکەیان پیشان دەدا. ئەویش بە پەنجە خڕەکانی ئاماژەی بۆ چەند لایەک دەکرد، لەبەر خۆوە کۆمەڵێک قسەی دەکرد، کەس لێی تێنەدەگەیشت چیدەڵێت، تەنانەت بە بەفرەکەی دەگووت جوجو.

لە باوەشی کچە خزمەکانیدا، هەوڵیدەدا لە دیمەنەکان تێبگات و دەست و پەنجەی بۆ ڕادەکێشان، شتی تێکەڵاوی بەسەریەکدا دەردەبڕی. کچەکان بە خۆشحاڵییەوە وەڵامیان دەدایەوە، لێی تێدەگەیشتن و دەیانزانی مەبەستی لە چییە. منداڵە بێدەنگەکە، زستانان لە سەروەختی کارکردندا دەبەسترا بە کۆڵی دایکییەوە، جلی زۆری لەبەر دەکرا، بە سەرپۆشێک سەری دەبەسترا و کڵاوێک دەکرایە سەری. هەڵتەک هەڵتەک بە کۆڵی دایکییەوە، بەزمانە تایبەتییەکەی منداڵیی شتی دەگووت و دەستی ڕادەوەشاند. پاش وەرزی زستان، جارێکی کە هێنرایەوە هەیوانەکە، لە وێوە بۆ دەرەوە، وەرزێکی نوێی بەهار و هاوینی بینییەوە، لە نێوان ماڵەوە و کێڵگەکەدا، تەواوی ژیانی منداڵەکە بوو، تەنها یەکجار بەهۆکاری بردنە لای پزیشک، لەگەڵ دایکی و باوکی برا بۆ شاری خەڵفەت.

لە ڕێگا لە باوەشی باوکی، بەناو جادە خۆڵاوییەکەدا لە بەیانییەکی زوودا ڕێیان دەکرد. پێش نیوەڕۆ گەیشتنە شارەکە. منداڵەکە چاوی دەگێڕا، دیمەنەکان تازەبوون لەلای، خەڵکی زۆرتر، دوکان و بازاڕ، ئەسپ و عەرەبانە، ماڵی گەورە و بچوک، ئۆتۆمبێل، ڕیزە دارەکانی بەردەم دوکانەکان، دەنگی فرۆشیارەکان، هاتووچۆی ڕێبوارەکان، ڕوخساری نوێ. ئەوانە نیگای منداڵەکەیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد و هەر ساتە و تەماشای شوێنێکی دەکرد.

برایە بەردەم پیاوێکی بەرگ سپی. جلەکانی لەبەر داکەنرا، پیاوە بەرگ سپییەکە دەستی هێنا بە ورگە نەرمەکەیدا. منداڵەکە تەماشای دەکرد و بەیاریکردن تێگەیشت، بەدەمییەوە پێکەنی. پیاوە بەرگ سپییەکە پارچە ئاسنێکی خڕی ساردی خستە لای چەپی، تەزوێک هات بە گیانیدا و دەموچاوی گرژ کرد. لەسەر لا خستی، پارچە ئاسنەکەی بە پشتیدا گەڕاند، ختووکەی هات، دەستی کرد بە پێکەنین، کەمێک لە جێگاکەی خۆی بە ڕووتی مایەوە، جلەکانی لەبەرکرایەوە و دایکی خستییەوە باوەشی. پزیشکەکە دڵنیایی بە دایک و باوکی دا کە سەلامەتە و نەخۆش نییە. بەئاسایی گەشەی کرد و بەهێز بوو، لەو کاتەوەی هاتبوویە ناو دونیاوە، تەنها دووجار نەخۆشیی ئاسانی گرتبوو، دایکی خەیار چەمەری بۆ کردبوو بیخوات و باش بێتەوە.

بەهەمان ڕێگادا گەڕانەوە، ماندوو بوو، بەدەم ڕێوە لەباوەشی باوکیدا خەوی لێکەوت، لە نزیک گوند بە ئاگا هاتەوە. لە هەیوانەکە داینا، دەستی کرد بە گاگۆڵکێ کردن، دەیتوانی کەمێک بڕوات دەست بۆ شتەکان ببات. دایکی لە ترسی ئەوەی نەبادا دەستی بگاتێ، مەنجەڵ و کترییە گەرمەکانی لە دوورەوە دادەنا. بەردەوام بە ئاماژەی دەست و دەنگ، ئاگاداری دەکردەوە بڤەیە دەست لەو شتانە نەدا مەترسین بۆی. بەو جۆرە وەرزەکان و ساڵەکانی تێدەپەڕاند. ئاسایی گەشەی کرد. بە دەنگی سەگەکان ڕادەچڵەکی، دەستی بەرزدەکردەوە و دایک و باوکی ئاگادار دەکردەوە دەنگێک دێت، ئەوانیش بە شێوازی خۆیان وەلامیان دەدایەوە دەنگی توتەیە.

لەو ساڵانەدا لە ناوچەکەیان ڕووداوێکی مەترسیدار و گەورە ڕوویندەدا. ژیان بە شێوازە گوندییەکە تێپەڕی. لەناو شارە گەورەکاندا گروپ و دەستە دروست بوون. لە شەوێکی بەفراویدا، وەک شەوی لە دایکبوونەکەی سارد و کپ، بۆ یەکەمجار بە زمانێکی ڕەوانی کرمانجی،

بانگی دایکی کرد. هەر لەو شەوەدا کە ئاپۆ زمانی کرایەوە، سەرۆک کۆماری دەوڵەتی تورکان لەسەر جێگەکەی خۆی بە نەخۆشییەکی کوشندە مرد. باوکی کەیف خۆش، داوای لێکرد جارێکی دیکە بانگی دایکی و باوکی بکات، دووبارەی کردەوە. منداڵەکە دەیەویست وشەکان فێربێت، ناوی شتەکان بزانێت، گوێ لە دەنگەکان و بانگکردنەکان بگرێت. لە لایەک باوکی هەوڵیدەدا کرمانجی فێربکات، لە لایەک دایکی فێری دەکرد ناوی بهێنێت. لەو نێوانەدا منداڵەکە بوو بە جۆلانەی دوو جیهان، هەریەکەیان وشەی خۆی دەخستە ناو جۆلانێکەوە.

بۆ بەیانییەکەی باوکی دەیویست لە مزگەوت باسی زمانی منداڵەکەی بکات، چۆن یەکەم وشەی بە کرمانجییەکی ڕەوان لە ناوی دایکییەوە دەست پێکردووە، مەلای مزگەوتەکە بە دەنگێکی بەرز تا نوێژ خوێنەکان گوێیان لێبێت، هەواڵی مەرگی سەرۆک کۆماری ڕاگەیاند، بەڵام خۆی خەمگین و پەرێشان پیشان نەدا. ئاپێ ئۆجەلان کە گوێی لێ بوو زەردەخەنەیەکی کرد، دەستی گرت بە دەمییەوە نەکا ببینن، بە چپە بەهاوگوندییەکەی تەنیشتی گووت: «دونیا وادەڕوات پسمام، سەرۆک کۆمار تەواوی ژیانی تەرخانکرد بۆ نەهێشتنی زمانی کورد، کەچی لە شەوێکدا مرد، کوڕەکەی من لەو شەوەدا یەکەم وشەی کوردی لەزمانییەوە هاتە دەر.»

# ٤

دانیشتوانی گوندی ئامارا، عەلەوی بوون. گەنجەکان نا، پیرەکان ترسێک ڕۆچووبوویە ناخیانەوە، بەردەوام چاوەڕێی ڕووداوێکی خراپیان دەکرد. چەند ساڵێک بوو لەناو خوێنی دێرسیم هاتبوونە دەرەوە، بەشێکیان سەر بە بەرگرییەکە و، بەشێکی دیکەیان بەچاوی خۆیان کۆمەڵکوژییەکەیان دیبوو. هەوڵیان دەدا، گەنجان و تازە پێگەیشتوان تێبگەیەنن، عەلەوی بوون، ماڵێکە هەڕەشەی لەسەرە، تورکەکان دەیانەوێت چرای ئەو ماڵە بکوژێننەوە و، بۆ هەمیشە بیخەنە ناوتاریکییەوە. بڕوایان بە دەوڵەت و تورک نەبوو، ئێواران دوای کارکردن دەگەڕانەوە، لە قەراخ دیواری تاقە دوکان و چایخانەکەی گوند دادەنیشتن، دەستیان دەهێنا بە سمێڵەکانیاندا و دەکەوتنە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانیان. چاویان لەسەر شارێگاکە بوو، هەرکەسێک بچوبایەتە گوند هەمووان دەیانزانی. ماڵەکان وا دروستکرابوون لەوەدەچوو هەموویان ڕوویان کردبێتە لایەک، تاکو شارێگاکە ببینن. پیرەکان کە ئۆتۆمبێلێکی سەربازییان دەبینی، دەستیان دەهێنا بە ڕیشە سپییەکەیاندا و موچڕکێک دەهات بە گیانیاندا، لەبەرخۆوە: «هەواڵێکی ناخۆش بۆ گوندی مە دێت.»

پێنەدەچوو کەسیان یادەوەرییەکی خۆشی هەبێت. خۆیان گوتەنی: «عەلەوی بوون، هەڵسانەوەیە لەناو گۆڕدا.» باپیرانیان هەمان چیرۆکیان هەبوو، نەوەکانیان، کە ئێستا پیرن، چیرۆکە تاڵەکان دووبارە دەکەنەوە. کەسیان تورکی نەدەزانی، بە کرمانجییەکی پاک دەدوان، کاتێک کارێکیان دەکەوتە لای دەوڵەت، پەرێشان دەبوون، دەبایە تورکی زانێک لەگەڵ خۆیان ببەن. زۆر بەکەمی پیرەکان دەچوونە شاری ئورفا، لەوێ زمانی کرمانجی قەدەغە کرابوو. بۆ ئیشوکارەکان، گەنجەکان هاتووچۆیان دەکرد، دەیانزانی پیرێکی تورکیی نەزان، گەیشتنی بەشار، بانگکردنییەتی بۆ زیندان. دەوڵەت هەمانکاری لە گوندەکان پێنەدەکرا، نەیدەتوانی ئەو هەموو پاسەوانەی زمان دابنێت، شارەکانی کردبوو بە تەڵەی گرتنی زمانە کوردییەکە.

لە دانیشتنەکانیاندا گفتوگۆیان لەسەر پرسە ڕۆژانەییەکان و یادەوەرییەکان دەکرد. ئەو گەنجانەی دەیانویست زیاتر لەسەر ڕەگوڕیشەی خۆیان بزانن، گوێیان لێ دەگرتن. بەشێکیان ئایینەکەیان دەگەڕاندەوە بۆ دێرین و دەیانبەستەوە بە میترائییە کۆنەکانی ناوچەی زاگرۆس و سەرێ کانی. تەنانەت ئایینی زەردەشتیان بە تەواوکەری ئایینە دێرینەکە دەزانی. وەک مەلای گوندەکەیان باسیکردبوو: «خۆ بەستنەوە بە ئیمام عەلییەوە، تەنها ڕزگارکردنی گەلەکەمانە لە تواندنەوە.» قسەکەی بوویە جێگای گفتوگۆی گەنجان. خوێندەوارەکانیان بەدوای مێژووەکەیاندا دەگەڕان. پێش شەڕی چاڵدێران میرەکانیان دەکەونە شەڕ لەگەڵ عوسمانییەکان. سەفەوییەکان هاوکارییان دەکەن لەو بازنەی دەسەڵاتە بچنە دەرەوە، بەڵام سەرکەوتوونابن و شکست دێنن.

سەرەتای هەوڵەکە دەرچوون بووە لە دەسەڵاتی بێگانە، لێ کە ناتوانن بەدەستی بهێنن، ناچار خۆیان دەخزێننە ناو ئایینی

سەفەوییەکانەوە و دەسکاری باوەڕە کۆنەکەی باپیرانیان دەکەن. لەو دەسکاریکردنەدا وێنەیەک بۆ ئایینەکە دادەتاشن، هەم دەبێتە هۆی مەترسی لەسەریان، بە دیویکی دیکەدا هاوکاریان دەبێت لەوەی بە تەواوەتی لەناو نەچن. سروتەکان و نەریتەکانیان، هەمان سروت و نەریت بوون لەناو ئایینەکەدا پەیرەو دەکران، بەڵام شێوەن و لێدان لەخۆ، کە بە بنچینەی سروتی سەفەوییەکان دەناسرێت، لەناو عەلەوییەکاندا پەیرەو نە دەکرا. بەشێک لە هێڵە گشتییەکانی هێندەی بەسترابوون بە زەردەشتی و میترایییەوە، نەبەسترابوون بە ئایینی سەفەوییەکانەوە. ئاگرکردنەوە و نەریتی خێزان و ڕێزگرتن، هێمای هەتاو، خۆ بەدەستەوە نەدان و پاراستنی ڕابردوو، خەمی گەورەی پیر و جەوانیان بوو. فێردەکران پەنهان بن، هێزی مانەوە بە هێزی پەنهانکردن بزانن.

ئامۆژگاری گەنجەکانیان دەکرد، سەرەتا دەبێت کوردبن، پاشان عەلەوی. مەلای گوندەکە، گەرچی بە زمانی تورکی لە مزگەوتدا دەئاخافت و بە جۆرێک خۆی دەنواند، نزیکە لە جەندرمەکانی قەلاو ئاغا و کوێخاوە، بەڵام لە ژێرەوە لە گۆشەیەکی مزگەوتەکە حوجرەیەکی بچکۆلانەی دروستکرد بوو، وانەی ئایینی بە کۆمەڵێک گەنج و منداڵ دەگوتەوە. لەوانەکانیدا فێری دەکردن بنەچەیان چییە و لە کوێوە هاتوون، ئەو خاکەی لەسەری دادەنیشن هی کێیە و بۆچی تورکان دەیانەوێت لەناویان ببەن. تەنانەت چیرۆکە تەوراتییەکانی بۆ باس دەکردن، کە پەیامبەر ئیبراهیم خەڵکی ناوچەکەیانە، لە شاری ئورفا ژیاوە، ڕووبەڕووی پاشا نەمرود بوەتەوە و سەرزەمینی خزمانی جێهێشتووە و خاکی پیرۆزی بۆ کوردە هاو ئایینەکانی دۆزیوەتەوە. لەناو کتێبی یەکەمیدا ئامۆژگاری کوڕەکانی دەکات بگەڕێنەوە بۆ شاری حەران، خزمەکانیان نیشتەجێی ئەوێن، هاوسەرگیری لەگەڵ کچەکانیان بکەن. مەبەستی لەو چیرۆکانە سەرنجڕاکێشانی گەنجان

بـوو بـۆ ڕابردوویێکـی دێریـن، تاکـو بچـن لەبـارەی شـاری حەرانـەوە پرسیاربکەن و بزانن، هەرسێ ئایینە کوردییەکە، عەلـەوی و ئێزیدی و کاکەیی، بنەچەیـان دەگەڕێتـەوە بۆ ئـەو شـارە، یـان نـا.

لـەو قۆناغـەدا مەلایـەک هێنـدە ئـاگاداری ڕابـردووی باپیرانـی بـوو، بـە شـای خوێنـدەواری ناوچەکـە دادەنـرا. خەڵکەکـە زۆر بڕوایـان پێـی هەبـوو، ڕێزیـان دەگـرت؛ دەیانزانـی نهێنییـە ڕاسـتەقینەکە لـە ناخیدایـە و ئامـادە نییـە بـۆ نەناسـێکی ئاشـکرا بـکات. کـە لەگـەڵ بەشـێک لـە پیاوەکان دەکەوتـە گفتوگۆوە، زۆر نیگەراندەبـوو بـەو قسـانەی باسیان لـەوە دەکـرد، عەلەوییـەکان دوای شـەڕی کەربـەلا دروسـت بـوون و هەڵهاتـوون بـۆ ناوچـەی باکـوور. بـە دەنگـی بـەرز و تونـد وەڵامـی دەدانـەوە: «دوژمنەکانمـان چۆنیـان دەوێـت، ئێـوە بـەو جۆرە قسـە دەکەن. باپیرانی ئێوە، لـەم کێوانـە ژیـاون، گوندەکانیـان دروسـتکرد، شـارەکانیان دروسـتکرد، هەتاکـو سـەدەی یانـزەی خاچپەرسـتەکان تورکێـک لەسـەر ئـەم خاکـە نەبـوو، کەچـی ئێسـتا گوێـم لێدەبێـت، کرمانجێکـی خـاوەن ڕەگوڕیشـە قسـەی تورکـە هاتـووەکان دووبـارە دەکاتـەوە و بـڕوا بـە درۆکانیـان دەکات. گوێیـان لێمەگرن، قسـەکانیان مەڵێنـەوە، منداڵەکانتان وا گـۆش مەکـەن باپیرانـی خۆیـان نەناسـن. خـودای گـەورە هـەر گەلێکی بەزمـان و شـێوەی خـۆی دروسـتکردوە، دەیتوانـی هەمـوو گەلـەکان بەیـەک زمـان و شـێوە دروسـت بکات، نەیکرد، ئێمـەی کرد بـە کورد، لەم خاکـە پیرۆزە بـە کەشـتییەکەوە مرۆڤـی دابەزانـد، خـۆی هـاوار دەکات، با کەشتییەکە لەسـەر خاکێکی پیرۆز بنیشـێتەوە، ئـەم خاکـەی هەڵبژارد، بیرتـان نەچێـت، خاکـی باپیرانـی ئێوەیـە.»

بـەو قسـانەی لای پیرەکان ترسـێکی دروسـت کـرد. بـە تکاو پاڕانـەوە داوایـان لێکـرد ئـاگای لـە خـۆی بێـت، لـە هەمـوو شـوێنێک ئـەو قسـانە نـەکات و، گەنجـەکان وا لێنـەکات بخرۆشـێن و گوندەکـە بەلایەکی

بەسەردابێت، بەردەوام چاوی ئاغا و کوێخا و پیاوەکانیان لەسەرە. وەک دوو نۆکەری خاوەن ماڵ، لەسەر کورسییەکانیان دادەنیشتن، بۆ خاڵێک دەگەڕان بیکەنە ڕاپۆرت و بیدەنە جەندرمەکان دەستخۆشیەکیان بۆ بێتەوە.

مەلا وازی نەهێنا، لە مزگەوت، لە کۆڵان، لە دانیشتنەکانیدا باسەکانی دەبردەوە سەر کورد و عەلەوی بوون. دەچوو لەناو کتێبە ئایینییەکاندا دەگەڕا بزانێت لە چ گۆشەیەکەوە کورد دیارە، دەیدۆزییەوە و بەناو گونددا بڵاوی دەکردەوە. شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی ئاگرین، شۆڕشەکەی سەید ڕەزا و عەلەوییەکانی دێرسیم، گروپی خۆیی بوون، شۆڕشەکەی سمکۆی شکاک، کۆمارەکەی قازی محەمەد، تێکۆشانەکەی شێخ مەحمود، تێکۆشانی نەهرییەکان و هاوکارییەکانی بارزانییەکانی تەریقەتە کۆنەکە. ئەوانەو چەند بابەتێکی دیکە بوونە وێردی سەرزمانی.

سەردانی خەڵفەتی دەکرد، دۆستێکی خوێندەواری لەو شارە بوو. لە ڕێگەیەوە زانیاری لەسەر کوردانی پارچەکانی دیکە کۆ دەکردەوە. شەوان پێکەوە بەدیار چرایەکەوە دادەنیشتن گفتوگۆیان دەکرد. بۆیان بوو بە پرسیار، بۆچی ئێزیدییەکان و کاکەییەکان و عەلەوییەکان، هەرسێکیان ڕەمزەکەیان سمێڵە. گەلانی ناوچەی دوو ڕووبارەکە سەر بەیەک کولتوورن، لەناو کولتوورەکەیاندا نەریتی ڕیش هێشتنەوە هەبوو، ئەو سێ ئایینە بۆ جیا بوونەوە ڕەمزەکەی خۆیان گۆڕیوە. دۆستەکەی بڕوای وابوو: «پەیوەندی بە ڕەگوڕیشە کۆنەکەی شاری سەرێ کانییەوە هەیە. لە دێریندا میترائییەکان هەمان ڕەمزیان هەبووە. لە هۆرییاییەکانەوە وەریانگرتووە، چونکە شاری حەران هۆرییاییەکان دروستیانکردوە و سمێڵ وەک ڕەمزێکی شکۆمەندانە و ئازایانە تەماشاکراوە. باپیرانمان بە سمێڵ هێز و پیاوەتی خۆیان پیشانی

شارنشینەکانی خوارووی، میزۆپۆتامیا پیشانداوە.» بەڵام مەلای گوندەکە ئەو بۆچوونەی بە بنەما وەرنەگرت و هەوڵیدەدا بنەوانەکەی بدۆزێتەوە.

ئێوارەیەک دوای گفتوگۆی بن دیواری تاقە دوکانەکە، بەرەو مزگەوت ڕۆیشت. لە تەنیشت حەوزەکە دانیشت، قۆڵی هەڵکرد دەستنوێژ بگرێت، یەکێک لە دواوە دەستی خستە سەر شانی، لای بۆکردەوە پیاوێکی ئاغا بوو. داوای لێکرد لەگەڵی بچێت بۆماڵی ئاغا، دەستنوێژەکەی گرت و شوێنی کەوت. ئاغا لە دیوەخانەکەی شانی لەسەر بالیفێکی خڕی پڕ لە پەڕی کەو دادابوو. بەبێ هەڵسانەوە داوای لێکرد دانیشێت. مەلا زۆری پێناخۆش بوو لە ماڵەکەیدا ڕێزی نەگرت و هەڵنەساوە لەبەری، ئەوە نەریتی خێزانی عەلەوی نییە بەو جۆرە هەڵسوکەوت لەگەڵ میوان بکەن.

ئاغا کەمێک تەزبیحە قەزوانەکەی بادا و بەخۆڕازیبوونەوە، کۆمەڵێک قسەی تاڵی کرد. گوایە ئاگای لێیە مەلا مێشکی گەنجەکان ژەهراوی دەکات و باسی کورد و مێژووی کورد و عەلەوییان بۆ دەکات. تێگەیشت کەسێک قسەی بۆ گێڕاوەتەوە، نەکەوتە بەرگرییەوە، وەڵامی دایەوە، ئاغا عەلەوییە و کوردە، شەرمە بۆ کەسێک پشت لە بنەچەی خۆی بکات. قسەی مەلاکەی پێ ناخۆش بوو، شانی لەسەر بالیفەکە بەرزکردەوە و چوارمشقی دانیشت. بە پەنجە هەڕەشەی لێکرد، گەر واز لەو کارانەی نەهێنێت لە گوندەکە توشی کێشە دەبێت و تورکەکان لێی قبوڵ ناکەن.

بە دڵێکی شکاوەوە گەڕایەوە. ئاغا واخۆی پیشاندا قسەکانی لەبەر بەرژەوەندی گوند و مەلاکەیە، بەڵام لە ڕاستیدا بەو جۆرە نەبوو، دەست تێکەڵکردنەکەی لەبەردەم تورکاندا سەری نەوی کردبوو. هەمان شەو، کاتی مەلا بانگدانی بەیانی، مەلا لە مزگەوت بوو،

خانووە قوڕەکەی تەنیشتی، کە هۆدە و هەیوانێک بوو، کۆمەڵێک کتێب و فەرشێکی کۆن و چەند قاپ و قاچاخێکی تێدا بوو، لە سەروەختی نوێژی بەیانیدا، گڕی تێبەربوو. نوێژخوێنان دەستیان لە جەماعەت هەڵگرت و هەوڵیاندا بیکوژێننەوە، مەلا دەیزانی ئیشی کێیە، خۆی تێک نەدا و دەستی لە نوێژەکە هەڵنەگرت. پاش سەلام دانەوە، بە هێمنی لە مزگەوت چوویە دەرەوە. بینی هیچی نەماوە، هەمووی سوتاوە.

خەڵکی گوند کۆبوونەوە. پرسیاریانکرد بۆچی و کێ سوتاندویەتی؟ مەلا نەیویست چیرۆکەکە گەورەبێت، سوتاندنەکەی خستە ئەستۆی خۆی، کە بیری چووە سۆپاکە بکوژێنێتەوە. لەو شەوەدا بەتانی و فەرش و قاپ و قاچاخی بۆ کۆکرایەوە، دەستێکیان هێنا بەماڵەکەیدا و پاکیان کردەوە. پیاوانی ئاغا و کوێخا دەرکەوتن، نیگەرانیی خۆیان پیشاندا، هەڕەشەیان لە سوتێنەرەکە کرد. لەو دەمەو بەیانەدا پێش ئاگر تێبەردانەکە، ئاپۆی خنجیلانە بەئاگا هات، برسی بوو، بەتانییەکەی دایکی ڕاکێشا و خەبەری کردەوە. دایکی هەڵسا. لەوکاتەی دایکی خەریکی تێرکردنی بوو لە پەنجەرەکەوە سێبەری پیاوێکی بینی بەرەو مزگەوتەکە دەڕوات، چاوی لەسەری بوو، ئاگری بەردایە خانووەکە و بە خێرایی گەڕایەوە بۆ لای ماڵی ئاغا. بۆ بەیانییەکەی لەناو ژناندا باسیکرد، ئاپۆ هەڵیساندوە خەریکی شیردان بووە پێی، بەچاوی خۆی سێبەری پیاوێکی بینیوە خانووەکەی سوتاندوە و گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی ئاغا. قسەکە بەناو گونددا بڵاوبوویەوە. ئاغا ژن بۆ بێدەنگکردنی هەساره خاتوون بە تورەکەیەک دیارییەوە سەردانی ماڵیانی کرد، لێی وەرنەگرت و بە دڵشکاوی گەڕایەوە.

ئاپێ ئۆجەلانی ماندوو، لە کێڵگەوە بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، ئاغا بانگی کرد، لەبەردەم حەوشەکەدا هەڕەشەی لێکرد ژنەکەی بێدەنگ بکات. بەڕێزەوە وەڵامی دایەوە، گەڕایەوە ماڵ و تکای لە هەساره

خاتوون کرد، دەست لەو باسە هەڵگرێت. بە قسەی نەکرد، جەندرمە چوونە سەریان، داوایان لێکرد گەر دەتوانێت شاهیدی بدات، لەگەڵیان بچێت بۆ شاری خەڵفەت، بەبێ پرس دوایان کەوت. لەبەردەم والی خەڵفەتدا سوێندی خوارد بەچاوی خۆی بینیویەتی. لە والیەوە فەرمانێک دەرچوو، مەلای مزگەوتەکە بگوازنەوە گوندی ئەوبەر و مەلایەکی نوێ بخرێتە شوێنەکەی. هەسارە خاتوون پەشیمان بوو لەوکارەی کردی، نەفرەتی لە والی کرد چۆن لەبەر خاتری ئاغایەک چاوپۆشی لە کاری خراپە دەکات.

پیرەکان و گەنجەکان گواستنەوەی مەلاکەیان پێناخۆش بوو. مەلا سوونتە تازەکە ئەڵقە لە گوێی ئاغا و موختار، هاتە ناو گوند. تەنها بە قسەی ئەوانی دەکرد و لە دانیشتنەکاندا بە هیچ شێوەیەک باسی کورد و عەلەوییەکان نەدەهات بەزاریدا. پیرەکان بۆ دورخستنەوەی کێشە لە گوندەکەیان، شەوان لەماڵەوە چیرۆکە تاڵەکانی ژیانی خۆیان باس دەکرد. پاش ماوەیەک هەواڵ گەیشت بە خەڵکی گوند، مەلای پێشوو، لەسەر حەوزی مزگەوتەکەی گوندی ئەوبەر قاچی خزاوە و کەوتوەتە ناو حەوزی ئاوەکە، تەنانەت بە قۆڵی هەڵکراوەوە خنکاوە، پێدەچێت دەستنوێژی گرتبێت.

# ٥

ڕۆژگار تێپەڕی، منداڵە ئەسمەرە خرپنەکەی شەوی بەفرە زۆرەکە، هەنگاوی بەرەو گەورەبوون نا. گاگوڵکێی تێ پەڕاند، پێی گرت، زمانی پژا، سنووری ماڵی جێهێشت و چووە کۆڵان. تێکەڵ بە منداڵان بوو. وریا و پڕجوڵە، کەم دوو، ئەمما دەستوەشێن. لەگەڵ باوکە بێدەنگەکەی دەچوویە ناو کەژوکێوەکان، لەگەڵ منداڵان دەچوونە ئەو تەپۆڵکە و شوێنە کۆنانەی، پاش بارانێکی زۆر ئاسەواری پێشوویان دەردەکەوت، پێشوو، مەبەست لە دێرینە، کە گوند و ماڵی لێبووە. لەناو ئەو کەلاوە دێرینانەدا یارییان دەکرد، شەڕیان دەکرد، لە چەمەکەی خوارەوەی گوند، بە هاوینان مەلەیان دەکرد، زستانان شەڕە تۆپەڵ.

سەری بردە ناو سەرانەوە، وەک تەواوی منداڵان، دەمێک لە یاری و شەڕەکاندا سەردەکەوت، دەمێک شکستی دەهێنا. هەسارە خاتوون لێی ڕازی نەدەبوو شکست بهێنێت. یەکێک لە ڕۆژەکانی ساڵ، بەسەری شکاوەوە گەڕایەوە ماڵ، ئاپێ ئۆجەلان دەیویست برینەکەی تیمار بکات، کەچی هەسارە خاتوون لێنەگەڕا و دوو بەردی خستە دەستی، بە دەنگێکی گڕەوە هاواریکرد بەسەریدا، «نایەیتە ماڵەوە تا تۆڵەی ئەو خوێنەی سەرت نەکەیتەوە.» ناچار چوو بۆ هاوڕێکەی، بینی

لە بەردەرگای ماڵ دانیشتووە خەریکی دروستکردنی ماڵۆچکەیەکە بە قوڕ، دووبەردەکەی کێشا بەسەریدا، بەدیاریەوە وەستا، هەتاکو دڵنیا نەبوو شکاوە و خوێن هاتە خوارەوە، جێی نەهێشت. بەوکارەی بوویە جێگای ڕەزامەندی دایکی. بەخۆشیی تۆڵەکردنەوەی بۆ ئێوارە ئەو چێشتەی بۆ لێنا حەزی لێ دەکرد، ئاپێ ئۆجەلان گلەیی لە خاتوون کرد، کە منداڵەکە بەرەو شوێنێکی مەترسیدار دەبات، ئەمما هەسارە خاتوون دڵنیایی پێدا بەوجۆرە بەهێزی دەکات. فەقیانەکەی باش پێچایەوە، وەک بڵێیت خۆی گورج دەکاتەوە، مشتەکۆڵەی توندکرد، پیشانی پیاوەکەی دا، بە دەنگێکی گڕی بڕوا بەخۆبوونەوە: «باوکم ئاوا گۆشی کردووم،» مەبەست لە باپیری ئاپۆیە لە سەری دایکیەوە، «سەردەمەکە بۆ کەسانێکە هێزیان هەبێت، کەسێک نەتوانێت هێزی خۆی بەگەڕ بخات، لەناو تەپوتۆزەکاندا ونده‌بێت.»

کاتی خوێندن دەستی پێکرد، تورەکەیەک بە شانییەوە، نێردرایە بەر خوێندن. یەکەم ڕۆژی چوونی، بەیانی زوو دایکی هەڵیساند، ئەو جل و پێڵاوە تازەیەی بۆی کڕیو لەبەری کرد، قژە ڕەق و ڕەشەکانی بەشانەیەکی تەختە داهێنا، تورەکەکەی کردە شانی و دەستی گرتوو هەتا بەردەرگای خوێندنگەکە لەگەڵی ڕۆیشت. چ خوێندنگەیەک، ماڵێکی قوڕینی دووهۆدە و هەیوانێک. هۆدەیەک مامۆستاکانی تێدا دادەنیشت و هۆدەیەک خوێندکارەکانی گوند. لە ناو پۆلەکەدا بە دیوارە قوڕینەکەوە تەختەیەکی ڕەش هەڵواسرابوو، چەند مێزێک بۆ دانیشتن. کوڕەکانی ئاغا و کوێخا لە ڕیزی پێشەوە دانیشێنران، مامۆستایەکیان دەستی ئاپۆی گرت و بردییە ڕیزی دواوە. دەموچاوی دابە یەکەیدا، حەزی لە شوێنەکە نەبوو. کاتێ مامۆستاکە پۆلەکەی جێهێشت، هەڵسا چووە پێشەوە، کوڕی کوێخاکەی دەرکرد، لە شوێنەکەی دانیشت.

کوڕی کوێخا دەستیکرد بە گریان. دەنگی بەرزکردەوە، مامۆستا چووە پۆل وانەی زمانی تورکی بڵێتەوە. بینی شوێنەکان گۆڕاون،

کوڕی کوێخای ئاشتکردەوە، جێگۆڕکێی پێکردن و بردیەوە شوێنی خۆی. ئاپۆ بەمە نیگەران بوو، بوغزی کرد و گوێی لەوانەکە نەگرت. چەند کچۆڵەیەک لە پۆلەکە بوون. هەر یەکەم ڕۆژ بوو بە هاوڕێی یەکێکیان. پاش تەواوبوونی وانەکە ڕۆیشتە دەرەوە، لەبەردەم خوێندنگەکە کچۆڵەکە و دوو منداڵی تری کۆکردەوە یاری بکەن. کوڕەکەی ئاغا و کوڕەکەی کوێخا دەیانویست بچنە ناو یارییەکەوە، ڕێگەیانی پێنەدا. مەرجی بۆ دانان، یان دەبێت یەکێکیان بچێتە دواوە لەناو پۆل، یان ناهێڵێت یاری بکەن، مەرجەکەی قبوڵ نەکرا.

کتێبی ساڵی یەکەمی وەرگرت، زمانی تورک و ناسینی شتەکان بە تورکی. وشەکان بۆی غەریب بوون، دوو مامۆستاکە تەواوی وانەکانیان پێ دەگوتن. خەڵکی گوندەکە نەبوون، لە شاری ئورفاوە چووبوون، بەیانیان نان و ماستی بۆ دەبردن، بەشێکی دیکەی خوێندکارەکان هەمان کاریان دەکرد، لەناو گوندەکاندا کرابوو بە نەریت، کە مامۆستاکان لە شارەوە دەچوون خزمەتیان دەکردن، لە دەوریان بوون، سەردان و هاوکارییان دەکردن، تاکو باشتر منداڵەکانیان فێرە خوێند بکەن.

ئێوارەی یەکەم گەڕایەوە ماڵ، پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. باوک و دایکی یەک لەسەر یەک پرسیاریان لێدەکرد، دەیانویست تێبگەن مەیلی بۆ خوێندن چۆنە. لەناو تورەکەکە کتێبەکانی دەرهێنا، داوای پێنووس و تیانووسی کرد، بۆ بەیانی باوکی لەبری چوون بۆ نوێژ، ملی ڕێگەی گرت بۆ شاری خەڵفەت، پێنووس و تیانووسی بۆ کڕی. فریا نەکەوت لە ماڵەوە بیداتێ، چوو بۆ خوێندنگەکەیان، لەوانەی دووهەمدا بوون، دایکی لە دەرگاکە و مامۆستاکە کردیەوە. بە تیانووس و پێنووسەوە چووە پۆلەکە، ئاپۆ دڵخۆشبوو، تەماشای هاوپۆلەکانی دەکرد و پێدەکەنی. باوکی خوێندکارەکانی دیکە هەمان کاریان بۆ منداڵەکانیان کردبوو.

مامۆستا زمانی کوردی نەدەزانی، لە قسەوباسەکانی نێوان خوێندکارەکان تێنەدەگەیشت، کاتێک لە نێوان خۆیاندا دەکەوتنە گفتوگۆ. سەرەتا پێی ناخۆشبوو بە زمانی کوردی قسە بکەن، دواتر ڕاهات دەبێت قبوڵی بکات. کەسێکی نەتەوەپەرست نەبوو، هەوڵیدەدا لە کوردەکان و ژیانە گوندییەکەیان و لە نەریت و ئایینی عەلەوییەکان تێبگات. دەوڵەت بۆ زۆربەی گوندە کوردییەکان و بە تایبەت عەلەوییەکان، لای خۆیەوە ئەو مامۆستایانەی دەنارد، بڕوایان بەگەلی دیکە و زمانی دیکە نەبوو. بەشێک لە نێردراوەکان زۆر بە توندی دژی خوێندکارە کوردەکان دەجوڵانەوە، هەوڵیان دەدا بە تەواوەتی دایان ببڕن لە زمانیان و بەشێکیان بە پێچەوانەوە، دەیانویست فێری ببن و بزانن ئەو زمانە چییە. مامۆستاکەیان یەکێک بوو لەوانە، گەرچی لە خوێندنگە تەنها تورکی خوێندبوو، تەنها مێژووی تورکیی دەزانی و لەسەر قسەکەی سەرۆک کۆمار: «یەک گەل و یەک زمان لەم خاکەیە.» پەروەردە کرابوو. زمانەکەی بۆ بوو بە پرسیار، لە کوێوە هاتووە و چەند لە تورکی دەچێت؟ بۆچی ئەو منداڵانە لە ماڵەوە گۆش دەکرێن بەو زمانە؟

ساڵی یەکەمی بەسەرکەوتوویی تێپەڕاند. تەنها کێشەیەک لەو ساڵەدا ڕوویدا، شەڕێکی کرد لەگەڵ کوڕی کوێخاداو، باش کوتی. کوێخا بەو کارە دەهری بوو، ئاپێ ئۆجەلانی بانگکرد تەمێی کوڕەکەی بکات، وەڵامی دایەوە منداڵن و شەڕ دەکەن و ئاشت دەبنەوە، حەق نییە گەورەکان خۆیان بخزێننە ناو بابەتی منداڵانەوە. کوێخا قسەکە نەچوو بە گوێیدا، بە زمانێکی ناخۆش بەرسڤی دایەوە: «شەوی لە دایکبوونەکەی سەگەکانم دەوەڕین، دەیانزانی چی لە گوندەکە لە دایک بووە.»

گوندەکە تا پۆلی شەشی سەرەتایی تێدابوو، با لەبیری نەکەین، لەسەر داخوازی ئاغا و کوێخا ئەو خوێندنگەیە کرابوویەوە. چونکە

کوڕەکانیان گەیشتبوونە تەمەنێک دەبایە بخوێنن، حەزیان دەکرد دووریان نەخەنەوە و لەبەر چاویان بن، تا قۆناغی سەرەتایی تەواو بکەن. پێشتر گوند خوێندنگەی تێدا نەبوو، منداڵان یان دەنێردران بۆ شار بخوێنن، یان دەخرانە حوجرەی مزگەوتەوە و بەشێکیان بە نەخوێندەواری دەمانەوە. لێ ئاغا و کوێخا هەوڵیاندا لەبەرخاتری منداڵەکانی خۆیان سەردانی والی خەلفەت بکەن، ڕازییانکرد فەرمانی کردنەوەی خوێندنگە بدات. خۆیان ماڵەکەیان بۆ دروستکرد، بە دڵفراوانیەوە ڕێگەیاندا لە پاڵ منداڵەکانیاندا، منداڵانی گوند بخوێنن. دوو مامۆستاکە بەشێکی خەرجی و هاتووچۆکردنیان لەسەر ئاغا و کوێخا بوو. بەناچاری کوڕەکانی هەردووکیان لە پێشەوە دادەنیشاند و لە کۆتایی ساڵدا دەکرانە یەکەم و دووهەمی پۆلەکە.

ئاپۆ خوێندکارێکی بە ئەدەب و زیرەک، بەڵام هەتاکو قۆناغی سەرەتایی تەواو کرد، پلەی یەکەم و دووهەمی پێنەدرا. هەسارە خاتوون لەو قۆناغەدا چەندجارێک سەردانی خوێندنگەکەی کرد، بەناوی سەردانەوە، بەڵام بۆ مەبەستی نارەزایەتی دەچوو، مامۆستاکان ئارامیان دەکردەوە و دڵنیاییان پێدەدا کوڕەکەی لە کوڕی ئاغا و کوێخا زیرەکترە، بەڵام لەبەرخاتری خوێندنگەکە ناچارن پلەی یەکەم و دووهەمی پێنەدەن. لەکۆتایی ساڵدا، ئاهەنگی دەرچوون ئامادە دەکرا، ئاغا و کوێخا و پیاوەکانی ڕیزێک کورسییان بۆ دانرا، کوڕەکانیان لە ڕیزی پێشەوەی خوێندکارەکان وەستان، ئەو ئاڵایەی بە دارچنارێکی سپییەوە لەبەردەم خوێندنگەکە هەڵکرابوو، دەهێنرایە خوارەوە. دەست دەکرا بە وتنەوەی سرودی نیشتمانی تورکیا، یەکێک لە دوو کوڕەکە ئاڵاکەی بەرز دەکردەوە و ئەوی دیکەیان سڵاوی بۆ دەکرد.

ئاغا و کوێخا بە شانازییەوە تەماشای ئەو دیمەنەیان دەکرد. پاش سرود و هەڵکردنی ئاڵاکە، نمرەی خوێندکاران دەخوێنرایەوە، وەک

ئەوەی لەسەری ڕێککەوتبوون، هەرساڵە و یەکێک لە دوو منداڵەکەی ئاغا و کوێخا دەکران بە یەکەم. دیاری دەبەخشرایەوە بەسەر دوو خوێندکارەکەدا و مامۆستاکان خەڵات دەکران.

قۆناغی سەرەتایی بەو جۆرە تێپەڕی. ئاپۆی خوێندکار بەبێ کەوتن گەیشتە پۆلی شەش. خۆی ئامادەکرد بۆ ناوەندی. سەرەتایەکی دیکە لەبەردەمیدا بوو، ئەو یارییانەی لەگەڵ کچ و کوڕە هاوپۆلەکانیدا دەیکردن، هێشتا تەواو نەبووبوون. بەردەوام بیری لەو کچە هاوڕێیەی دەکردەوە، لە نزیک ماڵی خۆیان چاوی پێکەوتبوو، بانگی کرد یارییەک بکەن، باوکی کچە چاوی لێ بوو، نەیهێشت یارییەکە بکەن. خۆزگەی دەخواست قۆناغی خوێندن لە گوند درێژەی بکێشایە بۆ ئەوەی ئەو یارییە تەواو بکەن.

پێش چوونی بۆ ناوەندی، هاوڕێیەکی نوێی ناسی. هاوڕێکەی نەوەی دوژمنە دێرینەکانی بنەماڵەکەیان بوو. هەسارە خاتوون بەو کارەی زانی، هەڕەشەی لێکرد لێی نزیک نەبێتەوە. گوێی بە هەڕەشەکان نەدا، ئاپێ ئۆجەلان بە شێوازە نەرمەکەی ئامۆژگاری کرد، تێکەڵی ئەو بنەماڵەیە نەبێت، چونکە دوژمنی دێرینیانن و شتێکی بەسەر دەهێنن. بە قسەی کەسیانی نەکرد. لەماڵ بوو بەشەڕ، بۆ بەرگریکردن لە هاوڕێکەی هەڵهات. چوو بۆ گوندی ئەوبەر، بۆ ماڵی خزمەکانی. تاریک داهاتبوو، شەرمی دەکرد بچێتە ژوورەوە، کتوپڕ یەکێک لە کوڕانی ئامۆزای چووە دەرەوە، بینی لەژێر دارتووەکەی بەرماڵیان سێبەرێک دیارە، خۆی لێ نزیک کردەوە، ئاپۆی بینی. پرسی چیدەکات لەوێ؟ وەڵامی دایەوە لە ماڵ هەڵهاتووە.

شەوەکەی دایک و باوکی هاربوون، خۆیان نەگرت، تەواوی ماڵەکانی گوند گەڕان نەیاندۆزییەوە، چوون بۆ گوندەکەی ئەوبەر، لە ماڵی ئامۆزاکەی دانیشتبوو. تکایان لێکرد بگەڕێتەوە، بەو مەرجەی چیتر

ڕێگری لێناکەن هاوڕێیەتی هەرکەسێک بکات. بەڵام هەسارە خاتوون بە دڵسۆزییەوە پێی گووت: «ئەوەندە دڵسۆز مەبە بۆ هاوڕێکانت، ڕۆژێک دێت بە تەنیا دەمێنیتەوە.»

گەڕایەوە ماڵ. هاوینەکەی لەگەڵ باوکی سەرقاڵ بە کشتوکاڵ. لەو ڕۆژانەی ئیشیان نەبوو، لەگەڵ هاوڕێکانی یان دەچوون بۆ مەلەکردن لە چۆمەکە، یان دەچوونە ئەو شوێنەوارە کۆنانەی لە دەوروبەری گوند. لە شوێنەوارە کۆنەکان بەدوای بەردی ڕەنگاوڕەنگدا دەگەڕان. کوونیان دەدۆزییەوە و خۆیان پیادەکرد، پارچەی گۆزە شکاوەکان و ئێسقانەکانیان کۆدەکردەوە. یەکێک لەو یارییانەی زۆری پێخۆشبوو، کۆکردنەوەی پارچە ئێسقانی مرۆڤەکان بوو. لەگەڵ هاوڕێکانی گرەوی دەکرد، دەتوانێت تەواوی بەشەکانی ئێسقانەکانی مرۆڤ کۆبکاتەوە و لە تەنیشت یەک لەسەر زەوییەکە دایان بنێت و مرۆڤێکی ئێسقانی لێ دروست بکات. هەمووجارێک سەردەکەوت و بە ماوەیەکی کەم، پەنجە، کەلەسەر، پەراسوو، ئێسقانی دەست و قاچی لەناو گۆزەکان دەردەهێنا و لەسەر زەوییەکە ڕێکیانی دەخست و مرۆڤێکی لێ دروست دەکردن.

ناویان نابوون، مرۆڤە ئێسقانییەکانی ئاپۆ، پیرەکان و ئیماندارەکان ئامۆژگارییان دەکردن، دەست لە ئێسقانەکان نەدەن، گوناهە. وازیان لێبهێنن، مرۆڤیان لێ دروست نەکەنەوە، چونکە تەنها خودا دەتوانێت مرۆڤ دروست بکاتەوە. ئاپۆ، بە بێدەنگی: «ئەو مرۆڤە مردووانە دروست ناکرێنەوە، ئەوەی من دروستی دەکەم، لەوانە ناچێت.» هیچی لەبارەی مردووەکانەوە نەدەزانی، بەڵام ئارەزووی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بەشەکانی ئێسقانی مرۆڤەکان بوو، بزانێت بە چ جۆرێک دەردەچێت.

# ٦

خەڵفەت شارێکی گەورە نەبوو. لە ناوەڕاستی شارەکەدا، جادەیەکی دوو تەرەفە هەبوو، دوکانەکان کەوتبوونە قەراخی دووبەرەی جادەکەوە، گەڕەکەکانی شار کۆڵانەکانیان خۆڵ، زستانان قوڕ و هاوینان تۆز. دانیشتوانەکەی کورد، نیوە عەلەوی نیوە سوننە. واڵی شارەکە کوڕی یەکێک لە ئاغاکانی ناوچەکە بوو، باپیری بەناوبانگ بوو لە نزیکایەتی تورکەکان. نەوەی دیاب ئاغا، ئەو پیاوەی نەیهێشت کوردەکانی دێرسیم لە بۆسەیەکدا سەرۆک کۆماری تورکان بکوژن. نەوەکانی لە چەندین شوێن دەسەڵاتیان پێدرابوو، بە پاڵپشتی جەندرمەکان مەملەکەتێکیان بەڕێوە دەبرد، بە کەیفی خۆیان، ئاڵوگۆڕیان بە ژیانی خەڵکی دەکرد.

کاتی کردنەوەی خوێندنگاکان ئاپۆ خۆی پێچایەوە. تویشوویێک خۆراکی وشک و نان، تویشوویێک جلوبەرگ. لەگەڵ دایکی لە بەیانییەکی زوودا گوندی ئامارایان جێهێشت. بەسەر ڕێگا خۆڵەکەدا بە دڵێکی خۆشەوە، یەکی تویشوویێک بە کۆڵیانەوە و بەرەو شار ڕۆیشتن. بەدەم ڕێوە قسەو ئامۆژگاری، گاڵتە و پێکەنین. هەسارە خاتوون بەردەوام دەیویست وزەی بداتێ، متمانە بەخۆبوونی لا دروست بکات. دەستی لێ بەرنەدا، تاکو لە خوێندنگەکە وەرگیرا و شوێنی حەوانەوەی بۆ

دیاریکرا. شوێنەکە لەگەڵ دوو گەنجی سەر بە گوندێکی دیکە بە کرێیان گرت. ماڵێکی بچوکی دوو هۆدەیی، حەوشەیەکی بچوکی هەبوو. لە هۆدەیەک دەخەوتن و هۆدەکەی دیکەیان کردە شوێنی چێشت لێنان، لە دەستپێکی خوێندنەوە تا کۆتایی ساڵ، دایکی سێ خوێندکارەکە هەفتانە بە کۆڵێک کەلوپەلەوە سەردانیان دەکردن، ماڵەکەیان بۆ پاک دەکردنەوە و چێشتێکیان بۆ لێدەنان و پاشان دەگەڕانەوە.

لەو خوێندنگەیە ئاشنای کۆمەڵێک خوێندکاربوو، چینێکیان سەر بە ڕەگەزپەرستەکان، چینێکیان سەر بە چەپە نوێیەکان. کوڕانی دوو چینەکە لەناو خوێندنگەکە کۆدەبوونەوە. ئەو تێکەڵاوی ڕەگەز پەرستەکانی نەکرد، چونکە ڕقیان لە کورد و زمانەکەی دەبوویەوە، بەهۆی بیرۆکەکانیانەوە نزیکایەتی ئەو کوڕانەی کرد باوکیان چەپ بوون. لە ڕێگەیانەوە کۆمەڵێک نامیلکەی دەست کەوت، باسی چینی کرێکار و هەژاری دەکرد. بیری لە گوندەکەیان و باوک و دایکی دەکردەوە، کە چۆن بە زەحمەتییەکی زۆر دەژین. غەریبایەتی گوندەکە لایەکی خەیاڵی شەوانی داگیرکرد، یەکەم شەوی چەند فرمێسکێکی ڕژاند بۆ دووری ماڵ.

سەرەتای ناوەندی، سەرەتای دابڕانی بوو لەو ژیانە خێزانی و گوندییەی لەسەری ڕاهاتبوو. ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو ئارامی و هێمنی دەچوو. لەوانەکانیدا ڕژد، کتێبی دەخوێندەوە. گروپێک خوێندکاری لە دەوری خۆی کۆکردنەوە بۆ کتێب خوێندنەوە و گفتوگۆ. زانیارییەکانی لەسەر کۆمار و چینی کرێکار و گوند، سەرەتایی بوون. مامۆستاکانی ناوەندی پتەوتر و توندتربوون. حەوشەی ناوەندییەکە گەورە، پۆلەکان لە تەنیشت یەک، ڕۆژانی کۆتایی هەفتە ڕیز دەکران و سرودی تورکیایان پێدەوتن و ئاڵای کۆماریان پێ بەرز دەکردنەوە، ئەمما هیچ کات یەکێک نەبوو لەو دوو خوێندکارەی لەڕیزەکە دەری بهێنن و ئاڵای پێ بەرز بکەنەوە، لەوانەیە پەیوەندی بە شێوە و جلوبەرگییەوە بێت.

جلوبەرگێکی سادە، هەڵسوکەوتی گوندییانە. لەسەرەتای ساڵەوە تا کۆتایی ساڵ ئەو جلوبەرگەی دەپۆشی بۆیان دەکڕی، ئیدی نەیدەتوانی نوێیان بکاتەوە. باڵای بەرز بوو، ڕوخسارێکی ئەسمەری تۆخ، قژی ڕەش و چاوی گەش و بزێ. خولیای فێربوون خەمە گەورەکەی بوو. لە یەکێک لە ڕۆژەکاندا بە تەنیشت دوو خوێندکاردا تێپەڕی، باسی کوردە شاخاوییەکانیان دەکرد. قسەکەی لا گران بوو، هەڵگەڕایەوە وەڵامی دانەوە و پێیگووتن: «ئەو شارەی ئەوانی تێدا دەژین شاری کوردانە، گەر شاخاوین بۆ جێی ناهێڵن و بگەڕێنەوە مەملەکەتی خۆتان.» دوو خوێندکارەکە لە بەڕێوەبەرایەتی شکاتیان لێکرد، بەڕێوەبەر بانگی کرد، ئامۆژگاری کرد دەست لە کاروباری سیاسی وەرنەدات، چونکە خوێندنگە شوێنی سیاسەت نییە.

بۆی بوو بە پرسیار، بۆچی بۆ تورکەکان هەبێت قسە لەسەر کورد بکەن، بەڵام بۆ کورد نەبێت وەڵامیان بداتەوە. هاوڕێ چەپەکانی بەو جۆرە تێگەیشتن، پەیوەندی بە چینایەتییەوە هەیە، چینی دەسەڵاتدار و خاوەن سامان، بەردەوام بە چاوێکی کەمترەوە لە چینی کرێکار و هەژار دەڕوانن، تورکەکان خۆیان بە چینی خاوەن سامان و دەسەڵات دەبینن و کوردەکان بە چینی کرێکار و هەژار. بەدەم گفتوگۆکردنەوە لەگەڵیاندا، خەیاڵی چوویەوە لای باوک و دایکی، کە لەناو گوند چ ماندووبوون و هیلاکییەک دەبینن بۆ پەیداکردنی نان و گەورەکردنی منداڵێک. هەستێکی بەرپرسیارانە ڕووی تێکرد.

هێندە کەم دەست بوون، ساڵانە کە دەچووە خوێندن تا کۆتایی ساڵ نەدەگەڕایەوە. مەیلی گەڕانی بەناو بازاڕدا نەبوو. بە کەمی دەڕۆیشتە شوێنە پڕ لە خەڵکەکان. ڕۆژانی پشوو، سەردانی کۆڵان و ماڵ و جێگا کۆنەکانی دەکرد. لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی پرسیاری لەو شوێنە کۆنانە و دۆزینەوەی وەڵام بۆیان بوو بە ئارەزوویان.

پیاوانی پیر و کەسانی ناو شاریان دەدواند. قسەکانیان کەمترین زانیاری تێدابوو لەسەر شوێنە کۆنەکان. هەوڵیاندەدا لە مامۆستای مێژوو نزیک ببنەوە، دەیانخستە بەردەم چەندین پرسیار. مامۆستا خولیاکەیانی بەو جۆرە هەڵدەسەنگاند خوێندکارن و دەیانەوێت لەسەر ناوچە مێژووییەکان شتێک فێربن. پێشنیاری بۆ کردن کۆمەڵێک کتێب بخوێننەوە، کە لە بەشی مێژووی کتێبخانەکە دانراون. لە پاڵ وانەکاندا، بە چڕی دەستیانکرد بە خوێندنەوەی کتێبەکان. سەرتاپایان باس لە مێژوو و دیرۆکی تورکانیان دەکرد و قسەیەکیان لەبارەی کوردەوە تێدا نەبوو. لە مامۆستاکەی پرسی بۆچی کتێبەکان هیچ لەسەر کورد ناڵێن؟ لە وەڵامدا کوردەکانی بە تیرەیەکی تورک ناوبرد.

نەخێر وەڵامی پرسیارەکانی وەرنەگرت. قۆناغی ناوەندی سەردەمی دروستبوونی هێزە چەپەکان بوو. سەرەتایەک بوو، تورکیای کۆماری لە نێوان چەپ و ڕاستەکاندا ململانێیەکی ڕاستەقینە دەستی پێکردبوو. کۆمەڵگە دابەشبوو بەسەر دووبەرەدا، بەرەیەک باسی یەکسانی و سیستمی سۆسیالیستی دەکرد و، بەرەیەک کۆماری دەبەستەوە بە یەک ڕەگەز و یەک زمان و یەک دەسەڵاتی بەهێزەوە. لەناو گوندەکان بێئاگاییەکی زۆر لەسەر ئەو دووبەرەیە هەبوو. شارەکان شوێنی ڕووبەڕووبوونەوەکان بوون. لە ناوەڕاستی قۆناغی ناوەندیدا بوو بە چەپێکی سەرەتایی و بە چەپ بوونەوە گەڕایەوە گوند.

باوکی پێی سەیربوو کوڕەکەی نوێژی تەرک کردوە، دایکی لێی نەدەپرسی. هاوڕێ دێرینەکانی گوندی بەسەر دەکردەوە، دەکەوتە گفتوگۆ لەگەڵیان لەبارەی چەپ و چینی هەژارەوە. دژی ئاغا و شێخ و کوێخا قسەی دەکرد. لە وەرزی هاویناندا جگە لە هاوکاری باوکی، بۆی بلوایە لە بندارێک دادەنیشت ئەو کتێب و ناملکانەی دەخوێندنەوە، لەگەڵ خۆی لە شارەوە هێنابوونی.

جێگیر نەبوو، نەیدەزانی چی دەکات و چی دەوێت. سەردەمی دروستبوونی پرسیارەکان بوو لە خەیاڵ و بیرکردنەوەیدا. گەڕانی بەناو کەلاوە و شوێنە کۆنەکاندا، بوو بە خولیایەکی گەورەی. ڕووی لە هەرکەسێک دەکرد زانیارییەکی پێبدات، زانیارییەکانی هێندە نەبوون ئاسوودەی بکات. هەمان خوێندنگەی شاری خەڵفەت کوڕەکەی ئاغا و کوڕەکەی موختاری لێبوون، بەڵام هیچ ساڵێک نەدەبوون بە یەکەم و دووهەم، زۆربەی خوێندکارە یەکەم و دووهەمەکان، کوڕی مامۆستاکان و بەڕێوەبەری خوێندنگەکە بوون. لە کۆتا ساڵەکانی ناوەندیدا، ئاشنایەتی لەگەڵ مامۆستایەک پەیداکرد، ئەو مامۆستایە لە خوێندنگەیەکی دیکە وانەی دەوتەوە. عەلەوی بوو، لە یەکێک لە گوندەکانی دێرسیم هەڵهاتبوو. مێژووی ناوچەکە شارەزا بوو، ئاگای لە شۆڕشەکانی پێشوو بوو.

لە ڕێگای ئەو مامۆستایەوە، سەرەتایەکی گرنگی مێژووی کوردی باکوور فێربوو. ئێواران دوای خوێندن، دەیزانی لە یەکێک لە چایخانەکانی قەراخ جادە دوو تەرەفەکە دادەنیشێت، دەچووە لای. پرسیار لەسەر پرسیاری لێ دەکرد. وەڵامی بەشێکیانی وەردەگرت و وەڵامی بەشێکیان لای خۆی دەمانەوە. مامۆستاکە هانی دا، لەسەر مێژوو هونەر زیاتر بخوێنێتەوە. گەیشتە شۆڕشی دێرسیم، مەرگی سەید ڕەزا بۆی سەرنج ڕاکێش بوو، لە یەکێک لەو ئێوارانەدا بۆ یەکەمجار گووتی: «ئەو تەپڵەکەی سەید ڕەزا لەژێر پێیەکانیدا شەقی لێدا بۆ ئەوەی بە پەتەکەوە هەڵواسرێت، ئەو تەپڵەکە کۆماری تورکیا بوو، ژیانی شکۆمەندانە و ئازاد بوو، ڕێگەی نەدا مەرگی بە دەست تورکەکان بێت، مرۆڤی ئازاد تەنانەت مەرگیشی بەدەست خۆیەتی.» مامۆستاکە قسەکەی پێ نوێ بوو، دەستی خستە سەرشانی و سێ جار بەنەرمی پیایدا کێشا، ئاماژەیەک بۆ ئافەرین.

کەوتە خوێندنەوە و بیرکردنەوە، بەردەوام زانیارییەکانی کەڵەکە دەکرد. ڕۆژنامەکان، کتێبەکان،ناملکەکانی دەخوێندەوە. دوو هاوڕێکەی

سەریان دەخستە سەری، بۆچی کاتی نییە بۆ پیاسەکردن و گەڕان، بۆ بەردەوام دەخوێنێتەوە. لە هەمان خوێندنگە هەلیان بۆ هەڵکەوت سەردانی شاری ئورفا بکەن، سەردانەکەی پێخۆشبوو، یەکەمجاری بوو دەچووە ئەو شارە. بە گەشتێکی خوێندنگە ڕۆیشتن. نەکەوتە شوێن خوێندکارەکان بۆ ناو پارک و بازاڕەکان، بە تەنیا بە دەوری قەلاکان و شوێنە دێرینەکاندا دەگەڕا. لە زمانی دوکاندارێکەوە بەرەو گۆڕی باپیرانی پەیامبەرەکان ڕۆیشت.

حەوشەیەکی گەورە، دارزەیتوونێکی پیر لە ناوەڕاستیدا. هۆدەیەک بەبەردی سپی گەورە دروستکرابوو، لە دەرگای هۆدەکەوە چووە ژوورەوە و بە پلیکانەکاندا بۆ خوارەوە، لە ژێر زەمینێکدا گۆڕێک دەرکەوت، پەڕۆی سەوز و سپی بە بێشکەکەیەوە گرێ درابوون. ئەوە گۆڕی ئیبراهیم پەیامبەر بوو. دوای سەردانەکە تەوراتی دەست کەوت، خوێندیەوە، ئینجلی خوێندەوە، قورئانی خوێندەوە، سەرسام بوو بە قورئان، لای هاوڕێکانی نەیدەشاردەوە، «کتێبێکی چیرۆک ئامێزە، گێڕانەوە و بەسەرهاتەکانی مرۆڤ ڕادەگرن.»

لەو ڕۆژەی لە ئورفا بوون، تا ئێوارە شوێنە دێرینەکانی بەسەر کردنەوە. تێگەیشت یەکێکە لە شارە زۆر کۆنەکان. پرسیاری لە هەرکەسێک دەکرد زانیاری بداتێ، کەمێک قسەی لەسەر مێژووی شارەکە دەکرد. بە شاری باوکی پەیامبەرەکان دەناسرا، خۆشحاڵبوو لەسەر ناسنامەکەی نووسرابوو شاری ئورفا، گوندی ئامارا. لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ هاوڕێکانی، خۆی بە نەوەی باوکی پەیامبەرەکان دەناساند، بەلام پرسیاری لە مامۆستاکە کردبوو، ئایا ئیبراهیم کێیە؟ لە وەلامدا: «دوو چیرۆک هەیە، چیرۆکە ڕاستەکە دەڵێن کوردبووە، لەم شارە ژیاوە و دژی پاشا تێکۆشاوە، لە کۆتاییدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە شوێنکەوتوانی شارەکە بەجێدەهێڵن و بۆ سەرزەمینێکی پیرۆز و

ئازاد دەگەڕێن. ئەم چیرۆکەیان ڕاستترە، چیرۆکی دووهەم تورکەکان دروستیان کردوە. گوایە باپیرە گەورەی ئەوانە، لە شاخەکانی قەوقازەوە هاتووە و پەلاماری شاری ئورفای داوە دژی پاشا شەڕی کردوە و سەرنەکەوتووە، بە سوپاکەیەوە بەرەو ئورشەلیم ڕۆیشتووە. ئەم چیرۆکە پێکەنیناوییە، بەڵام لە مێژووی خوێندنی تورکیا دەیخوێنن و ناتوانی ڕەدی بکەیتەوە، چونکە خراوەتە ناو پرۆسەی پەروەردەوە، خوێندکارانی پێگۆش دەکەن، تەنانەت چیرۆکی کتێبە ئاسمانییەکان دەکەن بە هی خۆیان.»

ئاپۆ هەنگاو بە هەنگاو پێدەگەیشت، گەیشتە قۆناغی کۆتایی ناوەندی. بەسەرکەوتوانە تێی پەڕاند، ئەو چەند ساڵە بوویە ئەزموونێکی نوێ بۆی، ئاشنای کرد بە کۆمەڵێک کەس و کتێب. تا ڕادەیەک هوشیار بوویەوە کورد کێیە؟ مێژووەکەی چییە؟ تورکەکان چیان دەوێت و لە کوێوە هاتوون. بەڵێنی دا زیاتر لەو بارەوە ڕۆبچێتە ناوەوە، فۆڕمی بەشی هونەری پرکردەوە، لە خەیاڵیدا نەخشەی کێشا، لە ڕێگەی چوونە بەشی هونەرەوە بچێتە ناو بنج و بنەوانی مێژووی ناوچەکەوە، ئاشنای هونەر و تەلارسازی و ڕابردووی دێرین ببێت. چۆن بە توێشووەکەوە ڕۆیشت بۆ خوێندن، بە هەمان توێشووەوە لە کۆتاییدا گەڕایەوە. دایک و باوکی پێشوازییان لێکرد. ئەندامانی خێزانەکەیان لەو چەند ساڵەدا کەسێکی تری بۆ زیاد بوو، حەوای بچکۆلە ئاوەدانیی خستە ناو ماڵەکەوە. بە چەمۆڵە و قژە کورتەکانی و پێکەنین و قیژەکانییەوە، بێدەنگیی لە ماڵەکە نەهێشت. کاتێک ئاپۆ لە هەرەتی گەنجیدا خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکان بوو، حەوا دەستی ڕادەواشاند بۆ چوونە باوەشی براکەی و خوێندنەوەکەی لێ تێکدەدا، دڵی نەدەهات دووری بخاتەوە، دەیخستە باوەشی و دەکەوتە یاریکردن لەگەڵی. بە دەموچاوە خڕە ئەسمەرەکەیە بۆی پێدەکەنی، دەیقیژاند و کەیفی بە باوەشی براکەی دەهات.

# ٧

گەنجییەتی دەرکەوت، قەدو باڵایەکی باریک، نە زۆر بەرز، نە کورت. سمێڵە بۆزەکانی هەواڵی هاتنی قۆناغێکی دیکەیان پێدەدا. لە بەشی هونەری ئەستەنبوڵ وەرگیرا. ئاپێ ئۆجەلان بە هێمنییەک، نەبادا دڵی کوڕەکەی گەرد بگرێت، حەزیدەکرد لە بەشی ئایینی بیخوێندایە و لە کۆتاییدا بگەڕایەتەوە بۆ گوند، ببوایە بە مەلایەکی عەلەوی نمونەیی. دایکی بیرۆکەی نەبوو، تەنها دەیەویست کوڕەکە بخوێنێت و لەناو ژنانی گونددا شانازی پێوە بکات.

بە جانتایەکەوە گوندی جێهێشت. لە ڕێگا چەندجارێک لایکردەوە، دڵخۆشبوو بەرەو شارێکی دوورتر و گەورەتر دەڕوات. لە خەڵفەتەوە چووە ئورفا، لە گاراجی گەورەی شار، بلیتێکی بڕی و بە پاسێک بەرەو ئەستەنبوڵ کەوتە ڕێ. لە نیوەی ڕێگا دابەزین، دەستی بەو پارانەوە دەگرت لە ماڵەوە هێنابوونی، گوزلەمەیەک و چایەکی خوارد. سەرنجی ڕێگاکانی دەدا، لەناوچەیەک تێپەڕین باخ و سەوزایی و ڕازاندنەوە دەستی پێکرد، پرسیاری لە سەرنشینەکەی تەنیشتی کرد بۆچی تا ئێرە وشک و وێرانەیە، کەچی لەو سنوورەوە سەوزایی و جوانی دەستی پێکرد؟ سەرنشینەکە کوردێکی ئورفایی بوو، پرسیاری

لێکرد خەڵکی کوێیە؟ ناوی خۆی و گوندەکەی پێگووت. زانی کوردە، بە ئەسپایی تا ئەوانی دیکە گوێیان لێنە بێت: «لێرەوە خاکی تورکە.» بیری کردەوە تەنانەت لە سەوزاییدا تورکەکان جیاکاری دەکەن لە نێوان ئەو دووخاکەدا، لەلایەک دەڵێن: یەک خاک و نەتەوەین، لە لایەکی دیکە ئەو خاکە بە هی خۆیان نازانن کوردان لەسەری نیشتە جێن و خزمەتگوزاریی بۆ نابەن.

زۆربەی سەرنشینەکان خەویان لێکەوت، ئەمما ئاپۆی گەنج لە تەماشاکردن ماندوو نەدەبوو. دیمەنی نوێ، شوێنی نوێ، باڵەخانە و جادەی نوێی دەبینی. درەنگانی ئێوارە گەیشتنە ئەستەنبوڵ، شارێکی گەورە، خۆی ئالاندبوو لە دەریایەک. لە پاسەکە دابەزی. جانتایەک بە کۆڵیەوە، ڕوخسارە گوندییەکەی نە دەشارایەوە. ناونیشانێکی هێنابوو، هەتا لە گاراجەکەوە گەیشتە ناو بازاڕی بەشی ڕۆژهەلات شەو داهات. لای عەرەبانەیەک لەفەیەکی خوارد. شەرمی لە خۆی هات بەو شەوە بچێت بۆ ناونیشانەکە، لە یەکێک لە پارکەکاندا دانیشت، کتێبێکی دەرهێنا و لەژێر گڵۆپێکدا دەستیکرد بە خوێندنەوە. ڕۆشتبوویە ناو کتێبەکەوە، گەنجێکی سەر خڕ و کەمێک گۆشتن هاتە لایەوە، بە زمانی کرمانجی سڵاوێکی لێکرد، سەری سوڕما لەو شارە گەورەیەدا بەو شەوە کێیە سڵاوی لێدەکات. وەڵامی دایەوە، لێی پرسی چۆندەزانی کوردم؟ گەنجە گۆشتنەکە بە پێکەنینەوە: «جگە لە کرمانجێکی گوندی، کێ لەم شارە گەورەیەدا لەناو پارکێک دادەنیشێت و جانتاکەی دەکاتە سەرینی.» گەنجەکە ناوی عەلی بوو، بە عەلی قەیتان دەناسرا. عەلەوی سەر بە گوندێکی دێرسیم. لەو شەوەدا دوو کوردی کرمانجی لەناو پارکی شارێکدا یەکیان ناسی، ناسینێک بۆ هەمیشە دۆست و هاوڕێی یەک مانەوە.

قسەیان کرد، لەبارەی خۆیان، گوندەکانیان، هاتنیان بۆ شار، خوێندن. هەریەکەیان لە بەشێک وەرگیرابوون، غەریب بە شارەکە،

بەڵام دوو کوردی یەک ئایین و زمان و کولتوور. شەوەکەی بەسەرە خەوتن، نەبادا خراپەکارێک زەفەریان پێببات و جانتاکانیان بدزێت. بۆ بەیانی شوێنێکیان دیاریکرد بۆ یەکتر بینینەوە، یەکیان بۆ کۆلیژی خۆی، یەکیان بۆ بەشی هونەر.

ئاپۆ چوویە بەردەم باڵەخانەیەکی گەورە، حەوشەیەکی گەورە دوو گۆرەپانی یاری و باسکە و یاری تۆپی پێی تێدابوون. بەشێکی چیمەن و درەخت. لای ڕاستییەوە باڵەخانەیەکی دوو نهۆمی، لەسەر دەرگاکەی نووسرابوو، هونەرەکانی ئەستەنبوڵ. کاروباری وەرگرتنی لە بەڕێوەبەرایەتی تەواو کرد، نزیکەی دەمەوعەسران دەستی بەتاڵ بوو. گەڕایەوە بۆ شوێنی مەبەست. عەلی قەیتان گەیشت، پێکەوە لە یەکێک لە بەشە ناوخۆییەکان ژوورێکیان بەکرێ گرت. بەشە ناوخۆی دەریای ناو بوو، هی کوردێکی خاوەن سامان. هەفتەیەکی پێنەچوو تێگەیشتن کەوتونەتە ناو قۆناغێکی هەستیارەوە. کۆمەڵگەی تورکی بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووبوون، بەرەی چەپەکان و بەرەی کۆمارییەکان، هەرکام لەو بەرانە سەربکەوتایە، چارەنووسی کۆمەڵگەکە بەو ئاراستەیەدا دەڕۆیشت. تەماشای دەکرد لە چایخانەکان، لە شەقامەکان، لە تەواوی شوێنەکان، گفتوگۆکان لەسەر داهاتووی تورکیان، کەس لەبارەی کوردەکانەوە قسەیەکی نەدەکرد.

لە مانگی یەکەمدا بێزاریی بەرامبەر بەشی هونەرەکان دەربڕی. بەشوێنێکی ساختە هاتە بەرچاوی، نە هونەرێک، نە گفتوگۆیەکی ڕژد، نە بەرهەم، نە بینینی باش و گرنگ. خوێندکارێکی ڕژد بوو، دەستی بدایەتە هەرکارێک، دەیەویست بە کۆتایی بگەیەنێت. لەگەڵ گروپە چەپەکان تێکەڵ بوو، عەلی قەیتانی هاوڕێی گەنجێکی قسە خۆشی دەم بە پێکەنین، ئەهلی کتێب خوێندنەوە نەبوو، ئەمما ئاپۆ کاری تێکرد سەربخاتە سەر کتێب، تەنانەت لە ژوورەکەیان کاتی دانا بۆ ئیشکردن، خوێندنەوە، گفتوگۆکردن، عەلی بە گاڵتەکردنەوە

دەیگووت: «پسمام ئەمە بەشە ناوخۆیی نییە، ئەمە سەربازگەیە، هەموویت کردووە بە دیسپلین.» زۆر پێنەدەکەنی، گاڵتەی هاوڕێکەی بەڕاستی وەردەگرت و بڕوای بە ڕێکخستنی ژیان و دیسپلین هەبوو. تێبینی دەکرد، هاوڕێکەی هەوڵدەدات ئەرکەکان و خوێندنەوەکانی بەهەند وەرنەگرێت، بیانوێک دەدۆزێتەوە بۆ تەمەڵی. جێگای تێڕامانی بوو، بۆچی ئەو مرۆڤە هەوڵدەدات بەشە زۆرەکەی ژیانی بە تەمەڵی پڕبکاتەوە. پرسیاری لێدەکرد، دەیویست تێبگات لە کەسایەتی هاوڕێکەی. لە ڕێگەی ئەوەوە، کەوتە کنەکردن بەشوێن کەسایەتی خەڵکی گوندەکەیان، کەسایەتی خوێندکارانی بەشی هونەر، نزیکەکانی خۆی لە ئەستەنبوڵ. لەوکاتەدا پەشیمانی پێوە دەرکەوت، کە هاتووە بۆ شار، لەسەر تیانووسێک لەسەر مرۆڤی شاری و مرۆڤی گوندی چەند لاپەڕەیەکی نووسی. بە پێی نووسینەکە بێت، «کەسایەتی شار، کەسایەتییەکی شێوێنراوە، پارچەپارچەکراوە بەسەر کۆمەڵێک دیاردە و ڕووداو و کاڵا و کاری ڕۆژانەدا، ئەم کەسایەتییە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە ئاسانی دەگیرێت، چونکە جێگیرنییە. شارەکان پایەی یەکەمی دەسەڵاتن، بەڵام مرۆڤی گوندی ، کەسایەتییەکی هەیە، لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتە، چاوەڕوانی بۆ دەسەڵات نییە و لەسەر بنەمای هێز و وزەی خۆی هەوڵی بونیادنانی ژیانی دەدات، ئەگەر ئەو چاوەی دەسەڵات تەرخانیکردووە بۆ کۆنترۆڵکردنی شار، بۆ کۆنترۆڵکردنی گوندیش هەمان چاو تەرخان بکات، وزەیەک لەناو سنووری دەسەڵاتەکەدا نامێنێت بۆ دەستکاریکردنی دونیا چەق بەستووەکە و ژیان پارچەپارچە قورس دەبێت.»

عەلی چاوی بەو پارچە تیانووسە کەوت، خوێندیەوە. بەنیازی فەرامۆشکردنی دەیەویست لەسەر ڕێڕەوەکەی خۆی بڕوات. لێی نەگەڕا، بەشێوازی جیاواز جیاواز لەگەڵی هەنگاوی نا، هێنایە ناو دونیا نوێیەکەوە. عەلی قەیتانی قسە خۆش گۆڕا بۆ چەپێکی خوێنەر.

پێکەوە ناملیکە، ڕۆژنامە و کتێبیان دەخوێندەوە، پاشان دەکەوتنە گفتوگۆ لەسەری. سوودی لە تێبینیە وردەکانی ئاپۆی هاوڕێی دەبینی، پێکەوە نزیکبوونەوە لە گروپێکی گەنج. بەشداری کۆڕو دانیشتنەکانیان کرد، ئەوەی لای ئاپۆ پرسیار بوو، لای گروپەکە نە پرسیار بوو، نەبیریان لێکردبوویەوە. نەیشاردەوە گروپەکان کێشەیەکیان تێدایە، نایانەوێت بۆ ڕەگوریشەی پرسەکان بگەڕێنەوە، شوێن مۆدێلە رووسییەکە کەوتوون.

لەناو زانکۆکان و خوێندنگاکاندا ڕۆژانە خۆپیشاندان دەکرا. پۆلیس دەڕژایە سەر شەقامەکان و خوێندکاران ڕووبەڕوویان دەبوونەوە. ماهیر چایان پەیدا بوو، یەکێک لە ڕەمزەکانی چەپ، لە شاری ئەنقەرە دادەنیشت. سەرجەم گەنجە نوێیەکان ئارەزوویان دەکرد ببینن، بوو بە ئەستێرەی گەنجان، وەک تێکۆشەرێک و یەکسانی خوازێک تەماشای دەکرا، وێنەکانی بەسەر دیوارەکانەوە هەڵدەواسرا، جەندرمە و پۆلیسەکان دەیان دڕاندن. دەمامک لەسەرەکان، ئەو گەنجانە بوون، شەوان بە پەمپ لەسەر دیوارەکان دروشمیان دەنووسی و وێنەی چایانیان دەکێشا، عەلی کەیفی بەوە دەهات بچێتە ناو ئەو گروپەوە، ئاپۆ ڕێگری لێکرد، ئامۆژگاری کرد: «خەبات بەو شێوەیە ناکرێت، ئێمە ئێستا لەناو دڵی ورچەکەداین، نابێت بچینە بەردەم ورچەکە و هاواربکەین بڵێین: ئەوەتاین، وەرە بمان بینە. گەر وابکەین دێت بە یەک چەپۆک دەمانکوژێت و کۆتایی بە چیرۆکەکە دێت.»

نەخشەی هەبوو، ڕیش و سمێڵی دەرهاتن، عەلی قەیتان بە هەمان شێوە. بەشداری بەشێک لە خۆپیشاندانەکانیان کرد. تا ڕادەیەک بەشی هونەری بە کارێکی لاوەکی دەبینی. تێگەیشت لەناو شوێنێکدایە هونەری تێدانییە، بەڵکو گۆڕەپانێکە بۆ خۆدەرخستن. لەناو کۆی خوێندکارەکاندا تەنها سیانیان توانییان لێی نزیک بکەونەوە، بە کوڕە مۆن و ڕژدەکەی

ناو خوێندنگە ناسرابوو. کتێبێک لە بن دەستیدا، کراس و پانتۆلی پاک و خاوێن، قژی دادەهێنا و پێڵاوەکانی پاک دەکردەوە، دەستی لە خۆی هەڵنەدەگرت. ڕەخنەی زۆری لەو گروپانە دەگرت خۆیان بە وجودی دەزانی و ژیانیان لا پوچ بوو، بە پێکەنینەوە دەکەوتە قسەکردن لەسەریان. «مرۆڤ هێندە لاوازبێت ئەم ژیانە شکۆمەندە پوچ بکات، لەڕاستیدا باشترە گۆڕێک بۆ خۆی هەڵبکەنێت و بچێتە ناوی، نەک ئەوەندە بێ هێزبێت بیەوێت بەو پوچییەوە شکۆی ژیان بشێوێنێت. تەنانەت ئەو جۆرە کەسانە، جەسارەتی جێهێشتنی ژیانە پوچەکەیان نییە.» نمونەکانی لەسەر بەردەوامی ژیان، بڕوا بەخۆ بوون، خۆنەدانە دەست نائومێدی، لەسەر باوک و دایکی دەهێنایەوە. کە چۆن دوو کەسی نەخوێندەواری ناو گوندێک، بۆ یەکجار لە ماڵەکەیاندا بێزاری و ناڕەزایەتی خۆیان لەسەر ژیان دەرنەبڕی.

پاش نیوەڕۆیەک لە خۆپیشاندانێک گەڕانەوە. ناڕەزایەتییەکە لەسەر بەرگریکردنی ئەوکۆمەڵە کرێکارە بوو، کە لە یەکێک لە کارگەکان دەرکرابوون، تەواوی گروپە چەپەکانی ئەستەنبوڵ بەیاننامەیان بڵاوکردەوە، هێرشێکی زۆریان کردە سەر بۆرجوازی و وردە بۆرجوازییەکان، تورکیایان بە تونێلێک دەچواند، شەمەندەفەرەکەی تا دێت بەرەو تاریکایی تونێلەکە دەڕوات. هەڵەنەبم بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ پرسی کورد، لەدوای ئەو خۆپیشاندانەوە لە نەخشەی بیرکردنەوەکانیدا سەری هەڵدا، چونکە لە گەڕانەوەیاندا پرسیاری لە عەلی قەیتان کرد، سەید ڕەزا چۆن دەناسی، شتێکی وای نەدەزانی شایەنی قسە لەسەرکردن بێت. بە مۆنییەکەوە تەماشایەکی کرد و پێی گووت: «هەڤاڵ دەکرێت مرۆڤ گەلەکەی نەناسێت، بیەوێت بە ناسینی گەلانی دیکە خۆی بناسێت؟» وشەی هەڤاڵ زۆر کرمانجی بوو، عەلی شاگەشکە کرد، خۆی ئاسا: «ئەم هەڤاڵە جوانە، خوادەزانێت لە چ گۆڕێکی زمانی کرمانجیدا دەرت هێنابێت.»

نەڕۆیشتنەوە بەشە ناوخۆییەکە، پیاسەیەکی قەراخ دەریایان کرد، تەماشای ماسیگرەکان و پیرە مەشروبخۆرەکانیان دەکرد. دەستی بۆ ڕاکێشان، «تەماشاکە، دوو جۆر مرۆڤ، یەکیان چێژ لە ڕاوکردن دەبینێت، یەکیان چێژ لە خۆ مەستکردن، هەردووکیان چوونەتە ناو چێژەوە، ژیان بەشێکی فراوانی چێژ داگیری کردووە، سیستەمە سیاسییەکان هەوڵدەدەن ڕووبەری چێژەکان بۆ مرۆڤەکان گەورەتر بکەن، بە گەورەکردنی دەیانخەنە ناو دونیایەکەوە بە چێژ گەمارۆ دراوە. ئەز ناخوازم ژیان بێ چێژ بکەم، ئەمما دەخوازم ژیان ڕێکبخرێتەوە. لە گوندەکەی مە، چیژەکان جۆرێکی دیکەن، بەڵام بەهای ژیانەکە و پەیوەندییەکان و ئازادییەکان لەم چێژانە گەورەترن.» عەلی قەیتان ئاگای لە قسەکانی نەبوو، سەرنجی دیمەنەکانی دەدا. کوڕێکی بینی لە کچێک نزیک دەکەوتەوە، بێ ئەوەی مەبەستی بێت پێی گووت: «ئەو زۆڵە خەریکی فریودانی کچەکەیە.» ئاپۆ قسەکەی پێناخۆش بوو، توند قۆڵی گرت: «تۆ هەڤاڵی منی، پێش هەمووشتێک پێویستە زمانت پاک بکەیتەوە، ئەو زمانە هی دایک نییە، زمانی دەرەوەی ماڵە. زمانی دایک شکۆمەند و بەرزە، وشەی نزم و ناشیرینی تێدا نییە، ئێمە پێویستە خۆمان پەروەردە بکەین لەسەر زمانە شکۆمەندەکەی دایک، دوورکەوینەوە لە زمانی دەرەوەی ماڵ، کە ئەز پێموایە ناوی زمانی کۆڵانە. زمانی کۆڵان زمانێکی نێرانەی تیژە، زمانێکی هێرش بەرە، دایک بەم زمانە دەشێوێت، سەرکۆنەی خۆی دەکات پەروەردەی منداڵەکەی لاوازە. هەڤاڵ واز لەو زمانە بێنە، هزرت ژەهراوی دەکات. دوای ئەوە، تۆ چ کارت بە ژیانی تایبەتی خەڵکەوەیە، بۆ ناگەڕێیتەوە بۆ ناو ژیانی خۆت، بزانی خەوشەکانی، کێشەکانی، گرێکانی چین، کاری تۆنییە چاودێریی ژیانی کەسی دیکە بکەیت. هەڤاڵ ئەم کارانە مەکە.» ڕایوەشاند: «کەمێک بۆخۆت بگەڕێ.»

ناڵێم عەلی دڵتەنگ بوو، چونکە ڕۆحە پاک و سادە و گوندییەکەی ڕێگەی نەدەدا بتۆرێت. تا ئاستێک شەرمی کرد، کەوتە بەراوردکردنی خۆی و ئاپۆی هەڤاڵی. سەرسام بوو پێی، ئەمما هێشتا دەری نەبڕیبوو، پێی سەیربوو گەنجێک لەو گوندە دوورە دەستەوە هاتووە، بەنەخشە و بە پرەنیسیپ، وشەیەک، دەربڕینێک، سەرنجێک بەسەریدا تێناپەڕێت و هەوڵدەدات چی لە دەوروبەری ڕوودەدا بیانخاتە ناو نەخشەی بیکردنەوەکانی و ڕەخنەیان بکات. لە یەکەم شەوی ژووری بەشە ناوخۆییەکە، لەسەر دیوارەکەی ڕستەیەکی هەڵواسیبوو، نووسیبووی: «مرۆڤ بە ڕەخنە لە خۆگرتن، دەتوانێت دونیای دەرەوە ڕووناک بکاتەوە.»

# ٨

ڕۆژگارێکی ئاڵۆز، پڕ لە هاوار و خۆپیشاندان. شەقامی تەقسیم جمەی دەهات. لایەک خۆپیشاندەر، لایەکی جەندرمە و پۆلیس. دروشمەکان دەوترانەوە، هاوار دەکرا، نەفرەتیان لە یەکتری دەکرد، دەبوو بە تەقە، چەند کەسێک بریندار دەبوون، شەڕە بەرد دەستی پێ دەکرد، لایەک بە بەرد و لایەک بە فیشەک، کەسانێک دەکوژران، خۆپیشاندەران تەرمی کوژراوەکانیان لە شەقامەکە دوور دەخستەوە. ڕۆژنامەنووسەکان خۆیان یەکلایی کردبوویەوە، بەرەی کۆمارییەکان لای جەندرمە و پۆلیس دەوەستان و هەواڵەکانیان وەک ئاژاوەیەک بڵاودەکردەوە، بەرەی ڕۆژنامەنووسە چەپەکان لە ناو خۆپیشاندنەکانەوە و هەواڵەکانیان لەسەر بنەمای دەستڕێژ و کوشتن و بڕین دژی کۆمار بڵاودەکردەوە. کە ئاڵۆزیی دروست دەبوو، پاش کوشتن و بریندارکردن و دەستگیرکردن، دەمامکپۆشەکان بەناو کۆڵانەکاندا بڵاوەیان دەکرد، شەقام چۆڵ دەبوو، شارەوانی شار دەستیدەکرد بە پاککردنەوەی شوێنەکە، دوکانەکان دادەخران، پۆلیسە داربەدەستەکان، لەبەردەم دوکانێک کۆدەبوونەوە، هەتا تاریکی دەکرد، بەو جۆرە دەگوزەرا.

کەم هەفتە هەبوو دوو سێ خۆپیشاندان ڕوونەدەن. وەزیر و سەرۆک کۆمار بە زمانی هەڕەشەوە گوتاریان دەدا، دەستی سۆڤییەتیان بە دەستێکی چەپەڵی تێکدەری کۆماری زێڕینی تورکیا ناو دەبرد. چەپەکان بە پێچەوانەوە، داهاتووی وڵاتیان لەژێر دەستی کۆماری خوازەکان بە مەترسی دەزانی و بەنۆکەری ئیمپیریالیزم بانگیان دەکردن. ڕۆژنامەکانی هەردوولا پڕ لە تۆمەت و یەکتر شکاندن، سوکایەتی و هێرشکردنە سەر ڕەمزەکانی یەکتر، دامەزراوە کرێکارییەکان و خوێندکاران داینەمۆی کۆی نارەزایەتییەکان بوون. شاعیر و نووسەر و ئەدیبەکان نەیان دەتوانی بێلایەن بن، بەهەمان شێوە دابەش بوون.

ئاپۆ و هەڤاڵەکەی لە خۆڕا بەشدارییان نەدەکرد، پرسێک گەورە و گرنگ نەبووایە، نە دەچوونە ناوییەوە. سەردانی چایخانەی چەپەکانیان دەکرد، تا لەنزیکەوە ئاگایان لە بڵاوکراوەکانیان بێت. کەمێک بە خۆگرییەوە لەگەڵیان دەجوڵانەوە. پرسی گەلی تورکیا چەقی بیرکردنەوەی چەپەکان بوو. لەو ڕۆژگارەدا ماهیر چایان وتارێکی بڵاوکردەوە، باسی پرسی کوردی خستە ناو بیرکردنەوەی چەپەکانەوە، لە چەند لایەکەوە هێرشی کرایە سەر، ئەمما ئاپۆ و عەلی هەڤاڵی بەخۆشحاڵییەوە وەریانگرت، تەنانەت وتارێکی کورتی نووسی بۆ پشتگیری کردنی وتارەکەی چایان، لە وتارەکەیدا پرسی کوردی خستە بەرباسەوە. نیگەرانیی دەربڕی بەشێک لە چەپەکان هێشتا توانایان نییە، گەلێک و شوناسەکەی، گەلێک و مێژوو و زمان و کولتوورەکەی ببین، پێیان وایە پرسی گەلێکی لەو جۆرە لادانە لە پرەنسیبە چەپایەتییەکە و تەنها گەلی تورک لەناو چوارچێوەی چەپدا جێگەی دەبێتەوە.

پاش وتارەکەی لە یەکێک لە ڕۆژنامە چەپەکان، ناوبانگی لەناو بەشێک لە کۆمەڵ و ڕێکخراوەکان بڵاوبوویەوە. بانگهێشتیان کرد بۆ گفتوگۆیەک، لە کۆڕەکەدا داوایان لێکرد سەرپەرشتی کۆمەڵەیەک بکات،

داواکەی قبوڵکرد، زۆری نەبرد کشایەوە، کێشەی فیکری و بنچینەیی لەگەڵ گرووپی کۆمەڵەکە هەبوو. لە دوو کۆبوونەوەدا گفتوگۆیەکی توند لە نێوانیاندا ڕوویدا. بنەمای کێشەکەیان لەسەر پرسی کوردبوو، ئاپۆ گەیشتبوویە شوێنێک بەدوای هێڵی خۆیدا بگەڕێت، بەڵام هێشتا بە تەواوەتی بەرچاوی ڕوون نەبوو، پرۆژەکەی پێنەگەیشتبوو، پێویستی بە زیاتر خوێندنەوە و زیاتر ڕۆچوون بوو. لەو گفتوگۆیانەی کۆمەڵەکەدا وەک گەنجێکی چەپ، سەرسەختانە بەرگریی لە گەلی کورد دەکرد، تورکە چەپەکانی ناو کۆمەڵە، ئەوەیان بە دواکەوتوویی دەبینی، ڕووبەڕوویان دەبوویەوە، «گەر بەرگریکردن لە گەلێک دواکەوتوویی بێت، کەوایە بۆ ئێوە بەرگری لەگەلی تورک دەکەن.» تێیاندا بوو لەناو زیهن و خەیاڵدانیدا فاشیەتێک نووستبوو، لە دەرەوەی کۆمار نە مرۆڤێکی دیکە و نە گەلێکی دیکەی نەدەبینی.

ئەو ئاوەژووکردنەوەی چەپە، ئازاری بە ئاپۆ گەیاند. تێدەگەیشت کۆمارییەکان چەندە پێویستیان بە هوشیارکردنەوەیە، تا لە دۆخی فاشیزم بچنە دەرەوە، بەشێکی زۆری چەپەکان لە هەمان دۆخدان و لەژێر بەرگێکی دیکەدا خۆیان دەنوێنن. لە کۆبوونەوەی دووهەمدا یەک دوو چەپی چەتوونی چەقۆ وەشێن ویستیان هەڵسنەوە بۆی، کاتێ زانییان عەلی و دوو گەنجی دیکەی لەگەڵە، پەشیمان بوونەوە. ئاپۆ خۆی بێباک و بەهێز، کتێب نەیتوانی ناسکی بکاتەوە، ناوکێکی ڕەقی گوندییانە لە ناخیدا گەشەی دەکرد. هێزەکەی دایکی و ئارامییەکەی باوکی هەڵگرت. لەناو پرۆسەی چەپ بووندا، ئەو دوو هێڵەی گەشە پێدان. بەوردی تەماشای کۆی دیمەنەکەی دەکرد لە شارە گەورەکاندا. تەنانەت لەگەڵ کۆمارییەکان و هەوادارانی گورگەکاندا دەکەوتە گفتوگۆ. بڕوایەکی تەواوی لەسەر گفتوگۆ هەڵدەچنی. جارێک لە چایخانە بۆ کۆمەڵێک گەنجی باس کرد: «نەریتی گفتوگۆ نەریتێکی دێرینە، گەلی سۆمەری لە میزۆپۆتامیا، نەریتی گفتوگۆیان داهێنا، لەناو سیستەمی

دەوڵەت شارەکانیاندا دوو ئەنجومەن هەبوو، ئەنجومەنی پیران و گەنجان، ئەرکی ئەو دوو شوێنە یەکەم گفتوگۆ بوو، پاشان ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی دیکە. ئەو نەریتە لە ڕێگەی گەڕیدەکانەوە گواسترایەوە بۆ یۆنان و تیۆریزە کرا، یۆنانییەکان گەشەیان پێداو لە چوارچێوەیەکی فەلسەفیدا دایانڕشتەوە. ئێستا ئێمە بە نەریتی سوکراتی ناوی دەبەین، بەڵام ڕاستییەکەی ڕەگوڕیشەی گفتوگۆ لەناو میزۆپۆتامیاییە، هەقە بە نەریتی سۆمەری ناو ببرێت.»

ماندوو نەدەبوو لە گفتوگۆ، بێئاگایی بەشێکی مرۆڤی کوردی دەبەستەوە بە نەبوونی گفتوگۆوە. شاری خەڵفەتی کردبوویە جێگای بیرکردنەوە، شارێک مرۆڤەکان کەمترین گفتوگۆ دەکەن، گوێ دەگرن، گوێ لە ئامۆژگاری مەلا، گوێ لە ڕادیۆ، گوێ لە تەلەفزیۆن و وتاری سیاسییەکان، ڕاهێنراون بە کەسی گوێگر، یان کەسی قسە کەر، ناچنە ناو گفتوگۆوە. چونکە پرسیار دروست دەبێت و پێویستی بە وردبوونەوە و ئاگاییە، پێداگری هوشیاریی خۆرئاوای لە گۆشە نیگای گفتوگۆوە هەڵدەسەنگاند، بڕوای بەوە بوو، یۆنانییەکان بناغەی پڕۆژە خۆرئاواییە، ئەو بناغەیە لەسەر بنەمای گفتوگۆ بونیاد نراوە.

عەلی بەگاڵتە پێکردنەوە لێی دەپرسی: لە شتەکانی دیکە گەڕێ، حەوسەڵەی ئەو هەموو گفتوگۆیەت لە کوێ هێناوە؟ بەرسڤی دەدایەوە، «لە کاتی منداڵی و سەردەمی هەراشبووندا، بەردەوام پیرەکانی گوندی ئامارا جێگەی سەرنج بوون. ئێواران لە تەنیشت دیواری تاقە دوکانەکەی گوند دادەنیشتن گفتوگۆیان دەکرد. لە ژیانی تایبەتی خۆیانەوە بۆ سیاسەت و ئایین و تەواوی پرسەکان باسی دانیشتنەکانیان بوو.» پیرەکان هاوکارێکی بنەڕەتی بوون بۆئەوەی لە شێوازی گفتوگۆ تێبگات، ئەو ڕێز و گوێگرتن و وەڵامدانەوەی لەناو پیرەکاندا وەریگرتبوو، بەهەمان شێوە لە گفتوگۆکانی خۆیدا پەیڕەوی دەکرد.

لەو دوو ساڵەی لە هونەری ئەستەنبوڵ دەخوێند، یەکجار سەردانی گوندی کردەوە. حەوای خوشکی گەشەی کرد، خنجیلانە لەبەردەست و پێی دایکیدا کەلوپەلەکانی بە دەوری خۆیدا پەرشوبڵاو دەکردەوە. دیاریی بۆ برد، بوکەڵەیەکی شیرینی قژ ڕەش. دەستێک جل، جوتێک پێڵاو بۆ باوکی و کراس و سەرپۆشێک بۆ دایکی. سمێڵەکانی ڕەش بووبوون، هەسارە خاتوون تەماشای دەکرد و بە کەیفەوە: «کوڕەکەم گەورە بووە، خوایاربێت دوای خوێندنی ژنێک دەهێنێت و ئیشێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.» بە بێدەنگ تەماشای دایکی دەکرد، بیری لە خەونەکانی دەکردەوە، هەموو دایکەکان یەک ڕێگەی سەلامەت و ئاسوودەی بۆ منداڵەکانیان دەخوازن.

لەو سەردانەدا کەمێک یارمەتی ئاپێ ئۆجەلانی دا. هەستی دەکرد بارگرانییە بەسەریانەوە، گەر دووساڵ خەرجیی خوێندنی بۆ بدەن. نەیدەویست نائومێدیان بکات و وا پیشانی بدات لە کۆلیژی هونەر پەرێشانە. چاوەڕێیان دەکرد مۆسیقایەک، وێنە کێشانێک فێربووبێت، ئەمما باسی بیناسازی و شوێنەوارە کۆنەکانی بۆکردن. ئێوارەیەک لەبەردەم هەیوانەکە چۆکی دادا، تەماشای حەوای خوشکی دەکرد یاری بە بوکەڵە قژڕەشەکەی دەکات. گوێی لە دەنگ و ئاوازێک بوو، کەمێک گوێی شلکرد دەنگەکەی پێخۆش بوو، هەڵسا بەرەو ڕووی ڕۆیشت، لە ماڵی یەکێک لە گوندییەکان سترانی دەرویش عەبدییان لێدەدا. ئەو سترانەی باسی فەرمانی بەرگری و خۆنەدانە دەستی ئێزیدییەکان دەکات دژ بە عوسمانییەکان. لە پاڵ دیوارەکە دانیشت. سترانەکە بردی، گوێی لە ئاوازە خەمگینەکە و شیعرەکەی گرت. بێ ویستی خۆی فرمێسک لەچاوانی هاتنە خوارەوە.

کە سترانەکە تەواو بوو، لە خۆی پرسی: «بۆچی من لەسەر سترانی کوردان کارم نەکردوە؟ بۆچی لەسەر ئێزیدییەکان کارم نەکردوە و زانیاریم کەمە؟» بڕیاری دا بە گەڕانەوەی بۆ ئەستەنبوڵ،

ئەو دوو پرسە بکاتە خەمی ڕۆژانەی و بە دوایاندا بچێت. ئەشێت پێشوتر گوێی لە چەندین ستران گرتبێت، وەلێ هیچکامیان وەک دەروێش عەبدی لەگەڵ خۆی نەیبرد و پرسیاری بۆ دروست نەکرد. هەفتەیەک لە گوند مایەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ شار.

لە ڕێگەی عەلی قەیتان و برادەرەکانییەوە، کۆمەڵێک سترانی دیکەی دەست کەوت، لە ژوورەکەی خۆی بە تەسجیلە کۆنەیەک گوێی لێ گرتن، بەدوای چیرۆکەکانیان کەوت. «مێژووی گەلی کورد مێژوویکە لەناو تراژیدیاوە هاتووەتە دەر، سترانبێژەکان دەیانەوێت بە ئاواز ئەم مێژووە بۆ نەوەکانی پاش خۆیان بگوازنەوە. سترانەکان هێندەی دایک بۆ گەلی مە گرنگن، چۆن دایک ناهێڵێت زمان و کولتوورەکەمان لاوازبێت، سترانەکانیش ناهێڵن مێژوو و تراژیدیاکانمان ونبن.» بە نووسینی ئەو تێبینیە بۆچوونی خۆی لەسەر سترانەکان نووسی. کتێبی ئێزیدییەکان و کتێبی زەردەشت پەیامبەری دەستکەوت و خوێندنییەوە، هاندەرەکەی سترانەکانی دەروێش بوون. لەناو کتێبە ئایینیەکاندا بۆ هێڵە تۆکمەکان گەڕا. کردەی چاک و زمانی چاک و بیرکردنەوەی چاکی کرد بە بنەمایەک بۆ ناسینی کەسایەتی دێرینی کورد. لە خۆشی دۆزینەوەی ئەو بیرۆکەیە، عەلی برد بۆ قەراخ دەریا. ویستی بۆی باسبکات بنەڕەتی کوردان لەسەر چ پایەیەک بونیاد نراوە. «کوردەکان بەردەوام گلەیی لە خۆیان دەکەن پاک و دڵسافن، لە کاتێکدا مرۆڤ دەبێت پاک و دڵساف بێت. بیرۆکەی پاکی و دڵسافی، ئاکاری بەرزی کوردانە، بیرۆکەیەکە لەناو دەقە زەردەشتییەکەدا کراوە بە بنەمای ژیانی مرۆڤەکە. کاتێک بێگانەکان دێن، ئەمە بە خەوش دەبینن، چونکە کەسایەتی خۆیان لەسەر بنەمای فێڵ و تەڵەکە و پیسیی داڕێژراوە. دۆخێک دروستدەکەن، کوردەکان هەست بکەن ئاکارە بەرزەکەیان هەڵەیە و دەبێت ببنە کەسی فێڵکەر و فریودەر.» عەلی چاوی زەق کردەوە، لێی پرسی زیاتر مەبەستت چییە؟

- ڕوونـم هەڤـاڵ. دەبێت ئێمـە بگەڕێینـەوە بـۆ سـێ بنەمـا کۆنەکـەی زەردەشت، مرۆڤی ڕاستەقینە و خاوەن بەها لەسەر ئەو سێ بنەمایە دروسـت دەبێت. داگیـرکاری و کۆڵۆنیالیـزم دێـن، دەیانەوێـت سـێ بنەماکە بگۆڕن، زمانی پاک بکەن بە زمانی فریودەر، بیرکردنـەوەی چاک بکەن بە بیرکردنـەوەی پیس، کرداری چاک بکەن بە کردەی خراپ. مرۆڤێکی دارزیوی شێواو دروست بکەن، لەو مرۆڤە خاوەن بەهایـە نەچێت لـە باپیرانـی ئێمـەدا هەبـووە. کاتێک ئـەو مرۆڤـە بـە بەهایـە بڕوا بـە بەرامبەرەکـەی دەکات، لەو بنەمایـەوە بڕوای پێدەکات پێی وایـە لەخـۆی دەچێت. سـەردەمی نـوێ، سـەردەمی مرۆڤـی بـێ بەهـا و گرگنـە، لـە کاتێکـدا، ڕابـردووی ئێمـە، مرۆڤـی شـکۆمەند و خـاوەن بەهـای بونیـاد نـاوە.
- کەواتـە دەبێت ئـەو مرۆڤـە دروسـت بکرێتـەوە، جارێکـی دیکـە ناگەڕێتـەوە بۆ فریـودان و تێکشـکان؟ هەڤـاڵ ئێمـە باجێکـی زۆرمـان لەسـەر دڵپاکـی و ڕاسـتگۆیی داوە، پێویسـتە لەنـاو جیهانـە نوێیەکـەدا بـەو شـێوازە کۆنـە مامەڵـە نەکەیـن.
- ناهەڤاڵ عەلی بەو جۆرە نییە. بەها گرنگترە لە چوونە ناو جیهانەوە. کـورد تـازە بیرۆکـەی بینینـی بێگانـەی بـۆ گرنـگ بـووە، لـە دێرینـدا بێباک بووە دەیبینن، یان نایبینن، خەسڵەتی ژیان و بەهاکانی خۆی بـەلاوە گرنـگ بـووە، لەوانەیـە بەشـێک لـە مانـەوە و بەردەوامیـدان بەخـۆی پەیوەنـدی بـەو خەسـڵەتانەوە هەبێت. مرۆڤێکـی بـێ بەهـای شـێوێنراوی فریـودەر، کەڵکـی چییـە بیبەیتـە نـاو جیهانـە نوێیەکـەوە، هیچ کەڵکی نییە، لەبری ئەمە با بگەڕێتەوە بۆ بەهاکانی خۆی.
- نازانم چی بڵێم هەڤاڵ ئاپۆ، خۆتدەزانی من گوندیم، شارانی دونیا ناتوانـن خەسـڵەتە گوندییەکـەم لـێ بسـەنن. لەوانەیـە لەیـەک دوو شـوێنێکەوە خەوشـی گـەورە هاتبنـە نـاو کەسـایەتیمەوە، بـەڵام هێشـتا نەبوومەتـە ئـەو مرۆڤـە لاوازەی تـۆ خەمـی دەخۆیت.

- بڕواناکەم، هەڵگری سێ خەسڵەتە زەردەشتییەکە قورسە، مرۆڤێکی کامڵی بەرز دروست دەکات. یەکەم خاڵی گرنگ لەبیری مندا ل کەسایەتییەوە سەرهەڵدەدات، هەتاکو ئەم کەسایەتییە دانەڕێژرێتەوە و زیهنەکەی پاک نەکرێتەوە و نەگەڕێنرێتەوە بۆ خەسڵەتە بە بەهاکانی دێرینی، زەحمەتە بتوانین گەلێکی زیندوو دروست بکەین.

گفتوگۆکەیان درێژەی کێشا بۆ نیوەشەو. بە پیاسەکردن گەڕانەوە ماڵ، عەلی قەیتان زیاتر لە جاران چووە ناو پرەنسیپەکان و خوێندنەوەوە. ئارەزووی دەخواست بگاتە ئاستی هەڤاڵەکەی، وشەی هەڤاڵ لە نێوانیاندا بوو بە ئەدەبیاتێکی نوێ. سەردەمی چەپەکان وشەی زۆر دەهاتنە ناو زمانەوە، کوردەکان وەک کۆی چەپەکانی دیکە، هەمان ئەو وشانەیان زیندووکردەوە، کە لەگەڵ ئەدەبیاتی چەپدا دەگونجان.

# ٩

پێش کۆتایی دوو ساڵی خوێندنی هونەرەکانی ئەستەنبوڵ، تەواو نیگەران بوو. زیاد لە مانگێک خۆی گۆشەگیرکرد، سەری خستە سەر کتێبەکان، چ لە بەشی مۆسیقا، چ لە بەشی دەنگ و هونەری بیناسازی، میزۆپۆتامیای بە بنەڕەت وەرگرت، بازیدا بۆ یۆنان، لەوێوە بۆ ڕۆما، لە پەیکەرەکان، شێوەی پەرستگە و دیوی دەرەوەی باڵەخانەکان. لە ئاوازەکان، سەما و جوڵەکان، لە هونەری مۆدێرن، لە زۆربەی ئەو ڕەهەندانە ورد بوویەوە، پەیوەندییان بە خوێندنەکەیەوە هەبوو.

عەلی قەیتان لای هەڤاڵەکانی بەمجۆرە باسی کرد. «ئەو ماوەیە لێیگەڕێن، لە عارفێک دەچێت خەریکی چلەبێت و بەشوێن حەقیقەتدا بگەڕێت. شەوان دەچمەوە ژوورەکەمان، بێدەنگ لە گۆشەیەک پاڵ دەکەوم و کتێبێک دەگرم بەدەستمەوە، تێدەگەم خەریکی کنەکردنە بە دوای پرسێکدا، لەوەتەی دەیناسم مرۆڤێکە بەشێکی گەورەی ژیانی تەرخانکردوە بۆ خۆپەروەردەکردن. دوای گۆشەگیرییەکەی قسە دەکات، سروشتێکی عەلەویانەی هەیە، لە پرسێک دڵنیا نەبێت وشەی لەبارەوە ناڵێت، وشە قورساییەکی گەورەی هەیە لە باوەڕی دێرینی ئێمەدا.»

ڕاستی کرد، لە گۆشەگیرییەکەی چووە دەرەوە. بەیانی زوو، بەناو ژوورەکەدا گەڕا، کەمێک ماستی دوێنێ و پارچەنانێکی دۆزییەوە، نانی بەیانی خوارد. عەلی خەتبوو، هەڵینەساند. دەستێکی هێنا بە ژوورەکەدا، ئاوێکی کرد بە خۆیدا، چوویە بەردەم ئاوێنەکە، ڕۆچوونە ناو کتێب و لە بیرکردنی ژەمەکان لەکاتی خۆیاندا کێشی دابەزاند بوو. سمێڵەکانی پڕبوون، دەستێکی پێدا هێنان و بە مەقەستێکی بچوک ڕێکی کردن. شانەیەکی دا لە قژی، کراسێکی شینی کاڵ و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەرکرد. دانیشت تا عەلی هەڵسا. ئامادەبوو بۆ چوونە دەرەوە.

چاوەڕێی کرد عەلی خۆی کۆبکاتەوە، پێکەوە چوونە دەرەوە. کاتی قسەکردنی هاتبوو، بەبێ پرسیارکردن دەرئەنجامی خوێندنەوەکەی خستە ڕوو. «گەلی ئێمە لەبەردەم هەڕەشەی مەزندایە. زمانەکەی لێ قەدەغەکراوە، کولتوورەکەی شێوێنراوە، مێژووەکەی شاراوەتەوە، زیهنی داگیرکراوە، ئەرکی زۆر سەخت لەبەردەم نەوەی ئێمەدایە، پێویستە سەرەتا پرسەکان زیندووبکەینەوە، پاشان شرۆڤەیان بکەین و سەرلەنوێ بونیادیان بنێینەوە. داگیرکردنی خاک بۆمن هێندەی داگیرکردنی کولتوور مەترسیدار نییە. دوژمنەکانمان بە هونەر و مۆسیقا، بە زمان و کولتوور، بە سەرباز و سیستەم، بە تەواوی کەرەستەکان هاتوونەتە ناومان، لە کوێوە دەست پێبکەین؟»

پرسیارێکی سەختی کرد، وەڵامەکەی لای عەلی نەبوو. خوێندنی بەشی هونەر گەیاندییە کۆمەڵێک بنج و بنەوان. شێواوییەکی گەورە لە بەردەستیدا خۆی نماکردبوو، گۆشەیەکی شک نەدەبرد لە جێگای خۆی مابێتەوە. تەنها ئومێدی گەورەی بڕوابوون بوو بە هوشیاری و ئەو بەهایانەی لەناو گوندەکاندا دەستیان پێوە گیرابوو. شارە گەورەکان وەک لویتانەکەی ناو تەورات، کوردەکانی قوت دابوو. نموونەی ئەستەنبوڵ وەک شارێکی گەورە، بە سیستەمێکی نوێوە

باوەشی بەرەو خۆرئاوا کردبوویەوە و هەوڵی دەدا لەو تەپوتۆزە کۆنەی سەردەمی عوسمانی خۆی ڕاتەکێنێ. خێزانە کوردەکانی ناو شارەکە هێندە گرێدرابوون، بەکار، ئابووری، خۆژیان، کۆکردنەوەی سامان، خۆدەرخستن وەک خێزانێکی شاری و شێوازی قسەکردنی ئەستەنبوڵی، لەبیریان کردبوو لە کوێوە هاتوون، فەرهەنگیان چییە، چۆن کولتوور و ڕەگوڕیشەیان بپارێزن. لە سەردانێکی ماڵی هەڤاڵێکیاندا، شێوە ژیانەکەیانی بە گرگن ناو هێنا.

یەکێک لە هەڤاڵەکانی خوێندنیان، کە چەپێکی ناو گروپەکان بوو، بانگهێشتی ماڵەوەیانی کردن. بە قەولی خۆی کوردن و لە ئامەدەوە هاتوون. ئێوارەکەی میوان بوون لایان، سەرۆک خێزانەکە تا لای هەڤاڵانی هاوڕێکەی دەرییخات تێکەڵ بە ژیانی شارنشینی بووە، بە شێوازێکی ئەستەنبوڵی بەخێرهاتنی کردن، قات و بیجامەیەکی خەت خەت لەبەری، لە حەوشەکەیان مێزێکی خواردن و جۆلانەیەک دانرابوون. خاوەن ماڵ لەسەر جۆلانێکە دانیشت، قاچی خستە سەرقاچ، دوو کچەکەی بە تەنورەی کورت و کراسی سوورەوە دەرکەوتن، ژنەکەی سووراوێکی تۆخ و ملوانکەیەکی ئاڵتون و چەند تاک بازنێک لە دەستیدا، لە دەوری مێزەکە دادەنیشتن، کولیچە و شیرینییان دانا، سەبەتەیەک میوە لە ناوەڕاستی مێزەکە. بەزمانێکی تورکی ئەستەنبوڵی کەوتنە پرسیارکردن، عەلی قەیتان لە شەرماندا بە بەڵێ و نەخێر وەڵامیانی دەدایەوە. ئاپۆ تەنگی پێ هەڵچنرا، پیشی دەخواردەوە، هەڵسوکەوتەکەیان بێزاری کرد، ماڵەکە ئاگاداربوون میوانەکانیان کوردن، لێ پێیانخۆشبوو بە وێنەی تورکێکی شاریی خۆیان دەرخەن. بەر لە نانخواردن، ئاپۆ بەزمانێک کە بریندارییان نەکات، هەوڵیدا یارمەتییان بدات بە کوردی بدوێن و پێویست بەوە ناکات شاریی بوونی خۆیان بنوێنن. سوودی نەبوو. کاتی نانخواردن چەند قاپێک و مەنجەڵێکی بچوک بەبێ نان لەسەر مێزەکە دانران، یەکی کەوچکێک شلەیان کردە قاپەکانیان، لەوان وایە دواتر خواردن دێت،

ئەمما نەخێر ئەوە خواردنی ئێوارە بوو. گوایە کێشی خۆیان دەپارێزن. ئاپۆ خۆی پێ ڕانەگیرا، کەوتە هێرشکردن لەسەر ئەو مرۆڤە کوردەی لەبەردەم ئاوێنەی بێگانەدا وێنەی خۆی لێدەگۆڕێت. ڕەخنەی توندی لەو چەپ بوونە گرت، کە پەیوەندی بە بیرکردنەوەوە نییە و شوێن مۆدێل کەوتووە. نمونەی خانەدانی کوردەکانی هێنایەوە، لەسەر فەرهەنگ و ڕابردوو ڕوونکردنەوەی دا، لە چەند گۆشەیەکەوەماڵەکەی تێگەیاند، باشترە بگەڕێنەوە بۆ بەردەم ئاوێنە ڕاستەقینەکە. دوای ماڵئاوایی لە ڕێگا دەمووچاوی دا بەیەکدا، داوای لە هەڤاڵەکەی کرد چیتر نەیباتە ئەوجۆرە ماڵانە و نایەوێت ئەو ژیانە نمایشییە ببینێت.

لە کۆتایی ساڵدا خوێندنی هونەری لە ئەستەنبوڵی تەواوکرد، لەبەر باوک و دایکی نەبایە، هیچ کات ئامادە نەبوو دووساڵ هاتووچۆی شوێنێک بکات جگە لە بێ هونەری، بەرهەمێکی دیکەی نییە. گەیشتە ئاستێک، لەناو بازاڕ کە تێدەپەڕی گوێی لە گۆرانی و مۆسیقایەکی تورکی دەبوو، دەیزانی ڕەگەکەی لە کوێوە وەرگیراوە. یەک یەک گۆرانییە کوردییەکان و ئاوازەکانی دەناسییەوە. هونەرمەندە تورکەکان میدیاکان و ڕۆژنامەنووسەکانیان بۆ تەرخانکرا بوو، گەشە بە هونەری تورکی بدەن. کەوتبوونە پێشبڕکێوە، بەسەر میراسێکی گەورەی کوردانی باکووردا دەگەڕان، چ ئاواز و دەقێکی جوانبایە، وەریان دەگێڕا بۆ سەر زمانی تورکی و بڵاویان دەکردەوە. بێشەرمانە نە ناوی ئاوازەکە، نە ناوی دەقە کوردییەکەیان نە دەنووسی و بەناوی خۆیانەوە بڵاویان دەکردەوە. میدیا و حەشامات لێیان کۆدەبوونەوە و بە داهێنەر ناویان دەهێنرا.

لە ژیانیدا یەکجار چوو بۆ سینەما، فیلمێک پیشاندرا، تورکێکی خانەدان سەرقاڵبوو لە ناوچەیەک کارگەیەکی پیشەسازی دروست بکات. لەناو شارە کوردەکاندا دەگەڕا کرێکاری کورد کۆبکاتەوە،

کرێکارە کوردەکان ئیشەکەیان نەدەزانی، دوای ماوەیەک دەریانی دەکرد، یەکێک لە کرێکارەکان کچێکی چواردە ساڵ، جوان و ڕێک، خاوەن کارگەکە حەزی لێ کرد، بەنیازی ئەوەی لای خۆی بیهێڵێتەوە، خزمانی کچە بەمەیان زانی، تفەنگیان هەڵگرت و هەڵیانکوتایە سەر کارگەکە، پۆلیس و دەوڵەت دەستیان وەردایە شەڕەکەوە، هەموویان کوشتن، خاوەن کارگەکە لە مردن ڕزگار کرا. کچە پشتی لە خزمەکانی کرد، لەگەڵ خاوەن کارگەکە ژیانی پێکهێنا. هیچی لەبارەی ژیانی شارەوە نەدەزانی، فێری دەکرد چۆن نان بخوات و چۆن جل لەبەر بکات و چۆن بڕوات بەڕێگەدا.

پاش بینینی ئەو فیلمە چیتر ڕووی نەکردەوە ناو سینەماکانی تورکیا. بۆی ڕوون بووەوە، دەوڵەت و کۆمارییەکان، وەک بەشەکانی دیکە، سینەما بەکاردەهێنن بۆ پیشاندانی وێنەی کورد، بە کێوی و نەزان، بێئاگا و نا شارستانی، تەمەڵ و خێڵەکی. ژنی کورد بە کارەکتەرێکی ماڵ پەرست دەبینن، دەوڵەت بە هێزێک بەرگری لە پێشەگەری و شارستانی دەکات. بەو وێنا دروستکردانە بە قوڵی لە گەلی کورد و کەسایەتییەکەی دەدەن. فیلمەکە هاوکاری کرد، لە بیرۆکەی کەسایەتی تورک تێبگات، چ جۆرە کەسایەتییەکە. هێزە گەورەکەی لە دەوڵەتەوە وەردەگرێت، شێوەی شارستانی بوون و مەدەنییەت بۆ فۆرمی دەرەوەی دروست دەکات، لە ناخەوە ترسێکی مەزنی لە گەلی کورد هەیە، ترسەکەی پەیوەندی بە قۆناغە نوێیەکەوە نییە، پەیوەندی بەو ڕەگە دێرینەوە هەیە، نیشتەجێی ناو شارستانییەتە پرشنگدارەکەیە.

کەسایەتییە تورکییەکە، بە لێدان لە کەسایەتی کورد خۆی بونیاد دەنێت. پێویستی بە دوژمنە، دوژمنەکەی دەکاتە خاڵی سەرەتا و کۆتایی، بۆ لێدان، تا مانایەک بە بوونی خۆی بگەیەنێت. لە تیانووسەکەیدا بە وردی هەڵسەنگاندنی بۆ کەسایەتییەکە خستبوویە ڕوو. ڕاستییەکەی

گەلێکی بێ فەرهەنگ نەبوون، خاوەن هونەری خۆیانن، بەلام لاشەیەکی گەورە لەبەردەستیاندایە، پڕە لە خاڵی درەوشاوە، وەک کەمتیار لەسەر ئەو لاشەیە خۆیان دەژییەنن، کە کوردە.

خوێنەرێکی بەردەوام بوو، کتێب نزیکیترین هەڤاڵی بوو. خۆشەویستی ئاپۆ بۆ کتێب، پەیوەندی بە منداڵییەوە هەبوو. لە گوندی ئامارا، مەلا عەلەوییەکەی مزگەوت، حوجرەیەکی خنجیلانەی بۆ منداڵان دروست کردبوو. سەروەختی هاتووچۆی خوێندنگە، باوکی لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ مزگەوت، گەرچی ئەو مەلا عەلەوییە لەوێ نەمابوو، مەلایەکی سوننەی ئەڵقە لەگوێی ئاغا و کوێخا هێنرابوویە شوێنی، بۆ ئەوەی تانەو سوکایەتی بێت بۆ عەلەوییەکان، بەلام ڕەفەی کتێبەکان سەرنجی ڕادەکێشا. لەبەردەمیاندا دەوەستا، دەستی لێدەدان، یەک یەک دایدەگرتن و لاپەڕەکانی هەڵدەدانەوە. بە ئاستەم چەند وشەیەکی دەخوێندەوە، لە دوای قۆناغی پێنجی سەرەتایی، دەمەو عەسران بۆی بگونجایە سەردانی مزگەوتی دەکرد، لە گۆشەیەک دادەنیشت، چەند ڕستەیەکی دەخوێندەوە، هێندە پەرەی بەخۆی دا، دەیتوانی لاپەڕەیەک و دووان تەواو بکات. هەستی دەکرد نزیکە لەو شتەوە ناوی کتێبە. دونیایەکی دیکەیە، دەنگی لێوە نایەت، ئەمما سیحری وشەکان و نووسینیان و لاپەڕەکان ڕایدەگرێت، فێری دەکەن زانیاری تازە وەرگرێت.

لەو دوو شوێنە، خوێندنگە و مزگەوت، هەنگاوی ناو بۆ ناو دونیایەکی دیکە. لە گواستنەوەی بۆ ناوەندی لە شاری خەلفەت، بە تەواوەتی بووە دۆستی کتێب و ناملکە و ڕۆژنامەکان. هەڤاڵەکانی ناوەندی دینەمۆیەکی گرنگ بوون بۆ هاندانی لەگەڵ دونیا نوێیەکەدا. گەرچی خۆی بێدەنگ بوو، تەنانەت لە منداڵیدا کەمتر دەگریا، کەمتر بوغزی دەکرد، کەمتر لە منداڵانی دیکە قیژوهوڕی دەکرد و بە

کەسێکی هێمن و بێدەنگ دەناسرا. لە قۆناغی تێکەڵبوونی بۆ ناو کتێب، بێدەنگییەکەی زیاتربوو. وەک پەندە کرمانجییەکە: «مەیلێ با ڕوونەدا.» هێندە وشە قورسایی هەبوو، پێی وابوو، گەر بیلێیت و دەری بڕێت، ڕوودەدات. ئەو پەندە کرمانجییە مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە دەست بە وشەوە بگرێت، کاتێک دەری ببڕێت پێویست بێت، چونکە وشە سروشتێکی گەردوونی هەیە، تەنانەت بەشێک لە پەیامبەرەکان سوێند بە وشە دەخۆن. لەوانەیە بە وتنی، ڕووبدات، تەنانەت گەر تەقینەوەی زەویش بێت.

دوو ساڵەکەی تەواو کرد، لە ڕێوڕەسمی بڕوانامەدا بەشداری نەکرد، دوای ئاهەنگەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کرد و بڕوانامەکەی وەرگرتەوە. ڕۆیشتە ژوورەکەی خۆی، لەگەڵ عەلی قەیتان ڕێککەوتن، ئەستەنبوڵ جێ دەهێڵێت و دەچێتەوە ناوخزمان. خۆی ئامادە دەکرد شارە جەنجاڵە پڕ لە خۆپیشاندەرەکە، گروپ و دەستە چەپەکان جێ بهێڵێت. کەمێک پارەی پێمابوو، بەشی خواردن و کرێی گەڕانەوەی جیاکردەوە، باقییەکەی دیکەی هەڵگرت، بەرەو کتێبخانەکان ڕۆیشت، ئەو کتێبانەی پێویستی بوون و پارەکەی بەشی چەندیانی کرد کڕینی.

# ١٠

بـە باوەشـێک کتێبـەوە گەڕایـەوە گونـدی ئامـارا. تامـەزرۆی بینینی حـەوا، لـە بیری نەکرد بەبێ دیاری بۆ خوشـکە بچوک و نازدارەکەی نەچێتـەوە مـاڵ. دایـک و باوکـی دڵخـۆش، بـە کـەیـف و سـەربەرزی کوڕەکەیـان بەسـەرکەوتوویی گەڕاوەتـەوە. بەشـێک لـە گوندنشـینەکان پێیـان دەگووت: مامۆسـتا، ڕاهاتبوون کەسـێک خوێندنی تـەواو بکردایە بـەو نـاوەوە بانگـی بکـەن. پلەیەکـی خوێندەواریانـە بـوو، تاڕادەیەک پلەیەکـی بـەرز، مامۆسـتا لـە خەیاڵـی گوندنشـینەکاندا تاقـە چـرا بوو، داهاتـووی منداڵـەکان ڕوونـاک دەکاتـەوە.

هەسـارە خاتـوون پێشـنیازی کـرد ببێتـە مامۆسـتای گونـد، ئاگای لە ڕشتەکەی نەبوو بۆ مامۆسـتایی نابێت. ئاپێ ئۆجـەلان بەدڵی خاتوونی کـرد و هەسـتی خـۆی دەربـڕی، دامـەزرێـت و خێزانێـک پێـک بهێنێ. ئاپـۆی گەنـج خـەیـاڵ و ئەندێشـەکانی بـۆ جێگایەکـی دیکەیـان دەڕوانی، ڕێـزی خێزانیـی ڕێگـەی پێنـەدەدا بەرسـڤیان بداتـەوە و بیرۆکەکانی ئاشـکرا بـکات. مـاوەی مانەوەکـەی وەک کـوڕە جوتیارێـک کەوتـەوە کار، ڕۆحـی ئاسـوودە، لەنـاو شـارەکان مانـدوو، سـەرەتا هەنگاوی نـا بـۆ دوورکەوتنـەوە لـە گونـد، چەنـدە خۆشـحاڵبوو، بـە گەڕانـەوەی

دوو هێندە. لەناو شارەکانی مرۆڤی دیکە و ژیانێکی دیکەی بینی، لە گەنجەکانی گوندی نەشاردەوە، شار مرۆڤ هەڵدەتەکێنێت و دایدەبڕێت لە دیوە سروشتیەکەی. دابەشی دەکات، چڵێسی دەکات، درەنگ خۆی دەدۆزێتەوە، ئاژاوەی بچوک دەخاتە مێشکییەوە، فریوی دەدات، دەیباتە جێگەیەک دوای چەند ساڵ دەزانێت ونبووە.

ئەو ئێوارەیەی گەیشتەوە گوند، چەمییەوە مشتێک خۆڵی هەڵگرتوو ماچی کرد. نەریتێکی کۆنی عەلەوییە، لەلایان خاک و زەوی وەک دایک پیرۆزن، نابێت خراپەیان بەرامبەر بکرێت، نابێت نەفرەتیان لێبکرێت و بڕەنجێنرێن. مرۆڤ مانەوە و بەردەوامی دانی بەستراوە بە دوو بنەماوە، خاک و دایک. دایک چەندە بەرهەمهێنەرە، خاک بەهەمان شێوە. وزە و خۆراکی مرۆڤ تەنها لا ئەو دووانەیە، بۆیە پیرۆزیی خاک هێندەی پیرۆزیی دایکە، لە سەروەختی خوێندنەوەی کتێبە ئاینییەکاندا هەڵسوکەوتێکی ئێزیدییەکانی بۆ ئاشکرا بوو. ئەو وێنەیەی بۆیان دروستکراوە گوایە بۆیە تف لە زەوی ناکەن و پێیان ناخۆشە تفی لێکەن، چونکە شەیتان دەپەرستن، ڕاست نییە. بە هەمان شێوەی عەلەوییەکان، ئێزیدییەکان خاک بە پیرۆز دەزانن و بە دایکی ژیانی دادەنێن، کەس ناتوانێت تف ڕۆکاتە سەردایکی، بۆیە تف ڕۆکردنە سەر زەوی، بە هەڵەیەک دەبینن بێڕێزی بێت بە دایکە زەوی. کتێبە هاوردەکانی خوێندەوە، لەگەڵ کارکردندا ڕۆدەچووە ناو ژیانی گوندنشینی و لە ئەندێشەیدا بەراوردی دەکرد بە ژیانی شارنشینی. تێبگات هەوڵیدەدا چاڵەکان بدۆزێتەوە، بۆ بنج و بنەوانەکان بگەڕێت. تێبگات چی ڕوویداوە، چۆن وێنەی کێشراوە، ڕاستەقینە لەکوێ شاراوەتەوە.

سەردانی شاری خەڵفەتی کرد، بڕیارێک لە دەوڵەتەوە دەرچوو، دەرچوانی بەشی هونەر دەتوانن ببنە فەرمانبەر. داوای پێشکەش کرد قبوڵکرێت، پاش هەفتەیەک لە بەشی تەلارسازی خەڵفەت وەرگیرا.

شازادەکەی شەوی بەفرە زۆرەکە، لە خەڵفەت هۆدەیەکی بەکرێ گرت و بوو بە فەرمانبەری تەلارسازی. بەیانیان تا ئێوارە لە ژوورێکی بچکۆلە، لەپشت پەنجەرەیەکەوە دادەنیشت کاروباری خاوەنماڵەکانی بەڕێ دەکرد. بۆ پشکنین دەیان برد تەماشای خانووەکان، باڵەخانەکان، بازاڕەکانی دەکرد، کەیفی بە بیناسازی نوێ نەدەهات، تێبینی پێدەدان، هانیدەدان هیچ نەبێت خاوەن خانوو، دوکان و تەلارەکان، گرنگییەک بە بیناسازی ڕابردوویان بدەن.

چاوەڕێی هیچ هەڤاڵ و کەسێک نەبوو. چەند مانگێک کاری کرد، ڕۆژ دوای ڕۆژ بێزار دەبوو. کاری فەرمانبەری بەکاری خۆی نەدەزانی. هزری دەکرد مرۆڤێکە ژیانی کراوە بە دوو بەشەوە، بەشە زۆرەکەی بۆ دەوڵەتە و بەشەکەمەکەی بۆ تایبەتمەندییەکانی خۆی. لە ڕێی فەرمانبەرییەوە تەماشای سیستەمی دەکرد مرۆڤ دەکات بەچی. کاتێک سیستەم کار لەسەر بە فەرمانبەرکردنی هاوڵاتییەکانی دەکات، بە چ مەبەستێک دەیکات؟ چوونە ناو سیستەمەوە چۆنە و هاتنە دەرەوەی چۆنە. کوردەکانی باکوور لەو قۆناغەدا زۆرینەیان هەوڵیاندەدا نەبنە فەرمانبەر. لەو بیرکردنەوانەدا بوو، قسەی مەلا عەلەوییەکەی گوندی بیرکەوتەوە، کە باوکی بۆی گێڕابوویەوە، مەلاکە گووتبووی: «خۆ بەستنەوەمان بە ئیمامی عەلییەوە، بەخاتری مانەوە و ڕزگاربوونمانە.» بە پێچەوانەوە، تێگەیشتنی بۆی هەبوو. بۆ ئەوەی بیرۆکەکەی بیرنەچێتەوە لەسەر تیانووسی یاداشتەکانی شرۆڤەکەی نووسی.

«خۆبەستنەوەی عەلەوی، ئێزیدی، کاکەیی، بە ئیمامی عەلی و شوێنکەوتوانی، هەوڵدان نییە بۆ مانەوە و چوونە ناو سیستەمەوە. بە پێچەوانەوە مرۆڤی کورد سیستەمی خۆی هەیە، سیستەمی ئەویتری قبوڵ نییە، شۆڕشەکان و بەرگرییەکانی لەو چوارچێوەیەدا

خولاونەتەوە تێبکۆشین نەچنە ناو سیستەمی ئەویترەوە. ئەوە مانای ئەوە نییە، مرۆڤێکی دژە سیستەمە، بەڵکو لەناو خۆی و مێژووەکەیدا فۆڕمێک لە سیستەمی دروستکردووە، تەنها لەگەڵ ئەو فۆڕمەدا دەگونجێت خۆی بەرهەمی هێناوە. کە دەچێتە پاڵ عەلی، چوونەکەی دژە سیستەمە، دەچێتە پاڵ ڕەوتێک یاخییە، نایەوێت ئایین ببێتە دەسەڵات و ڕووبەڕووی ئەمەوییەکان دەبێتەوە، چونکە ئەمەوییەکان هەوڵی بە سیستەمکردنی ئایین و بە دەسەڵاتکردنی دەدەن. ئەو سێ ئایینە کوردەی ڕەگێکی دێرینیان هەیە، بەو هەوڵەیان جارێکی کە بەیانی دەکەن مرۆڤی کورد لەگەڵ هێڵە یاخییەکەیە، عەلی ناوێکە بۆ هێڵە یاخییەکەی ناو ئایین. دژە دەسەڵاتە، بەرگریکاری ئایینە لە پێگەکەی خۆی بمێنێتەوە، نەک بەرگی دەسەڵات بپۆشێت.» بە خێرایی ئەو چەند ڕستەیەی نووسی و هەڵگیرت بۆ کاتی.دیکە تۆکمەی بکات.

ساڵێکی پڕنەکردەوە، بە جانتاکەوە گەڕایەوە ماڵ و ماڵئاوایی لە کاری فەرمانبەری کرد. دایک و باوکی ویستیان تێبگەن بۆچی؟ ڕێگەیەکی نوێی بۆ دەرخستن. بەنیازە بچێتە کۆلێژ و لەبەشی سیاسەت بخوێنێت. پێیانخۆشبوو، دەیانزانی کۆلێژ تەواو بکات، لە شوێنی باشتر و بەرزتر دادەمەزرێت. بەڵام هەستکردنی بە بەرپرسیاریەتی ڕازی نەبوو هاوکاری بکەن، بڕە پارەیەکی لە فەرمانبەریدا کۆکردبوویەوە، کەوتە شوێن داواکردن بۆ بەشی سیاسەت لە زانکۆ. کاتی کردنەوەی زانکۆکان، ناوی هاتەوە. جارێکی دیکە خۆی کۆکردەوە، بەڵام بۆ ئەستەنبوڵ نا، بۆ ئەنقەرە.

گەیشتە خەڵفەت، سەردانی بەشی پۆستەی کرد، نامەیەکی بۆ عەلی قەیتان نووسی، بەرەو ئەنقەرە دەچێت، بەنیازی خوێندن لە کۆلێژی سیاسەت، گەر پێیخۆشە خوێندنەکەی بگوازێتەوە هەمان شار. دوای دوو ڕۆژ نامەکەی بەدەست گەیشت، زۆر خۆشحاڵبوو، کەوتە کارکردن

بۆ گواستنەوە، هۆگری هەڤاڵەکەی بوو، بە خەزێنەیەکی دەزانی، هەتا زیاتر دەرگای سندوقەکانی خەزێنەکە بکەیتەوە، شتی نوێ دەبینیت. مرۆ گەلێک هەن، هوشیار و شکۆمەند، پڕ لە نهێنی و ئاگایی، کاتێک لێیان نزیک دەبیتەوە، ئارەزوودەکەی هەتا کۆتایی تەمەنت دەستیان لێبەرنەدەی.

ڕێگەیەکی دوور، لە خەڵفەتەوە بۆ ئورفا، شارە دێرین و خۆشەویستەکەی ئاپۆ، ئەو شارەی بە گەڕان و تەماشاکردن و لێوردبوونەوەی تێرنەدەبوو. لە کوچە و کۆڵانەکان، لە قەڵا و کۆشکەکانی، لە گۆڕستان و کەلاوە دێرینەکانیدا بۆ باپیرانی دەگەڕا. کردبوویە کتێبێکی گەورە، کە لاپەڕەیەکی هەڵدەدایەوە، وەک هەڵدانەوەی تەپۆلکەیەک خۆڵبوو لە ژێریدا مێژوویێک نووستبێت. یەکەمجار بینی، زۆر گەنج بوو، لە تەمەنی ناوەندی، لە ئەندێشەیدا بیری لەوە دەکردەوە، توانای هەبێت کتێبێک لەسەر شارە دڵخوازەکەی بنووسێت. پێی حەیف بوو چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکانی هێندە کەمتەرخەمن، لەبری هەڵکۆڵینی شارەکەیان، خەریکی چیرۆکی سەردەمی و کارەکتەری شێواون، لە کاتێکدا لەناو شارەکەیان دەیان پاڵەوان، دەیان لاوژە و دیرۆکی کۆن و نوێ لەبەردەستدان. لە ئەستەنبوڵ شاعیرێکی ناسی، بە شێوازی ڕەخنەکردن، نیگای لەو دوو جۆر ڕۆشنبیرە گرت لە ڕۆژگارەکەدا دەگوزەرێن. جۆرێکیان خۆیان گرێداوە بە ئایدۆلۆژیای چەپەوە و ناتوانن لەو سەرزەمینەدا دونیایەکی بەرهەمدار دروست بکەن، جۆرێکی دیکەیان ڕوویان لە خۆرئاوا کردوە و بە چاوی خۆرئاواییەکانەوە دونیا دەخوێننەوە، وەک ئەوەی خۆیان لە بۆشاییدا هاتبن و میراسێکیان نەبێت هەڵیکۆڵن و بیکەنە کەرەستەی ئەدەبی.

لە ئورفا دواکەوت، پاسەکەی سەرلە ئێوارە کەوتە ڕێ. شەو بوو، ئاسمان دەمێ هەور، دەمێ ساماڵ. سەرنشینەکان ماندوو بێدەنگ، لە

پێشی پاسەکەوە دانیشت، خووێکی هەبوو، نەیدەتوانی لەناو ئۆتۆمبێلدا بخەوێت. چاوی دەگێڕا. خەیاڵی لای حەوای خوشکی، ماڵئاواییەکەی باوکی و پەلەپەلی دایکی بوو، کاتێ کەلوپەلی بۆ کۆدەکردەوە. گەیشتە ئەو تەمەنە کەسیان لێی تووڕە نەبوون، نەک لەبەر ئەوەی تۆبەرەی خێزانەکەیە، لەبەر هێمنی و ئارامییەکەی. پرتەپرتکەر نەبوو، کارێکی بکردایە بەرێکیی دەیکرد. دیسپلینێکی بۆ ژیانی دارشتبوو، عەلی قەیتان ناوی نابوو، دیسپلینی سەربازگە. ژیانی شێواوی پێخۆش نەبوو، نە زۆر بڵێ، نە لەخۆوە قسەکەر. پرسیار بنچینەی گفتوگۆکانی بوو.

تەماشای گلۆپەکانی دەکرد، شۆفێرەکە بۆئەوەی سەرنشینەکان بێزار نەبن، گۆرانییەکی خەمگینی خستبوویە سەر. گۆرانییەکە باسی چیرۆکی دوو ئەویندار دەکرد، لە کۆتاییدا بە یەک ناگەن. کچە شوو بە کەسێکی خاوەن سامان دەکات، کوڕە بۆ ئەوەی چیرۆکەکەی نەمرێت و دەنگی بگاتە یارەکەی، دەبێتە گۆرانی بێژ. وێنەکانی و گۆرانییەکانی لە تۆمارگەکان بڵاودەبنەوە. تەواوی خەڵکانی شارەکان دەیناسن، کچە هەرجارێک دەچێتە بازاڕ کەلوپەلێک بکڕێت، بە گریانەوە دێتەوە ماڵ. شۆفێرەکە بەدەم ئەو قسانەوە چیرۆکی پشت گۆرانییەکانی بۆ ئاپۆی سەرنشین دەگێڕایەوە. گوێی لێدەگرت و لە ئەندێشەیدا هەڵی دەسەنگاند. خۆشەویستی هێندە هێزی هەیە، تەنانەت مرۆڤ دەگەیەنێتە ماڵی هونەر. پێناچێت مرۆڤی بێ هونەر هەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی هونەرەکەی خۆی بدۆزێتەوە، یان دەبێت لە نزیکەکانییەوە خەنجەرێکی بەرکەوێت، یان خۆی هەوڵبدا هێزە هونەرییەکەی ناخی بدۆزێتەوە و بیخاتە گەڕ، ئەو بەگەڕخستنە تەنها بە هوشیاری دەکرێ.

دەمەو بەیان گەیشتە ئەستەنبوڵ، لە گاراجەوە بۆ گاراج. شازادە بەفرینەکەی شەوە ساردەکە، بوو بە کۆچەری، کۆچەرییەک بە

دوای زانین و ناسینی ڕۆژگار و سەردەمەکەی خۆیدا. نانێکی خوارد چاوەڕێی پاسەکەی کرد. نزیکی نیوەڕۆ جوڵا، بەرەو ئەنقەرە ڕۆیشت. ڕێگا نوێیەکە و شارە نوێیەکە دیسانەوە نەیانهێشت وەنەوزێک بدات. چاوی قورس بوو، خەیاڵی پڕ لە یادەوەری، نەخشەی خوێندن تووشی ڕاڕای کرد بوو، ئومێدەواری ئەوەی زانکۆی ئەنقەرە و بەشی سیاسەت ئەو جێگایە بێت بیری لێدەکاتەوە. لە ڕێگا بازگەی زۆر دانرابوون، جەندرمەکان پاسەکەیان ڕادەگرت، هەمووجارێک یەکیان دەچووە ناو پاسەکەوە و داوای ناسنامەی دەکرد. بەشوێن کۆمەڵێک ناوی دیاریکراوی گروپە چەپەکاندا دەگەڕان. دەمەو عەسر لە چێشتخانەیەک لایاندا، ئاوێکی بە دەموچاویدا کرد، چایەکی خوارد و داوای بابۆڵەیەک کەبابی کرد. وەستا هەتاکو سەرنشینەکان نانەکەیان بخۆن. بێ خەویی ڕوخساری گۆڕی بوو. زیاد لە شەو ڕۆژێک سەرینی نەدی بوو. داینا هەرکە گەیشت، لە هۆتێلێک ژوورێک بگرێت خۆی بشوات و پشووبدات.

سەرنشینەکان تەواو بوون، پاسەکە کەوتە ڕێ. پێش بانگی عیشا گەیشتنە ئەنقەرە، لە گاراجەوە بە ئۆتۆمبێلێک چوویە هۆتێل. هۆتێلێکی ئاسایی، چونکە پێشتر بە شۆفێرەکەی گووت، هۆتێلی گرانبەهای ناوێت. دابەزی. ژوورێکی بە کرێ گرت، خۆی شوشت، برسی نەبوو، ماندوو بوو، خەوی دەهات. لە جانتاکەی جلی خەوی دەرهێنا و لەسەر جێ خەوەکە پاڵکەوت. کەمێک ماندوویەتی ڕەوییەوە، دەستی برد لەناو جانتاکەی چاپە کۆنەکەی شەرەفنامەی، شەرەفخانی بەدلیسی دەرهێنا. چەند لاپەڕەیەکی خوێندەوە، پێکەنینی بەو میرانە دەهات کە ڕەگوڕیشەی خۆیان دەبردەوە سەر عەرەبێک. لەبەر خۆیەوە: «ئەوانە داڕزیون، بۆئەوەی بەهایەک بەخۆیان بدەن، لەبری گەڕانەوە بۆ ئەسڵ، خۆیان دەبەستن بە بێگانەیەکەوە. خزمەتکردنی بێگانە لە سەردەمی میرنشینەکانەوە گەشە دەکات. گەل لە خوارەوە بە شێوەی میرەکانیان

دارزیو نەبوون، ئەوە میرەکانن لەبەر دەسەڵات، هەمیشە زناریکیان دروستکردوە، بۆ بەبچوک زانینی خۆیان لەبەردەم بێگانەکاندا. مرۆڤ گەر خۆی مانای نەبوو، بە خۆبەستن بە ئەویترەوە مانا بۆخۆی دروست ناکات. تەنها کەسایەتی داوەشێنراو خۆی گرێدەدات بە بێگانەوە.»

کتێبەکە لە باوەشیدا، هێشتا پێکەنینەکە لەسەر ڕوخساری ئاسەواری مابوو، خەوی لێکەوت.

# ١١

لـه دەرگای هۆتێلەکـەوە چـووە دەر. بـە ناونیشـانەکەدا کۆلێژەکـەی دۆزییـەوە، کاری وەرگرتنەکـەی تـەواو کـرد، پسـولّەیەکی بەشـە ناوخۆی پێدرا، دوو خوێندکاری دیکە لـە ژوورەکـەی بـوون، ئۆقرەی نەمـا، دەبێت کێبن، چۆن بتوانێت لـە ژوورێکی سێ خوێندکاریدا کاتی خوێندنـەوە و بەدواداچوونەکانی فەراهـەم بکات. بەشـە ناوخۆییەکە کەوتبوویـە پشتی زانکـۆوە، دوور نەبـوو، بەپـێ ڕۆیشـت. سەرپەرشـتیاری باڵەخانەکە پێشـیکەوت، ژوورەکـەی پیشـاندا. کلیلێکـی دایـە دەسـتی، ڕێنماییـەکان لەسـەر دەرگای ژوورەکـە هەڵواسـرابوون، بـۆ خوێنـدکار نییـە، جگـەرە بکێشـێت، مـەی بخواتـەوە، شـەوان دوای کاتژمێر یانزە دەرگا دادەخرێت، پاکوخاوێنـی چێشـتخانە و ژوورەکان لـە ئەسـتۆی خوێنـدکارە، کـۆی ڕێنماییەکانـی خوێنـدەوە، بـە دیسـپلینێکی باشـی زانیـن.

سێ قەرەوێڵـە لـە ژوورەکـەدا، چێشـتخانەی ئـەو نهۆمـە لەیـەک شوێن بـوو، کابینـە کابینـە جیاکرابـووەوە، ژمـارەی ژوورەکان و ژمـارەی کابینـەکان دیاریکرابـوو. ڕیزێک گـەرماو و دەستشـۆری، لەگـەڵ ئەدەبخانە. کەلوپەلەکانی لە نزیک قەرەوێڵەیەک دانـا. خـەریکی چاککردنی جێگەکەی بوو، دوو خوێندکارەکە خۆیانکرد بە ژووردا. یەکیـان لاوازێکی بالابەرز،

یەکیان کەمێک لوتی درێژ، سڵاویان کرد، لە دەرەوەی شارهاتبوون، بەهەمان شێوە کەلوپەلەکانیان دانا، سەرقاڵی جێگا چاککردن بوون، تەماشای دەکردن بزانێت لەناو جانتاکەیان کتێب دەردەهێنن یان نا، یەکی کتێبێک و نامیلکەیەکیان پێبوو. لەسەر قەرەوێڵەکانیان پاڵکەوتن، بۆنی قاچی یەکێکیان دەهات. لە نێوان خۆیاندا چپە چپێکیان کرد، پێدەچوو هەڤاڵەکەی بەویتری گووتبێت: قاچت بشۆ. هەڵسا چوویە دەرەوە، پاش کەمێک گەڕایەوە.

ژوورەکە بێدەنگ، ئاپۆ کتێبێکی گرتبوو بە دەستییەوە دەیخوێندەوە، بەلاچاوێک سەرنجی لای دوو گەنجەکە بوو. یەکیان نامیلکەکەی بەرزکردەوە، لەسەری نووسرابوو مانیڤێستی نوێ. زانی چەپن، پرسیاری ناوی لێکردن، یەکیان ناوی جەمیل بوو، لەماڵباتی بایەکەکان، ئەویتریان دوران، لە کاڵکانەکان بوو. دوو گەنجی چەپ، یەکیان کرمانج. کەوتنە پرسیارکردن لەیەکتری، ناو و شوێنی یەکتریان زانی، ئاپۆ خۆی پێناساندن. لەبارەی چەپ و گروپەکانەوە هەندێک زانیارییان خستە ڕوو. سێ چەپی نوێ لەناو ژوورێکدا، بەڵام ئاشنایی تەواویان لە بیرکردنەوەی یەکدی نەبوو. بەشێوازە دیسپلینەکەی خۆی، داوای کرد ڕێنمایی بۆ ژوورەکە دابنرێت و پێکەوە جێبەجێی بکەن، قبوڵیان کرد، بیریان نەدەکردەوە هێندە ڕژد بێت لە بڕیارەکاندا.

شەوی یەکەم قسەیەک نەکرا شایەنی باس بێت. بەیانییەکەی چوو بۆ زانکۆ، حەوشەی کۆلێژی یاسا زۆر گەورە بوو. دوو گەنجەکە دەرکەوتن، تەماشای دەکردن بزانێت لەگەڵ کێ ئاشنان و شێوازی مامەڵەکردنیان بە دەوروبەر چۆنە. قورس و بێدەنگ، کتێبێک بە بن باڵیانەوە، لە گۆشەیەک دانیشتن. دوو خوێندکار چوونە لایانەوە، چاوی لەسەر لا نەدان. دەیەویست باشتر بیان ناسێت. بەشی سیاسەت خوێندکاری زۆری لێبوو، بە وێنەی چینەکانی دیکە، خوێندکار و مامۆستا دابەش بووبوون

بەسەر چەپ و کۆمارییەکاندا. مامۆستاکان هەوڵیاندەدا خوێندکارەکان بۆ بیروباوەڕی خۆیان ڕاکێشن. ئاڵۆزییەکانی ناو تورکیا بەردەوام تەشەنەی دەسەند. ناڕەزایەتی و بەیاننامە و خۆپیشاندان نەدەبڕایەوە. بچوکترین هەڵەی سیاسی و ئابووری، شەقامەکانی پڕدەکردەوە. پۆلیس و جەندرمە لە ئامادەباشیدا، هۆڵی پەرلەمان بوو بە هۆڵی شەڕە بۆکس و قسە وتن بەیەکتر و تۆمەتبارکردن. شەقام بەهەمان شێوە، ڕۆژنامە و دیدارە سیاسییەکان تا ئاستی دەستبردن بۆ خێزان و خانەوادەی یەکتری سنووریان تێدەپەڕاند.

دۆخێکی ئاڵۆزی ناڕوون. چینی سەرمایەدار و دوکاندار و کاسبی ناو بازاڕەکان بێزار. پڕ بەدەمی خۆیان هاواریان دەکرد یەکلایی بکەنەوە و یەکێکتان بەسەر یەکێکی دیکەتاندا سەرکەوێت و کۆتایی بەو ئاڵۆزییە بهێنن. بازاڕیان نەمابوو، تەنانەت بازرگانە گەورەکان نەیاندەوێرا کاڵای زۆر بهێنن، دەترسان ساغ نەبێتەوە و بکەونە ژێر قەرزەوە. زیندانەکان پڕکرابوون لە خەڵکانی ناڕەزایی، بەردەم دادگاکان پڕ لە خزم و ناسراوی دەستگیرکراوەکان. هێزە چەکدارەکان لە شارە بچوکەکاندا بڵاوەیان پێ کرا، بەڵام شارە گەورەکان پۆلیس و دەزگا سیخوڕییەکان سەرپشککرابوون بۆ ئارام کردنەوەی. بەشی سیاسی زانکۆی ئەنقەرە یەکێک لەو بەشانە بوو چاودێرییەکی توند دەکرا، کەسە سیخوڕەکان، چ لە مامۆستا و چ لە خوێندکار خزابوونە ناوییەوە، بە بەشێکی مەترسیداریان دەزانی. هەفتانە کۆڕی تێدا دەکرا، کۆمارییەکان و چەپەکان کۆدەبوونەوە، قسەیان دەکرد و لەناو هۆڵەکەدا خوێندکاران هەڵدەستانەوە جوابیان دەدانەوە، دەبووە ناکۆکی و شەڕە قسە، پەلاماردانی یەکتری و جنێودان.

هەفتەی یەکەم بەتەنیا دادەنیشت، لە ژوورەکەی بەشە ناوخۆیی بە تەنیا پاڵدەکەوت و دەیخوێندەوە، ئەرکەکانی چۆن نووسرابوون

جێبەجێی دەکردن، پاکوخاوێن و بە ویقار، بێدەنگ و نەرم. جەمیل و دوران پرسیاریان نەکردایە، قسەی نەدەکرد. پەلەی نەبوو، چاودێریی دۆخەکە و دەوروبەری دەکرد، لە هزریدا بەرەو کامڵ بوون هەنگاوی دەنا، تا ئاستێک لای ڕوونبوو لە کوێوە دەست پێبکات و چی بکات. شەرەفنامەی تەواوکرد، بیرۆکەی میرنشینی هەڵسەنگاند، ڕەگە خێڵەکییەکانی و دونیا سنووردارەکەی، خۆ بەستنەوە بە دەرەوە و خۆ باڵادەستکردن بەسەر ناوەوە. نەبوونی دیسپلین و نەبوونی هێزێکی سەربازیی تۆکمە. دونیابینی تا ئاستی قەڵەمڕەوی میرنشینی و خۆ بە پاشا زانین. ڕازیکردنی تورک و عەجەم و شانازیکردن بە بێگانەوە. چەندین خاڵ لە هزریدا گەڵاڵە بوون لەسەر قۆناغی میرەکان.

دوای وانەی مێژووی سیاسیی، لە حەوشەی زانکۆ لە بن سنەوبەرێک پاڵی دابووەوە. دوران و جەمیک لەگەڵ گەنجێکی دیکە چوونە لایەوە، گەنجەکە ناوی موراد بوو، جوان و باڵابەرز، قژێکی خاوی هەبوو لایدابووەوە. کرمانجێک بە پێستە ئەسمەرەکەیەوە دەناسرایەوە. ڕێزی گرتن و لەبەریان هەڵسایەوە. خستیانە ناو گفتوگۆوە، کۆمەڵێک پرسی وروژاند سێ گەنجەکە بەلایانەوە تازەبوو. هەواڵیان پێدا هەفتەی داهاتوو ماهیر چایان سەردانی زانکۆ دەکات و کۆڕی هەیە، دڵخۆشبوو، دەمێک بوو ئارەزووی دیداری دەکرد. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «ئەستێرەی کۆی گروپە چەپەکان وا دێتە ناو حەوشەی زانکۆوە، ئەوە هەلێکی گرنگە و دەبێت لەدەستی نەدەم.»

پرسیاری شێوازی چەپبوونی کرد، پرسیاری کورد و مێژووەکەی، سێ گەنجەکە بە پێی ئاستی خۆیانِ وەڵامیان دایەوە. پرسیاری چایانی لێکردن چۆن بیری لێدەکەنەوە، بە چەپێکی شۆڕشگێر ستایشکرا، بەڵام ئاپۆ خاڵێکی دیکەی بە هەند زانی لە بیرکردنەوەی چایاندا، ئەویش «خاڵی گەلان، شوناسەکان، زمان و کولتوورەکان، لەناو سیستەمی

یەکسانیدا جێگەیان دەبێتەوە. هێزری ئەو چەپە توانای قبوڵکردنی گەلی دەرەوەی تورکی هەیە، دەرەوشاوەیی ئەو شۆڕشگێڕە لەو خاڵەوە دەست پێدەکات.» پێدەچوو سێ هەڤاڵە نوێیەکە ئاگایان لەو وتارە کورتە نەبووبێت، کاتی خۆی لە ئەستەنبوڵ لە یەکێک لە ڕۆژنامەکان لەسەر پرسی کورد بۆ شرۆڤەی گوتاری چایان بڵاوی کردەوە.

کەسایەتی سێ گەنجەکەی پێ باشبوو، خەمی گەیشتن بە زانیاری و هوشیاربوونەوەی تێدا بینین. لەوە گرنگتر لە بیرکردنەوەکانیاندا سڵیان نەکردەوە و دەیاندواند بۆئەوەی زیاتر لەسەر پرسەکان قسە بکات. ئومێدەواربوو، هاتووەتە شوێنێک خەریکە ئەو کەسانەی دەستدەکەوێت بە دوایاندا دەگەڕێ. هەفتەی یەکەم بە چڕی لەناو گفتوگۆدا بوون، جەمیلی بە تاشە بەرد چواند، کە پێویستە بە ئاسوودەیی خۆت بدەیتە پاڵی. دورانی بە گەڕیدەیەک وێناکرد، کەیفی بە گەڕان و پشکنین دێت، بزانێت ژیان و دونیا چۆنە. موورادی بەو کەسە دەبینی، لەناو ئاگرەکەدا بۆ چیلکەیەک دەگەڕێت نەسوتابێت و دەری بهێنێت بڵێ: هێشتا ئەمە نەسووتاوە. هەڤاڵەکانی سەرسام بوون بە شێوازی قسەکردن و هەڵسوکەوتی.

ماهیر چایان گەیشت، هۆڵەکە پڕبوو، ئاپۆ و سێ هەڤاڵەکەی لە پێشەوە دانیشتن، گەنجە چەپەکان و مامۆستا چەپەکان بەشی پێشەوەیان گرت، کۆمارییەکان لە دواوە. چایان بە ئارامیی کەوتە شیکردنەوەی دۆخی تورکیا، دۆخی دەسەڵات و چینەکان، دۆخی ئایندەی گەل و نەتەوەکانی دیکەی ناو نەخشەی جوگرافیا، کاتێک باسی ئەرمەن و کوردەکانی کرد، نەک هەر کۆمارییەکان، بەشێک لە چەپەکان کردیان بە هاوارکردن. نەیاندەتوانی گەلی دیکە ببینن. لە کۆتایی کۆڕەکەیدا ڕێگە درا قسە بکرێت، ئاپۆ دەستی بەرزکردەوە، بانگکرایە سەرسەکۆکە، کۆمەڵێک پرسیاری وروژاند، کۆمەڵێک سەرنجی لە قسەکانی چایان

خستە ڕوو. هێندە بە قوڵی و وردی دەدوا، نەیهێشت دانیشێت، یارمەتی لێخواست لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە وەڵامی بداتەوە، گەر سەرنجی دیکەی لەسەر قسەکانی هەبوو، پێکەوە بکەونە گفتوگۆوە.

کوڕەکە گۆڕا، بوو بە گفتوگۆی ئاپۆ و چایان. لەسەر پرسی کورد و سیستەمی چەپ، چینی هەژار و چینی بۆرجواز. ژیانی گوند و ژیانی شار، داهاتووی چەپ و داهاتووی کۆمارییەکان. لەناو هۆڵەکە تاوێک بێدەنگی و تاوێک هاتوهاوار دروستبوو. لەو جێگایانەی ئاپۆ گفتوگۆکەی ڕادەکێشا بۆ کورد و تراژیدیاکان، بەتایبەت دێرسیم و کۆمار، ئیدی هۆڵەکە دەشڵەقا، چایان دەیکێشا بە مێزەکەدا بێدەنگ بن. دوای گفتوگۆکەیان، مامۆستایەک و خوێندکارێک بە توندی هێرشیان کردە سەر بۆچوونەکانی، ویستی هەڵسێتەوە وەڵامیان بداتەوە، چایان داینیشاندەوە و خۆی وەڵامی دانەوە.

کوڕەکە تەواو بوو، حەشامات خۆیان لە چایان نزیک کردەوە سڵاوێکی لێبکەن، داوای ئاپۆی کرد، ڕۆیشتە لایەوە، بەڵێنی پێدا بۆ باشترکردنی بیرۆکەکانی لەسەر پرسی چەپ لە تورکیا، بە زووترین کات کتێبی سەرمایەی مارکسی بۆ دەنێرێت. بە واژۆی خۆی کتێبەکەی بۆ نارد، گەیشتە دەستی، کلاسەکانی جێهێشتوو گەڕایەوە ژوورەکە، بەسەر کتێبەکەوە کەوت، بەبێ نانخواردن و چا خواردن شەو و ڕۆژێک هەڵنەسایەوە، وەڵامی هەڤاڵەکانی نەدەدایەوە. بەرگی یەکەمی تەواو کرد، لە تەنیشت سەری داینا و بە دوران کاڵکانی گووت: «هەڤاڵ ئیدی کتێبە ئایینیەکان ناخوێنمەوە، ئەم کتێبە ئەو درزانەم بۆ پڕدەکاتەوە کتێبەکانی دیکە بۆیان پڕ نەدەکردمەوە. هەڤاڵ چیرۆکی پەیامبەرەکان چیرۆکێکە بەبێ هەڵسەنگاندنی ئابووری، چینەکان، ناتوانین دەقەکانیان هەڵسەنگێنین. بۆ ئەوەی دەقە ئایینیەکان بناسین، گرنگە چینەکان و بونیادە ئابوورییەکە بناسین. نیگای قوڵی پەیامبەران لەسەر چینەکان و

ئابووری نیشتوەتەوە.» کتێبەکەی تەواوکرد، هەڤالانی هاندا بیخوێننەوە و بکەونە گفتوگۆ لەسەری. لەناو سەرمایەی مارکسدا بوون، عەلی قەیتان دەرکەوت. لە جاران قشتتر، سمێڵەکانی ڕەش، هاتبوونە ناو دەمی، گاڵتەو پێکەنینی لێنەدەبڕا، گورجوگۆڵ و وریا. ناساندی بە هەڤاڵەکانی، چ ناساندنێک: «ئەم عەلییە، بە گاڵتەوە هاتە ناو ژیان، ئێستا تێدەکۆشێت ژیان نەیکات بە گاڵتە:» هەڤاڵەکان پێکەنین. ئێوارەکەی بەبۆنەی هاتنەوەی هەڤاڵە دێرینەکەی، چوارقۆڵی پیاسەیەکی ناو بازاڕیان کرد، سەردانی کتێبخانەکان، بینینی چاپخانەی چەپەکان، هێنانەوەی کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤاری چەپ، قسەکردن، خواردنی لەفەیەک لەسەر عەرەبانەی قەراخ شەقامەکان، خوێندنەوەی دروشمەکانی سەر دیوارەکان، سەیرکردنی ڕوخساری دوکاندارەکان، گوێگرتن لە هاواری دەست فرۆشەکان. هێواش هەنگاو نان و، هەندێکجار دوو_دوو پێکەوە ڕۆیشتن و باسکردنی بابەتێکی تایبەت. درەنگێک گەڕانەوە.

ژوورەکەی موراد کەوتبوویە نهۆمی خوارەوە. عەلی لە بەشە ناوخۆیەکی دیکە بوو، شەو پێنج قۆڵی چوونە ژوورەکەی ئاپۆ. گفتوگۆ و سەرنجدان تا بەیانی درێژەی کێشا. ئاپۆ چاوەڕێی کاری گەورەی لە گروپە چەپەکان نەدەکرد، لاوازییەکەیانی دەگەڕاندەوە بۆ دابەشبوون و یەکتر قبوڵ نەکردنیان. کۆڵەکە هزرییەکانی کۆی گروپەکان لەسەر بنەمای فەلسەفەی مارکس بوو، بەڵام لینینیەکان و ترۆتسکییەکان و مارکسییەکان و ستالینییەکان جیاواز لە سیستەمی بەڕێوەبردن و چینەکانیان دەڕوانی. گروپێکی دیکە دروست بووبوون داوای چەپێکی تورکییان دەکرد، چەپێک بێت لەسەر بنەما کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی تورک دونیابینی خۆی بخاتە ڕوو. بەڵام لە خۆپیشاندانەکاندا زۆربەیان بەشداریان دەکرد، هەرگروپە و هەوڵی دەدا خۆپیشاندانەکە بەو ئاراستەیەدا ببات، دروشمەکانی خۆی بکات بە شا دروشم و بە دوایدا بگوترێنەوە.

هەر لەوێ گەلاڵەی گروپێکیان کرد، دوران کێشەی نەبوو، پرسی ئەو گروپە چەقی بیرکردنەوەکانی لەسەر کورد خۆی هەڵدەچنی، سێ کوردەکەی دیکە بەبێ وەستان بە بیرۆکەکە ڕازی بوون. ئاپۆ وەک مامۆستایەک لە ناویاندا دەرکەوت، پرسوڕایان پێ دەکرد و چ کتێبێکی پێشنیاز بکردایە دەیانخوێندەوە. گەر هەنگاوێک لە دووریانەوە تەماشات بکردنایە، زیاتر لە گروپێکی خوێنەر دەچوون، نەک سیاسی و چالاکی ناو شەقامەکان، ئەو فەزایەی بۆی دروستکردبوون، کتێبی کردبوو بە خوانێک بۆ کۆکردنەوەیان، خوانی کتێب و هوشیاری و گفتوگۆ و تێگەیشتنی کرد بە بنەوانێک، بۆ گەشەکردنی گروپەکە.

# ١٢

ئەركی ژوورەكە گۆڕا بۆ كنەكردن و هەڵسەنگاندن. خوێندنەوە و گەڕان، دابەشكردنی كاتەكان و زانكۆ، بەشداری ناڕەزایەتی و چاودێری دۆخی كۆمەڵەیەتی و سیاسی، دەست بەرنەدان لە شەقام و ئاگاداربوون لە هەڵە نەكردن. ئاپۆ سەرەتای دانیشتنەكەی بە ڕستەیەك دەستپێكرد: «وەك كەروێشكێكی سەركەش لەناو كێڵگەی تانجییەكانی ئاغادا، بەشوێن ژیاندا دەگەڕێین.» پێویستە كاربكەن، دەست لە خۆهوشیاربوونەوە هەڵنەگرن، هەنگاوە هەڵە و ڕاستەكان بناسنەوە. پێنج خوێندكارەكە پەیوەندییەكانیان فراواندەكرد بۆ ناسینی كەسانی دیكە. ئەمما بەشێوازی باش هەڵسەنگاندن، دۆخەكە لە ئاستێكدا نەبوو متمانە بەهەموو كەس بكەن، ڕابەرەكەیان وریا و بەهەست، سەرەتا ڕایدەكێشان بۆ تێگەیشتن لە پرسەكان، پاشان لەناو ڕووداوەكاندا ئەركی پێدەدان بۆئەوەی لە كەسایەتییان تێبگات. متمانەكە دروست بوو، دەرگای نهێنییەكان كرانەوە، تا ئاستێك بۆیان دەركەوت ئاپۆ بەرەو چ ئاڕاستەیەكیان دەبات. ئامادە نەبوون گروپەكەیان تێكەڵ بە گروپەكانی دیكە بكەن.

لە كۆتا وەرزی یەكەمی خوێندن، ماهیرچایان كوژرا، چیرۆكی جیاجیا لەسەر كوژرانەكەی بڵاوبوونەوە، ئەستێرەی كۆی گروپەكان

لە ڕووداوێکدا لەناوبرا، بەیاننامەکان و ڕۆژنامەنووسەکان کوشتنەکەیان خستە ئەستۆی کۆمارییەکان، هەندێک لە چەپەکانی دیکە باسیان لە گورگە بۆرەکان دەکرد، دەوڵەت ڕوونکردنەوەی نەدا، شەقام جوڵایەوە. بەشێوەیەکی فراوانتر و گەورەتر، داوای بکوژیان دەکرد، وەزارەتی ناوخۆ ڕوونکردنەوەیەکی لاوازی دەرکرد، گوایە شوێن پێی بکوژیان هەڵگرتووە. ئاپۆ بە پێچەوانەی هەردوولا، بە نەخشەیەکی سەرەتایی دەزانی، بۆ کوشتنی زۆر کەسی دیکە و ئاشکرانەکردنی بکوژ. لە شارەکانی دیکەی تورکیا، کردەکان دووبارە بوونەوە و بەهەمان شێوە بکوژ نادیار دەمایەوە.

سەردەمێکی دیکە دەستی پێکرد. لە خۆپیشاندانە گەورەکەی ئەنقەرە بۆ مەرگی پاڵەوانەکە، بڕیاریاندا بەشداری بکەن. ڕۆیشتنە ناویانەوە، سەرەتا بە دروشم، ڕێگەیان پێدرا بە نوێنەرایەتی گروپەکەوە قسە بکەن، لەسەر سەکۆی بەڕێوەبەران، ئاپۆ وتارێکی لەسەر دۆخی کۆمار و کۆمەڵگە پێشکەش کرد. ڕستەی کورت و بەکاتێکی کەم، لەسەر سەکۆکەوە تەماشای شەقامەکەی دەکرد هەزاران خەڵک بە هەزاران دروشمی جیاوازەوە بە پێوە وەستابوون. پێش کۆتایی هاتنی خۆپیشاندان، گرژی تێکەوت، دەوڵەت بە هێزی زۆرەوە هەڵیکوتایە سەریان، بریندار و گیراو لەناویاندا هەبوو. گروپەکە هەوڵیاندا شوێنێکی ئارام بدۆزنەوە، لەناو کۆڵانێکدا دەرچوون، چاودێری کرابوون، لە گەڕانەوەیاندا دابەشبوون، یەک_ یەک خۆیان کردەوە بە بەشە ناخۆییەکەدا. پۆلیس و جەندرمە هەڵیکوتایە سەریان، ئاپۆیان دەستگیرکرد. چوارەکەی دیکەیان نەناسیەوە، ئەمما گوتاردەرەکەیان دەویست.

خستیانە ناو ئۆتۆمبێلێکی بچوکی پۆلیسەوە، برایە بنکەی پۆلیس، لەگەڵ کۆمەڵێک گیراویتر بۆ زیندان. لە زیندانی ماماک دایان بەزاند.

زیندانێکی گەورە، زۆربەی ژوور و هۆڵەکانی پڕکرابوون لە چەپە دەستگیرکراوەکان. دیواری زیندانەکە بە دروشم و وێنەی ماهیر چایان داپۆشرابوو. پاسەوانی داربەدەست، دیواری بەرز، تەلی دڕکاوی بەسەر دیوارەکانەوە، بەتۆکمەیی چاودێری دەکران، هێندە دەستگیرکراوی تێدابوو، شەوان بە سەرە دەخەوتن، شوێن نەدەبوویەوە. کاتی نانخواردن بەشێک بەریان نەدەکەوت.

دووبەرە دروست بوون، بەرەی پەشیمان بوونەوە، بەرەی بەرگریکردن، ئاپۆ لەبەرەی دووهەم بوو. زیندانی بە سەنگەر دەبینی، دەرەوەی سەنگەرەکە دوژمن و سیستەمە، دەیەوێت لەناویدا گیرۆدەیان بکات، ئیرادەیان بڕوخێنێت، کەسایەتییان بگۆڕێت. سەنگەرێکە زیندانی کراو بەبێ چەک تێیدا دانراوە، تەنها کۆمەڵێک بەهاو باوەڕ چەکییەتی، گەر ئەوانە لەدەست بدات، لە شۆڕشگێڕەوە دەگۆڕێت بۆ دەسەڵات خواز. بەشێک لە چەپەکان لە پرسی زیندان تێنەگەیشتبوون، بەشێکی دیکەیان بە ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەوە خۆیان دەخستە ناو بازنەی ئازاردانێکەوە، بەبێ لێکۆڵینەوە و ئامانجێکی گرنگ، بەڵام ئاپۆ، سەرنجی دەدا لە دۆخی زیندان و دەسەڵات تێبگات، بزانێت هێزی شۆڕشگێڕ و هێزی زیندان لە بەرامبەری چیدایە؟ بۆچی زیندان ترسناکە؟ دەسەڵات زیندان بۆ بەکاردەهێنێت؟ دەیەوێت ناڕەزایەتی و شۆڕش لە زیندانەوە چ مانایەکی دیکەیان پێبدات.

لەناو زیندانەدا گروپێکی ڕاهێنا بیر لە زیندان بکەنەوە. دوژمنەکە لەبەردەم دەرگایە، بە دیوار، سزادان، هەڕەشەکردن، کەم نانی، نەبوونی شوێنی باش بۆ خۆشۆردن، هێنانی کەسی لاواز بۆناو زیندانییەکان، تێکەڵکردن بە دز و هەرچی و پەرچی، چەندین ڕێگەی دیکە دەگرێتە بەر، هەتاکو دۆخێک دروستبکات کەسی ناو زیندان بەخۆیدا بچێتەوە، ئیرادەی بداتە دەست زیندانەوانەکان و، لەو بیرۆکانە پەشیمان ببێتەوە

پێش زیندان لەناو ژیانیدا هەیبوون. بە بەرنامەیەکی تۆکمەوە لەگەڵ گروپەکەیدا لە گۆشەیەک مانەوە. هەوڵیاندا بەشەکەیان ژاوەژاوی کەمبێت، گفتوگۆ لەسەر پرسەکان بکەن، شێوازی خۆشۆردن و چوونە سەرئاو، شێوازی نان خواردن و پاکوخاوێنی، بکەن بەبەرنامەیەک پێکەوە سوودی لێببینن. زەحمەتییەکی زۆری کێشا، توانی بەنیوە مانگێک لەو بەشەدا پرەنسیپەکان بگەیەنێتە ئامانج. زیندانییەکان لەوە دڵنیابوون، گەر پرەنسیپەکان جێبەجێ نەکەن، وەک کۆی بەشەکانی دیکە لەناو گەڕەلاوژێ و ژیانێکدا دەمێننەوە، چ لەڕووی تەندروستییەوە، چ لەڕووی بەرگە گرتنەوە توشی شێواندن دەبن.

چوارهەڤاڵەکەی لە دەرەوە پەرێشان. بۆ ڕێزگرتنی پرەنسیپەکانی خۆیان لەسەر خوێندنەوە و خۆپەروەردەکردن فەرامۆش نەکرد، هەڵوەدای گەڕان بەشوێنیدا. دوای بیست ڕۆژ زانییان لە چ زیندانێکە، هەوڵیاندا سەردانی بکەن. دوو لە مامۆستاکانی بەشی سیاسەت، کە چەپ بوون، هاوکارییان کردن، مانگی یەکەم ڕێگە نەدرا بیبینن. تەنانەت ڕێگە نەدرا جلوبەرگ و کتێبی بۆ بنێرن. کەسی وایان نەدەناسی کارێکیان بۆ بکات.

لەو ماوەیەدا، دوو کەسی دیکە هاتنە ناو گروپەکەیانەوە، کەسیرە و شاهێن. یەکیان کچە تورکێکی چەپ، لەناو گروپێکی دیکەوە خۆی گواستبوویەوە بۆ ناو ئەو گروپە. شاهێن گەنجێکی ملپان، قژێکی کەم لایدابویەوە، لەناوەڕاستی قژی پەڵەیەکی سپی دەردەکەوت. کە دەڕۆی بەڕێگادا سەری خۆی نەویدەکرد، سەرێکی لاکێشەیی هەبوو پێی هەڵنەدەگیرا، ورگێکی زل، بەگاڵتە و سوکایەتی پێکردنەوە باسی لە گروپ و دەستە و کارەکتەرە چەپەکانی دیکە دەکرد. یەک دووجار شکاندیان کە نابێت بەو زمانە نزمەوە لەسەر هەڤالانی دیکە قسە بکات، سودی نەبوو، لە بنەماڵەیەک هاتبوویە دەرەوە، خاڵوانی سەرکز و مشەخۆر،

هەوڵدەر بۆ ڕازیکردنی دڵی دەسەلاتدارەکان. پەروەردەیان بەسترابوو بە زمانێکی نزمەوە، تەواوی بنەما ئاکارییەکانیان لەبیرکردبوو، لە پێناو نزیکبوونەوە لە پیاوانی ناو دەسەڵات، تەنانەت ڕاپۆرتیان دەنووسی، خۆیان خزاندبووە ناو میدیاکانەوە، بە لاوازییەکی زۆرەوە ڕووبەڕووی هەموو نارەزایەتییەک قسەیان دەکرد. شاهێن بەو ئاستە بنەماڵەییەوە وێنەیەکی دیکەی خۆی پیشاندەدا، گوایە چەپە و نایەوێت لە خاڵوانی بچێت، گوایە مەیلی کتێبی هەیە و دژی سیستەمی دەسەڵاتە، چەپ بوون کەسایەتییە گرگنەکەی چارە نەکردبوو، هەر فرسەتێکی بۆ بلوایە، سەر تۆمەت و سوکایەتی بە دەوروبەری دەکرد، عەلی قەیتان بە پێکەنینەوە دەیگووت: «گەر ئاپۆ لێرەبایە، بەچەند قسەیەکی پتەو دەیکرد بە مرۆڤ، یان پاڵێکی پێوەدەنا و دەیناردەوە بۆناو گۆماوی بنەماڵەکەی.» ڕەخنەی زۆریان دەکرد، لە پرەنسیپەکان لایدەدا، مانای هەڤاڵییەتی بۆ گرنگ نەبوو، حەزی لێبوو ناوی خۆی ببیستێتەوە، شەیدای دەرکەوتن ناخی پڕکردبوو لە گرێی گەورە. هەڤاڵێیەتی بە پلیکانەیەک دەبینی بەسەریاندا سەرکەوێت، کەسێکی خاڵی و زۆر بلێ، جرتوفرتکەر.

هەوڵیدەدا گروپەکە سەرقاڵ بکات بە شتی بچوکەوە، دونیاکەی گەورە نەبوو. لە مانگی دووهەمدا ئاگادارینامەیەکیان پێدا، گەر خۆی چاک نەکات، پێویستە بچێتە دەرەوە، بەڵێنی خۆ گۆڕینی دا. وێنەیەکی دیکەی بۆخۆی خستە بەرچاو، گوایە دەخوێنێتەوە و خەریکی لێکۆڵینەوەیە، بەیاننامە و کتێبە دیاریکراوەکان بوونەتە خۆراکی ژیانی. کاتێ دەکەوتە باسی ڕۆژنامەیەک، یان وتارێک، بە زمانە پۆخڵ و تۆمەتاوییەکەی، لەبری قسەکردن لەسەر بابەتەکە، دەکەوتە قسەکردن لەسەر بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەکە و وتار نووسەکە. گروپەکە پێی پەرێشان بوون، ئاخری جەمیل، تاشە بەردەکە، خۆی نەگرت، بە زمانێکی توند، وەلامی دایەوە و مشتەکۆڵەی بەکارهێنا، سنوورێکی پتەوی بۆ دانا و دوابڕیاری لەسەردا.

سەرە لاکێشەییەکەی خۆی داخستوو دانیشتنەکەی بەجێهێشت. ماوەیەک دیارنەما، چاوەڕێ نەبوون بگەڕێتەوە. لەگەڵ کەسیرە گەڕایەوە، داوای لێبوردنی کرد لەوەی ڕوویداوە. کتێبێک لە بندەستیدا. خۆی هەڵقورتاندەوە، لە هەموو بابەتێکدا قسەی دەکرد، موراد بە زمانە نەرمەکەی: «هەڤاڵ، مەرج نییە بابەتێک زانیاری و هوشیاریت لەسەری نییە، قسەی تێدا بکەیت.» لەبەر بەڕێزی کەسیرە نەیاندەویست دەریبکەنەوە، شێواز و ڕوخساری دەگۆڕی، هەتاکو خۆی ڕاهێنا لەگەڵیان. بێدەنگی و گوێگرتنی بە تەکنیکی نوێ زانی بۆ شوێنکردنەوەی. هەڤاڵان هەوڵیاندا ئاپۆ ببینن، هەوڵەکەیان سەریگرت. عەلی قەیتان و دوران کالکان، جلوبەرگ و دوو کتێبی مێژوو، نەک کتێب فیکری، بۆیان برد، نیو کاتژمێر ماوەیان هەبوو، دانیشتن، هەواڵی گروپەکەی پرسی، چی لە تواناياندا بوو بۆیان باسکرد. تێگەیشتنێکی نوێی خستە ڕوو: «زیندان بیرۆکەیەکی گرنگی پێدام، نمونەی دوو بەش دەخەمە ڕوو. بەشێکی بە پرەنسیپ و بەشێکی حەشامات، لەم دوو بەشەدا تەنها ڕێگا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی سیستەمی کۆمار، خۆ ڕێکخستنە. کەوایە خۆ ڕێکخستن بە بنەما وەربگرن. تەماشاکەن، شۆڕشەکانی کوردی باکوور، شۆڕشی ئاگرین، شێخ سەعید، سەید ڕەزا، شۆڕشگەلێکی بەهێزبوون، مرۆڤی پاڵەوان و ئازایان هەبوو، هێزیان هەبوو، تا مردن هەنگاویان دەنا، بەڵام خاڵی لاوازی ئەو شۆڕشانە نەبوونی ڕێکخستن بوو، گەل دەبێت ڕێکبخرێت. دوژمن سیستەمە، دامەزراوەیە، ڕێکخراوە، بە شێوازی ناتوانی ڕووبەڕووی ببیتەوە، دەبێت بە هەمان میکانیزمی ئەو خۆت ڕێکبخەیت. ناو زیندان لە دوو بەشەکە باشتر هێزی خۆڕێکخستنم بۆ دەردەخات. بەشی ئێمە تا ئاستێک ڕێکخراوە، پرەنسیپی بۆخۆی داناوە، ژیانێکی ئاسانتر و پتەوترمان دروستکردوە، دەزانین لەگەڵ دەسەڵاتدا چۆن بجوڵێینەوە، کۆ ئامانجێکمان هەیە، زیندانییەکانی ئەم بەشە وەک بەشە شێوازەکانی

دیکە ئیرادەیان لەدەست نادەن پەشیمان نامە بنووسن، لەکاتێکدا هەمان مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، جیاوازییەکە تەنها خۆ ڕێکخستنە، خۆتان ڕێکخەن، زناری پتەو پتەو دروست بکەن، پەلەکردنی ناوێ، هوشیارانە.»

پەیامەکەیان وەرگرت، گەڕانەوە، تاوتوێیانکرد بازنەی گروپەکە فراوانتربکەن، دووانیان سەردانی شارە کوردییەکان بکەن، ڕاپۆرتی خۆیان بنووسن و بگەڕێنەوە. دووانیان ئەرکی نزیکبوونەوەی چەپە پاکەکان، بەتایبەت کوردەکانی ناو گروپەکانیان لە ئەستۆ گرت. یەکێکیان ئیدارەی گروپەکە. کۆتایی خوێندنی ساڵ نزیک بوویەوە، دەبایە لەبەشە ناوخۆیی بچنە دەرەوە و هاوینەکەی شوێنێک بگرن. کەسیرە بەڵێنی شوێنی پێدان، خانوویەکی ئاسایی لە یەکێک لە گەڕەکەکان. جەمیل گومانی هەبوو، دەیەویست باوک و خێزانی بناسێت. بە بێ پرسی ئەوان، کەس نەیدەزانی لە چ ڕێگەیەکەوە مۆڵەتی دیداری ئاپۆی وەرگرتبوو.

سەردانی کرد، ئاپۆ سەری سوورما، هەڤاڵان پێشتر ناویان هێنابوو هاتووەتە ناو گروپەکەوە، بەڵام جێگای پرسیاربوو بۆ بەتەنیا هاتووە. لەسەر مێزێک بەرامبەر یەک دانیشتن. یەکتریان ناسی، بە سۆزەوە تەماشای یەکتریان دەکرد. کەسیرە هێندە ئاپۆ و شێوازی قسەکردن و ڕوخساری بەدڵ بوو، نەیتوانی بە چاو هەڵسوکەوت پیشانی نەدات سۆزی بۆی هەیە. ئاپۆ سەرەتا تێنەگەیشت، بەڵام دوای چەند سەیرکردنێکی نیازەکەی بۆ ڕوون بوویەوە. ناڵێم هەمان دۆخی هەبوو، ئەمما بە چاوێکی حەزینەوە لێی دەڕوانی. کچێکی ئەسمەری بڕوا بەخۆ بوو، قژە کاڵەکانی لادابوویەوە، جگەرەی دەکێشا. پرسیاری زۆری دەکرد، بەنیازی ناسینی ئاپۆ، لەبارەی ماڵیان و گوندیان و شێوە ژیانیانی دەپرسی. بەسەرخۆیدا نەهێنا، شێوازەکەی پۆلیسییە، چونکە

بە مەبەستێکی دیکەوە ڕۆدەچووە ناو ژیانییەوە. دیدارەکە تەواو بوو، چووە دەرەوە، هەستی بە لێدانی خێرای ترپەی دڵی دەکرد، خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو چۆن زیندانییەکە بێتە دەرەوە و بیهێنێتە ناو خێزانەکەیەوە، چۆن دابیرێت لەو سەرکەشیانە و هێمن تر مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکات. ئاپۆ بیری لە سۆزەکەی کردەوە، وایدانا بۆیە بەتەنیا هاتووە، تا کچە سۆزی خۆی بۆ دەربرێت. گروپەکە زانییان سەردانی کردوە، ڕەخنەیان لێگرت بەبێ پرس کاری سەرچڵانە نەکات. کچەکە باکی نەبوو، بۆ ئامانجی خۆی دەگەڕا، لە ئامانجەکەی نزیک کەوتبوویەوە.

دۆخی تورکیا تا دەهات زیاتر دەشێوا، لە شارەکانی دیکە، چەپە دەمامک پۆشەکان شەوان پەلاماری بنکەی پۆلس و کارگەکان و کەسە دەستنیشانکراوەکانیان دەدا. گورگە بۆرەکان بۆشاییەکەیان قۆستەوە، لەگەڵ ژەنەڕاڵە گەورەکان ڕێککەوتن. کوشتن لە تاریکیدا ئەرکی گورگە بۆرەکان بوو، کاتێک پۆلیس بکوژێکی دەدۆزییەوە، بە فەرمانی ژەنەڕاڵەکان کەیسەکە ئاڵوگۆڕی پێدەکرا. پۆلیس دەسەڵاتی بەسەر سوپادا نەبوو، دەزگا سیخوڕەکان یارمەتی ژەنەڕاڵەکانیان دەدا، پێکەوە دەیانویست تورکیا لەو جیاوازییە پاک بکەنەوە. چارەسەر کوشتن و لەناو بردنی کەسە دیارەکانیان بوو، کەم ڕۆژ لە یەکێک لە شارەکاندا ڕوویدەدا ئەرکی کوشتنێک جێبەجێ نەکەن. ترس لە شەقامدا بڵاوبوویەوە، دەنگۆی ئەوەی دەوڵەت هاوکاری بکوژەکان دەکات، هێندەی کە چەپەکانی پەرتەوازە کرد.

بە مەبەستێکی دیکەوە ڕۆدەچووە ناو ژیانییەوە. دیدارەکە تەواو بوو، چووە دەرەوە، هەستی بە لێدانی خێرای ترپەی دڵی دەکرد، خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو چۆن زیندانییەکە بێتە دەرەوە و بیهێنێتە ناو خێزانەکەیەوە، چۆن دایبڕێت لەو سەرکەشیانە و هێمن تر مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکات. ئاپۆ بیری لە سۆزەکەی کردەوە، وایدانا بۆیە بەتەنیا هاتووە، تا کچە سۆزی خۆی بۆ دەربڕێت. گروپەکە زانییان سەردانی کردوە، ڕەخنەیان لێگرت بەبێ پرس کاری سەرچڵانە نەکات. کچەکە باکی نەبوو، بۆ ئامانجی خۆی دەگەڕا، لە ئامانجەکەی نزیک کەوتبوویەوە.

دۆخی تورکیا تا دەهات زیاتر دەشێوا، لە شارەکانی دیکە، چەپە دەمامک پۆشەکان شەوان پەلاماری بنکەی پۆلس و کارگەکان و کەسە دەستنیشانکراوەکانیان دەدا. گورگە بۆرەکان بۆشاییەکەیان قۆستەوە، لەگەڵ ژەنەڕاڵە گەورەکان ڕێککەوتن. کوشتن لە تاریکیدا ئەرکی گورگە بۆرەکان بوو، کاتێک پۆلیس بکوژێکی دەدۆزییەوە، بە فەرمانی ژەنەڕاڵەکان کەیسەکە ئاڵوگۆڕی پێدەکرا. پۆلیس دەسەڵاتی بەسەر سوپادا نەبوو، دەزگا سیخوڕەکان یارمەتی ژەنەڕاڵەکانیان دەدا، پێکەوە دەیانویست تورکیا لەو جیاوازییە پاک بکەنەوە. چارەسەر کوشتن و لەناو بردنی کەسە دیارەکانیان بوو، کەم ڕۆژ لە یەکێک لە شارەکاندا ڕوویدەدا ئەرکی کوشتنێک جێبەجێ نەکەن. ترس لە شەقامدا بڵاوبوویەوە، دەنگۆی ئەوەی دەوڵەت هاوکاری بکوژەکان دەکات، هێندەی کە چەپەکانی پەرتەوازە کرد.

# ١٣

پاش حەوت مانگ لە زیندانی ماماک ئازاد کرا، گەڕایەوە ناو گروپەکە. ماڵی باوکی ئاگایان لێنەبوو چی بەسەر شازادەکەی شەوە بەفرینەکەیان هاتووە. ڕێگەی نەدا هەڤاڵان نامە بۆ ماڵەوە بنێرن، دەیزانی دایک و باوک و حەوای خوشکی پەرێشان دەبن. لەو نامانەی لە زیندانەوە ڕەوانەی دەکردن، باسی خوێندن و دۆخی زانکۆ و هەڤالانی دەکرد، ئومێد و دڵخۆشیی دەدایە خێزانەکەی. ئەو ساڵە بەهۆی زیندانەوە لە خوێندن دواکەوت، لە فۆڕمی زانکۆدا هاتبوو: «ئەم خوێندکارە بەشداری تاقیکردنەوەکانی خولی کۆتایی نەکردوە لەوانەکاندا ئامادە نەبووە.» ناوی لەسەر لیستی کەوتووەکان، بە دیواری زانکۆوە هەڵواسرا.

لە ماڵە نوێیەکە، کە بە کرێیان گرتبوو، هەفتەیەک مایەوە. خۆراکی پاک و خاوێنی و خەوتن بە بەرنامە، ڕەنگوڕووی بۆ گەڕاندەوە. کەسیرە خزمەتێکی زۆری دەکرد، بەدەمەوە چوونەکەی سەرنجی هەڤالانی ڕاکێشا. دۆخێکی دروستکرد، بتوانێت بە ئازادی و بەبێ ترس هەستی خۆی دەربڕێت، ئاپۆ بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێکرد، بەلام لەسەرەتای پەیوەندییەکەدا کۆمەڵێک تێبینی کردە بنەمای دەست

پێکرنەکە، بە زمانێکی ئەدەبیانە هێزی خۆشەویستی و مەترسی پەیوەست بوونی ڕوونکردەوە. نمونەی داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی هێنایەوە: «تەماشاکە هەڤاڵ... تۆ تورکیت، ئاگات لەم داستانە نییە. سەردەمی میرەکان نووسراوە، دەقێکە هەڵگری خوێندنەوە و شرۆڤەیە. دوو پاڵەوانەکە خانەدانن، نووسەرەکە ناهوشیارانە نایانکات بەخانەدان، پێش داستانەکە، هەمیشە لەناو چیرۆکەکانی ئێمەی کورددا، یان کچە شوان بووە، یان کوڕە شوان بووە و حەزیان لە شازادەیەک کردوە، بەلام خانی بونیادی ئەو بیرۆکەیە دەگۆڕێت، دەیانکات بە دوو خانەدان، خاوەن کەسایەتی و بەشکۆ، خۆشەویستییەکەیان بۆیەکتری، خۆشەویستییە بۆ خاک، گەلەکەیان، بڕواکانیان، خۆشەویستی کاتێک مانای هەیە، پرسە گەورەکان بێنە ناوییەوە. داستانەکەی ئێمە پەیوەستبوون بە مەترسی دەزانێت، مرۆڤێک پەیوەست دەبێت بە مرۆڤێکی ترەوە و مەودایەکی ئازادی بۆ یەکتر مەیسەرنەکەن، کەسایەتییەکەیان دەگۆڕێت. نابێت پەیوەست بوون کەسایەتییەکەمان بگۆڕێت.

ئەز تۆم قبوڵە لەناو خۆشەویستییەکی مەزندا، تۆم قبوڵ نییە خۆت پەیوەستکەی بە منەوە و کەسایەتیێ خۆت لەمندا بتوێنیتەوە، ئەوکات نازانم لەگەڵ کێ لەناو خۆشەویستیدام. بەهەڤالان بلێ داستانەکەت بۆ بخوێننەوە، بۆئەوەی خۆشەویستی لەوە بە گەورەتر بزانیت لەبەر موڵکایەتی یەکتری وێران بکەین. ئەو جۆرە خۆشەویستی و پەیوەندییەی کە ئێستا هەیە، لە پێناو یەکتر داگیرکردنە، ئازادی بەوە تێگەیشتوون سنوور ببەزێنن، لە کاتێکدا ئازادی واتە مرۆڤێکی هوشیاری زۆر سروشتی. لە گوندی مە، مرۆڤی ئازاد هەنە، هوشیار نین، ئەمما مرۆڤن، چونکە شار و پۆخڵەواتەکانی سەردەم نەیتوانیوە کەسایەتییان بشێوێنێ. من لە پێناو گەشەکردنی مرۆڤدا خۆشەویستی بە گرنگ دەزانم. وەک خانی، خۆشەویستی دەکەمە ماڵێک، بۆ

هوشیارکردنەوەی گەلێک، بۆ پاککردنەوەی خۆم و دەوروبەرم لە کاری بەد.» پێنەدەچوو کەسیرە تێگەیشتبێت، گوێی لە هەستەکانی خۆی دەگرت، هۆگری بوو، لەناو خۆیدا لە شەڕێکدا بوو، چۆن ئەو پیاوە لەو شوێنەدا بگوازێتەوە شوێنێکی دیکە.

بەر لە سەردانیکردنی بۆ ماڵەوە، لەگەڵ گروپەکە کۆبوویەوە، کۆمەڵێک دەموچاوی نوێی بینی. کچێکی لاواز، قژێکی لول، دەست و قاچی باریک، ئەژنۆکانی نووساندبوو بەیەکەوە، باوەشی پێداکردبوون، چەناکەی خستبووە سەر ئەژنۆکانی. بەشێوە دانیشتنەکەیدا کزۆلە و شەرمن دەردەکەوت، تازە لە باکوورەوە هاتبوو، نەوەی پاشماوەی کۆمەڵکوژییەکەی دێرسیم. لەماڵ ڕایکردبوو، سەرنجی ئاپۆی ڕاکێشا، پرسیاری ناوی لێکرد، ساکینەی ناو بوو، داوای لێکرد «بەو کزۆلییە دامەنیشە، تۆ هەڤاڵی ئێمەی، سەرت بەرزکەوە، بڕوات بەخۆت هەبێت.» ساکینە ڕاڕا، لە بێشوێنیدا هاتبوو بۆ ئەنقەرە، هەڤاڵان دڵیان خۆشکرد، خەمی شوێنی نەبێت. کچێکی شۆڕشگێڕ، بە هوشیارییەکی سەرەتاییەوە لەگەڵ کۆمەڵێک گروپدا لە خارپێت دەستی پێکرد، بەشداری کۆمەڵێک خۆپیشاندانی کرد، کەمال و خەیری ناسی. هەردووکیان لە ماڵێک دەژیان نزیک ماڵی ئەوان، بەناوی خوێندکارییەوە.

نانی بۆ دەبردن، ژوورەکەیان کارەبای نەبوو، بە دزی دایک و باوکییەوە کارەبای بۆ ڕاکێشان، بڵاوکراوە و بەیاننامەکانی لە ڕێگەی ئەوانەوە دەست کەوت. لە ناوەندی گروپێکی کچی دروستکرد بخوێننەوە و سەرنج لەسەر ڕووداوەکانی تورکیا بدەن. لە ڕێگەی خەیری و کەمالەوە ناوی گروپی ئاپۆچییەکانی بیست، چەند نووسینێکی بەدەست گەیشت بیربۆچونی گروپەکەی تێدا شیکرابوویەوە، دەستی لە گروپە چەپەکانی دیکە هەڵگرت، خۆی گەیاندە ناو ئاپۆچییەکانەوە. ناویان بڵاوکرابوویەوە، گروپێکی چەپن بەدوای چارەنووسی گەلی

کوردا دەگەڕێن، چ چەپەکان، چ کۆمارییەکان دژیان وەستانەوە، بەڵام هێشتا کەس نەیدەزانی چەند کەسن و لە کوێن، کێ سەرپەرشتییان دەکات و شێوازی ئیشکردنیان بەچ جۆرێکە. ساکینە دوو هەڤاڵەکە دەناسێ، پەیوەندییان پێوە دەکات و لە ڕێگەی ئەوانەوە، مەزلوم دۆغان دەبینێت. گەنجە هارو پتەوەکە، ئەو گەنجەی زۆربەی ئەندامانی گروپەکە لە ناوچەکانی باکوور خۆشیان دەویست و متمانەیان پێی هەبوو. مەزلوم بڕوای بە کورد بوو، لەناو کورددا تەنها ئاپۆی بە بنەما وەردەگرت، تەنانەت یەکەی ڕێکخستنەکانی گروپەکە بەلایەوە گرنگ نەبوون، هەمیشە لە کۆبوونەوەکاندا، لە بەشداری چالاکییەکاندا بەدەنگی بەرز دەیگووت: من ئاپۆ چیم.

کۆبوونەوەی ماڵەکە دەستی پێکرد، هەڤاڵان ڕاپۆرتی خۆیان خوێندەوە. شاهێن بێتامی کرد، قسەی زۆری دەکرد، قسەکانی تازە نەبوون، دووبارەکردنەوەی بەردەوامبوو، دەیویست بەو جۆرە خۆی لەبەرچاوی ئاپۆ بباتە پێشەوە. پاش ڕاپۆرت و گفتوگۆکان، بڕیاری پتەوکردنی ڕێکخستن درا، گوتاری خۆیان لەگەڵ چەپەکانی دیکە جیاکردەوە، ئەرک و بەرپرسیارییەتی ئەندامانی گروپەکە دیاریکرا، لە گروپە خوێنەرەکەوە گۆڕان بۆ گروپێکی تەواو سیاسی. شوێن بۆ ساکینە دیاریکرا ماوەیەک لە ماڵێکدابێت لەگەڵ کەسیرەدا. بە پێشنیازی هەڤالان، کە تەکنیکێک بوو بۆ دوورخستنەوەی، شاهێن نێردرا بۆ خارپێت. برادەرانی دیکە بۆ شارە کوردییەکان، چوار کەس مانەوە.

هێلانەکەی دروست کرد، داوای لێکردن «نهێنی سەرکەوتنە، لەناو دڵی ورچەکەداین، ئەزموونی چەپەکانی دیکە دووبارە ناکەینەوە. بەرلەوەی ورچەکە بناسێت، پێویستە خۆمان ڕێکبخەین.» بە چڕیی لەسەر شۆڕشەکانی کورد قسەی کرد، بەو شۆڕشانەی دەبینن، تەنها هێزی خۆیان لاگرنگ بووە، سیستەم و کۆماریان نەناسیووە. «ناسینی

کۆمار تاقە دەروازەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەمان. دوژمنەکەمان نەناسینی، گرنگی پێنەدەین، بەکەم تەماشای بکەین، چارەنووسمان، هەمان چارەنووسی شۆڕشەکانی پێشوتر دەبێت.»

ئەرکەکان و شێوازی ئیشکردنەکە دیاریکران. دابەشبوون بەسەر شوێنە دیاریکراوەکاندا. پاش کۆبوونەوەکە گەڕایەوە بۆ گوند، دیارییەکانی حەوای بیرنەچوو. هەفتەیەک مایەوە، هەواڵی هاوسەرگیری دا بە گوێی دایک و باوکیدا. کەیفخۆش بوون، بڕیاریداوە هاوسەرگیری بکات، کەچی بە کەسیرەی نەگوتبوو، هەڤاڵانیش ئاگاداری نەبوون، پێدەچوو هێشتا دونیایەک نهێنی لەناو مێشکیدا هەبن، بەهۆی دۆخەکە و ڕۆژگارەکەوە تەکنیکی تایبەتی بەکاردەهێنا. لە جێگایەک لە تەکنیکی کۆمار دوابوو، بەهەمان ڕیتمەوە دەجوڵایەوە، لە پێشدا تەماشای دوژمنەکەی دەکرد بزانێت بۆ کوێ دەڕوات، پاشان هەنگاوی دەنا. چ لە زیندان، چ دوای ئازادبوونی، کتێب بەشە گرنگەکەی ژیانی بوو، وەک خوێنەرێک مایەوە، گەرچی گروپێکی هەبوو، بەقسەیان دەکرد و وەک ڕێبەرێک تەماشایان دەکرد. بەڵام خوێنەربوونی بە ئەرکی بنەڕەتی دەزانی.

هەڤاڵان لە شارەکان دەستیاندایە خۆ ڕێکخستن. کەسایەتی نوێ و هەڤاڵی نوێیان کۆکردەوە. خانوویان بەکرێ دەگرت و وەک خوێندکار تێیدا دەمانەوە. بەشداری خۆپیشاندانەکانیان دەکرد، دروشمی نوێیان بەرزدەکردەوە، دروشمەکانیان ڕۆحە فاشیستەکەی ناو چەپەکانی دەشێواند، لە چەند خۆپیشاندانێک بوو بە ناکۆکیان، وەک جوداخواز ناویان دەهێنان، گوایە دەیانەوێت کۆماری تورکیا پارچە پارچە بکەن و بەشە کوردییەکەی جیا بکەنەوە. هێشتا ئاپۆ نەگەڕابوویەوە، کە ساکینە بە ئەرکێکی ڕێکخستن ڕەوانەی خارپێت کرا، ماڵی باوکی فشاریان دەخستە سەر بگەڕێتەوە ماڵ و هاوسەرگیری بکات و خۆی

لە ئاژاوە بە دووربگرێت، ئەمما کچەکە لەوە سەرکەشتربوو وازبهێنێت. لە کارگەیەک بوو بە کرێکار، بەهۆکاری بەدئاکاریی بەڕێوەبەری کارگەکە ژنانی هاندا نارەزایەتی دەربڕن، پۆلیس دەستگیری کرد. لە ئیشەکەی دوورخرایەوە، دۆخی دارایی خراپ بوو، برا گەورەکەی لە خەمی خوشکەکەیدا کاری دەکرد و هاوکاری بۆ دەنارد.

حەوای شیرین گەورە بوو، لە دووری براکەی تێدەگەیشت. بەشوێنیدا دەڕۆی بۆ ئەو جێگایانەی براکەی لە گوند سەردانی دەکردن. ڕۆیشت بۆ ماڵی سترانەکەی دەروێش عەبدی، داوای کاسێتەکەی کرد، دەمێک بوو گوێی لێنەگرتبوو. هێنایە ماڵەوە، شەوێک هەتا پیلی تەسجیلەکە هێزیان لێبڕا، گوێی لێگرت. لەسەر تیانووسەکەی پارچە هۆنراوەیەکی بۆنووسی. ئەوە یەکەمین و دواهەمین پارچە هۆنراوەی بوو لە ژیانیدا نووسیبێتی. لە هۆنراوەکەدا ستایشی دەروێش عەبدی و سترانەکانی دەکات. بە ئەسپێکی دەچێوێنێ دەبیات بۆ شاخەکان، دۆڵەکان و گوندەکان و چیا سەرکەشەکانی پێدەناسێنێت.

بێزار نەدەبوو لە سترانی کوردی. لەو دەمەدا ڕۆمانێکی نوێی یەشار کەمال بڵاوکرایەوە، ڕۆمانەکەی خوێندەوە، ڕەخنەی لێ گرت، «ئەو مرۆڤە بەهێزە لە گێڕانەوەکانیدا، بۆ بیرێک لە تراژیدیای دێرسیم ناکاتەوە، بۆ جارێک ناگەڕێتەوە ناو یادەوەرییەکانی خۆی لەو شارەدا و بیانکات بە ڕۆمان.» ئارەزوویەکی گەورەی بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان هەبوو، تەنانەت لە ئەستەنبوڵ بە عەلی قەیتانی گوتبوو: «ڕۆمان داینەمۆی دروستکردنی گەلە. دەبێت نەوەی ئێمە ڕۆمانی نوێ بنووسینەوە. خۆمان دەکەین بە ڕۆمان، هەرگەلێک چیرۆکی مەزنی نەبێت، خەونی مەزنی نابێت. گەلی ئێمە پڕە لە چیرۆکی مەزن، پێویستە ببن بە ڕۆمان.» لەهەموو سەردانێکیدا بۆ گوند، پرسێکی نوێی بۆ ئاشکرا دەبوو، باشترە بگوترێت: زیاتر هۆگریی بۆ گوند و

ژیانە شکۆمەندەکەی و ڕەنج و زەحمەتەکانی سەرنجی ڕادەکێشا، نەک ژیانی شار.

خانووەکەی خوێندنگەی سەرەتایی دەستی لێنەدرابوو، لە جاران کۆنتر. مامۆستاکانی گۆڕابوون، دوو مامۆستای دیکە شوێنیان گرتبوونەوە سەربە کۆمارییەکان. ئاغا و کوێخا بە نەریتە کۆنەکەی خۆیان، ئێواران لەسەر کورسییەکانیان دادەنیشتن، پیرتر لە جاران دەردەکەوتن. سەردانی نەدەکردن، هەواڵیان پرسیبوو، ئاغا بە ئاپێ ئۆجەلانی گوتبوو: «لە خوێندنگەکەی ئێمە گەورە بوو، کەچی خۆی نەبان دەکات و سڵاومان لێناکات.» بەتەمابوو منەتباری بێت.

بەڵام ئاپۆ بە نەخۆشی کوشندەی گوندەکانی دەبینین. لەناو تیانووسەکەیدا ڕوانینی لەسەریان بەم شێوەیە نووسیبوو: «گەلی کورد دەمێک نییە زیهنی بە تەواوەتی داگیرکراوە، دوژمنی هەبووە، کەوتووەتە شەڕ لەگەڵیان، خاکەکەی داگیرکراوە، بەڵام زیهنی گەلەکە نا. کاتێک ئاغا و بەگ و شێخ و مەلا دروستکران، ئیدی داگیرکەر لە ڕێگەی ئەمانەوە زۆر بەئاسانی هاتە ناو زیهنی گەلەکەوە. داگیرکەر دەرناکرێت، ئەگەر ئەم دروستکراوانە کپ نەکرێنەوە. بەگەکان عوسمانییەکان دروستیانکردن، شێخەکان و مەلاکان عەرەب، ئاغاکان ئینگلیزەکان. هەریەک لەمانە بە مەبەستێک دروستکران ئەرکی داگیرکەر ئاسان بکەن، بۆ هاتنە ناوەوەی زیهنی گەل. پێویستە زیهنەکە پاکبکرێتەوە، واتە: دەست بۆ هێنەرەکانی ببردرێت. ئەمانە نوێنەرایەتی بێگانە دەکەن، هاتنە ناوەوەیان بۆ ئاساندەکەن و مرۆڤێکی زیهنە داگیرکراو دروستدەکەن، بۆ ئەوەی بە ئاسانی خۆی بکات بە خزمەتکاری بێگانە.»

سەردانیکردنەکەی بەکۆتا هات، کەمێک پارەی لە ماڵەوە وەرگرت و گەڕایەوە بۆ ئەنقەرە. کاتی دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی زانکۆ

بوو. درەنگانێکی شەو گەیشتە لای ماڵەکە. دووانیان خەتبوون و عەلی قەیتان و دوران کاڵکان پاڵیان دابوویەوە کتێبیان دەخوێندەوە. دەنگی دەرگا هات، عەلی هەڵسا دەرگاکەی کردەوە، چووە ژوورەوە، تەماشای ژوورەکەی کرد ڕێکوپێک، هەمووشتێک لە جێگای خۆی دانرابوو، بە گاڵتەوە بۆسەر خستنە سەر عەلی قەیتان: «بوویت بە سەربازێکی ناو ژیان.»

## ١٤

لەگەڵ کەسیرە پیاسەیان دەکرد، بڕیاری هاوسەرگیرییەکەی پێ ڕاگەیاند. کچە لە خۆشیدا بەرزدەبوویەوە. خۆی بەو ماسیگرە دەهاتە بەرچاو، ماسییەکە بووە بە تۆڕەکەیەوە. لەسەر ژیان و چۆنییەتی بەڕێوەبردنیان ڕێککەوتن. ئێوارەکەی هەم بۆ ناسین، هەم بۆ خوان، سەردانی ماڵی خەزوری کرد. پیاوێکی لاوازی بڕۆگرژ، لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، ژنێکی ڕەنگ سپی میهرەبان لە تەنیشتی، لە ژووری میوان، وێنەیەکی کۆنی خۆی هەڵواسیبوو، بە جلی سەربازییەوە، ئەستێرەیەک بەسەر شانییەوە. چاوی چووە سەر وێنەکە، هەڵوەستەیەکی کرد، بێدەنگ لە دیمەنی ناو ماڵەکە ڕاما.

لە کاتی نانخواردندا کەوتنە گفتوگۆ، باوکی کەسیرە هێرشی کردە سەر ئاژاوەچییەکان، مەبەستی چەپەکان بوو. سەر بە کۆمارییەکان بوو، ئاپۆ بە ڕێزەوە هەوڵی دەدا بۆی ڕوونبکاتەوە تورکیا تەنها موڵکی کۆمارییەکان نییە، تەواوی چین و گروپەکانی دیکە خۆیان بە خاوەنی دەزانن. نەیهێشت قسەکانی تەواو بکات، بە دەنگێکی گڕتر لە پێشوو: «تورکیا بۆ تورکەکانە، بەتایبەت ئەوانەیان نەخشەی کۆمار بە چارەنووسی تورکیا دەزانن. ئەو ئاژاوەچیانە: «پەنجەیەکی بۆ

کچەکەی ڕاکێشا. «بەنیازن دەوڵەت بدرێتە دەست کۆمەڵێک هەرزەکاری ڕەنگ سوور.» ئاپۆ پێکەنی، سەرنجی لە کەسیرەدا شەرم لەخۆی دەکات. میوانداریییەکە کۆتایی هات، بە تەنیا گەڕایەوە، لە ناخەوە ڕاڕا، دیمەنی دانیشتنەکە گومانێکی بۆ دروست نەکرد، وەک ئەگەرێک، کچەکەی بە دەرچوو لە سنووری بیرکردنەوەی باوکی هەڵسەنگاند. هەڤاڵان چاوەڕییان دەکرد، کاتێک باسی هاوسەرگیرییەکەی خستە ناو قسەکانەوە، سەرسامانە لێیان دەڕوانی. تێنەدەگەیشتن ئەو بڕیارە بە پەلەیە چییە؟ جەمیل بایک گوماناوی بوو، لەسەرەتاوە بە وێنەی سەربازێکی ئێشکگر لە دەوروبەری دەڕوانی. باسی خێزانەکەیانی کرد کێن و لە کوێوە هاتوون، بەنیازی پەشیمانکردنەوەی ئاپۆ، بنجوبنەوانی خێزانەکەی دەرهێنا. گوێی لێگرت، زەردەخەنەیەکی کرد، چوار هەڤاڵەکە بەوجۆرە تێگەیشتن ئەوینە.

کەوتبوویە ناو خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەوە. بە نیازی دووبارەکردنەوەی چیرۆکی مەم و زین، خۆشەویستییەکەی دەبەستەوە بەخاک و گەلەوە. دوو پایەی بنەڕەتی لە پێناو ژیانێکی ئازاد و تێکۆشانێکدا خۆشەویستی دەکەن، یەکیان خۆشبوێت و بڕواکانی یەکیان خۆش بوێت، دەتوانن سەرزەمینێکی خۆشەویستی دورستبکەن. دوای گواستنەوەی کەوتنە ناو ناکۆکییەوە. کەسیرە پیاوی ماڵی دەویست، کەسێکی کەمدوو، ملی نەدەدا بۆ پێداچوونەوە بە بڕیارەکانیدا. گروپەکەی بە کێشە دەبینی بۆ ژیانیان. بە تەمابوو ئێواران پیاوەکەی بێتەوە ماڵ، عەلاگە و میوە بهێنێتەوە، پێکەوە سەردانی خزمان بکەن، خۆیان بە دۆست و ئاشناکان بناسێنن، لەبری کاری سیاسی ببنە خێزانێک ئابوورییەک کۆبکەنەوە و منداڵ بهێننە دونیاوە و پەروەردەی بکەن، لەناو دەسەڵاتدا شوێنێک بدۆزنەوە و کاری فەرمانبەری بکەن.

چی لە خەیاڵی کەسیرەدا بوو، سەر بە دونیابینیەکەی ئاپۆ نەبوو. خوێندنەوە و خۆچڕکردنەوە بۆ گروپ و کاری ڕێکخستن، سەرتاپای ژیانی شازادەی شەوە بەفرینەکەی داگیرکردبوو. شەوێک درەنگ، جەمیل و عەلی و دوران خەوتبوون. لە حەوشەی ماڵەکە دانیشت، تەماشای ئاسمانی دەکرد، موراد چوویە لایەوە، هەرکە دانیشت، لێی پرسی بیر لە چی دەکەیتەوە؟ پەرێشانی؟ لایەکی بۆ کردەوە: «مرۆڤ ناتوانێت لەم ڕۆژگارەدا بژیت و پەرێشان نەبێت. هەستدەکەم ئاگری میتراییەکانم هەڵگرتووە، دەمەوێت ئەشکەوتەکە بەتەواوەتی ڕووناک بکەمەوە، تۆ پێتوایە ئەو کارەم پێدەکرێت؟»

- متمانەمان پێتە.
- ئەم گەلە بەچی بەئاگا دێتەوە؟
- وەک پێشتر باسترکردوە: پێویستە خۆی بخوێنێتەوە.
- زۆربەی گوندنشینەکان خوێندەوارییان نییە، دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییەکە لای ئاغا و کوێخا و شێخ و مەلاکانە. کەوایە چی بکەین؟
- گەلێک نییە بۆ هەمیشە دەست لە چارەنووسی خۆی هەڵبگرێت. دوێنێ ڕاپۆرتی بەشەکانی گروپەکە گەیشت، لە شارەکانی باکوور گەشەمان کردووە، هەڤاڵان گلەیی لە شاهێن دەکەن، خۆی دەنوێنێت و دەیەوێت ببینرێ و بزانرێت بەرپرسی ناوچەکەیانە. قسەی نادروست لەسەر دەوروبەری دەکات، لە پشتەوە وێنەی ناشیرین و ترسناک بۆ هەڤاڵان دروستدەکات.
- ئەو مرۆڤە گەورە نابێت، بۆ هەتاهەتایە بە هەرزەکاری دەمێنێتەوە. لەناو چڵکاوەکەی خۆیدا وندەبێت، پەلەی لێمەکەن. بەجۆرێک وندەبێت، تەنانەت نزیکەکانی شەرم دەکەن خۆیان بە ناسیاوی بزانن.
- بۆ چاوێک بە ڕاپۆرتەکاندا ناخشێنیت؟

- ئەمشەو ناتوانم، خەریکە خۆم دابەشدەبم، پێویستە بیرێک لەکەسایەتی خۆم بکەمەوە، دابەشبوونەکەم چیم بەسەر دەهێنێت. سۆزگرنگە، بە مەرجێک نەخشەی ژیانت نەباتە گۆشەیەکی بچوک. ژنەکانی ئەم ڕۆژگارە دونیایان بەو بچوکی و ئارامییە دەوێت، کە چوارچێوەی ماڵەکانیان دوا سنووریەتی. هەڤاڵ موراد، شۆڕش بەبێ ژن دەکرێت؟
- ئێمە کوردین، شۆڕشەکانمان ژنی تێدابووە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، دەتوانین بڵێین: هەوڵی گروپەکەی ئێمە دەرگایەک دەبێت بۆ هێنانە دەرەوەی ژن.
- کەوایە ژن دەبێت بگەڕێتەوە شوێنە ڕاستەقینەکەی خۆی. سەردەمی کشتوکاڵ و خوداوەندە عەشتار، خوداوەندە ئینانا، ژن دایکی ژیان و بەردەوامییە، پارێزەری مرۆڤە، هەڵگری ئایدیای خۆشەویستی و پێکەوەبوونە، بناغەی ماڵ، ئابووریی، لای ژنە. هەڤاڵ ئەو دیدە گەڕوگولە چییە، کۆمەڵێک مرۆڤ گاڵتە بە نانەدەی ناوماڵ دەکەن؟ بۆ پێیان وایە ژن لە نانەبێت بچوکە؟
- خۆیان گوتەنی: چێشتخانە ئەرکێکی گرنگی پێنەدراوە.
- دروستە، پرسیارەکەی من لەسەر ئەمەیە. تەماشاکە هەڤاڵ موراد. تیۆری ئابووری لەسەر بنەمای ئابووری خێزان دروستبووە، هەڵەنەبم ناوە یۆنانییەکەی واتای ئابووری خێزانە. دەبێت بگەڕێین بزانین لەناو خێزاندا ئابووری لە کوێیە؟ لای کێیە؟ گومانم نییە لای ژنە. ژن ماڵ بەڕێوە دەبات، پیاو کۆکەرەوەیە، چەقی ئابووری ماڵ نانەدەیە، وەک خۆت گوتت چێشتخانەیە. هەرکەسێک لە ماڵ چێشتخانەی بەدەست بێت، دوو هێڵی بنەڕەتی خێزانی بەدەستە، یەکەم ئابووری، دووهەم تەندروستی. کەواتە ژن، خاوەنی ئابووری ماڵە، خاوەنی تەندروستیەکەیەتی، بەرهەمهێنەری ژیان و منداڵە، پەروەردە ئەرکێکی دیکەیەتی. بۆ دەبێت ئەو شوێنە گرنگەی ناوماڵ

بە ئیشێکی لاواز تەماشا بکرێت، پێدەچێت ئەو بیرۆکە لاوازە هی فیمینیزمەکانی خۆرئاوابێت. با تێبینییەکی دیکە لەسەر پێکهاتەی ماڵ بکەین. ماڵ سێ بەشە، بەشی خەوتن، بەشی میوان، بەشی خوان. خەوتن شوێنی پشودانە. میوان شوێنێکە غەریبە سەردانی دەکات، ئەرکی پیاو ئەوەیە لەگەڵ غەریبەی دەرەوەی ماڵ دانیشێت، بۆیە هۆدەی میوان ڕەمزێکی پیاوانەی وەرگرتووە. بەڵام بەشە گرنگەکەی ماڵ لەسەر پەروەردە و ئابووری و تەندروستی خۆی ڕاگرتووە، تەماشاکە هەرسێکی لای ژنە. کەوایە دەبێت ڕێز بگەڕێنینەوە بۆ چێشتخانە و ئەو ژەهرە نەهێڵین دەخرێتە ناو مێشکی ژنەوە، بەناوی کابان و ژنی چێشتخانە هەست بە سووکایەتی بکات. کە بناغەی کۆمەڵگە خێزانبێت و پایە گرنگەکانی خێزان هەرسێکی، تەندروستی و خۆراک و پەروەردە، لای ژن بێت، کەوایە بنەوانی ژیان ژنە. نەخشەکەی من ئەوەیە، هوشیاری بکەمەوە لە بوونەکەی لە ماڵەوە، پاشان ڕۆحە یاخییەکەی لە شۆڕشدا دەرکەوێت، ئینجا بچێتەوە شوێنی خوداوەندی عەشتار و ئینانا.

- چۆن ئەمکارە دەکەین؟
- هەوڵدەدەین. زەردەخەنەیەکی کرد. سۆزی خۆمان لەدەست نادەین، لە پێناو سۆزدا وننابین. ئەرکەکە قورسە، چەندین سەدەیە کار لەسەر گەلەکەمان کراوە، وێنە ڕاستەقینەکانی لێ بشارنەوە و وێنەی ساختە بخەنە بەردەمی. بچوککراوەتەوە، زیهنی داگیرکراوە. هەڤاڵ لێت ناشارمەوە، سەختترین ڕێگەی ڕزگاری، ڕزگارکردنی زیهنی مرۆڤە. هێشتا ئێوە لێم تێناگەن، نازانن من کوێ دەبینم و بۆ کوێ دەڕۆم. گوێم لێدەبێت لە شوێنان بەخۆتان دەڵێن: ئاپۆچی؟ بەڕاستی ئێوە ئاپۆ چین؟ ئاپۆ دەناسن؟ گەر دەیناسن بۆ لە قسەکانم تێناگەن، بۆ لە کەسایەتی خۆتاندا تەحقیقی ناکەن.

- سەرەتایە، بیرلەوە دەکەمەوە یەکەمجار تۆم ناسی، چۆن بووم، ئێستا چۆنم. خەونی گەنجێکم هەبوو، زانکۆ تەواو بکەم، خێزانێک پێکبهێنم،ماڵێکی خنجیلانە و فەرمانبەری پیشەم بێت، بەدوای ئاسوودەیی خێزان و منداڵ بکەوم، بۆم گرنگ نەبێت ڕابردووم چییە و لە کوێوە هاتووم، تۆ قلْپت کردمەوە، ئێستە گەل خێزانەکەمە، چارەنووسی گەل ئامانجمە. لەم سەرەتایەدا ئەوەم پێدەکرێت، خۆ پەروەردەکردنم نەگەیشتوەتە جێگایەک بتوانم پەی بە زۆر بابەت ببەم، کە تۆ پەی پێ دەبەی.
- ساڵ زیاترە هەڤاڵین. بەتەمای کەی ببیت بە ئاپۆ؟ بە پێکەنینەوە.

موراد پێکەنی. نە گووتی دەبم، نە گووتی ناتوانم ببم.

هاتنە ژوورەوە، کتێبێکی دەرهێنا و لەسەر جێگەکەی پاڵکەوت. موراد بەتانییەکەی دا بەخۆیدا و چاوی داخست. وێنەی هەسارە خاتوون هاتە بەرچاوی، کتێبەکەی دانایەوە. لەبەرچاوی پیربووبوو، بەڵێ بەرەو پیریی دەڕۆیشت. دواجار بەجێیهێشت دەستی کردە ملی، بە زمانە بەهێزەکەیەوە: «نەگەڕێیتەوە تا سەردەکەویت.» بەو خەیاڵەوە خەوی لێکەوت. خەونی بینی. لە خەونەکەیدا سەرتاپای خەڵکی گوندەکەیان بەرگی سپیان پۆشی بوو، ئاغا و کوێخا لەوبەری چۆمەکەوە، لەسەر کورسییەکانیان دانیشتبوون. خەڵکەکە لەبەردەم مزگەوتەکە کۆبووبوونەوە. تەرمێک لە حەوشەی مزگەوتەکە دانرابوو. سەگەکانی ماڵی ئاغا لەوبەر چۆمەکەوە دەوەڕین، خەڵکە سپی پۆشەکە بێدەنگ لە دەوری تەرمەکە وەستابوون. پاش کەمێک ئاگریان لە کتێبخانەی مزگەوتەکە بەردا، تەرمەکەیان خستە ناو ئاگری کتێبەکانەوە، سەگەکانی ئاغا و کوێخا وەڕینەکەیان نەما، بەرگ سپییەکان بەدیار تەرمەکەوە بێدەنگ وەستان.

هەسارە خاتوون دەرکەوت، دەستی ڕادەوەشاند بۆ ئەوبەر و هەڕەشەی لە ئاغا و کوێخا و سەگەکانیان دەکرد. چاوی بە کوڕەکەی کەوت، بە دەنگێکی بەرز کە هەمووان گوێیان لێبێت. «ئەو دووانەت بیرنەچێت، هەرگیز ئەو دووانەت بیرنەچێت.» مەلای گوندەکە مزگەوتەکەی جێهێشت و لە چەمەکە پەڕییەوە، لەبەردەم ئاغا و کوێخادا چۆکی دادا، دەستی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و لێیان دەپاڕایەوە.

دەنگی هەسارە خاتوون هاتەوە: «لەبیرت نەچێت، ئەو دووانەت لەبیر نەچێت.» ڕاچڵەکی، چوارهەڤاڵەکە بەسەریەوە. وڕێنەی دەکرد، لە وڕێنەکاندا دەیگووت: «واز لە سەگەکان بهێنن، خاوەنەکانیان چارەسەربکەن.»

# ١٥

هەواڵی ئازادبوونی ساکینەیان پێگەیشت.

بە نیازی لە نزیکەوە ئاگاداربوون، خۆیان کۆکردەوە گەشتێک بۆ باکووری کوردستان بکەن. پێنج هەڤاڵەکە و کەسیرەیان لەگەڵ خۆیان برد. لە دواوەی پاسەکە دانیشتن. ڕێگاکە دوور، هەڤالان بە گفتوگۆ و خەو لێکەوتن کاتەکەیان بەسەردەبرد، ئاپۆ بە خوێندنەوە. کەسیرە بێدەنگ و نیگەران. تواناکانی خستبوویە گەڕ، هاوسەرەکەی گەمارۆ بدات و بیباتە ناو دونیاکەی خۆیەوە، پێچەوانەکەی وەردەگرتەوە، هاوسەرەکەی ئەوی دەبردە دونیایەک ئارەزووی لێنە دەکرد. کچە چەپەکە، دوای هاوسەرگیری گۆڕا، وەک ژنێک لە خەمی خۆی و خێزانی داهاتووی بێت بیری دەکردەوە، خەیاڵ و سەرکەشییەکانی ڕەوینەوە، گلەیی کردن، بۆڵە بۆڵ، گفتوگۆی بێهودە، ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی تەواو نەدەبوون. بە هەموو ئەوانەوە، هێشتا دەیەویست چاوی لەسەری بێت، بزانێت چی دەکات و بەرەو کوێ دەچێت، نیازەکان و پرۆژەکانی چین.

گەیشتنە ئەستەنبوڵ، نەوەستان، لە گاراجەوە بۆ گاراج، سواربوون و بەرەو نیشتمان کەوتنە ڕێ. چوار کوردەکە تێپەڕین بەناوچە

سەوزاییەکەدا و ڕووکردنە ناوچە بێ درەخت و سەوزاییەکان، تێپەڕین بوو بەناو دوو گەل و دوو کولتوور و دوو ژیانی جیاوازدا. گوندەکانی قەراخ ڕێگا، خانووەکانیان کۆن، جلوبەرگی خەڵکەکەی تۆزاوی، ڕوخساریان ئەسمەرێکی تۆخ، ماندووبوونی پێوە دیار بوو. شوانەکان، دوکانە بچوکەکانی سەر ڕێگاکە، دەست گێڕەکان، منداڵ خوێن شیرینەکان، کە بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد، شتێکمان لێبکڕن. بازگە و ڕوخسارە توندەکەی جەندرمەکان، کاتێک دەچوونە ناو پاسەکە و هەرکەسێک گەنج بوایە بە پەنجەیەک ئاماژەیان بۆ دەکرد دابەزێت. داوای ناسنامە، ئیشوکاری، بۆکوێ دەچێت، کەی دەگەڕێتەوە. ئەو پرسیارە بەردەوامانە لەناو هەموو بازگەیەکی ناوچە کوردییەکاندا ڕووبەڕوویان دەبووەوە.

گەیشتنە ئامەد، شارە دێرینەکە و شورا کۆنەکەی. درەختە پیرو گەورەکانی. پیاوە سمێڵنەکانی، کە یەکی جامانەیەکیان بە شێوازێکی کرمانجی دەپێچا لە سەریان. گەنجە کلێتە لە سەرەکان، نووسینی سەر دیوارەکان، کوژاندنەوەی بەشێک لە دروشمی چەپەکان، بە پەمپێکی ڕەش. بەدەم سەیرکردنی دیمەنەکانەوە ئاپۆ گووتی: «هێشتا نەتوانراوە سیما کوردانەکەی شارەکە بسڕنەوە، کەوایە ئەشکەوتەکە بەتەواوی تاریک نەبووە، یەکێکی دەوێت ئاگرەکەی میترا داگیرسێنێت و ڕووناکی بکاتەوە.»

دۆخی ناوچە کوردییەکان جیاوازتر، جەندرمە و پۆلیس، هێزە سەربازییەکان، لە زۆربەی شوێنەکان دەبینران. دەوڵەت قورساییەکی گەورەی خستبوویە سەر باکوور، دەترسا چەپەکان ببنە داینەمۆیەک بۆ سەرهەڵدانێکی نوێ. لەناو بازاڕەکاندا ئۆتۆمبێلی پۆلیس دەوەستا چاودێریی خەڵکیان دەکرد، چایخانەکان پڕکرابوون لە کەسی متمانە پێکراوی دەوڵەت، بۆ گوێگرتن لە قسەوباس. لەناو خێڵەکاندا، چ گوندنشینەکان، چ لە شارەکان، چەکیان دابەشکردبوو بەسەر جاشەکاندا

و ئازادیان کردبوون، گومانیان لە هەرکەسێک هەبێت، دەستگیری بکەن و بیدەنە دەوڵەت، زەویی گوندە پێبەخشراوەکانیان بدەنە ئەو جوتیارانەی زۆرترین باجیان پێدەدەن. ماڵی گەورەیان لە شارەکان دروستدەکرد و پاسەوانیان دادەنا، دیوەخانی ڕازاوە و خزمەتکار، ئەفسەرە تورکەکان بە پوتینە ڕەشەکانیانەوە تاسەری سەرەوە دەڕۆیشتن و ئاغا و کوێخا و شێخ و بەگەکان، نەیاندەوێرا هیچ بڵێن.

لە چێشتخانەیەک چاویان بە دوو هەڤاڵ کەوت، پێشتر لە هاتنەکە ئاگادارکرابوونەوە. دۆخی ناوچەکەیان بۆ شیکردنەوە. بە قسەی ئەوان، گروپی نوێی چەپ دروستکراون دەوڵەت هاوکارییان دەکات. شوێنیان دەداتێ و پارەیان پێدەدا، یارمەتییان دەدا خۆپیشاندان بکەن، بۆ ئەوەی گروپەکانی دیکە بچنە ناویانەوە و دەسگیریان بکەن. زیندانە کۆن و نوێیەکان پڕکراون لە دەستگیرکراو، تەنانەت لەسەر بۆچوونێک ڕاپێچ دەکرێن. چالاکییەکان بەنهێنی لە شەواندا دەکرێن، پێویستی بە وریاییەکی زۆرە تەنانەت بۆ نووسینی دروشمێک لەسەر دیوار.

لەوێ نەمانەوە، بەرەو خارپێت ڕۆیشتن. چوونە ماڵە سپییەکە. یەکێک لە ماڵە دیارەکانی شارەکە بوو، خاوەنەکەی کوردێکی خانەدان، ماڵەکەی کردبوو بە بارەگای کوردە چەپەکان. کۆمەڵێک ژن و پیاو خزمەتیان دەکرد، پیاوێکی ساماندار، ئەمما ڕۆحێکی شۆڕشگێڕانەی هەبوو، عەلی قەیتان بەگاڵتەوە: «گەر بزانێ ئێمەی چەپ سەربکەوین ماڵەکەی دابەشدەکەین بەسەر کرێکاراندا، هەرئێستا دەرمان دەکات.» بە قسەکەی دەستیانکرد بە پێکەنین. خاوەن ماڵ کەمێک وردەکاریی لەسەر گروپە نوێیەکە هەبوو، کەیفی دەهات لە خەمی کورد و ناوچە کوردییەکانن، ڕێزێکی تەواوی دەگرتن، شوێنی تایبەتی بۆ دادەنان.

ئاپۆ لەگەڵ دوو لە هەڤالان و کەسیرەدا لەو ماڵە مانەوە. پەیامیان بۆ ساکینە نارد، لەگەڵ مەزلومدا شوێنێک بەکرێ بگرن. کەسیرە

دۆخەکەی بەدڵ نەبوو، سەرنجی ژیانی کوردانی دەدا، لەناو دۆخێکی دژ بەیەکدا دەژیان. دەوڵەتییەکانیان دەستیانکراوە و زۆرینە لەبەردەم هەڕەشەدا. بۆی گرنگ نەبوو، سۆزەکەی جارانی بۆ شۆڕش نەما، بە درێژایی ڕێگاکە جگە لە کاتی دابەزیندا جگەرەیەکی دەکێشا و زەردەخەنەیەکی دەخستە سەر ڕوخساری، تا وا خۆی دەرخات بە کەیفە، تاقە قسەیەکی نەکرد.

ماڵە سپییەکەیان جێهێشت، چوون بۆ جێگایەکی دیکە، ئاپۆ و جەمیل شوێنیان گۆڕی. ژێرزەمینەکەیان هەڵبژارد. ئێوارە ساکینە گەڕایەوە، بینی میوانەکان لەوێن. پەشۆکا، دەستی خستە سەر دەستی و ڕەنگی سپی بوو، چاوەڕوان نەکراو بوو. ئاپۆ لە ژوورەکە بە پێوە وەستابوو، کاتێک ساکینە چووە ژوورەوە. هەستی بە شڵەژانی کرد، بە دەنگێک ئاوازی هەڤاڵانەی پێوەبێت: «ماڵەکەمان بۆ ڕێکخستنی، کەمێک پەرشوبڵاو بوو، مرۆڤی شۆڕشگێڕ گەر نەتوانێت ماڵەکەی خۆی ڕێکبخات، چۆن دەتوانێت گەلێک ڕێکبخات. هەموو شتێکی ئەم پرۆژەیەی ئێمە، لە خودی خۆمانەوە دەست پێدەکات. پرەنسیپ و دیسپلین، لەبەرامبەر کۆمارێکی بە پرەنسیپ و دیسپلیندا، ئەرکی یەک بەیەکمانە.»

ساکینە شەرمی لەخۆی کرد. بڵاوکراوەکانی دانا، تەماتە و هێلکە و نانی گەرمی هێنابوویەوە، کەوتە دروستکردنی خواردن، جەمیل و ئاپۆ یارمەتیاندا، دەنگی دەرگا هات، ساکینە کردییەوە، مەزلوم و کەماڵ و خەیری، پێکەوە، یەکیان لەبەردەرگا وەستا چاوەڕێی شاهێنی دەکرد، گەیشتن. دوای نانخواردن کۆبوونەوەیەک کرا، لە شێوەی ڕێکخستن و مامەڵەی گروپەکەیان کۆڵییەوە. ڕەخنەی توندیان لە شاهێن گرت: ئاپۆ بە دەنگێکی بەرز: «تۆ دەبێت گەورەبیت، دەبێت کەسایەتییە خۆ دەرخەرەکەت چاک بکەیت. ئێمە سەکۆی شانۆمان دانەناوە، خەمی گەلێک بەسەرشانمانەوەیە، گەر بەشوێن خۆ دەرخستن و دەسەڵاتدا

دەگەڕێیت، کۆمار جێگایەکی خراپ نین بۆت. خۆت چاککە، ببە بە هەڤاڵ، یان پێت ناکرێت هەڤاڵان پەرێشان مەکە، زمانە پیسەکەت و قسەکردن لەسەر هەڤاڵانت، نیشانەی لاوازی پەروەردەکردنتە.»

سەرە لاکێشەییەکەی داخست، پەڵە سپییەکەی ناوەڕاستی سەری دەرکەوت، دەبریسکایەوە، ملە پانەکەی یەک بست بوو، لە گۆشەیەک خیسی کرد و بەشداریی گفتوگۆکانی دواتری نەکرد. بە مۆنییەکەوە تەماشای ساکینە و خەیری و کەمال و مەزلومی دەکرد. ئاپۆ دڵخۆشبوو بەو گەنجە نوێ و هوشیارانە. لەبارەی گروپەکەیانەوە بۆیان دوا: «هەنگاوی یەکەم شا هەنگاوە، کلیلی کردنەوەی ئامانجە. ئەم گەلە لەناو زینداندایە، چاوەڕێی هاوارێک، جوڵەیەکە، لەم ڕۆژگارەدا نەتوانین ئەم گەلە ڕاچڵەکێنین، دوادەکەوێت بە پەنجا ساڵی تر ڕاناچڵەکێت. سروشتی ئەم گەلە وایە، دوای تراژیدیاکان خەونی هەڵسانەوەی هەیە، کێ خەونەکەی بۆ بەدی بهێنێت، دەتوانێت هەڵی بسەنێتەوە. چاوەڕوانی چەپەکان مەکەن، دەسەڵاتیش بگرنە دەست، پێناچێت زیاتر لەوە ببەخشن بە کورد، کە کۆمارییەکان پێیان بەخشیوە. زمان و کولتوورەکەتان بناسن، وزەی گەورەی گەل لەناو زمان و کولتوورەکەیدایە.» کۆمەڵێک قسەی دیکەی بۆ کردن، سەرسامانە گوێیان دەگرت، پێشتر کەس لەوبارەیەوە لەسەر گەلی کورد بۆیان نەدوابوو، کە ڕۆیشتن، لە ڕێگە مەزلوم تەماشای هەڤاڵانی کرد: «نەمگوت ئەز ئاپۆ چیم، هەڵە نەبووم وایە؟» سەریان بۆ ڕاوەشاند، خەیری دەستی خستە سەرشانی، شانی گوشی، باڵای لەو بەرزتربوو، وەڵامی شانازیی بەخۆکردنەکەی دایەوە، «تۆ هەڤاڵێکی ڕاستەقینەیت، دڵنیام بەمجۆرە هەنگاو بنێیت، دەبیتە چیرۆکێکی مەزنی ناو ڕۆمانەکە.»

دوو شەو لە ژێر زەمینەکە مانەوە. هەڤاڵی دیکەیان بینی. بەبێ پرس و ئاگاداری شوێنەکەیان جێهێشت. شاهێن هاتبوو بیان بینێت، لەوێ

نەبوون. لە ناخەوە پەست و توڕە. چاوەڕێی کرد ساکینە بگەڕێتەوە، ڕژاندی بەسەر ئەودا، گوایە وێنەی لای دەستەی گروپەکە ناشیرین دەکات. تەنها یەک وەڵامی دایەوە: «باشتر لە خۆت بڕوانە.» بەو قسەیە دەهری بوو، بە دەنگی بەرز: «ئێوە ڕقتان لە منە، لەبەر خۆم نا، لەبەر خاڵۆکانم، بنەماڵەکەم، چیبکەم خزمەتکاری دەسەڵاتن، منیش دەمتوانی وەک ئەوان بکەم، نەمکرد. کەسێکم نامەوێت خۆم بشارمەوە، ئارەزوومە دەوروبەرم، خزمانم بزانن من کێم و چیدەکەم.»

ساکینە لەسەر دۆشەکەکە دانیشت. بەشێوەیەک وەڵامی دایەوە، نە توڕە، نە هێمن. «تۆ لەبەر خۆ نواندنت، دەتەوێت تەواوی گروپەکە بخەیتە مەترسییەوە. چەندجارێک ئاگادارکرایتەوە، ئەمڕۆ ئاپۆ خۆی سنوورێکی بۆ دانایت، هەوڵدە لە ڕابردووت نەچیت.» دەمانچەکەی لەناو جانتاکە دەرهێنا، شاهێن ترسا، نەیزانیبوو دەمانچەیان لایە، لە کوێیان هێناوە. لەسەر مێزی نانخواردنەکە دایناو، ترسەکەی ڕەوییەوە و پرسی: لە کوێتان بوو؟

- لە گروپ بپرسە.
- بۆمەگەر من بەرپرسی ئێوە نیم لەم شارەدا؟
- بەڵێ... بەرپرسی، بەڵام دەمانچەکە پەیوەندی بە منەوە نییە، دەتوانی لە هەڤاڵان پرسیار بکەیت.

شاهێن بە توڕەبوونەوە ژێرزەمینەکەی جێهێشت. خۆی گەیاندە شوێنی مەبەست، پرسیاری هەڤاڵان و ئاپۆی کرد، کەسیان وەڵامی ڕاستی لا نەبوو. بڕیار بوو سبەی خۆپیشاندانێک بکرێت بۆ پشتگیری کرێکارانی کارگەکان. لە بارەگای ڕێکخراوی مامۆستایان کۆبوونەوە کرا، سەرجەم گروپە چەپەکان و نوێنەری کرێکارانی کارگەکان لە کۆبوونەوەکە ئامادە بوون. گفتوگۆ لەسەر شێوازی نارەزایەتییەکە کرا، ڕێککەوتن سەرلەبەیانی لەبەردەم خوێندنگەی ناوەندی شارەوە

بۆ بەردەم بارەگای شارەوانی دەست پێبکەن. گروپەکان ئازادن چ دروشمێک بەرز دەکەنەوە.

خۆپیشاندانەکە دەستی پێکرد، لە گروپەکەی ئاپۆ نزیکەی بیست کەسێک ئامادەبوون، دروشمیان جیاواز بوو، ساکینە لە پێشیانەوە دروشمەکانی دەوتەوە و، ئەوانیش لە دوایانەوە. خەیری و هەڤاڵێکی دی باڵایان بەرزبوو، یەکی دروشمێکیان بەرزکردبوویەوە و پڕ بە دەمیان هاواریان دەکرد، لەناو خۆپیشاندەراندا دیاربوون.

بەبێ کێشە خۆپیشاندان گەیەنرایە بەردەم شارەوانی، لەوێ وتارەکان خوێندرانەوە، شاهێن بەناوی گروپی کوردستانەوە وتاری پێشکەش کرد، بوو بەژاوەژاو و نارەزایەتی لای چەپەکان. بەڵام زۆربەی خۆپیشاندەران چونکە کوردی ناوچەکە بوون زۆریان پێخۆشبوو. پاش وتارەکەی چەپڵەیەکی زۆری بۆ لێدرا، کەیفی بەخۆی هات، لەسەر سەکۆکە دابەزی و چووە ناو هەڤاڵان: «ڕۆژێک دێت قسە بۆ هەزاران کەس بکەم.» بە شانازییەوە ئەو ڕستەیەی گووت، ساکینە و مەزلوم بە خێسەیەکەوە تەماشایەکیان کرد. سەرەلاکێشەییەکەی سەر ملە پانەکەی بەرزکردەوە و دەستێکی هێنا بە ورگە دەرپەڕیوەکەیدا. ورگنترین شۆڕشگێڕی ناو گروپەکە بوو. لە سەد لاوە لێیان بدایە، لە هەواوهەوەسی ناو خەیاڵەکانی نەدەکەوت، ئامانجی تەنها خۆی و بەس خۆی.

ئاپۆ و جەمیل و دوران گەشتەکەیان درێژە پێدا. عەلی و موراد بۆ جێگایەکی دیکە ڕۆیشتن. کەسیرە لەگەڵ دوو هەڤاڵ نێدرا بۆ گوندی ئامارا، تاکو ماڵە خەزورانی ببینێت. سەردانەکەی پێخۆشبوو، دەیەویست لە ڕێگەی حەوای خوشکی و هەساره خاتوونەوە، کە دەیزانی ئاپۆ چەندە خۆشی دەوێن، دۆخێک دروست بکات فشاری بخەنە سەر لە کاری سیاسی دووربکەوێتەوە و، بگەڕێتەوە ئەنقەرە بە ژیانی خۆی و خوێندنەوە سەرقاڵ بێت.

# ١٦

گەشتەکە تەواو بوو، پێکەوە گەڕانەوە ئەنقەرە.

دەوام دەستی پێکرد و دەرگای زانکۆ کرایەوە. بەڵام گرنگیی پێنەدا، کەوتە لێکۆڵینەوە، نەخشەکەی سەری بەڕێگایەکی دیکەدا دەیبرد. دڵخۆشبوو بە بینینی ئەو هەموو گەنج و تێکۆشەرەی هاتبوونە ناو گروپەکەوە. کاتی هاتبوو پڕۆژەکەی بخاتە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە. هەتا ڕۆژێک دەوامی زانکۆی دەکرد، سێ ڕۆژ نەدەڕۆیشت. بەردەوام خوێندنەوە و بیرکردنەوە، بێدەنگ و گۆشەگیر، ئەمما نە تووڕە و نە بێزار، دەم بە پێکەنین، کەمتر لەجاران کەسیرەی دەبینی.

لە ژوورەکە دانیشتبوو، سێ ڕۆژ بوو نەچووبوویە دەرەوە. دۆخی داراییان خراپ. هەڤالان گەڕانەوە ماڵ، تاکو گفتوگۆی لەسەر بکەن چارەسەرێک بدۆزنەوە. پێکەوە ڕێککەوتن لەسەر دانانی عەرەبانەیەکی کوبە فرۆشی. کردیان بەسەرە، هەر ڕۆژەی یەکێکیان بیفرۆشێت، دروستکردنەکەیان بە هەمان شێوە. برنجیان دەکڕی، دەیانکوڵاند، قیمە و ناوکە بادەم، بەئالەت ڕەنگیان زەرد دەکرد، جوان کوبەی بچوکیان

لێدروست دەکرد، دەیانخستە سەر عەرەبانە و لە گۆشەیەک بەرامبەر دەرگای زانکۆ، دەیانفرۆشت. عەلی بەگاڵتە کردنەوە: «دەسەلات بێت بۆمان، بە کوبە تێکی دەشکێنین.» کەمێک پارەیان کۆکردەوە، بەشی کرێ خانوو، خواردن.

ئێوارەیەک جەمیل گەڕایەوە، نیگەران، دەموچاوی دابوو بەیەکدا. تەماشای ئاپۆی دەکرد خەریکی تێبینی نووسینە لەسەر تیانووسەکەی. وەستا هەتاکو سەری بەرزکردەوە، «هەڤاڵ هاتوونەتە ناومان.» زەردەخەنەیەکی بۆ قسەکەی کرد و دەستیکردەوە بە تێبینی نووسین، ئەمجارە بە دەنگی بەرزتر گوتی. «هەڤاڵ لە ناوماندان» پێنووسەکەی دانا و پرسی چی بووە؟

- باوکی لە کۆمارییەکانە، خۆی هاتووچۆی ناو دەزگا سیخوڕییەکان دەکات!
- ئارام، بەڵام کەمێک ڕەش هەڵگەڕا، خۆت بینیت؟
- بەڵێ هەڤاڵ.
- گوێ بگرە، تۆ تەنها یەک کەس دەبینیت لە ناوماندایە، من پێموایە لە چەند گۆشەیەکەوە هاتوونەتە ناومان. نابێت هەنگاوی هەڵە بنێین، لەناو لانەی ورچەکەداین، باوا بمانبینن لەژێر دەستیاندانین، ئاگامان لە هیچ نییە، خەوتووین؟ ئێمەش وا خۆمان دەنوێنین لە ژێردەستیاندانین. «پەنجەی بۆ سەری برد» نەخشەکەمان لێرەدا دەشارینەوە، کەس نایبینێت.
- هەڤاڵ بۆ نەیکوژین؟
- خۆشەویستی ناکوژم، هیچ کەس خۆشەویستی خۆی ناکوژێت، ئەز خۆشەویستی دروست دەکەم. دەیەوێت داگیرم بکات، بێتە ناو سۆزەکانمەوە، بمکات بە کەسایەتییەکی داڕزیوی ناو سیستەمی دەسەلات، بمکات بە پیاوێکی خزمەتکار، لە دوولاوە

بەڵێ لە دوولاوە، سەربکەوێت. بیرمناچێت، دایکم بە منداڵیی پێی دەگووتم: بەهێزبە و تۆڵەی خۆت بکەوە. بەهێز دەبم و تۆڵەی خۆم دەکەمەوە، ئەمما بەو جۆرە نا تۆ باسی دەکەیت، هەرکەسەو بە شێوازی خۆی. خۆشەویستی ناکوژرێت لە گۆشەیەکی ناو یادەوەری دەشاردرێتەوە، یان گەورە دەکرێت، لە کەسێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ گەلێک، وەک ئەحمەدی خانی، چۆن مەم و زینی کرد بە چیرۆکی خۆشەویستی گەلێک، ئەز وادەکەم. لەوەگەڕێ. تۆ چۆن باکوور دەبینی؟

- ئاسودەم پێی، کاری گرنگیان کردوە، خەڵکی باشیان هێناوەتە ناو گروپەکەوە، پێویستە پەروەردەکردنیان چڕبکەینەوە. باشتر هوشیاریان بکەینەوە، ئازاو خاوەن ئیرادەن، بەڵام هوشیارییان سنووردارە.
- هەنگاو دەنێین، ئەز بڕوام وایە: دەچینە ناو یارییەکەوە، تا ئێرە مەترسییەکە زۆرنەبووە، چاڵەکانی ناوخۆمانم بینیوە بە کەسانی سەر بە کۆمار پڕکراونەتەوە، نامەوێت جارێ ئەو چاڵانە داپۆشین، گۆڕەپانەکە دروست دەکەین، کە دروستمانکرد ئیدی یەکلایی دەبینەوە، دوژمنەکان دەمان بینن، لە چوارلاوە هێرش دەکەن، لە ناوخۆدا کرمۆڵی دەکەن، ئێمە چی بکەین؟
- گۆڕەپانەکە پاک دەکەینەوە!
- هەڤاڵ جەمیل، تۆ بەردەوام ڕێگا سەربازییەکە هەڵدەبژێریت. کوا نینۆکمان؟ ئێمە هێزێک نین بتوانین بەرامبەر بە هێز و چەک و سوپای کۆمار بوەستینەوە، ڕێگەی سەربازی بۆ ئەم ڕۆژگارەی ئێمە دەست نادات. بیر لە ڕێکخستن بکەرەوە، بیر لە دروستکردنی کەسەکان بکەرەوە، دەست لەناو گۆڕەپانەکە نادەین، ئەوەیان هەڵگرە بۆ کاتی خۆی. دەرەوەی گۆڕەپانەکە چۆن هەڵسەنگێنین. ئێمە لەناو کۆی گروپەکاندا گروپێکین، کە خۆمان جیاکردەوە و

دەستمانکرد بە تێکۆشان، دڵنیابە تورکەکان چاو لە بەشە تورکەکە دادەخەن و هەموو چاوەکانیان دەگوازنەوە بۆ باکوور. بەنیازنیم تراژیدیایەک بۆ گەلەکەم دروست بکەم و هەڵسانەوەکە خامۆش بێت، ئەوەی بیری لێدەکەمەوە هەڵسانەوەیەکی درێژخایەنە، کۆتایی نایەت، ئەشێت خوێنێکی زۆر بڕژێت، بەڵام جارێکی دیکە دێرسیم و خامۆشبوونەوەی شۆڕشی کوردان نابینن. کاتێک دەست دەدەمە چەک، مرۆڤەکەم پەروەردەکردبێت لەبەردەم گەورەترین چەکدا، هێز و ئیرادەی لەدەست نەدات. ئەگەر تێکۆشانەکانی ڕابووردوو گەڕانەوەی خاک و دەرکردنی بێگانە بووبێت لە نیشتیماندا، ئەم تێکۆشانە پاککردنەوەی هزری مرۆڤەکە و گەڕانەوەیەتی بۆ سەر زمان و کولتووری و، داڕشتنەوەی کەسایەتییەتی.

- تۆ چۆنت نەخشە بۆ داڕشتوە، ئێمە بەو جۆرە کار دەکەین.
- نا... پێویستە تۆ، ئەوان، هەمووتان، ئاپۆیەک بن لە شوێنی خۆتاندا. وەک سەرەتای نەورۆز، هەمووساڵێک دەست پێبکەنەوە، جلوبەرگی نوێ بپۆشن، ئاگرەکان داگیرسێنن، پەیوەندییە دێرینەکەی نێوانتان تازە بکەنەوە، بە گڕوتینەوە بەرەو ساڵێکی نوێ هەنگاو بنێن. نەورۆز بکەنە بنەمای دەستپێک، بەڵام بۆ هەموو سات و هەموو ڕۆژێک. من لەناوتاندابم یان نا، نەورۆزەکە باژیانێکی نوێ لەگەڵ خۆی بهێنێت. خوانێک بێت کۆتان بکاتەوە، چەمکێکی شکۆدارە، ئیشی تێدا بکەن. چیرۆکێکی مەزنە، لە دەوری بن.

تەواو، پرسەکانی گەلاڵەکردبوو، بەنیازی جیاکردنەوەی سەربەخۆی ماڵی کوردانبوو لە کۆی ماڵەکانی دیکە. کۆبوونەوەیەکی ئاسایی لە ژوورەکە لەگەڵ هەڤالان بەست، چەندخاڵێکی خستە ڕوو: «دەگەڕێینەوە باکوور، کارمان هەیە، دابەشدەبین بەسەر ناوچەکاندا، وزەی خۆتان بەهەدەر مەدەن. کاتی هەنگاوە مەزنەکەیە.» جگە لە جەمیل ئەوانی دیکە تەماشای یەکتریان دەکرد، نەیاندەزانی هەنگاوە مەزنەکە چییە،

لە ناخەوە دڵخۆش، چاوەڕێی جوڵەیەکیان دەکرد. کۆبوونەوەکە تەواو بوو، عەلی قەیتان گەرچی زۆر ڕژد و بە دیسپلین بوو، ئەمما دەستی لە قسە خۆشەکانی هەڵنەدەگرت: «هەڤاڵینە بە عەرەبانەی کوبەکەوە دەگەڕێینەوە، یان بەبێ ئەو.» دەستیانکرد بە پێکەنین.

دیسان خۆیان ئامادەکرد بۆ باکوور. کەسیرەیان لەگەڵ خۆیان برد. بەهەمان ڕێگا دوورەکەدا بەرەو نیشتیمان. دابەشبوون بەسەر شارەکاندا. تەنها جەمیل و کەسیرەی لەگەڵ بوون. فرسەتی هێنا باسی ماڵی باوکی بۆ کرد، گوایە حەواو هەسارە خاتوون زۆر دڵخۆشبوون بەسەردانی پێشویان، حەزیانکردوە خانووێک بەکرێ بگرن و سەردانیان بکەن. حەوا داوای لێکردوە هات بۆ ماڵیان هەفتەیەک لایان بمێننەوە. گەورە بووە، کچێکی باریکەلەی خوێن شیرین. وێنە کۆنەکانی ئاپۆی پیشانداوە، هی سەردەمی ناوەندی و بەشی هونەر لە ئەستەنبوڵ. لەو جۆرە قسانەی زۆر کرد سۆزی بجوڵێنێت. گوێی بۆ گرت و پێدەکەنی.

کەسیرەی نارد بۆ خانووە سپییەکە، لەگەڵ جەمیل بەرەو ژێرزەمینەکەی خارپێت. پێشتر نامەیان ناردبوو. هەڤاڵان لەوێ چاوەڕێیان دەکرد، ژوورەکە پڕبوو، چاوێکی پێدا خشاند کەلوپەلەکان پاک و جوان لە شوێنی خۆیان دانرابوون، تەماشای ساکینەی کرد، پێکەنی، یانی بە دڵمە. لەگەڵ هەڤاڵاندا پرسی چالاکییەکانی خستە بەرباس.

یەکێک لە گەنجەکان نیگەران بوو، گروپەکەی بەسست و لاواز دەبینی. نە خۆی توانای دروستکردنی خۆپیشاندانێکی هەیە، نە لە تەواوی دیواری شارەکەدا دروشمێک دەنووسێت. گروپێکە سەری خستوەتە باوەشی خۆی ورتە ورت دەکات و سەرقاڵی ڕێکخستن و کۆکردنەوەیە بەبێ چالاکی. نیگەرانییەکەی زۆر پێخۆشبوو، دەستخۆشی لە هەڤاڵانکرد ئەرکی خۆیان بەباشی بەڕێوە بردوە،

خۆیان خەریک نەکردووە بە خۆپیشاندان و نووسینی سەر دیوارەوە. لەبارەی خوێندنەوە و دیسپلینی نێوان هەڤالان و گفتوگۆوە پرسیاری کرد. دەرئەنجامێکی باشی بەدەست نەهێنا. ئاستی هوشیارییان سنوورداربوو، پێویست بوو زیاتر فشاریان بخرێتە سەر تاکو لەبارەی گەل و مێژوو و ڕەگوڕیشەیانەوە بە ئاگابن.

کۆبوونەوە دوای کۆبوونەوەی دەکرد. لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەک، لە گوندێک بۆ گوندێک، لەو شارەوە بۆ ئەو شار. بەیاننامە و وتارەکانی بەسەر ئەندامانی بەشداربوودا بڵاودەکرانەوە. پێشنیازی کتێبی نوێی دەخستە بەردەمیان. دەکەوتە شرۆڤەکردنی ئەو ڕۆژگارەوە و لە یەکێک لە ماڵەکاندا تەنها شەش هەڤاڵی لێبوو، پرسی ئازایەتی و مانەوەی خستە بواری شیکردنەوە: «گەلی مە ئازابووە، وە نەبێت بێئاگاو خەوتوو، وەک لەوەی دوژمنەکان باسیدەکەن. جوڵانەوەکان دەروازەن بۆمان تێبگەین گەلێکی ئازا و بە ئاگاین. جوڵانەوە بەبێ ئاگایی لەسەر پرسێک ڕوونادات. لە هەمان کاتدا، بەبێ ئازایەتی ڕوونادات. بەڵام بەشێکیان کپ کرانەوە و بەشێکیان مانەوە، مانەوەکە گرنگترە لە سەرکەوتن.

ئیبراهیم گەلەکەی خۆی لە چنگی نەمرود ڕزگارکرد، بۆ ئەوەی درێژە بە چیرۆکەکەی بدات. دەیتوانی لە ئورفا بمێنێتەوە لەناو بچێت، بەڵام سەرزەمینێکی ئازادی کردە گۆڕەپانی نووسینەوەی چیرۆکەکەی. ئێمە دەتوانین بە گەلی ئورفا بڵێین: ترسنۆک؟ بێگومان ناتوانین، گەلێکی ئازایە، دژی دەسەڵاتی ستەمکاریی نەمرود وەستایەوە، بتەکانی تێکشکاند، شکاندنی ئەو بتانە شکاندنی هونەری ڕۆژگاری دێرین نەبوو، شکاندنی فۆرمی دەسەڵات بوو. بتەکان نوێنەرایەتی دەسەڵاتیان دەکرد، نوێنەرایەتی ئەو خودایانەیان دەکرد لەسەر زەوی چینەکان و مرۆڤەکان دەچەوسێننەوە. کەوایە هەمان چەکوشەکەی ئیبراهیم

بەدەست منەوەیە، دەیکێشم بەسەری نەمروددا. ئێوە چەکوشەکانی خۆتان هەڵگرن، ئەو بتانە بشکێنن ساختەن، دەیانەوێت وێنەی گەورە و دەسەڵات بۆخۆیان دروست بکەن، لە ئاغا و موختار و شێخەکانەوە دەست پێدەکەین، هەتا تەوقی سەری کۆمار. ئەو کارە بەچی دەکرێت، بە ئازایەتی و ئاگایی، بە دووبارە نەکردنەوەی هەڵەکانی پێشوو، بە دروستکردنی ڕووبەرێکی هوشیار، خۆ پەروەردەکردن، بەڵێ خۆ پەروەردەکردن، چەقی شۆڕشەکەی من، لە ناخی کەسایەتییمانەوە دەست پێدەکات.»

ماندوو نەدەبوو، بەردەوام قسەی دەکرد، دەستی دەجوڵاند، وزەی پیشانی هەڤاڵان دەدا، خەوی کەم بوویەوە، گلێنە سپییەکەی چاوی دەماری سووری تێدا دروست بوو. شان و ملی پتە و، تووکەکانی دەستی بەلادا کەوتبوون، هانی گەنجانی دەدا بۆ سەرزەمینی ئازادی و هوشیاری، بۆ خودناسی و گەل ناسی. جوانترین ساتی ئەو ساتەبوو، دەستەکانی بڵاوکردەوە و بە دەنگێکی گڕەوە گووتی: «شەڕی ئێمە لەگەڵ دوژمنەکانمان، شەڕی میتۆلۆژیایە، با میتۆلۆژیای خۆمان بنووسینەوە.»

# ١٧

نامـه بـۆ هەڤـاڵان نێـردرا، ئاگادارکرانـەوە لـە کاتـی دیاریکـراودا لـە گونـدی فیسـی ئامـادە بـن. بیسـت و سـێ کەسـێک بانگهێشـتکران. گوندێکی دوورە دەسـت، لـە ئامـەدەوە نزیکـەی دوو کاتژمێـر بەجـادەی خۆڵدا دەڕۆیشتی جا دەگەیشتیتێ. نە ئاغای هەبوو، نە کوێخا، قەڵای جەندرمەکانی لێ نەبوو، فەرامۆشکراو، خەڵکەکەی بە بەخێوکردنی مەڕو گاو بـزن و جوتیاریکردنـەوە خەریـک بـوون. دوو بـەش بـوو، بەشـێکی کەوتبوویە سـەر تەپۆڵکەیـەک و لـە بەشـی خوارەوەی تەختاییەکە چەند خانووێـک لـە تەنیشـت یەکدا. لـە دیـوی سـەرەوەی هـەردوو بەشـەکە، خانووێکـی دوو نهۆمـی لێبـوو، دۆسـتی گروپەکـە، نهۆمـی سـەرەوەی سێ ژوور و هەیوانێـک، نهۆمـی خوارەوەی داڵانێکی گـەورە، بـە چەند پایەیـەک ڕاگیرابـوو. ئاپـۆ و جەمیـل، سـاکینە و کەسـیرە، پێکـەوە لەنـاو ئۆتۆمبێلێـک بـوون، لـە ڕێـگا بێدەنگییەکـی زۆر، تەنهـا ئاپـۆ جاربەجـار لەبارەی شـوێنەکان و جـۆری ژیانیـان پرسـیارێکی دەکرد، شـۆفێرەکە وەڵامـی دەدایـەوە. پێـش هەمـووان گەیشـتنە ماڵەکـە.

خـاوەن مـاڵ لای گوندییـەکان بڵاوی کردبوویەوە، هەڤاڵانی خوێندگەی کوڕەکـەی داوەت دەکات، دەیەوێـت ناوچەکـە ببینـن. بـەو بیانـوەوە

چاودێریکردن و گومانکردنی لەسەر گوندییەکان نەهێشتبوو. گەیشتن. یەک_ یەک و دوو_ دوو، خۆیاندەکرد بە ماڵەکەدا. لە داڵانەکە فەرشێک و چەند کورسییەک دانران، مێزێک لەسەرەوە، ئاپۆ و خەیری لە پشت مێزەکە دانیشتن، لەسەر پارچە پەڕۆیەک نووسرابوو، «کۆنگرەی یەکەم بۆ دروستکردنی پارت.»

هەڤالان خۆشحاڵ و دڵگەرم، یەکی تیانووسێک و پێنووسێک بە دەستیانەوە. دانیشتبوون بۆ سەر مێزەکەیان دەڕوانی. هەندێکیان ڕاڕا، بەدەم چاوەڕوانی دەستپێکردنەوە، پێنووسەکانیان دەخستە ناو دەمیان. کەسیرەی لێدەرچێت بە مات و مەلولیی لە گۆشەیەک دانیشتبوو، ئەوانی دیکە تامەزرۆی دەست پێکردن ڕوخسارییانی گەشاندبوویەوە. کۆبوونەوە دەستی پێکرد، ئاپۆ وتارێکی لەبارەی دۆخی هەنوکەیی باکوورەوە پێشکەش کرد. لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە کۆمەڵێک خاڵدا: «ئێمە دەمانەوێت ماڵی کورد و خەباتی کورد جیابکەینەوە، ئومێدێکمان بە چەپەکانی تورکیا نەماوە، دامەزراو و خاوەن پرەنسیپ نین، تا ڕادەیەک بەشێکیان فاشیستەکانن بە بەرگی چەپەوە. ڕێکخستنەکانمان تۆکمە دەکەین، لەم ماڵەدا ماوەی سێ ڕۆژمان بەدەستەوەیە بۆ گفتوگۆ، هەوڵبدەن بە کورتی قسە بکەن، بۆ ئەوەی بگەینە دەرئەنجامێک. هەنگاوە مەزنەکە دروستکردنی پارتێکە و بەرزکردنەوەی دەنگی کوردانە. قەڵەمبازی یەکەم لەم ماڵەوە دەست پێدەکات.»

بەجۆش و خرۆشەوە لە ناوی حیزبەکەوە دەست پێکرا، بە کۆی دەنگ ناونرا پارتی کرێکارانی کوردستان. چینی هەژار و چەوساوەی کرد بە داینەمۆی سەرهەڵدانەکە. دەستکرا بە گفتوگۆ لەسەر پرۆگرامی پارتەکە. خاڵ بەخاڵ دەخرانە بەر باس. شاهێن خۆنواندنێکی بێ سنووری ئەنجامدا، خاڵێکی نەپەڕاند قسەی تێدا نەکات، قسەکانی

بۆ دڵنیایی کردنـەوە بـوو لـە قسـەکانی ئاپـۆ. ڕۆژی یەکـەم بەشـێک لـە پرۆگرامـی ناوخـۆ تـەواو کـرا. نانێـک خـورا، هەڤـاڵان لـە نێوان خۆیانـدا کەوتنـە سـەرنج نووسـین لەسـەر خاڵەکانـی دیکـە. سـاکینە تەماشـای کرد کەسیرە لـە تەنیشت ئاگردانەکە دانیشتوە جگـەرە دەکێشێت، وەک غەریبەیـەک لەناویانـدا دەردەکەوێت. چـووە لایـەوە. دەسـتی گوشـی، بـە دەنگێکـی کـز: «نامەوێت دەسـت وەردەمـە ژیانتـەوە، بـەڵام خـۆش نییـە لەبەرچـاوی هەڤـاڵان بـەو جـۆرە دەرکەویت، دەموچـاوت مـەدە بەیەکدا هەستبکەن لەگـەڵ ئاپـۆ کێشـەیەکت هەیـە.» دەسـتی سـاکینەی گوشـی، زەردەخەنەیەکی بۆکـرد و هیچـی نەگـووت.

شـەوەکەی بەشـێکیان خەویـان لێنەکـەوت. کەسـیرە و سـاکینە لـە ژوورێـک خەوتـن. عەلـی قەیتـان بەهەلـی زانـی بیکاتـە شـەوی خـۆی. ئاگرێکـی کـردەوە و کەوتـە نـاو قسـە خۆشـەکانی. هەڤـاڵان نەیاندەوێـرا بـە دەنگـی بـەرز پێبکەنـن. شـەوێکی جیاواز، لـە گوندێکـی دوورە دەسـتدا، دوور لـە چـاوی کۆمـار و نەیارەکانیـان، کۆبووبوونـەوە نەخشـە بـۆ داهاتـووی گەلەکەیـان دابڕێـژن. مەزڵـوم و کەمـال و خەیـری تـا بەیانـی نەخەوتـن، ڕۆژی دووهـەم لەنـاو کۆبوونەوەکـە باوێشـکیان دەدا، ئاپـۆ لەسـەر مێزەکـەوە: «هەڤاڵان پێویسـتە ئێوە لەشـەودا بخـەون، بۆ ئـەوەی کۆبوونەوەکـە نەکەنـە جێـگای خەوتـن.»

خاڵەکانی پرۆگـرام تەواوکـران. گفتوگـۆ گەیشـتە سـەر دانانـی یەکـەم کـەس. ئاپـۆ خـۆی هەڵبـژارد، پێشـنیازکرا کێـی تـر خـۆی هەڵدەبژێرێـت بابێتـە بەرامبـەری، کـەس نەبـوو. بـە تێکـڕای دەنـگ هەڵبژێـردرا، شـاهێن هەڵسـایەوە بـە سـەرۆک بانگـی کـرد، ئاپـۆ بـە دەسـت داینیشـاندەوە: «هەڤـاڵ ئـەز سـەرۆک نیـم، ڕێبـەرم، پارتەکەمـان ڕێبـەری هەیـە نـەک سـەرۆک. سـەرۆک کەسـێکە بێئـاگا، لـە شـوێنێک هەڵیدەگـرن دەیبـەن دەیکـەن بـە سـەرۆکی شـوێنێک، یـان لـە ڕێگـەی ڕەچەڵەکـەوە بـە میـراس

بۆی دەمێنێتەوە. بۆ نمونە تەماشاکە، لە زمانی کوردیدا ناتوانین بڵێین، ڕێبەری خێڵ، پێویستە بڵێین، سەرۆکی خێڵ. بۆچی؟ یان بە میراس بۆی ماوەتەوە، لە باوک و باپیرییەوە، یان هێنراوە خێڵێک خراوەتە ژێر دەستی. خۆی داینەمۆ نییە، ڕێبەر ئەرکی بونیادیی هەیە، جیاوازی سەرۆک و ڕێبەر لەمەدایە. ڕێبەر وەک فەرش چنە، خۆی فەرشەکە دەچنێت، خۆی پەروەردە دەکات، گروپەکان و دامەزراوەکە دروست دەکات، بانگیان دەکات بۆ هوشیاری و تێکۆشان. ڕێبەر مرۆیەکی بێ فیکر و بێ پڕۆژە نییە. لە سەرزەمینێک دانانیشێت خۆی نەی کێڵابێت. گەر شرۆڤەکەی منتان پێ باش نییە، شرۆڤەی خۆتان بخەنە ڕوو با ناوێکی دیکە بۆ خاڵی سەرەوەی پارت دیاری بکەین.» تێکڕا ڕێبەریان هەڵبژارد، لەو دالانەدا، لەناو گوندێکی بچوکدا، بوو بە ڕێبەری پارتێک، ئیدی بە ڕێبەر ئاپۆ بانگیان دەکرد.

دەستەی سەرکردایەتی دانرا، چەند هەڤاڵێکی پیاو، لەگەڵ ساکینە، وەک بازنەی دوای ڕێبەر ناسێنران. یەکەکان و بازنەکانی خوارەوە جیاکرانەوە. شاهێن گەر نەکرایە بەسەرکردایەتی شەوی دووهەمی تێنەدەپەڕاند. بە قبوڵکردنی لەناو لیستی ناوەکاندا، پشتە ملە پانەکەی سوور بوویەوە. بە سەرە لاکێشەییەکەیەوە بەمدیو ئەودیوی خۆیدا دەیڕوانی، دەمی کردبوویەوە پێدەکەنی، دەستی دەهێنا بە ورگە زلەکەیدا و، لەبارەی هەموو پرسێکەوە، قسەی دەکرد. بەشێک لە هەڤالان، بەتایبەت ساکینە، پەست و تووڕە، کەیفی پێی نەدەهات و هیچ کات متمانەی پێ نەبوو.

ڕۆژی سێهەم پڕۆگرامی پارتەکە چەند وێنەیەکی لەبەر گیرایەوە. بەیاننامەی یەکەم، بەناوی مانیڤێستی پارتی و گەلی کورد نووسرا. کەسیرە وەک گوێگرێک لەوێ بوو. هەندێکجار بۆ خۆ دزینەوە، لە ماڵەکە دەچووە دەرەوە لەگەڵ مندالان و مەڕ و بزنەکاندا خۆی سەرقاڵ

دەکرد. هەڤالان هەستیان بەساردی کرد لە نێوان ئەو ڕێبەر ئاپۆدا. بەشی ڕەخنەدان خرایە ناو برگەی پەروەردەوە. بۆئەوەی ئەو بەشەیان بۆ ڕوون بکاتەوە، لەسەر کورسییەکە هەڵسایەوە، تەپڵەکێکی دانا: «ئێرە سەکۆی ڕەخنەدانە، لە منەوە تا یەک بەیەکی کادیران، لەناو پەروەردەدا ئەرکە لەسەریان بێنە سەر ئەم سەکۆیە، ژیانی خۆیان، بیرکردنەوەکانیان، خەون و ئایدیاکانیان بخەنە ڕوو، هەڤالان وەک تفەنگچی ئەم خاڵە دەکەنە ئامانج و ڕەخنەی لێدەگرن. ڕەخنە لە خۆگرتن دەبێتە ڕەخنە لە پارت، لە گەل، لە بنەما کۆنەکان، لە مەترسییەکان. لە خۆمانەوە دەست پێدەکەین تا قوڵایی مێژوو. لە زیهن، زیهنە پڕ لە بێگانەکە.»

بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگ و هێمای پارتەکە، چیرۆکێکی دایکی بۆ گێڕانەوە: «لەشەوێکی ساردا، بەفرێکی زۆر باریبوو، تۆ لە دایک بوویت. لەسەر پەڕۆیەکی سوور دامان نایت و برایتە ناوەڕاستی پیاوەکان، کە لە هەیوانەکە دانیشتبوون.» ئەو پەڕۆ سوورەی شەوی لە دایک بوونەکەی بەو جۆرە هەڵسەنگاند، چارەنووسی گەلەکەمان لەناو خوێنێکی زۆرەوە هاتووەتە دەر، ڕەنگی سوور چەندە ئاماژەیە بۆ ئومێد، هێندە ئاماژەیە بۆ خۆشبەختییەک لەکاتی هاوسەرگیریدا لەناو کوردانیدا دەبێت بەتارا، چەندە ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی توند و بەهێز لە نێوان دوو خۆشەویستدا، هێندە ئاماژەیە بۆ گەلێک ڕابردوویکی خوێناوی هەیە. ڕەنگە سوورەکە بکرێت بە هێمای پارت و ئەستێرەکەی عەشتار بخرێتە ناوەڕاستی.

«عەشتار و خوداوەندە ئینانا، دامەزرێنەری یەکەمین گوند. بەرهەمهێنەری کولتوور. لە تەنیشت ئورفادا یەکەمین گوندی دێرین دۆزراوەتەوە، خوداوەندە دایک ڕابەرایەتی کردوە. ئەستێرە ئاماژەیە بۆ ئەو خوداوەندە دایکە. پێش دروستبوونی دەوڵەتشاری سۆمەری، ناکۆکییەکی بنەڕەتی لە نێوان خوداوەندە دایک و خوداوەندە باوک

نەبوو، لە شاردا ناکۆکییەکە دروست بوو. لە ئاسماندا خۆر باوک بوو، مانگ ژن بوو، کاتێ زەوی درا بە ژن و سیفەتێکی ژنانەی پێدرا، پیاو بیری کردەوە ژن لە مانگ بوون دەربکات و بیکاتە ئەستێرە، چونکە بڕوای وابوو، زەوی بردوە و نیوەی ئاسمانیشی بردوە، ناکرێت، بۆیە ئەستێرە کرا بە ڕەمزی ژن.» ساکینە قسەکانی بە ڕێبەر بڕی: پرسیاری لێکرد مەبەستت چییە ژن ببێتە ئەستێرەی پارتەکەمان؟

«بێگومان، ژن لەناو گەلی ئێمەدا شوێنێکی گرنگی هەیە، گەر تێبینی بکەن، پیاو بەو هەموو دەسەڵاتەوەی وەریگرتووە بۆخۆی، نەیتوانیوە ڕەمزی مانگ لە ژن بسەنێتەوە، تا ئەم ساتە ئەدەبیاتی گەلی ئێمە، مانگ بە ژن دەچوێنێت. هەم لەبەر جوانییەکەی، هەم لەبەر درەوشانەوەکەی، ئەم پارتە ڕەمزی ژن دەکات بە ڕەمزی خۆی. هەوڵدەدات ژن لەو هێرشەی بۆسەر کەسایەتی کراوە و فریودراوە ڕزگار بکات. دەیکاتەوە بە مانگی سەرزەوی کوردان، ئێرە شوێنی ڕوونکردنەوەی تەواو نییە، دەکرێت پاشتر بە شێوەی وتار کۆی ئاماژەکان بنووسم و لە ڕێگەی هەڤاڵانەوە بۆتان دەنێرم. پرسیارێک لە پارت و لە گەل هەبێت بۆم بنێرن، ڕەخنەکانتان بە هەمان شێوە وەڵامیان دەدەمەوە.»

کۆبوونەوەی ماڵە دوو نهۆمییە بە قوڕدروستکراوەکە کۆتایی هات. پارتێکی نوێ لە باکووری کوردستان ڕاگەیەنرا. بەیاننامەکەی و دروشمەکانی لە زۆربەی شوێنەکان بڵاوکرانەوە. گەنجانی وا هەبوون نە دەیانزانی پارتەکە کێن، نە ئاگایان لە کار و چالاکییەکانیان بوو، کەچی شەوان دەمامکیان دەپۆشی و لەسەر دیوارەکان دەیانووسی: بژی کورد، بژی پەکەکە، بژی ڕێبەر ئاپۆ.

ناوی پارتەکە و بەیاننامە و دروشمەکانی گەیشتە دەستی دەزگا سیخوڕییەکان و پۆلیس. دەزگاکان سەرووی خۆیان ئاگادارکردەوە

لە ناوچە کوردییەکاندا پارتێکی نوێ دامەزراوە، خەریکی جۆشدان و هوشیارکردنەوەی گەنجانی کوردن، داوای جوداخوازی دەکەن و نایانەوێت لەژێر دەسەڵاتی کۆماری تورکیادا بژین. پرۆژەکەیان تەنها دژی بەشی باکووری تورکیا نییە، دژی بەشێکی عێراق و ئێران و سووریایە. یەکپارچانە سەیری کوردەکان دەکەن. لە وەزارەتی ناوخۆ و ژەنەراڵەکانەوە وەڵامی ئاگایی نامەکەی شارەکانی باکوور درایەوە، «بۆ ئەندامەکانیان بگەڕێن و هەوڵدەن لەناویاندا گەرای کۆمار بچێنن، لە کاتی خۆیدا دەستگیریان بکەن.»

دەزگا سیخوڕییەکان کەوتنە گەڕان بەدوای ئەندامەکانیان. توانییان دەستیان بگاتە دوو کەس لەوانەی لە ماڵەکەی فیسی بەشداری کۆبوونەوەی یەکەمی دامەزراندنیان کردبوو. لە ڕێگەی ئەوانەوە ناوی بەشێک لە سەرکردایەتی پارتەکەیان دەسکەوت. ناوی ڕێبەریان دەسکەوت. دەستەیەک جەندرمە ڕۆیشت بۆ گوندی ئامارا، سەردانی ماڵی ئاغا و کوێخایان کرد، چیرۆکەکەیان بۆ گێڕانەوە، ئاغا دەیکێشا بە ڕانی خۆیدا: «دەمزانی، لە شەوی یەکەمی لە دایکبوونەکەیەوە سەگەکانم دەیانزانی چی لە دایک بووە، هەستیان بەو مەترسییە کردبوو، بۆچی من هێندە گێل بووم، هەستی سەگەکانم نەبوو. لەبەردەستم بوو، لە خوێندن گەڕایەوە سڵاوی نەدەکرد، بۆچی هێندە بێهۆش بووم خۆلادانەکەیم نەبینی، دەبایە بزانم.» جەندرمەکان تەماشایان کرد باوکێکی هەژار، دایکێکی ئیشکەر و کچۆڵەیەکی ئەسمەر لە ماڵیاندان، ئاگایان لە هیچ نییە، بە ئیشوکاری خۆیانەوە خەریکن و نازانن کوڕەکەیان چیکردووە.

ئاغا و پیاوەکانی، کوێخا و پیاوەکانیان، ڕاسپاردن چاودێری ماڵەوەیان بکەن، گەر سەردانی کردەوە ئاگاداریان بکەنەوە. وەک پێشبینی کردبوو، لە جیاکردنەوەی گۆڕەپانەکەوە دوژمنەکان کەوتنە

گەڕان و بنکۆلکردنیان. سەردانی گوندی نەکرد، لە شارەکانی باکوور ماوەی نا ماوەیەک لە شوێنێک خانوویەکیان بەکرێ دەگرت و تێیدا دەمایەوە، پاشان چۆلیان دەکردو دەچوون لە شارێکی دیکە خانوویەکی دیکەیان بەکرێ دەگرت، چەندین خانووی کرێیان هەبوو، عەلی قەیتان ئەو ڕۆژگاری خۆشاردنەوەیەی ناونابوو: «شۆڕشی بێماڵەکان.» ڕاستی ماڵیان هەبوو، بەڵام تەنانەت ماڵی خۆیان لە ماڵی باوک و دایک و خوشک و برا جیاکردەوە. شوێن گمکێیان دەکرد، دەزگا سیخوڕییەکان بەدوای گروپەکەی سەرەوە دەگەڕان، دەیانویست دەستگیریان بکەن. ئەمما لەوان بە ئاگاتر بوون، تەنانەت جارێکیان ڕێبەر ئاپۆ و جەمیل لە ماڵێک بوون، دووای چەند خولەکێک لە دەرچوونیان دایان بەسەر ماڵەکەدا. کەسیرەی ناردەوە بۆ ئەنقەرە، دڵنیای کردەوە بە زووترین کات سەردانی دەکات و پێکەوە کێشەکانی ڕابردوو چارەسەر دەکەن. کەسیرە بەو هەواڵە دڵخۆشبوو، دەیەویست ماسییەکە نزیک بکاتەوە لە ماسیگرەکە، بۆئەوەی هەرکات ویستی ببێت بە تۆڕەکەیەوە.

# ١٨

ماوەیەکی سەختیان بە شوێن گومکێ تێپەڕاند..

دەزگاکان دەستیان گەیشتە هەڤاڵێک، لە بۆسەیەکدا کوشتیان. کەمال نامەیەکی بۆ سەرووی خۆی نارد، داوایکرد ڕێگەی بدەن تۆڵەی بکاتەوە. دەمانچەیەکی لە ڕێکخستنەکان وەرگرت، ئێوارەیەک دوای تەواو بوونی کار، چاودێریی بکوژەکەی کرد، لە کۆڵانێکدا دایە بەرفیشەک، وازی لێنەهێنا چوویە سەری، ناو گیرفانەکانی گەڕا، بۆ دڵنیابوون ناسنامەکەی برد، کەمێک خوێنی پێوە بوو، بە چاکەتەکەی پاکی کردەوە، تۆڵەی کوشتنی هەڤاڵێکیان بەیاننامەیەکی بەدوادا هات، لە بەرامبەردا هێزەکانی کۆمار، لە ڕۆژنامە و میدیاکانیاندا کەوتنە هێرشکردن بۆ سەریان، گوایە گروپێکی چەقاوە سوون، هاتوون ئارامیی شارە کوردییەکان تێک بدەن و، کارمەندانی دەوڵەت تیرۆر بکەن. لەناو چەپەکاندا، ناکۆکی لەسەر پارتە نوێیەکە دروست بوو، بە تایبەت دوای چالاکیی یەکەمیان.

چالاکییەکانیان دەست پێکرد، تۆڵەکردنەوە لە پیاوانی دەزگا سیخوڕییەکان و هێرشی ئەوان بۆسەر چالاکوانەکان، لە چەندین شار

رووبیدا. ترس و گومانێک لەناو پۆلیس و جەندرمە و هێزە سیخوڕەکاندا دروست بوو. پرۆژەی هێرشی پێچەوانە لە ڕێبەرایەتییەوە شۆڕکرایەوە بۆ ڕێکخستنەکان، پرۆژەکە فەرمانبوو: «ئەوان بە دوای ئێمەدا دەگەڕێن، ئەم بیرۆکەیە دەگۆڕین، ئێمە بەدوای ئەواندا دەگەڕێین.» بەوجۆرە گەڕانەکانیان پێچەوانە کردەوە، ڕێکخستنەکان کەوتنە دەست وەشاندن، ئەندامە مەترسیدارەکانی ناو دەزگا سیخوڕییەکان و پۆلیس و جەندرمە ترس دایگرتن و کەوتنە خۆکۆکردنەوە، وەک جاران لە شوێنە گشتییەکان دەرنەدەکەوتن و سنووریکیان بۆ هاتووچۆکردنیان دانا، تەنانەت چوونەوە ماڵیان بە بێ پاسەوان لێ قەدەغەکرا. ڕێکخستنەکان بە باشی چاودێرییان دەکردن، لە هەر فرسەتێکدا گورزێکیان لێدەوەشاندن. میدیاکانی دەوڵەت کەوتنە ترساندنی خەڵک، بەڵام زۆرینەی دانیشتوانی شارە کوردییەکان نەک پێیان خۆشبوو، بەڵکو یارمەتیان دەدان و داڵدەیان دەدان.

دەنگی کورد گەڕایەوە بۆ سەر شەقامەکان. ئیدی بەشێک لە پیاوان وەکجاران نە دەترسان و لەناو چایخانە و بازاڕەکاندا بە زمانی کوردی کەوتنەوە گفتوگۆ. کاتێک پۆلیسێک یان جەندرمە و پیاوێکی دەوڵەت دەیانبینین هیچیان پێنەدەکرا، نەیاندەتوانی وەکجاران پەلاماریان بدەن و بەسەریاندا هاواربکەن، «بە زمانی کێوییەکان قسە مەکە، بەزمانی کۆمار قسە بکە.» دەترسان ئەو کارە بکەن بیانکوژن.

کەسیرە نامەیەکی بۆ ڕێبەر ئاپۆ نارد، چاوەڕێی بوو بگەڕێتەوە ئەنقەرە. نامەکە گەیشتە دەستی، وەڵامی دایەوە: گوایە کۆمەڵێک ئیشوکاری ماوە، لەو نزیکانە تەواویان دەکات و بە دیداری شاد دەبێت. لە خانووە کرێکاندا دڵخۆشبوو، ڕاپۆرتی شارەکان و ناوچەکانی بۆ دەهات، لە نزیکەوە چالاکییەکانیان و، ڕێکخستن و جوڵەکانیانی دەزانی. چەپەکانی دیکە تا ڕادەیەک کپ بوونەوە، تەنانەت نەیان دەوێرا لە

ناوچە کوردییەکانی باکوور خۆپیشاندانێک بکەن، چونکە کاتێک بەخۆیان دەزانی خۆپیشاندانەکە پڕدەبوو لە دروشمی پارتی کرێکاران و باسی کێشەی کورد و کوردستان. بەشێکیان گروپەکانیان هەڵوەشاندەوە و بەشێکی دیکەیان خۆیان خزاندە باوەشی کۆمارەوە. بە شێوەیەکی خێرا ئاپۆچییەتی لە باکوور تەشەنەی سەند، گۆڕەپانەکەیان تەنی.

لە ڕاپۆرتی والی شارەکاندا بۆسەرووی خۆی نووسی: «تیناگەین، ئێمە پێمانوابوو کورد تەواو بووە، بەڵام بە چەند گەنجێک و لە ماوەیەکی کەمدا، ئەو گەلەیان بە ئاگا هێنایەوە کە کۆمار چەندین ساڵە هەوڵی خەواندنی دەدا.» ڕاپۆرتەکە دزەیکردە ناو ڕۆژنامەکان و بڵاوکرایەوە، ئاپۆ ڕۆژنامەکەی بەدەست گەیشت، خستییە بەردەم جەمیل و پرسیاری لێ کرد، چۆنی دەبینی؟ دڵخۆش و شادومان بەو دۆخە. بەڵام ئاپۆ بە پێچەوانەوە، پێی وابوو: «گەلەکە زۆری ماوە بە تەواوەتی هوشیار ببێتەوە، چەند چالاکییەک و بەرهەڵستییەک مانای ئەوە ناگەیەنێت، کۆمار ترساوە و گەل دژی وەستاوەتەوە، بێگومان هەنگاوێکی گرنگ بوو، هێشتا پەرچەکردارەکەمان نەبینیوە. کۆمار دامەزراوەی گەورەی هەیە، سوپای هەیە، دەوەستێت بزانێت توانای هێزی ئێمە چەندە، هێزەکەمانی ناسی، ئەوکات دەجوڵێت. لە ڕاستیدا ئەمە هێزی ئێمە نییە، تەنها دەنگی ئێمەیە. گەلەکەمان پێویستی بە کاری زۆرە هەتاکو ڕزگار بکرێت. لە خاڵە بچوکەکانەوە دەست پێدەکەین، بۆ خاڵە گەورەکان، وردە چالاکییەکان بۆ من نەبوونەتە خاڵ، تەنها ئەرکێکن بۆ گۆڕینی ئەرکی بەرامبەر. مەبەستمە، دوایان بکەوین، هەتاکو دوامان نەکەون، پاشان بزانین چی دەبێت.»

ورەو ئیرادەی خەڵکەکە بەرز بووەوە. لە گوندەکان، بە تایبەتی گوندی ئامارا، ئەو گەنجانەی کاتی خۆی لەسەر کێڵگە کشتوکاڵییەکان بە ئاواتەوە بوون گروپێکی چەپەکان ڕووبکەنە ناوچەکەیان و

پەیوەندییان پێوە بکەن، ئەو گەنجانە کەمێک چووبوونە تەمەنەوە، بە خەیاڵی گەنجییەوە دادەنیشتن باسی ئاپۆیان دەکرد: «تەماشاکە پسمام، ئەو منداڵە خرپنەی شەوی بەفرە زۆرەکە، کە ناویان نا شازادەی بەفر، چۆن لەناوماندا هەڵکەوت و ئاواتی ئێمەی بەدی هێنا. بریا زووتر لە دایک بوایە، بۆئەوەی ئێمە بەشداریی جولانەوەکەی بکەین.» ڕێزی ئاپێ ئۆجەلان و هەسارە خاتوون هێندەی کە زیاد بوو. گەرچی هەسارە خاتوون پڕ لە دڵەڕاوکێ و بەردەوام دەپاڕایەوە خودا کوڕەکەی بپارێزێ، ئەمما شانازی پێوە دەکرد. باوکی سەرو سمێڵ سپی بوو، بەشەرمێکەوە ناوی دەهێنا و بە دۆستەکانی دەگووت: «پسمام لەیەکەم شەوەوە بە مشتە نوقاوەکانی دیاربوو، کە چ کوڕێکی بەهێزی لێ دەردەچێت. بریا مەلای گوند بمایە و بەچاوی خۆی بیدیبایە ئەو منداڵەی ئەو ناوی لێنا، چ بۆ کوردان دەکات.»

لە بڵاوکراوەی پارتەکەدا وتارێکی بڵاوکردەوە، مەترسییەکانی سەر باکووری کوردستانی لە چوار خاڵدا شیکردەوە. خاڵی یەکەم، بریتیبوو لە دەستەمۆکردنی گوند نشینەکان، لە ڕێگای خورافات و وەهمی ئاینییەوە، لە کاتێکدا ئایین بە تێکۆشان و تێکشکاندنی بنەما کۆنەکانەوە دەست پێدەکات. بە پێی شیکردنەوەکەی، ئەو فۆڕمەی ئایین لە ئێستادا هەیە، مرۆڤێکی سەرکز و لاواز دروستدەکات، مرۆڤێک هەمیشە لە چاوەڕوانیدایە بۆ وەرگرتنەوەی چاکەکانی لە خودا. مرۆڤێکی خۆپەرست و بە مامەڵەیە، تەنانەت مامەڵە لەگەڵ خودادا دەکات، سەرکەشیی لێ چاوەڕوان ناکرێت، گۆشکراوە بە پاڕانەوە و خۆ پەسەندییەوە. گوێگرە نەک بیرکەرەوە، خەریککراوە بە شتی ڕووکەشەوە. خاڵی دووهەم: جینۆسایدی کولتووریی بە بنەما گرتبوو: «دوژمن تەنها خاکەکەمانی ناوێت، فەرهەنگ و کولتوورەکەمانی پێگرنگترە، دەیدزێت و بە فەرهەنگ و کولتووری خۆی پێمان دەفرۆشێتەوە.» هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ناو کۆماری بە کەسایەتی گرگن و دز وەسفکردبوون. ئەو کەسانەی

خۆیان هیچ ئایدیا و بیرکردنەوە و هونەرێکیان نییە و لەسەر میراسە گەورەکەی گەلی کورد دەلەوەڕن و دەیتورکێنن. خاڵی سێهەم، لەسەر تێکۆشان و خەبات بوو. گەنجانی بە بنەوانی گۆڕانکارییە مەزنەکان پیشاندەدا. گەنجی بە ڕۆحە سەرکەشەکەی گەل دەبینی. جگە لەوەی بە دووبارەکردنەوەی ڕستەی: «تکایە کتێبە باشەکان بخوێننەوە، تکایە مێژووی گەلەکەتان بخوێننەوە، بگەڕێنەوە بۆ کولتووری میزۆپۆتامیا.» بانگی خوێندەوارانی دەکرد بۆ سەرزەمینێک، دەیزانی گەر بێنە ئەو سەرزەمینە، خۆیان دەناسن و دەزانن کێن و چیان لێ براوە. خاڵی چوارەم: ڕۆژگارەکەی لە نێوان بێدەنگی و هاواردا خستبووە بەرباس. تێکۆشانەکەی بە هاوار چواندبوو، کۆماری بە دەسەڵاتی کپکردن. وەک تانەیەک لە دەسەلات، نووسیبووی: «ئەو ماڵەی بەچەندین ساڵ هەوڵی کوژاندنەوەی چراکەتاندا، ئەز بەیەک بانگکردنی خاوەن ماڵەکە، لە خەو هەڵمساند و چراکەی داگیرساند، تا بە پیر بانگ کردنەکەمەوە بێت، باش تەماشاکەن، چۆن ماڵەکە ڕووناک دەبێتەوە.»

ڕۆژنامە چەپەکانی ژێر سێبەری کۆمار بە نەتەوە خواز و ڕەگەزپەرست ناویان هێنا. ئاسایی بوو لایان، لەژێر کۆمارێکدا بژین، نەتەوەی دیکە و زمانی دیکە و کولتووری دیکە قبوڵ نەکات، ئەمما گەر یەکێک لەو نەتەوەیە هەڵسایە وێنە ڕاستەقینەکەیان پیشان بدات، ڕۆحە فاشیستەکەیان دەکەوتە جوڵە و بەرگرییان لە کۆمار دەکرد. باسی ڕۆژنامەکانی دەوڵەت ناکرێ، هەر ڕۆژە و ناوێکیان لە خۆی و خەباتەکەی دەنا. هەوڵیاندەدا هاوڵاتیان ئاگادار بکەنەوە لێیانەوە دووربن و بە مەترسییان دەزانین بۆسەر ژیان.

لە شاری خەلفەت لە خانووێکدا بوو، عەلی قەیتانی نارد بە نهێنی بچێت بۆ گوندەکەیان، دایکی و حەوای خوشکی بهێنێت بۆلای. بیری دەکردن، دوای شەو و ڕۆژێک لە چاوەڕوانی هێنانی، دایکی باوەشی

پێداکرد، وەکجاران شانازیی بە کوڕەکەیەوە دەکرد، حەوا گەورە بوبوو، ئیدی منداڵەکەی جاران نەبوو. بە کەیفەوە لەگەڵ براکەی گاڵتە و گەپی دەکرد. هەسارە خاتوون: «دەترسم ڕۆژێک بێت تەنیا بمێنیتەوە.» بەدەمیەوە پێکەنی. قسەی گوندنشینەکانی بۆ دەگێڕایەوە: «بەردەوام باست دەکەن، گەنجەکان بە تایبەتی، پێدەچێت بە قسەی تۆیان کردبێت، هەفتەیەک نابێت، بەیانییەک هەڵسایین، سەگەکانی ماڵی ئاغا و ماڵی کوێخا بە تۆپیوی لە قەراخ چۆمەکە فڕێدرابوون. ئاغا و کوێخا زۆر توڕەبوون، دوو گەنجیان فەلاقەکرد، گومانیان لێدەکردن، دەڵێن: گوایە گەنجەکان بە قسەی تۆیان کردوە بۆیە ئەوکارەیان کردوە.» حەوا قسەکەی لە دایکی وەرگرتەوە: «کەسیرەی براژنم لە کوێیە؟ کەی دەمبەی بۆ ماڵی خۆتان. کچانی گوند حەزیان دەکرد ژنت نەبێت.» دەستێکی هێنا بەسەریدا. واز لە باسی کچانە بێنە.

ڕۆژێک لای مانەوە، سوکنایی بۆ گەڕایەوە. زۆر هەواڵی باوکی پرسی. لەگەڵ ماڵئاوایی ئەواندا، شوێنەکەی گۆڕی. بەرەو خارپێت گەشتی کرد. لە نهۆمی خوارەوەی ئەپارتمانێک دوو ژوور و هۆڵێکیان بەکرێ گرتبوو. لەوێ مایەوە. جگە لە جەمیل و عەلی و موراد و دوران و ساکینە، کەسی دیکە نەیدەزانی لەوێن. بەردەوام یەکێکیان لەلای بوو. دراوسێکەیان پیاوێک و ژنێک، تاقە کچێکیان هەبوو، بە زوویی ساکینە کردنی بە ئاشنای خۆی. ژنە زۆر بلێ: پرسیاری زۆری لەبارەوە دەکردن، ناچار ساکینە خۆی کرد بە هاوسەری یەکێکیان و یەکێکیانی کرد بە ژن برایی و ئەو دووانەکەی دیکە خزمی پیاوەکەی، ژنە وازی نەدەهێنا دەیەویست لە بنج و بنەوانیان بکۆڵێتەوە. پەرێشان بوو بەدەستییەوە.

لەو ماڵە خۆی تەرخانکرد بۆ خوێندنەوە و نووسین. کۆمەڵێک وتاری نووسی، نامیلکەیەک، ساکینە چاپی کردن و ناردنی بۆ ڕێکخستنەکان.

داوایان لێکردن کۆبوونەوەیان لەسەر بکەن و ڕەخنەو پێشنیازەکانیان بنێرنەوە . زۆری نەبرد کۆمەڵێک پرسیار و ڕەخنە گەڕانەوە، دەستیکرد بە وەڵامدانەوەیان. هەڤاڵەکانی دەیانناسی چەند ڕژد و بە پرەنسیپە، لە کاتی خۆیدا نان دەخوا، ماڵ پاک دەکاتەوە، کاتی خوێندنەوەی کەیە، کاتی نووسینی کەیە، کاتی گفتوگۆی کەیە. هەموو کاتەکان و کارەکان لە شوێنی خۆیاندا. بۆ دڵنیابوون لە تەکنیکەکەی نامەیەکی بۆ کەسیرە نارد، ستایشکرد و ئاگاداریکردەوە لە ژیانیدا بە باشی هەنگاو بنێت، خەمی تەندروستی لەبیرنەکات و گومانی نەبێت هەمووشتێک بەوجۆرە دەبێت ئەو دەیخوازێت. هەڤاڵ جەمیل تێدەگەیشت بۆ ئەو کارانە دەکات، ئەمما هەڤاڵانی دیکە نەیاندەزانی مەبەستی چییە، تەنها جارێک یەکێکیان گووتبووی: «شوێن گۆمکێ لەگەڵ هەموو ئەوانە دەکات، گومانی لێیانە لەناو کۆماردا دەژین.»

گرنگی بە جۆری خواردنەکە نەدەدا چیە و چی نییە، گرنگ ئەوەبوو پاکوخاوێن بێت، بەباشی دروستکرابێت. لەسەر خوان، ئارەزووی گفتوگۆی دەکرد، بەدەم خواردنەوە قسەی بۆ دەکردن: «خانەدانەکانی کۆنی کورد، خوانیان هەبوو، سفرەیان بۆ ئەوە ڕانەدەخست دانیشن بخۆن و تێربن، سفرەیان ڕادەخست بیکەنە جێگای گفتوگۆ. ئەو نەریتە دێرینە، لە پاشا و خانەدانە کۆنەکانی میزۆپۆتامیاوە وەرگیراوە، خۆرئاواییەکان لێرەوە نەریتەکەیان برد. ئێمە بەشێکین لەو مێژووە، با لەم ماڵە بچوکەدا خوانەکەمان بکەینە جێگای گفتوگۆ. بەردەوام هەڤاڵانی ئاگادار دەکردەوە، مانەوەتان گرنگترە لە چالاکییەک. گەر زانیتان چالاکییەک لەناوتان دەبات نەیکەن باشترە، چونکە بە مانەوەتان چەندین چالاکی دیکە دەخولقێنن. پێویستە هەڤاڵانی پارت گیانی خۆیان بپارێزن. شۆڕشگێڕ بەمانەوەی، کاری گەورەتر و بەهێزتر دەکات، هەوڵبدەن گەنجەکان بەوجۆرە پەروەردە بکەن، ببنە ڕێبەر، نەک دڵگەرمییەکەیان جۆش بدرێت، خۆیان لەناوببەن.»

لە هەندێک لە ڕۆژەکاندا لەسەر خوان بێدەنگ دەبوو، پاش کەمێک ڕامان ئەو قسەیەی دووبارە دەکردەوە: «گەر دوژمنەکەمان لەبری سوپا و چەک و سەرکوتکردن، هوشیار بووایە، خوێنێک نەدەڕژا و لەگەڵی دەکەوتینە گفتوگۆ، وەک دوو گەلی هوشیار مافی خۆمان بەدەست دەهێنا و چارەنووسی دوو گەلەکە بەرەو داهاتوویەکی پرشنگدار دەڕۆیشت، کێشەی ئێمەی کوردان ئەوەیە، دوژمنەکانمان دراوسێمانن. کەوتوینەتە ناو سەرزەمینێکەوە گەمارۆ دراوین و هێندە فاشیست و ڕۆحی داگیرکردنیان بەرزە، گۆشەیەکی هوشیاری نادۆزیتەوە بکەویتە گفتوگۆ لەگەڵیان، ناچار دەبێت بەهێز بجوڵێیتەوە، چونکە شانازیی ئەوان تەنها لە هێزەکەیاندایە.»

## ١٩

بەتەمابوون فشارەکانیان زیاتر بکەن.

کتوپڕ دونیا گۆڕا. لە ئەنقەرە کودەتا بەسەر حوکومەتدا کرا. لە شارەکان هاتووچۆ قەدەغە کرا. سەربازەکان برانە ناو شارەکانەوە. ژەنەڕاڵەکان دەرکەوتنەوە. بە ئەستێرەکانی سەرشانیانەوە دەمووچاویان دابوو بەیەکدا، هەڕەشەیان دەکرد کۆمار لە چەپەکان و جوداخوازەکان پاک دەکەنەوە، شکۆمەندیی دەگەڕێننەوە بۆ تورکیا. دەستە دەستە بەرەو گۆڕی ئەتاتورک دەڕۆیشتن و بەڵێنیان دووپات دەکردەوە دوژمنەکانی لەناو دەبەن. هێزەکانی پۆلیس. جەندرمە، دەزگا سیخوڕییەکان، ڕژانە ناو شارەکانەوە. کەوتنە کوژاندنەوەی دروشمی سەردیوارەکان، هەڵیانکوتایە سەر گروپە چەپەکان، زۆرێک لە دامەزراوە گومانکراوەکانیان سوتاند. ڕەشبگیریی لە تەواوی شارەکاندا دەستی پێکرد.

دۆخەکە شێوا، دامەزراوە حوکومییەکان کەوتنە ژێر باری سوپاوە. لە ژوورەکەدا دانیشتبوو، هەڤالان لە دەوری: «نەخشەکەمان هەڵوەشایەوە، چاوەڕوان نەکراوبوو. باشترە ئاگاداری خۆتان بن، بە

هەڤالان ڕابگەیەنن، بۆ ماوەیەک چالاکییەکان ڕاگرن، با بەرچاومان ڕوون بێت. ژەنەڕاڵەکان هەمیشە لە کاتێکدا دێن، هەست بکەن کۆمار لاواز بووە. تورکیا پێ دەنێتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، چەندە چاویان لە شارە گەورەکانە، هێندە لە ئێمە. پاش نیشتنەوەی شەپۆلەکە، بۆ کپکردنەوەمان تەواوی هێزی خۆیان دەخەنە گەڕ. بەیاننامە و ناملیکەکان لە جێگای متمانە پێکراو بشارنەوە. ئەم دۆخانە لە تۆپباران دەچێت، لە پەنا بەردێک دادەنیشین، دوای تۆپبارانەکە دەست پێدەکەینەوە. ئارامبن، با لەناو تەپوتۆزەکەدا ون نەبین.» نامەیەکی کەسیرەی پێگەیشت، داوای لێدەکرد ترسی نەبێت، بەو جۆرەی ڕۆژنامەکان باسی دەکەن ئەنقەرە مەترسیدار نییە، گەر شوێنەکەی خراپە دێت بەدوایدا دەیباتەوە بۆ شار. نامەکەی دانا، تەماشایەکی ساکینەی کرد: «دەبینی هەڤال، زۆرجار خۆشەویستی بەکاردێت بۆ لەناوبردنت.»

شەوان بە دزییەوە هاتووچۆیان دەکرد، وەکچاران بە ڕۆژدا نەدەچوونە دەرەوە. ناو بازاڕیان تەرککرد، بە کۆڵان و پێچەکاندا ئەرکی ڕێکخستنیان بەڕێوەدەبرد. شاهێن داوای بینینی ڕێبەری کرد، هەڤالان شوێنەکەیان پێنەگووت. چاودێریی دۆخەیان دەکرد کەمێک بنیشێتەوە و دەست بکەنەوە بە جوڵە. دەستگیرکردن کۆمەڵێک ئەندامی ناو ڕێکخستنەکانی پارتی گرتەوە. لە دەستەی کادیرەکانی شارەکانی دیکە، هێشتا مەترسییەکە لە بازنەی یەکەم دووربوو.

جگە لەو کۆمەڵە هەڤاڵە کەسی دیکە نەیدەزانی لە کوێیە. ناوی و وێنەی کەوتبوویە دەست دەزگا سیخوڕییەکان، بەنیازی گرتنی مامۆستاکە بوون، بۆ ئەوەی کۆتایی بە خوێندنگە و خوێندکارەکانی بهێنن. پاش هەفتەیەک دۆخەکە بەرەو ئارامیی دەڕۆیشت. شاهێن شوێن ساکینە کەوت، جێگەکەی دۆزییەوە، بەبێ پرس لە نیوەشەوێکدا لە دەرگای دا، هەمووان هەڵسانەوە، دەمانچەکانیان دەرهێنا، یەکێکیان لە

پشت دەرگاکە و ئەوانی دیکە لە ژوورەکەدا، چاوەڕێبوون گەر پۆلیس و دەزگا سیخوڕییەکان بن، بەرگری بکەن تا کوشتن. ساکینە دەرگاکەی کردەوە، شاهێن بوو، لەگەڵ هاتنە ژوورەوە، ڕێبەر زۆر بە توندی: «تۆ چ جۆرە مرۆڤێکی، من بمویستبا بتبینم داوام دەکرد، چۆن هاتووی بچۆ دەرەوە، ئەرکی حیزبیت بەڕێوە ببە و شوێنمان مەکەوە.»

نەیهێشت قسە بکات، کردییە دەرەوە. ڕاستییەکەی شاهێن بۆ هیچ کارێک نەچوو، تەنها بۆ دڵنیابوون تا بزانێت ڕێبەر لەوێیە یان نا. گومانیان لێکرد، کەلوپەلەکانیان پێچایەوە، شەوی دواتر گواستیانەوە. بۆ شەوی سێهەم ئاپۆ و هەڤاڵان ڕۆیشتن، لە جێگەی ئەوان دوو هەڤاڵی تر چوونە ماڵەکە. هەواڵیان بۆهات، لەناو پارتدا کۆمەڵێک بەکرێگیراو هەن، پێدەچێت زۆر نزیک و شارەزابن. بەهۆی پەیوەندییەکانیانەوە، زانیارییان لەسەر دەستگیرکراوەکان پێگەیشت، خیانەتکار دابوونی بەدەستەوە، ئەمما نەیاندەزانی کێیە. مورادیان نارد بیدۆزێتەوە، دۆزییەوە. فەرمانی بە هەڤاڵان کرد، وانەی پێبدەن. ئیدی ڕاپۆرت نەهاتەوە بزانرێت وانەکەی چۆن پێدراوە و چی بووە.

دەزگا سیخوڕییەکان خزانە ناویانەوە. چاودێرییان خستە سەر کۆمەڵێک هەڤاڵ، سنووری بازنەکەی دەوری خۆی بە توندی ڕاگرت. لە ماڵێکدا بوون، جگە لەو چوار هەڤاڵە کەسی دیکە بۆی نەبوو هاتووچۆ بکات. هێرشەکان بۆسەریان گۆڕان، قورس و نەبینراو، چونکە پێشتر دەیانزانی دوژمنەکە کێیە و لە کوێیە، کارەکە گۆڕابوو، ئیدی لەناو خۆیاندا گەرایان چاند بوو، بەباشی نەیاندەزانی کێیە، بۆی دەگەڕان و نە دەبینرا. لە گروپی بازنەی سەرەوە، گومانیان نەبوو، هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبوون، لە ئاستی سەرکردایەتی خیانەت ڕوو بدات، ئەگەرچی خۆی بڕوای وابوو: «ئەم گەڵە لە چیرۆکەکەی ئەیوب دەچێت، کرمەکانی لەناو جەستەکەی خۆیدان. دەریان بکەیت

دەبن بە مار و لەگەڵ دوژمن دێن پێتەوە دەدەن، دەریان نەکەین جەستەکە دەخۆن و پارچەپارچەی دەکەن. چارەسەریان تەنها لەناو بردنە، دەبێت خیانەت لەناو ببرێت، نە ببەخشرێت نە چاوپۆشی لێبکرێت. مێژووی ئێمە گیرۆدەی دەستی خیانەتە، گەلەکە وەک ئەیوب خانەدانە، کرمەکانی سەر جەستەی هیلاکیان کردووە، بۆ ئەوەی خانەدانەکە هەڵسێتەوە، چارەسەر تەنها لەناوبردنیانە.»

دەنگی دەرگا هات، خۆیان کۆکردەوە، ئامادە بۆ بەرگری، دوران بە ئەسپایی لە گۆشەیەکەوە دەرگاکەی کردەوە، چاوەڕێی هاتنە ژوورەوەی کەسەکە، گەر خراپەکاربێت لە دواوە لێیدا. خاوەن ماڵەکە بوو. دەمانچەکانیان شاردەوە، پێشوازییان لێکرد، دانەنیشت بە پێوە ئاگاداریکردنەوە، هەتا سێ ڕۆژی دیکە ماڵەکەی چۆڵکەن، لە شارەوانییەوە خاوەن ماڵەکان ئاگادارییان بۆچووە، هەرکەسێک خانووی بەکرێ داوەتە کەسانی گەنجی بێ ژن، بەزووترین کات پەیوەندیی بە پۆلیسەوە بکات. خاوەن ماڵەکە ئەوکارەی نەکرد، لەبری ئەوە سەردانی کرێچییەکانی کرد بەئاگا بێنەوە، چ فشارێکیان لەسەرە. سوپاسگوزاری بوون.

دوای ڕۆیشتنی خاوەن ماڵەکە، بە پەلە نامەیەکی بۆ کەسیرە نووسی. بەڵێنی پێدا لە ماوەی سێ ڕۆژدا دەگەنە ئەنقەرە. وردەکاریی سەفەرەکەی بۆ خستە ڕوو، تەنانەت کەی دەکەونە ڕێ، بە چ ئۆتۆمبێلێک، چۆن خۆیان لە ڕێگا نوێیەکەی سەردەمی کۆمار دەپارێزن و بە ڕێگا کۆنەکەی سەردەمی عوسمانیدا تێدەپەڕن، شێوەی ئۆتۆمبێلەکەی لەبیرنەکرد. نامەکەی پێچایەوە، دایە دەست هەڤاڵێک بە زووترین کات بیگەیەنێتە بەشی پۆستە.

نامەکەی برد، داوای لێکردن دوو ڕۆژ چاوەڕێ بکەن، لە کاتی گونجاودا دەست دەکەن بە جوڵە. کەلوپەلەکانیان کۆکردەوە، بەشێک

لە بەیاننامە و کتێبەکانیان سوتاند. لە کاتی دیاریکراودا لە خەو هەڵیساندن، شەوێکی درەنگ، ئاسمان هەور، لەماڵەکە چوونە دەرەوە. بە خەیاڵی خۆی زیاتر لە پێنج کاتژمێرە نامەکە گەیشتوەتە دەست کەسیرە، ئۆتۆمبێلی دیاریکراو لەسەر گۆشەی کۆڵانەکە چاوەڕوانی دەکردن. شۆفێرەکەی بانگکرد، دڵنیای کردەوە هیچ کەرەستەیەکی قاچاخی پێنەبێت، هەڤاڵی خۆیان بوو. چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە، پێویستە چی بکات و لە کوێوە بڕوات، بەڵێنی لێوەرگرت، لە کاتی دەستگیرکردنیدا بێئاگایی خۆی دەرخات، هەڤاڵی شۆفێر سوێندی بە کوردستان خوارد، چیرۆکەکە دەپارێزێت و بەوجۆرە دەکات لەسەری ڕێککەوتوون، باوەشیانکرد بەیەکتریدا، ئۆتۆمبێلەکە بە خاڵیی بەرەو شوێنێک ڕۆیشت، ئەوانیش بە پێ بۆ شوێنێکی دیکە.

چۆنی نەخشە بۆکێشا بوو بەو جۆرە دەرچوو. نامەکەی بەدەست گەیشت، دەزگا سیخوڕییەکانی ئاگادارکردوە ماسییەکە بە پێی خۆی بەرەو تۆڕی ماسیگرەکە بەڕێوەیە. لە دوو ڕێگە کۆن و نوێیەکە بۆسەیان بۆ دانا، گومانیان هەبوو فێڵیان لێبکات و بەو ڕێگەیەدا تێنەپڕێت، لە نامەکەدا باسیکردوە. لە کاتی خۆیدا ئۆتۆمبێلەکە گەیشت، هەڵیان کوتایە سەری، تەنها شۆفێرەکەی تێدابوو. بەناویدا گەڕان شتێکیان نەدۆزییەوە، کەوتنە لێدانی شۆفێرەکە، بێئاگایی خۆی پیشاندا. دەستیان کەلەپچە کرد و بردیان بۆ زیندان. تێگەیشتن یارییان لەگەڵ کراوە.

گروپەکە لە شار دەرچوون، گوندێکیان دیاریکرد بۆی بچن. دەزگاکانی کۆمار لە جێگایەک بۆی دەگەڕان، لە جێگایەکی دیکە دەرکەوت. بەتەکنیکی خۆیان لەگەڵیان جولایەوە: «ئێمە گەر تەکنیکی دوژمن بناسین، دەتوانین بە هەمان تەکنیکی خۆی لەگەڵی بکەوینە شەڕەوە. هەمیشە بەشێکی سەرکەوتن، ناسینی دوژمنەکەتە.» پێشتر ئەو قسانەی کردبوو.

دەمەوبەیان گەیشتنە شوێنی مەبەست. لە ماڵی دیاریکراو لە گوندەکە نانی بەیانییان خوارد. ترسیان لەسەر نەما. خاوەن ماڵ ئاشنا، جلەکانیان شوشت، جانتاکانیان قورسبوون، زیادەکانیان لابرد. سەرخەوێکیان شکاند، ئاسودە دانیشتن تا شەو بێت. هێزە سیخوڕەکان و پۆلیس لەناو شارەکان و ڕێگای دەرچوون لە شارەکاندا بۆسەیان بۆ دەنانەوە.

تاریکی کرد، گوندەکەیان جێهێشت و بەرەو گوندی سەرسنوور بەناو تولەڕێی تەپۆلکە و کێوەکاندا ڕێگایان بڕی. بە پێی نەخشەکە هەنگاویان دەنا، بەدەم ڕێوە جەمیل لێی پرسی: «ئەو نامەیە چی بوو.» وەستا، دەستی خستە سەر کەمەری، ماندووبوو، ئارەقی کردبوو، هەناسەیەکی هەڵکێشا: «نامەکەم نارد بۆ هێلانەی زەردەواڵەکان.» پێکەنی. بۆی ڕوونکردەوە: «دەمێکە ئاگادارە نزیکترین کەسی دەیەوێت بیخاتە ناو تۆڕەکەوە. بەڵام دەبایە پیشانی نەدات هەستی پێکردوە. ئەو چاوەڕێ بوو بچمە ناو تۆڕەکە، بمداتە دەست ڕاوچییەکانەوە، من لەوە بە ئاگاتربوو، چۆن یارییەکە دەست پێدەکەم.» قاچی یا لە بەردێک: «هەڤاڵ تۆ تەماشای یاری تۆپی پێ بکە، هێرشبەر تۆپەکە دەبات، نزیک لە گۆڵەکە، خۆی دڵنیایە گۆڵ دەکات، بەڵام تۆپەکە دەدات بە هەڤاڵێکی تر بۆ ئەوەی ئەو گۆڵەکە بکات. ئەوە ئاکاری یاریزانی باشە. ئەز ئەو یارییەم کرد، دەمزانی پاسدانەکەم چی لێدەکەوێتەوە، دەمزانی ناتوانێت گۆڵەکە بکات، ئەمما دەبایە تۆپەکەی بدەمێ، یەکەم: وابزانێت متمانەم پێیەتی گۆڵ دەکات، دووهەم: دڵنیابووم گۆڵ ناکات.»

هەڤالان بەسەر سوڕمانەوە تەماشایان کرد، ئەگەرچی بە ڕوونیی دەموچاوی دیارنەبوو، بەهۆی تاریکایی شەوەکەوە. عەلی قەیتان ئەو هەڵەی قۆستەوە و کردی بە گاڵتە: «گەر بماندۆزنەوە دەستگیرمان دەکەن.» دەستی خستە سەرشانی، «هەڤال کەی وەختی گاڵتەکردنە،

پێشکەوە.» دووانیان لە پێشەوە و دووانیان لە دواوە. کزەبایەک لە کێوەکانەوە هات، ئارەقەکەی سەر ڕوخسار و شان و ملیانی چیاکردەوە. دەنگی چەقەڵەکان لەناو دۆڵەکاندا، خووڕەی ئاو، دەنگی کوندە پەپوو، بە دەنگی کوندە پەپووەکە، هەڵوەستەیەکی کرد، لەو شەوە ئەستەمەدا گووتی: «هیگل باش بۆی چووە، شەو کاتی بیرکردنەوەیە. دەنگی کوندە پەپوو ئاماژەیە بۆ دەنگی بیرکردنەوە، دوای ئەوەی مرۆڤ لە ڕۆژدا لەناو جەنجاڵیدا ماندوو دەبێت، شەو دەگەڕێتەوە بۆناو خۆی و بیر لە دونیا دەکاتەوە. دەنگی کوندە پەپووی لە میراسە دێرینەکەی مێژووەوە وەرگرتووە، پەیکەری خوداوەندە عەشتار، لەسەر شانێکی کوندە پەپوو هەیە، لەسەر شانێکی دیکەی درەخت، یەکیان ڕەمزی ژیان و بەرهەمهێنانە، ئەویتریان ڕەمزی ژیرییەتییە. کوندە پەپوو لە کوردا شوومە، بۆچی شوومە؟ چونکە مرۆڤی کورد ئیشکەربووە، شەوی بۆ پشودان ویستووە، نەک بۆ بیرکردنەوە. دەبێت ئەو ڕەمزە چاک بکەینەوە، دەنگی کوندە پەپوو لە شومییەوە بیکەینەوە بۆ دەنگی ژیری، بچینەوە لای خوداوەندە عەشتاری دایک، کە هەم ژیرە و هەم بەرهەمهێنەر، دایکی دوو پایە سەرەکییەکەیە.»

عەلی قەیتان دەیکێشا بەسەری خۆیدا، لایەکی بۆ هەڤاڵەکەی پشتەوەی کردەوە: «کەس نازانێت سبەی چارەنووسمان چی دەبێت، کەچی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەیەکی شەش هەزارساڵە خەم دەخوات.» نەیانوێرا پێبکەنن، ئەمما گوێی لە چپە چپەکەیان بوو، بانگی کرد: «عەلی تۆ کەی واز لە خووی گاڵتەکردن دێنی؟»

# ٢٠

گەیشتنە گوندێکی بچوکی سەر سنوور. پیاوێک داری ورد دەکرد، لە تەنیشت خانووە قوڕەکەی کەپرێکی دروستکردبوو، دارە وردەکانی لە ژێریدا هەڵدەچنی و ئامادەی دەکردن بۆ زستان. سڵاویان لێکرد، بەپیریانەوە هات، بەبێ ئەوەی بیانناسێت فەرمووی لێکردن ئاوێک، چاییەک بخۆن. قبوڵیانکرد. ماندوو بوون. لە ژێر داری بەردەم ماڵەکە دانیشتن، منداڵێک ئاوی بۆ هێنان، ژنی ماڵەکە دەیویست چایەک دەمکات، مریشکەکان لەو ناوە، مانگایەک و گوێرەکەیەک لە تەنیشت خانووەکە دەلەوەڕان.

پیاوی خاوەن ماڵ، بەزمانێکی پاکی کرمانجی، پرسیاری لێکردن ئێوەی گەنج چیدەکەن لە گوند؟ عەلی قەیتان لەبری هەمووان وەڵامی دایەوە بەنیازی ئەو دیوی سنوورن. ئامۆژگاری کردن بگەڕێنەوە ماڵ بۆلای دایک و باوکیان و پێویست ناکات، بەقسەیەکی ئەوان نیگەران بن و ماڵ جێ بهێڵن، هیچ شوێنێک نابێتە ماڵی باوکیان، باشترە بگەڕێنەوە. نەیدەناسین، وا تێگەیشتبوو گەنجن لەگەڵ ماڵەوە شەڕیان کردوە. ئاگای لە هەواڵەکانی شار نەبوو. تا ئێوارە لەوێ مانەوە، دووانیان گەڕانەوە د ئاپۆ و دوو هەڤاڵی چاوەڕوانی تاریک بوونیان کرد.

ساکینە پەیوەندی بە سەرەوە پچڕا، لەگەڵ دوو هەڤاڵی گەڕایەوە بۆ ماڵەکەیان. چی بەیاننامە و ڕۆژنامە و کەرەستەی مەترسیدار هەبوون لەناوی بردن، بڕێکیانی سوتاند و ئەوانی دیکەی لە درزی دیوارەکانی دەرەوەی ماڵەکە شاردنەوە. وەک چاوەڕێی مەترسیەک بکات. دانیشت، تازە تاریکی کردبوو، گوێی لە دەنگی ئۆتۆمبێل بوو. بەتوندی لە دەرگاکەیان درا، هەڵسایە سەرپێ، بە دوو هەڤاڵەکەی گووت: «ئاسایی بن، خۆتان مەشڵەژێنن، هیچ شتێکی مەترسیدار لە ماڵەکە نییە ببێتە بەڵگە لە سەرمان، ئەو کتێبانە ئاسایین.» بەبێ شڵەژان، دەرگاکەی کردەوە. خۆیانکرد بە ژووردا، ماڵەکەیان پشکنی، دەوری ماڵەکە گەڕان، سەربان و دراوسێکان. جگە لەو کۆمەڵە کتێبە، هیچیان بەچنگ نەکەوت.

دەستیان بەستن، کاتی سوارکردنیان، ساکینە هەڤاڵێکی خۆیانی دی لەناو یەکێک لە ئۆتۆمبێلەکاندا، دانیشتبوو. زانی خائین لە ناویاندایە، ناسییەوە. بران بۆ زیندان، جیایان کردنەوە. کرایە ژوورێکەوە، سێکەس هاتنە ژوورەوە، چاویان بەست، دوو پرسیاری ئاساییان لێکرد، وەڵامی دانەوە. کەوتنە سەری، بە شەق و بۆکس، کەوتە بەردەستیان، هێندەیان لێدا ڕشایەوە. چوونە دەرەوە، دەرگاکەیان دانەخست. هێزی تێدا نەمابوو، نەیدەتوانی هەڵسێتەوە، خۆی گرمۆڵە کرد. بۆنی ژوورەکە ناخۆش، هێزی دایە بەرخۆی دەمی بە یەخەی کراسەکە بسڕێت، ئازار دەمووچاوی هێنایەوە یەک.

پاش کەمێک دوو کەسی تر هاتنە ژوورەوە، بە جوڵانی کورسییەکەدا گوێی لێبوو یەکیان لەسەری دانیشت، یەکیان قۆڵی گرت و بەرزیکردەوە و لەسەر کورسییەکە داینا. بەرامبەرەکەی قسەی کرد، دەنگی ناسییەوە، شاهێن بوو، داوای لێکرد دان بە کارەکانیدا بنێت، هەمووشت تەواو بووە، پارتی کرێکاران شکستی هێناوە، سەرکردایەتییەکەی گیراوە، ئاپۆ

گیراوە، دانیان بە شکستی پارتدا ناوە. لەگەڵ هەر قسەیەکی ساکینە بە کرمانجی، بۆ ئەوەی پیاوەکەی تر تێناگات: «بێ کەسایەتی، لەسەرەتاوە دەمزانی بچوکی. بەقسەیان نەکردم دەبایە ملەپانەکەت لێبکەنەوە، تۆ بۆ شۆڕش نەهاتبووی، هاتی وەک خاڵۆکانت و ماڵباتت بکەیت.» لە شاهێن داواکاری و لە ساکینە وتنی قسەی توند.

سودی نەبوو، بردیانە دەرەوە. سێ کەسەکەی تر هاتنەوە، هێندەیان لێدا لەهۆش خۆی چوو. شاهێن خۆی دابوو بەدەستەوە، بەڵێنی پێدابوون سەرکردایەتی و ئاپۆیان بخاتە بەردەست. لەگەڵیاندا شوێنە دیاریکراوەکان گەڕا، تەواوی ڕێکخستنەکانی خارپێتی دا بە دەستەوە. کەمال و خەیری و مەزلوم، باقی هەڤاڵانی دیکە. شوێنە زانراوەکانی ئاپۆ چوون، لە هیچ لایەک دەستیان نەکەوت. بەڵام لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان کوژایەوە، سەرکردایەتییەکەی دەستگیرکرا، ئاپۆ دەستگیر کرا، ڕێکخستنەکانی لە ژێر لێکۆڵینەوەی پۆلیسدان، کۆمەڵێک وێنەی هەڤاڵانیان بڵاوکردەوە.

کەسیرە لە ئەنقەرەوە خۆی گەیاندە خارپێت، فریوی ڕۆژنامەکانی خوارد، بەتەمابوو سەردانی ئاپۆ بکات و ڕازی بکات دانپیانانەکانی بنووسێ، لەگەڵ تیمی سیخوڕەکان دەگەڕا، دواجار تێگەیشت نەگیراوە و فریودراوە. سەردانی گوندی ئامارای کرد، هەواڵی کوڕەکەیانی پرسی، هەسارە خاتوون و حەوا خاتوون و ئاپێ ئۆجەلان، هیچیان نەدەزانی. تەنانەت بە جۆرێک قسەیان دەکرد، گوایە لە ماڵەوەیە لە ئەنقەرە و بەتەمابوون سەردانی بکەن. بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە، بەرپرسانی ناوچەکە ئاگادارکرانەوە، گەر زانیارییەکیان لە بارەیەوە دەستکەوت، بە کەسیرە بڵێن. ئاپۆ چوو بەناو زەویدا و ونبوو.

کۆمەڵێک لە یەکەکانی ڕێکخستن مابوون، ئەوەیان بە هەڵزانی، شەو لەسەر دیوارەکان، لە کوێ ئەو شارانەی توانایان هەبوو چالاکی

تێدابکەن، سکێچێکی ئاپۆیان دروستکرد، لە ژێریدا نووسیان، ڕێبەر بەردەوامە، تێدەکۆشێت بۆ گەل. دروشمی پارتی کرێکارانیان نووسی، بەیانی خەڵک چاوی بە سکێچەکە و دروشمەکان کەوت، ئیدی بڕوایان بە ڕۆژنامە و کەناڵە میدیاییەکان نەما، ئاهێک بەبەر خەڵکدا هاتەوە، کۆمار و میدیاکەی وزەی تەواوی خستە گەڕ باس لە کۆتایی چیرۆکە نوێیەکە بکات، لە بەرامبەردا گەنجەکان هەنگاوی یەکەمیان دەنا بۆ نووسینەوەی ڕۆمانەکە.

هەڤاڵانی دەستگیرکراو گوازرانەوە زیندانی ئامەد. زیندانێکی گەورە، پاش کودەتاکە ئامادە کرا بۆ یاخی بوان. چەند بەشێک بوو، هەڤاڵانی پەکەکە جیاکرانەوە، خرانە دوو بەشەوە. لەگەڵ چوونە ژوورەوەیان ڕووت کرانەوە. ڕیزێک جەندرمە بە کوتەکەوە وەستان بۆ پێشوازییان، کوتەک بارانیانکردن و ژنەکانیان کردە بەشێکەوە و، پیاوەکان بەشێکی دیکە. دەستەیەک مەشق پێکراویان کرد بە بەرپرسی زیندانەکە، بەڵێنیان بە سوپا و ژەنەڕاڵەکان دا، هەمووان تەمێ دەکەن و پەشیمانیان دەکەنەوە، دەیانکەنە هاوڵاتی کۆماری.

شاهێن و خۆبەدەستەوە دەرەکان لەگەڵ گروپە چەپە خۆبەدەستەوە دەرەکان خرانە بەشێکەوە، بەشێکی دیکەی چەپەکانی دیکە بوو. ساکینە دۆخی خراپ بوو، ئازاری هەبوو، تووشی خوێن بەربوون بوو. لە نێوان بەشەکەی ئەوان و بەشی پیاوەکاندا، پەنجەرەیەکی بچوک هەبوو، ئاماژەیان بۆ یەکتر دەنارد. بەشی پیاوان ژوور ژوور. شەوی یەکەم، دەستکرا بە ئەشکەنجەدان. بەرپرسی زیندان چاودێریی ئەشکەنجەکانی دەکرد، تا ئاستی بوورانەوە لێیاندەدان.

بەیانیەکەی بە سرودی نیشتیمانی لە خەو ڕابوون. گروپی خۆ بەدەستەوە دەر هێنرانە حەوشە، وەرزشیان پێدەکردن و سرودیان پێدەوتن. بە دەنگی بەرز: «من تورکم، خۆشبەختم کە تورکم.» بەشی

ژنان و پیاوانی پەکەکە، بەهەرجۆرێک بێت یەکتریان ئاگادارکردەوە بەرگری بکەن، نەچنە ناو داخوازییەکانی کۆمارەوە، کەس پەشیمان نەبێتەوە، کۆدەنگ بن، ئەشکەنجە و ئازار نەیانترسێنێت. خۆیان ڕاگرن، گەل هەزاران ئازاری لەوجۆرەی دیوە، زیندان بکەنە سەنگەری بەرگری.

ئەشکەنجە دەستی پێکرد، کەمال و خەیری و مەزلوم، چوار هەڤاڵەکەی دیکەیان، دەستەی خارپێت، یەک ـ یەک بانگ کران، دەدران لە کارەبا، سەرەو خوار هەڵدەواسران، دەبورانەوە، ئاویان پێدا دەکرا و دیسانەوە لێدان. داوایان لێدەکرا، بڵێن: من تورکم، بەو حاڵە پەرێشانەوە دەیانگووت: ئەز کوردم، تورک نیم. شێوەی سزادان قورستر بوو، هێزیان لێبڕیبوون، یەک ژەم نانیان پێدەدرا، خراپترین و پیسترین جۆری نان. پاسەوانەکان میزیان دەکردە خواردنەکانیانەوە. جارێکی دیکە ساکینە هێندەیان لێدا تووشی خوێن بەربوون هات، پزیشکەکەی زیندانەکەیان بانگ کرد، بە قیزێکەوە دەرزی لێداو ئامۆژگاری کرد، دەست لە بەرگری هەڵگرێت و بچێتە ناو بەشەکانی دیکەوە، تەنها وەرزشی بەیانیان بکات و سرودی نیشتیمانیی تورکیا بڵێت: بە مۆنییەکەوە تەماشایەکی پزیشکەکەی کرد، بۆ ئەوەی ئازاری بدات وەلامی دایەوە: تۆ بۆ نالێی من کوردم؟ من بۆ خۆم بکەم بەتورک، کە تورک نەبم. پزیشکەکە بە ڕقێکەوە جێی هێشت.

دۆخی زیندانەکە گۆڕا، بەرگریکردن و وتنی سرودی ئازادی بۆ گەلی کورد، لە دوو بەشەکەی پەکەکە وترانەوە. دوو هەڤاڵەکەی سەرسنوود گەڕانەوە شار، پەیامی ڕێبەر ئاپۆیان پێ بوو، هەوڵیاندەدان بیگەیەننە زیندانەکان، توانیان کەسێک بدۆزنەوە پەیامەکە بگەیێنێت، ئەوە پەیامەکە بوو: «هەریەکەتان خۆی بە ئاپۆیەک بزانێت.» دڵیانخۆشبوو نەگیراون، شرۆڤەی پەیامەکەیان کرد، بڕیاردان درایە دەستی خۆیان.

چ خۆبەدەستەوەدان، یان بەرگری، بەڵام پێکەوە بەرگرییان هەڵبژارد، ڕۆژانە نیوکاتژمێرێک دەهێنرانە دەرەوە بۆ هەواگۆڕکێ، هەلیان دەدۆزییەوە لە پاڵ پەنجەرەکاندا یەکتری تێبگەیەنن پێویستە چی بکەن.

ساکینە بوو بە ڕابەری زیندان، بەقسەیان دەکرد، نموونەی خۆڕاگری بوو. بچوکترین داخوازیی زیندانی ڕەد دەکردەوە. سەرۆکی زیندان، کە خۆی بە شارەزاو لێهاتوو دەزانی، بەڵێنی بە ژەنەڕاڵەکان دا، هەمووشتێک لە بەرژەوەندی کۆماردا دەگۆڕێت. بە قسەی لوس، بە ڕێزگرتن، بە دانپیانانی ساختەی هەڤاڵانی دەستگیرنەکراو، بە ئەشکەنجە، بە زیندانی تاکەکەسی، لە کارەبا دان، هەڵواسین، خواردنی پیس و، چەندین ڕێگەی جیاواز دەیەویست ئیرادەیان بشکێنێت، سودی نەبوو. کچە لاواز و قژلولەکە بە جۆرێک ڕووبەڕووی سزاو زەحمەتییەکان بوویەوە، تەنانەت پیاوەکان شەرمیان دەکرد لە ئاستیدا بەرگری نەکەن، ئەشکەنجە دەرەکان ماندوو دەبوون لە لێدان و ئازاردانی.

شاهێن و گروپەکەی هاوکاریی بەرپرسی زیندانەکەیان کرد، بەردەوام زانیاریی پارت و تاکەکەسیان پێدەدان. لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا زانیارییەکانیان بەکاردەهێنا بۆ ڕوخاندنی دۆخی دەروونییان، ئەمما ئامانجێک لە بیرکردنەوەیاندا بوو، تا مردن لەگەڵی بڕۆن. هەموویان لاواز، جەستەیان خوێناوی، جلی دڕاو، بۆنی ناخۆش، بەردەوام لێدان. شەوان نەیاندەهێشت بخەون، پاسەوان دوای پاسەوان، دەیانکێشا بە دەرگاکەدا، ڕۆژی یەکجار بۆیان هەبوو بچنە سەر ئاو، لە ژوورە تاکە کەسییەکان لە ماوەی چل و هەشت کاتژمێر جارێک نانێکیان بۆ دەبرا، ناچار دەکران پاش جێهێشتنی پیسایی ژوورەکە پاک بکەنەوە.

چەند هەڤاڵێکی نوێ هێنران، لە ڕێکخستنەکانی شارەکانی دیکە دەستگیرکرابوون، کۆمەڵێکیان زۆر گەنج، ئامۆژگاری دەکران و

ورەیان بەرزدەکرایەوە خۆیان نەدەن بە دەستەوە. لەناو زیندانی ئامار دەنگۆیەک بڵاوکرایەوە، ئەوەی پەکەکە بێت خۆ بەدەستەوەدەر نییە. شاهێن و گروپە لاوازەکەیان بردە بەڕێوەبەرایەتی، مایکیان خستە بەردەمیان، دەستیانکرد بە قسەکردن، لە دەنگبەرەکەوە قسەکانیان پەخش دەکرا تا هەمووان بیبیستن. شاهێن وەک کەسایەتییەکی دارزیوی لاواز، کەوتە باسی شتی تاکە کەسی، هیچ مۆراڵێکی بۆ خۆی نەهێشتەوە، درۆو بوختانی بۆ دروستدەکردن، دەیویست بەو جۆرە لای زیندانییەکان وێنەیان ناشیرین بکات. ساکینە کە گوێی لێدەبوو، دەیکێشا بە ئەژنۆی خۆیدا: «ئەز زوو گووتم، ئەو خۆ نوێنە لاوازە، لە خاڵوانی دەچێت، بۆچی هەڤالان بڕوایان پێکرد؟ بۆ باش نەچوونە ناو کەسایەتییەکەیەوە، بۆ چەندجارێک لێیخۆشبوون، دەبێت تۆڵەی لێبکرێتەوە.»

قسەی لەسەر کەسایەتییان دەکرد، چاودێریی کردبوون، وەک سیخوڕێک بەشوێن ژیانی تایبەتیاندا گەڕابوو، چی تۆمەتی بیستبوو، بە دەنگێکی بەرز دەیگووتەوە و زیندانییەکان گوێیان لێدەگرت. بەجۆرێک خۆی بچوک کردەوە، تەنانەت لای خۆبەدەستەوەدەرەکان بە بچوکی تەماشا دەکرا، دڵیخۆشکردبوون داهاتوویان باشدەبێت. بەرگریکارەکان پەیامیان بۆ نارد: «هەرگیز بە زیندوویەتی دەرناچی.» ترسا، پەیامەکەی گەیاندە بەڕێوەبەری زیندان. دڵنیایان کردەوە نەترسێت و ناهێڵین یەکێک لەوانە لە زیندان بە سەلامەتی بچنە دەرەوە، یان دەیانکەن بە تورکی کۆمار، یان کۆتاییان دێت.

شەڕی کۆڵان و شەقامەکان، شەڕی گەڕان بەشوێن یەکتریدا گوازرایەوە بۆناو زیندان. هێزەکانی کۆمار بە لێدان و سزای جیاواز جیاواز، بەڵام یەکەکانی ڕێکخستنی پەکەکە، بە ئیرادە و تێکۆشان لایەکیان هەوڵی لاوازکردنی لایەکی تری دەدا، لاکەی دیکە هەوڵی

نائومێدکردنی بەرامبەری دەدا. ئازار و بوورانەوەکان، لێدان و سوکایەتییەکانیان کرد بە تاقیگەیەک بۆ بەردەوامی بە ئیرادەی و دەروونیان، تا بزانن چەندە خۆڕاگرن. باشترین کادیر ئەوانەیان بوون، هەوڵیاندەدا بەتوندی ڕووبەڕووی ئەشکەنجە دەران ببنەوە، بۆ ئەوەی پیشانیانبدەن ئەوەی لاوازە جەلادە، نەک ئەشکەنجە دراو.

# ٢١

شەوەکەی دەرچوونی ئیبراهیم، نەمرود خەوتبوو. پاسەوانەکانی بە دیار ئاگری بەردەم پایەکانی کۆشکەوە، ئێشکیان دەگرت. ئێوارەکەی میوانی هەبوو، هەواڵی بتشکێنەکەی پێگەیشت، توڕەبوو، دارێکی شکاند لەسەری کۆیلەیەکدا. خوان ئامادەکرا، بەخۆشی سزای بەیانییەوە خواردیانەوە. یەکێک دەیگووت: بە چەکوش سەری پان بکەنەوە، یەکێکی دیکە: با بیسوتێنین. کاهینێک: سزای خوداییانەی بدەن، پارچە پارچەی بکەن. نەمرود گوێی دەگرت و مەست، هێندەی خواردەوە وەنەوزی دەدا. چوونە بنباڵی و بەزمانێکی نیوەگۆوە گووتی، بەیانی خۆم تەمێی دەکەم، لێگەڕێن با ڕۆژبێتەوە. برایە سەر جێگەکەی و کەنەفت خەوی لێکەوت.

دەروازەی شارەکە داخرا. تاقە ڕێگەیەک هەبوو، لە بەشی ڕۆژئاوا، لە ماڵێکەوە کونێک کرابوویە شووورای شارەکە، نیوەشەو ئیبراهیم و خێزانەکەی، هاوەڵەکانی، لە کونی ئەو ماڵەوە خۆیان گەیاندە دەرەوەی شورا، بە نەشارەزا بەرە و ڕۆژئاوا ڕۆیشتن. دونیا تاریک، قافڵەیەک بەڕێوەیە، سەرزەمینی خۆیان جێهێشتوە، نازانن ڕوو لە کوێ بکەن، ماندوو، لە کانیاوێک لایاندا، ئیبراهیم سەرخەوێکی شکاند، فریشتەیەک

هاتە خەونی، بەدەنگی بەرز: «برۆ بۆ خاکی پیرۆز، پرۆ بۆ خاکی پیرۆز، شوێن ئەستێرەی ڕۆژئاوا بکەوە.» ڕاچڵەکی، سەری بەرزکردەوە، ئەستێرەی ڕۆژئاوا لەسەر سەری بوو، شوێنی کەوت. بەیانی نەمرود بەئاگا هات، بتشکێنەکە و هاوەڵەکانی لەشار نەمابوون، پاسەوانی دەروازەکانی هەڵواسی، لەشکرێکی نارد بەشوێنیاندا بگەڕێن، لەشکرەکە بۆ باکوور و باشوور ڕۆیشتن، دوای ماوەیەک بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە.

هەمان چیرۆکی ئیبراهیمی شاری ئورفا، لەسەردەمێکی دیکە ڕوویدایەوە. سەرۆک کۆمار، چاوەڕێی سزای بتشکێنەکەی دەکرد، مەست و حەیران، ئێوارە خوانێکی بۆ ژەنەڕاڵەکان ئامادەکرد، بەڵێنی پێدان بە زووترین کات ئاگرەکە دەکوژێنێتەوە، ژەنەڕاڵێک دەیگووت: وەک باپیرانیان لە دێرسیم، هەڵیانواسە. یەکێکی دیکە دەیگووت: بیانخەنە ناو ئاگرەکەی نەمرودەوە، دەمێکە باپیرانیان لەو شارەدا سوتێنراون. یەکێکی دیکەیان: نا پێویستە لە ناوەڕاستی شارەکاندا پارچەپارچە بکرێن. سەرۆک کۆمار دوای مەستییەکی زۆر، بە زمانە قورسەکەیەوە، خەمتان نەبێت، بەدڵی ئێوە دەبێت. هێندە مەست بوو، دووان چوونە ژێرباڵی، بردیانە ژووری نووستن، بە پشتا کەوت خەوبردییەوە.

دەمەو ئێوارە: پرسیاریان لە پیاوەی گوندەکە کرد، ئەو دیوی سنوور دۆخی چۆنە؟ ناونیشانێکیان پێ بوو، دەبایە بچنە گوندێکی ئەو دیو سنوور و بچنە ماڵی کەسێکی دیاریکراو. پیاوە کەمێک باسی بۆ کردن: «سوریا وڵاتی عەرەبەکانە، بووەتە سەرزەمینی ناڕازییەکان. دەسەڵاتەکەی بێڕەحم و بکوژە، ناهێڵێ کوردەکان سەردەربهێنن، تەنانەت ناسنامەیان پێنادات، بۆ ئەوەی مافی کارکردن و چوونە ناو شارەکانیان نەبێت. هەرکەسێک خۆی نەکات بە عەرەب و دەست لە کورد هەڵنەگرێت، مافی نییە. بازگەی زۆر دادەنێن، پێویستە ئاگاتان لە خۆتان بێت. متمانە بە هەمووکەس مەکەن.»

تاریکی کرد، ماڵئاواییان کرد و گوندەکەیان جێهێشت. سێ قوڵی، بەدوای یەکدا. گەیشتنە سەر سنوور. ئاپۆ لەسەر سنوور وەستا، تەماشایەکی دواوەی کردەوە: «مرۆڤی کورد هەموو کارەساتێکی بینی، بەڵام هەرگیز خۆی نەدا بەدەستەوە. ئەم خاکە بەشکۆیە جێدەهێڵین، دڵنیام بەسەربەرزی دەگەڕێینەوە. چیرۆکەکەی باپیرمان ئیبراهیم دووبارە دەکەینەوە، ئێمەی ئورفایی هەمیشە چیرۆکی مەزنمان هەیە.» پێیان خستە خاکی سوریاوە. تا نیوەی شەو بەڕێوە بوون، گەیشتنە گوندە دیاریکراوەکە، ناونیشانەکەیان دەرهێنا، تەماشای خانووەکانیان کرد، بەو شێوەیەی بۆیان نەخشکرابوو ماڵەکەیان دۆزیەوە. بانگی خاوەن ماڵیانکرد، پاش کەمێک ڕووناکی لە ژوورێک داگیرسا، سێبەری پیاوێک دەرکەوت، هاتە دەرەوە، چاوی پێیانکەوت و بەخێرهاتنی کردن بۆ ژوورەوە. دوو منداڵ و ژنێک لە ماڵەکەدا. ئەو شەوە نەخەوتن، ڕێنماییەکانی پێگووتن، بردنی بۆ خانووێک لەناو باخێکی زەیتوون، ئاگاداریکردنەوە هەتا خۆی نەگەڕێتەوە لەو باخە نەچنە دەرەوە. ڕۆژانە منداڵەکانی نانیان دەبرد بۆیان، پیاوە یەکی وێنەیەکی بچوکی لێوەرگرتن و ڕۆیشت، لەوسەرەوە بەسێ ناسنامەوە گەڕایەوە، کرابوون بە عەرەب، ناسنامەکان ساختە بوون.

دەبایە بگەنە شوێنێک ئامانجی سەرەکییان بوو. لەگەڵیاندا ڕۆیشت، لە شارێکی بچوک سواری پاسێکی کردن، ناردنی بۆ شارێکی دیکە، لە بازگەکان ناسنامەکانیان لێوەردەگیرا، بە عەرەبییەک، کە چەند وشەیەکی سەرەتاییان دەزانی، چۆنی و چاکییان دەکرد و سوپاسیان دەکرد. سێ غەریبە لەناو وڵاتێکی غەریبدا. پارە تورکییەکانیان لە ماڵی پیاوەی گوندی سەرسنوور گۆڕی بە پارەی سوری. خواردن و کرێی ئۆتۆمبێلیان پێدەدا. بەرەو شوێنی دیاریکراو دەڕۆیشتن و شەو ڕۆژیان خستە سەریەک.

ئاگایان لە وڵات نەما. چوونە کەمپی شۆڕشگێڕە فەلەستینییەکان. ئاشنایەتیان پەیداکرد لەگەڵ گروپێکدا. دەستیانکرد بە مەشق و خوێندنەوە، شێوەی پارتیزانی و دروستکردنی گروپی دەست وەشێن، نیشانە گرتنەوە و ڕاهێنان لەسەر خۆشاردنەوە و پەلاماردان. ماوەیەک لەگەڵ شۆڕشگێڕە فەلەستینیەکان سوودێکی زۆریان لە کاروباری سەربازی بینی. لەپاڵ مەشقەکاندا خۆیان فێری زمانی عەرەبی دەکرد، گەیشتنە ئاستێک دەربڕین و تێگەیشتنیان ئاسایی بێت. ئەو کتێبانەیان خوێندەوە لەسەر پارتیزانی نووسرابوون. دەوڵەتی سوریا و ئوردن، بە شێوەی ڕەسمی پێشوازییان لە هەموو گروپێکی یاخی ڕاگەیاند. دەیانەویست لە ڕێگەی ئەو تەکنیکەوە فشار بۆ جیهانی دەرەوە و دراوسێکانیان دروست بکەن. ئەو پێشوازیەیان بەهەلزانی. داوای شوێنێکیان کرد بۆ مەشق و کۆبوونەوە، ناوچەیەکیان بۆ پێشنیاز کرا. ڕۆیشتن بۆ شوێنی دیاریکراو.

دۆڵێک بوو. ئاپۆ بەسەر گردێکەوە وەستا، تەماشای دۆڵەکەی کرد، چەند تەپۆلکەیەک لە دەوری دۆڵەکە، شوێنێکی خراپ نەبوو، کەمێک بێ درەخت و وشک دەردەکەوت. دەستی خستە سەرشانی جەمیل پەنجەی ڕاکێشا بۆ دۆڵەکە: «ئێرە دەکەینە سەرزەمینی ئاوازە ئازادەکان.» چیرۆکەکەی ئیبراهیمی گێڕایەوە، «شوێن ئەستێرەکە کەوت، سەرزەمینی ئازادی بۆ گەلەکەی دۆزییەوە. پێدەچێت چارەنووسی کورد ئاوابێت، هەمیشە بەدوای سەرزەمینی ئازاددا بگەڕێت، چونکە نەمرودەکان هاتوونەتە سەر زەوییەکەی خۆی. چیرۆکەکەمان زۆر لەیەک دەچێت، بەڵام ئێمە وەک ئیبراهیم ناکەین، خاکی باپیرانمان جێناهێڵین، دەگەڕێینەوە بۆی. ئەم سەرزەمینەمان بۆ ئەوە دەوێت خۆمان ئامادەکەین بۆ گەڕانەوە. ئەستێرەکەی ئێمە هوشیاریمانە، لە ئاسماندا نییە، لەناو مێشکماندایە.»

دەستیانکرد بە پەیوەندی دروستکردنەوە لەگەڵ کوردانی باکوور، لە کوردانی ڕۆژئاوا دۆستی نوێیان دۆزییەوە. لە دۆڵی ئاوازە ئازادەکان، بە هەڵدانی خەیمەیەک دەستیان پێکرد. پاشان خانوویکی بچکۆلەیان دروستکرد. وەڵامی پەیوەندییەکانی باکووریان بۆ هاتەوە. هەڤالان دەرکەوتن، پارەیان هێنا، لە ڕێگەی هێزە شۆڕشگێڕەکانەوە، کەرەستەی مەشقی سەربازییان پەیداکرد. جلوبەرگ و تفەنگ و فیشەک، خانووی دیکە دروستکرا، درەخت و سەوزایی چێنرا، بیرهەڵکەنرا و زەمینەی ئەکادیمیایەک دارێژرا. دوو ڕۆژنامەنووسی بیانی داوەتکران سەرەتای تێکۆشانەکە بگەیەنن، ڕێبەر ئاپۆ دەستیکرد بە باسکردنی ئەکادیمیا نوێیەکە، ڕۆژنامەنووسەکان هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە، گەیشتە باکوور، گەیشتە ڕۆژهەڵات و باشوور، گەیشتە شارەکانی ڕۆژئاوا، گەنجانی کورد، یەک ـ یەک و دوو ـ دوو بەرەو ئەکادیمیا کەوتنە ڕێ.

هەڤالانی گروپە کۆنەکە دەرکەوتنەوە، لە دۆڵی ئاوازە ئازادەکان یەکتریان بینیەوە، باوەشیان بەیەکدا کرد. خۆشحاڵ و بە ئومێد نەخشەی وانەکانی دارشت. شێوەی وتنەوە، مەشقی سەربازی، دیسپلین، کتێبخانە، خوێندنەوە، ڕۆژی چەند کات بۆ قسەکردن، چەند کات بۆ ڕاهێنانی سەربازی، چەند کات بۆ پەروەردەی پارتی زانی. بڕیاری دا، نینۆک بۆ پارتەکە دروستبکات. ئێوارەیەک لەبەردەم یەکێک لە خانووەکانی ئەکادیمیا دانیشت، بە هەڤالانی گووت: «قەڵەمبازی دووهەم دەست پێدەکات.»

دەزگا سیخوڕییەکان زانییان ڕزگاری بووە، زانیارییەکان دزەیان کردە ناو ڕۆژنامەکان، بڵاوکرایەوە ئاپۆ و گروپەکەی لە سنووری دوو دەوڵەتی دوژمنی تورکیا دەستی لەگەڵ بێگانەکان تێکەڵکردوە، ڕاهێنان بە گەنجان دەکات بۆ تێکدانی ئارامیی شارەکان. هەواڵەکە گەیشتە ناو زیندانییەکان، لە بەشی ژنان و پیاوان، بەو هەموو ئازارەوە، شایان

کرد، سترانیان گووت. ئیرادەیان هێندەی کە بەرز بوویەوە، لە بەشی پیاوان، کەمال وتاریکی پێشکەش کرد، لەبەشی ژنان، ساکینە. شاهێن و گروپەکەی بە دارزیویەوە سەری خۆیان نەویکرد، بەرپرسی زیندان، شێت و هاربوو، فەرمانیدا ئەشکەنجە دوو هێندە زیاد بکرێت.

یەکەم بەرهەمی لە ئەکادیمیا، ماوەی مانگێک سەرقاڵی بوو، پرسی کەسایەتی شۆڕشگێڕی نووسی. گرێیدا بە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەوە، کەسایەتییەکی خستە ڕوو، «هزرێکی یاخیانەی هەیە، ناچێتە ناو سیستەمی بێگانەوە، هەڵگری ئیرادە و بڕوایەکی پتەوە، هوشیارە بە مێژووی گەلانی دیکە، هوشیارە بە مێژووی خۆی. دێتە ناو شارەکان، بەو ئامانجەی شار بگۆڕێت بۆ سەرزەمینێکی بە بەها. ملکەچ ناکات، خوداکەی نەبووە بە پارە، خوداکەی هێزی پێدەدات، بە چاوێکی کراوەوە، لە دونیا و ناو دەروونی خۆی دەڕوانێت.

ئەرکێکی ڕزگارکەرانەی هەیە، شۆڕشگێڕیی تەنها بە ئازایەتی نابینێت، بە هوشیاری قوڵ دەیبینێت. مرۆڤێکی غەریزەیی نییە، مرۆڤێکە هەڵگری ئایدیا و خەونی مەزنە. گەل و نیشتمان و ئازادی، سێ بنەوانی سەرەکی ناو ئایدیاکەین. نەتەوەگەرا نییە، بڕوای بە جیاوازی زمان و کولتوور و ئایین هەیە، ڕێزی گشت ئایینێک دەگرێت، نایەوێت خورافە پەرست بێت، تێدەکۆشێت لە پێناو نەهێشتنی نەزانی و خولیای زانینە.»

بەوجۆرە وانەی یەکەمی ئەکادیمیای نووسی. چوارهەڤاڵی بانگکرد، بە نیازی وانەیەک، چیرۆکی مەلا عەلەوییەکەی گوندی ئامارای بۆ گێڕانەوە، باسی ئاغا و کوێخای کرد، بە کارێکی دەزانی نەدەبوو بەبێ تەواوکردن جێی بهێڵێت. خەونەکەی بیرنەچووبوویەوە کاتێک هەسارە خاتوونی دایکی هاواریدەکرد: «ئەوانەت لەبیرنەچێت، ئەو دووانەت بیرنەچێت.» گەنجەکان فەرمانەکەیان وەرگرت، دەیەویست

تێبگات بزانێت ئەوانەی ڕوویان لە دۆڵی ئاوازە ئازادەکان کردوە، چەندە دیسپلین کارن، گەنجەکان ڕۆیشتن، دوای هەفتەیەک گەڕانەوە، پەیامی خۆیان گەیاند.

لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە زانیارییان بەدەست گەیشت. «پێش بانگی بەیانی، نوێژخوێنانی گوندی ئامارا بە ئاگادێن، بەنیازی نوێژکردن ڕوو لە مزگەوت دەکەن. دەبینن کوێخا و ئاغا، قۆلیان هەڵکراوە، کەوتونەتە ناو حەوزی مزگەوتەکەوە و خنکاون. دانیشتوان بە خەبەردێن، پێیان ناخۆش نابێت، بەڵام مەلای سوننەی ئەڵقە لە گوێیان بۆیان دەپاڕێتەوە، گوندییەکان دڵنیا دەکاتەوە هەردووکیان بەهەشتین، چونکە هاتوون بۆ نوێژکردن قاچیان خزاوە، کەوتونەتە ناو حەوزەکەوە و خنکاون، بە قۆڵ هەڵکردنەکەیاندا دیارە ویستویانە دەستنوێژ بگرن.» چیرۆکی مەلا عەلەوییەکە گەڕایەوە ناو باسان، ژنان و پیاوان چارەنووسی کوێخا و ئاغایان بە سزایەک دەبینی، لەلایەن خوداوە لە تۆڵەی مەلاکەدا ئەنجام دراوە.

لەناو باخچە بچوکەکەی بەردەم یەکێک لە خانووەکان دەوەستا، تەماشای هەڤاڵەکانی دەکرد. لەبەرخۆیەوە: «ئێستا کاتییەتی، ئامادەن بۆ کاری پێویست. دەبێت زۆر ماندووبم، زۆر ڕۆبچمە ناویانەوە، بیانکەم بەو مرۆڤەی خەون و هیوامە. تەنها ئەو مرۆڤە دەتوانێت لەگەڵ ئەو سیستەمە زەبەلاحەدا ڕووبەڕوو بێتەوە، کە ئیرادە و بڕوا بەخۆبوونی لە هەموو چەک و سوپاکان، بەهێزتربێت. ئەتۆمەکە دروست دەکەم، بۆ ئەوەی هیچ لەشکر و هێزێک نەتوانێت تێکی بشکێنێت، مرۆڤ خۆی ئەتۆمەکەیە.»

# ٢٢

زیندانی ئامەد ئەشکەنجەدانی قورستر کرد

کەسوکاری گیراوەکان، ڕۆژانە دەچوونە بەردەم زیندانەکە داوای بینینی ڕۆڵەکانیان دەکرد، جەندرمەکان پەلاماریان دەدان و لێیان دەدان. دۆخێکی تاریک بە شێوەی زیندانەکە، سەرتاپای تورکیای گرتەوە. کۆی هێزە نەیارەکانی کۆمار دەستیگرکران و ژەنەڕاڵەکان بە ئاسوودەییەوە، لە ئێوارە ئاهەنگەکانیان دادەنیشتن، بۆ سەرکەوتنی کۆمار دەیانخواردەوە و پێدەکەنین، شانازییان بەخۆیانەوە دەکرد نەیانهێشت کۆمار بکەوێتە دەست کۆمەڵێک گەنجی تازە پێگەیشتووی شەیدای سۆڤیەت.

ڕێکخراوە جیهانییەکان، ڕاپۆرتی ترسناکیان لەسەر دۆخی زیندانییەکان بڵاوکردەوە، نوێنەری وڵاتانی خۆرئاوا، بە زمانە دیبلۆماسییەکەیان، بەدەم قاوە خواردنەوە، هۆشدارییان دەدایە بەرپرسانی باڵای دەوڵەت، پێویستە دۆخەکە چارە بکرێت و ئاڵوگۆڕێک بەسەر ژیانی زیندانییەکان و بەسەربازکردنی شارەکان بێت. فشارێکی دەرەکی لەسەر دەوڵەت چڕبوویەوە. لەناوخۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی

ئەما، پاش دیدارەکەی ڕێبەر ئاپۆ، ڕێکخستنەکان کەوتنە خۆ، شەوان دروشمیان دەنووسی، بەیاننامەکانیان بڵاودەکردەوە. بەرەو پیری بانگەوازەکەوە چوون، کە هاواریکرد: «گەل خۆی نادات بەدەستەوە، گەل ئازادیی دەوێت.»

بەرپرسی زیندان لەلایەن ژەنەڕاڵەکانەوە سەرکۆنە کرا، بۆچی نەیتوانیوە بەسەر کۆمەڵێک گەنجدا سەربکەوێت. لە دانیشتنەکاندا لێیان دەپێچایەوە و دەیانشکاند، بە سەرکزییەوە دەگەڕایەوە و، تۆڵەی خۆی لە زیندانییەکان دەکردەوە. بەرگریکردن شێوەکەی گۆڕا، ئیدی شاهێن و گروپەکەیان نەدەهێنرانە سەر دەنگەبەرەکە قسە بکەن، وەرزشی بەیانیان و سرودی تورکیا بە خۆبەدەستەوە دەرەکان نەوترایەوە، لەناو زیندانەکەدا تەنها گوێت لە ناڵەو هاواری دوو بەشەکەی پەکەکە دەبوو، لەژێر لێدان و ئەشکەنجەدا نەیاندەتوانی بێدەنگ بن و هاواریان دەکرد و پاشان بەدەنگی بەرز «بژی کورد و بژی پەکەکەیان» دەگووتەوە.

هەلیان وەرگرت، لەناو خۆدا قسە بکەن بۆ گۆڕینی تێکۆشانەکەیان. زستانێکی سەختیان تێپەڕاند، بەرەو بەهار هەنگاویان نا، بەڕووتی لەناو بەفرەکەدا ڕایاندەکشاندن و دەچوونە سەر پشتیان، بە دارو کێبڵ لێیاندەدان، تا خوێن لە جەستەیان بێت، بەفریان دەخستە سەر برینەکانیان و خوێنەکە دەیبەست. سڕدەبوون و هەستیان بە ئازار نەدەکرد، بە سڕبوون ڕایاندەکێشان بۆ ژوورێکی گەرم، کاتێک گەرما زۆرەکە لێیدەدان جەستەیان وەک بڵێی بەربوو‌بێت، خاو دەبوویەوە و شوێنی لێدانەکان ئازاری دەهات. خوێیان دەکرد بەسەر برینەکانیاندا سەگیان تێبەردەدان، نینۆکیان بە پلایس دەردەهێنان، قژی هەموویان کەچەڵ کردبوو. جلی خەت خەتی زیندانیان بۆ هێنان لەبەری بکەن.

ڕابوون دژی یەکپۆشی دەستی پێکرد، هەموو بەشەکانی دیکە لەبەریانکرد، بەلام دوو بەشەکەی پەکەکە ئامادە نەبوون. دەستیانکرد بە

لێدانیان، کراس و پانتۆڵەکانیان لەبەر دڕاندن، بە ڕووتی برانە دەرەوە، ژن و پیاو، بۆ ئەوەی شەرم لە یەک بکەن و ناچاربن بیپۆشن. پیاوەکان ئاکاریان ڕێگەی پێنەدان تەماشای جەستەی ژنەکان بکەن، جلەکانیان پۆشی، ساکینە هاربوو، هاواری دەکرد: «هەڤاڵ نەکەن، داخوازی کۆمار قبوڵ نەکەن، ئێمە گەلێکی بە ئاکارین، شەرم مەکەن، لەبەر ئێمە ئەو کارە مەکەن.» ورەی پێدەدان، ئاگاداری کردنەوە ئەو تەکنیکەیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن بیان پۆشن. هەڤالانی پیاو، نەیاتوانی بەرگەی بینینی ڕووتکردنەوەی ژنەکان بگرن، جلەکانیان پۆشی.

دوای یەک پۆشیەکە، شەوێکی بێدەنگ و کپ دەستی پێکرد، هەستیاندەکرد شکستیان هێناوە لەبەردەم بەرگریدا. بەیانی نەورۆز بوو، لەناو خۆیاندا کەمێک قسەیان کرد چیبکەن بۆ بەیانی. کەس نەیزانی مەزلوم بیر لەچی دەکاتەوە، بێدەنگ لە ژوورە تاکەکەسیەکەی خۆی بەشداری گفتوگۆکانی نەکرد، نەریت وابوو، هەرکەسە و لە ژووری خۆیەوە، دەمی بباتە بەردەم شیشەکان و قسەی خۆی بکات. کەس نەیزانی کەرەستەکانی چۆن دەسکەوتووە، لە کوێی هێناوە.

جلە یەکپۆشەکانی داکەند، بە پارچە موسێک دەماری دەستی بڕی، پەنجەی خستە سەر خوێنەکە، لەسەر دیوارەکە بە خوێن دەینووسی، دوای ئەوە ئاگری لە خۆی بەردا. هەڤالان کاتێکیان زانی ئاگر لە ژوورەکەیدا مەزلوم بەرز بوویەوە. بانگی پاسەوانەکانیان کرد، پاسەوانەکان گەیشتن، دەستەی پاسەوانەکان هەوڵیاندا بیکوژێننەوە، هەمووان گوێیان لێبوو هاواریدەکرد: «ئاگرەکەم مەکوژێننەوە.» لە ژوورەکەی سوتا. بانگی نەورۆزی دا. بوو بە سروود خوێندن، پارچە گۆشت و ئێسقانیان هێنایە دەرەوە، خستیانە ناو گونییەکەوە و نێردرایە دەرەوە، کەسوکاری ئاگادارکرانەوە سەردانی زیندان بکەن و تەرمی کوڕەکەیان ببەنەوە.

خەباتێکی نوێ دەستی پێکرد، لەسەر دیواری ژوورەکەی، بە خوێنی خۆی نووسیبووی: «بەرخودان ژیانە.» بوو بە دروشمی زیندان. ساکینە لە بەشی ژنان هەواڵەکەی پێگەیشت، دەستیکرد بە گریان، بە دەنگی بەرز دەگریا، بەرگرییەکە چووە ئاستێکی ترەوە، ئاگرەکەی مەزلوم ئاگری لە بیرکردنەوەی هەموویان بەردا.

دەنگی نەورۆزەکەی مەزلوم چووە دەرەوەی زیندان، لە شارەکان و لە گوندەکان. بۆشەوی دوایی، ڕێکخستنەکان سکێچی مەزلومیان لەسەر دیوارەکان کێشا، لە ژێریدا نووسیان: «بەرخودان ژیانە.» ڕاپۆرت نێردرایەوە بۆ دۆڵی ئاوازە ئازادەکان. بەڕێوبەرایەتی زیندان ترسا، شۆک دایگرت، ڕۆژنامەکان سوتانی زیندانییەکانیان بە کێشەیەکی ئاگرکەوتنەوە بڵاوکردەوە. بەڵام ڕاپۆرتە نهێنییەکان ژەنەڕاڵەکانی سەرسام کرد. شەوی دوایی، لە سەر کێوەکان، لەناو دۆڵەکان، گەنجانی شار و گوندەکان، ئاگریان کردەوە، جەندرمەی ناو قولەکان هەڵسان، پاسەوانیان چڕکردەوە، تێنەدەگەیشتن لەو هەموو ئاگرە، سەرتاپای باکووری کوردستان، شەوێکی درەوشانەوەی پیشاندا. لەسەرەوە تەماشای نەخشەکەت دەکرد، لە مەملەکەتێک دەچوو، ئەستێرەی ئاگراوی بەربووبنەوە سەر زەوییەکەی. نەورۆز گەڕایەوە، کوردەکان چ لە گوندەکان چ لە شارەکان، چوونە سەربان، بە دڵخۆشییەوە تەماشای ئاگرەکانیان دەکرد.

پاش ئاگرەکە، لە ژوورە تاکەکەسییەکان دەرهێنران، ئازادکران دەتوانن جلی یەک پۆشی لەبەر نەکەن. هەڤاڵان کۆبوونەوە، بیریان لە شێوازی نوێی خەبات کردەوە. مەزلوم بناغەکەی داکوتی، بەشی ژنان بەهەمان شێوە، ساکینە بۆ کەرەستە گەڕا، چیرۆکەکەی مەزلوم دووبارە بکاتەوە، هەڤاڵانی پیاو داوایان لێکرد جارێ بوەستێت پێویستە سەربەخۆیانە نەجوڵێین و بە تیم کاربکەن. سزاو لێدان و

ژووری تاکە کەسی و گۆشەگیرکردن چەند ڕۆژێک ڕاگیرا، بەڵام پاشان بەردەوام بوو.

دوای چەند شەوێک، چوار هەڤاڵەکە، کە بە چوار ئەستێرەکەی ئامەد ناسراون، بە هەمان شێوە، بازنەیەکیان دروستکرد، لەسەر دیواری زیندانەکە وێنەیەکی مەزلومیان کێشا و بە دیاریەوە خۆیان سوتاند. لەبەرچاوی هەڤاڵانیان سوتان، تا کۆتا ساتی توانەوەیان، تا ئەو کاتەی هێزیان تێدابوو، سرودیان بۆ گەل و تێکۆشان دەگووت، داوایان دەکرد نەیانکوژێننەوە. مەترسی کەوتە سەر زیندان، پشکنین دەستی پێکرد، چی کەرەستەیەک ئاگر دروستبکات کۆکرایەوە، بە وردی چاودێری دەکران، بەڕێوەبەری زیندان هەستی بە لاوازی خۆی کرد بەرامبەریان، نەیتوانی ئامانجەکەی بپێکێت. پارێزەرەکان داوای دانیشتنی دادگایان کرد. دانیشتنێک ڕێکخرا، بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک میدیاکاری سەر بە کۆمار. لە دادگا کرانە دوو بەشەوە، بەشی خۆبەدەستەوە دەرەکان، بە پێشڕەوی شاهێن، بەشی تێکۆشەرەکان، بە پێشڕەوەی خەیری و کەمال.

بەدەست بەستراوی بران، پاسەوانییەکی توند کران، نەبادا لە ڕێگا ڕێکخستنەکان بۆسەیان بۆ دانێن. خرانە ژووری دادگاوە، پاسەوانەکان چوونە ژوورەوە، داواکاری گشتی دانیشت، دادوەر گەیشت، تێکۆشەرەکان لەبەری هەڵنەسانەوە. شوێنی لێدان بە ڕوخسار و دەست و ملیانەوە دیاربوو. دادگایەکی شانۆی دەستی پێکرد. شاهێن و خۆبەدەستەوە دەرەکان ڕێگەیان پێدرا قسە بکەن، میدیاکان کەوتنە تۆمارکردنی، وەک گرگنێکی خۆفرۆش، کەوتە پەلاماردانی کورد و پەکەکە. پەشیمانبوونەوەی خۆی و گروپەکەی خستە ڕوو. بە ئاسودەیی قسەی دەکرد و دادوەر پرسیاری لێدەکرد، کەمال و خەیری دەستیان بەرزکردەوە قسە بکەن، ڕێگەیان پێنەدرا، لەناخەوە ئاگریان لێدەباری.

زیاد لە کاتژمێرێک شانۆی دادگاکە بە پەشیمانبوونەوە و هێرش بۆ کورد، زمانی کوردی، کولتوور، خاکەکەی، تێکۆشانەکانی دەستی پێکرد. شاهێن و گروپەکەی بەجۆرێک دەدوان، نەیاندەزانی کورد چییە و کێیە؟ بۆچی باسی کورد دەکرێت و کەی گەلێک هەیە بەو ناوەوە، لە دەزگا سیخوڕییەکانەوە چیان پێوترابوو دەیانگووتەوە. میدیاکان ئەو دادگاییەیان بڵاوکردەوە، کردیانە دەنگوباسی ڕۆژانە، کە پارتی کرێکاران سەرکردەکانیان پەشیمانن و دان بەو ڕاستییەدا دەنێن بە هەڵە براون، گەلێک بەناوی کوردەوە نییە و، خۆیان دانی پێدا دەنێن. شاهێنیان کردە گەورەترین سەرکردەی جوڵانەوەکە.

ڕێگە نەدرا هەڤاڵانی دیکە قسە بکەن، کاتی تەواوبوونی دادگاییەکە، برانە دەرەوە، خەیری فرسەتی هێنا، لە شاهێن نزیک بوویەوە، چپاندی بە گوێیدا: «مافی خۆت وەردەگریتەوە، خۆفرۆش.» ترسا، هەنگاوێک چووە ئەولاوە، پاسەوانەکانی بانگکرد، شکاتیکرد هەڕەشەی لێدەکات، لەناو هۆڵی دادگا بە لولەی تفەنگەکانیان بەربوونە خەیری، کەوتە ژێر دەست و قاچیان، دادوەرەکان و پارێزەرەکان و خەڵکانی ناو دادگاکە تەماشایان دەکردن. هێندەیان لێدا نەیدەتوانی هەڵسێتەوە، هەڤاڵەکانی هەڵیان ساندەوە.

گەڕێنرانەوە زیندان، لە ڕێگەی پارێزەرەکانەوە داوای پێنووس و تیانووسیان کرد، بەڕێوەبەرایەتی زیندان ڕێگەی پێدان، یاداشتێکیان نووسی، داوای چاکسازی و لابردنی ئەشکەنجەیان کرد. داوایان لە دادگا کرد ڕێگەیان بدات بەرگری لە خۆیان بکەن. هەموویان ڕێککەوتن لەبەردەم دادگادا سەریان بەرز بکەنەوە و وەک ئەندامێکی پەکەکە خۆیان بناسن. کەیسی کوشتنی فەرمانبەرەکەی دەزگا سیخوڕییەکە بۆ کەمال زیندوو کرایەوە. یاداشتەکەیان ناردە بەڕێوەبەرایەتی زیندان، بەڵێنی پێدان ئەگەر کێشە نەنێنەوە هەوڵی جێبەجێ کردنیان دەدات،

بەڵام ڕاستی نەکرد، بۆ شەوەکەی ئەشکەنجە دەستی پێکردەوە، بەشی ژنان نەبران بۆ دادگا، ساکینە زیاتر لە هەفتەیەک بوو لە زیندانی تاکەکەسی فڕێدرابوو، ئاگای لە چالاکییەکانی هەڤاڵان نەبوو.

چاوەڕێ بوون بێتە دەرەوە، گوێیان لێدەگرت و فەرمانەکانی بەهەند وەردەگیران، بوویە نمونەی ژنی سەرکردە لەناو چەقی داپڵۆسێنەرترین زینداندا. نە باکی بە لێدان بوو، نە باکی بە ئازار و گۆشەگیرکردن، هەرجارێک دەبورایەوە و بە هۆش دەهاتەوە، لە جاری پێشوتر بەهێزتر و خاوەن بڕواتر.

چەندینجار تووشی خوێنبەربوون هات. چەندینجار هەڕەشەی دەستدرێژی سێکسییان لێکرد، بەڕێوەبەری زیندان دەیزانی گەر ئەو بشکێنێت، هۆکاردەبێت بۆ شکاندنی ئەوانی دیکە. کچی سیخوڕی بێ بەهای نارده ناو بەشەکەیانەوە، زانیاریی دەهێنایە دەرەوە، پێیانزانی، ساکینە لەگەڵ دوو هەڤاڵی دیکەیدا، سیخوڕەکەیان دۆزییەوە، لە گۆشەیەک گرتیان و دەمووددانیان شکاند. بە ڕوخساری خوێناوی و چاوی هەڵتۆقیوەوە برایە دەرەوە. لەسەر ئەو لێدانەی سیخوڕەکە، هێندە ئەشکەنجەیاندا لە هۆش خۆی چوو. بەڵام ئیدی نەیهێشت هیچ کەسێکی خراپ و لاواز بنێرنە بەشەکەیانەوە، هەر کەسێک دەچووە ناویان، یان دەبوو بە خۆڕاگر، یان لەناو خۆیاندا تەمێیان دەکرد. بەشی پیاوان کەسیان بۆ نەدەناردن، چونکە دەترسان بیکوژن.

## ٢٣

لەناو یەکێک لە ژوورەکانی ئەکادیمیا دەهاتوو دەچوو. دەستی خستبوویە پشتییەوە. توڕە، دەلەرزی. هەڤالان لەبەردەرگاکە نەیاندەوێرا بچنە ژوورەوە. لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، ماوەیەک بەوجۆرە لە ژوورەکە مایەوە، بانگی کردن، چوونە ژوورەوە. لەسەر کورسییەک دانیشت، ئاماژەی پێدان دانیشن، بێدەنگ دانیشتن. پاش کەمێک رامان و بێدەنگیی دەستی پێکرد: «ئەو گرگنە بۆ باش نەتان ناسی. بۆ بە قسەی ساکینەتان نەکرد، پێی نەگووتن کەسایەتییەکەی بە کەڵکی خەبات نایەت؟ ئەز سەرقاڵبووم، ئیشی ئێوە چی بوو؟ کێ هێنای؟ بۆ رێگەتان پێدا بێتە ناو رێکخستنەکانەوە؟ بۆ لێپێچینەوەتان لێنەکرد؟ بۆ دەبێت هەموو کارەکان ئەز بیکەم؟ ئێوە چیدەکەن؟ کەستان تێبینییەکی بەمن نەگووت، جگە لە ساکینە؟ کە دەتانزانی وایە: بۆ رێگەتان دا بی بوورم؟»

بە تووڕەییەوە پرسیاری دەکرد، سەیریان دەکرد و وەڵامیان نەدایەوە. راپۆرتی بەدەست گەیشتبوو شاهێن چیکردووە، چۆن لەگەڵ دەزگا سیخوڕییەکان دەستی تێکەڵکردوە و، لە زیندان هاوکارییان دەکات بۆ پەشیمانکردنەوەی هەڤالان. هێشتا راپۆرتی دووهەمی بەدەست

نەگەیشتبوو. بەڵام بە شکۆوە باسی بەرگریکردنی هەڤاڵانی کرد، وردەکاری ئەشکەنجەدان و هێرشکردنە سەریانی بۆ هات، بەڵام شاهێن هێندە تورەی کرد، بەسەر هەڤاڵاندا دەنگی بەرز کردەوە. بەرگریکردن لەو کاتەدا سودی نەبوو، چونکە هەڵەکە لەژێر دەستیاندا تێپەڕی بوو، ورد نەبوون لە دەستنیشانکردنی ئەو کەسە، لێبوردنیان لەو هەلانەی لەسەردەمی ڕێکخستندا دەیکرد، هاوکاری بوو دەست لەگەڵ دەزگا سیخوڕییەکان تێکەڵ بکات. تەنانەت ئەو جارەی کەوتبوویە شوێن ساکینە و ماڵەکەی دۆزیبوویەوە چوویە ژوورەوە، کارێکی نەبوو، دەیەویست دڵنیابێت لەو ماڵەدان و لە کاتی دیاریکراودا بیاندات بەدەستەوە. ئەوەبوو ڕێبەر ئاپۆ دەریکرد و پاشان شوێنەکەی گۆڕی، گومانێکی بۆ دروست بوو، بەڵام هیچ کات بڕوای نەدەکرد بەو شێوەیە بکات.

تووڕەبوون نەما، دامرکایەوە. کەمێک بێدەنگی، داوای قومێک ئاویکرد، بۆیان هێنا. سەیرێکی هەڤاڵانی کرد، تەماشای چاوی یەک بەیەکیانی کرد، دەستی خستە سەر مێزەکە، کەمێک یاری بە پەرداخەکە کرد. داوای لێبوردنی لێنەکردن، چونکە هەڵەیەکی مەزن بەسەریاندا تێپەڕی بوو، بە ئارامی، وەکجاران: «ئەنکیدۆ و هارپارک لە ئێمە نابڕێن.» کەوتە شیکردنەوەی ئەو دوو کەسایەتییە کوردە لەناو مێژوودا. «ئەنکیدۆ زەبەلاحێکی گەورەبوو، گەلگامێش نەیدەتوانی ڕووبەڕووی خۆی و گەلەکەی ببێتەوە. بەپێی میتۆلۆژیای سۆمەری، خەڵکی ناو شاخەکان بووە، لە بەشی ڕۆژهەلاتی میزۆپۆتامیا، واتە: سەرزەمینی ئێمە. کچێکی سۆزانی بۆ نارد، بە جوانییەکەی فریوی بدات. غەریزەی داگیرکرد، گەمارۆی دا، هێنرایە ناو شار، کردی بە کەسێکی شاری، چۆن ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە ویستیان ئێمە هانبدەن بۆ گەشەکردنی غەریزەمان و بمانکەنە کەسایەتییەکی داڕزیوی ناو چێژەکان، بەڵام بەرگریمان کرد و خۆمان پاراست، ئەنکیدۆ خاڵە لاوازەکەی غەریزە بوو، گەلگامێش کردی بە هاوڕێی خۆی، پێکەوە بۆ هەڵکوتانە سەر گەلەکەی خۆی

ئامادەی کرد، وەک خائینێکی دەستەمۆ، لەشکری بێگانەی بردە سەر گەلەکەی خۆی. ئەوە یەکەم نمونەی خائینە لەناو گەلی ئێمە، پاشان سەردەمی ئیمپراتۆریەتی مادەکان، هارپارکی سەرلەشکر، خیانەتی لە پاشا ئاستیاگ کرد، دەستی فارسەکانی گرت و خستنیە شوێنی پاشا کوردەکە، ئیمراتۆرییەتێکی گەورەی بەهاوکاریی بازرگان و خانەدانەکان دارِماند، گەلی سەردەستەی کرد بە گەلی ژێردەستە. بەناو کۆڵانەکانی مێژوودا بگەرِێن، پرە لەو جۆرە کەسایەتییە بێکەڵکانە. دەبێت ئێمە خاڵە لاوازەکەیان بدۆزیتەوە، پرِی بکەینەوە و دژەکەی دروست بکەین. مرۆڤە کوردەکە چاڵەکانی چین؟ چۆن پرِ دەبنەوە؟ چێژ چییە لای؟ بۆ لاوازە لە بەردەمیدا؟ ویست چییە لای؟ بۆ هەوڵی بە دەست هێنانی دەدا؟ بەهاکانی چین؟ بۆ دەست لە بەها هەڵدەگرێت؟»

پەرداخەکەی پرکردەوە لە ئاو، هەڵیقورِاند. پرسیاری لە هەڤاڵێک کرد، بە بروای تۆ، ئێمە چۆن ئەنکیدۆ راگرین؟ هەڤاڵەکە قسەکانی دووبارە کردەوە، رایگرت: «یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی مرۆڤ چێژەکانییەتی. ئەنکیدۆ بە شەرِ نەدەگیرا، بەهێزبوو، زەبەلاح بوو، شارییەکان پێی نەدەوێران. کچۆڵەیەک خۆی لێ نزیککردەوە، بۆی کەشف بوو، ئەو زەبەلاحە چێژی دەوێت، پێی بەخشی. دەستەمۆی کرد. چێژی مرۆڤەکە چ سامان بێت، یان ژن، یان هەر چێژێکی ژیان، خاڵی لاوازییەتی. لەم سەرزەمینە چێژەکان دەگۆرِێن، هەڤاڵینە چێژی گەورەتر هەیە لەو چێژانە. بە بروای ئێوە کامانەن چێژەکانی دیکە؟»

یەکێک لە هەڤالان: «خۆشویستنی گەل، گەورەترین چێژە. لەوانەیە بچمە شوێنێک کۆمەڵێک کورد پێشوازیم بکەن، لە خۆشیدا بدەم لە شەقەی باڵ.» زەردەخەنەیەکی بۆ قسەکەی کرد. «تۆ مرۆڤێکی جەماوەریت، حەزت لە حەشاماتە. لە دەروونتدا ئارەزووی سەرکردە و خۆ نواندنت هەیە. ئەو چێژەی تۆ جیاوازە لەو خۆشەویستییەی گەل

ئایدۆلۆژیا چۆن لە مێژووەکەیەوە بە شرۆڤەیەکی هەڵەدا تێپەڕیوە و بە قاڵبدان پیشاندراوە، خۆشەویستی گەل بەهەمان شێوە، وێنەکەی شێوێنراوە. بە قسەم بکە باشتر لە خۆشەویستی گەل ڕۆبچۆ، دەست لە وەهمەکانی دەسەڵاتی ناخت هەڵگرە. دەسەڵات پەرست، ئارەزوو دەکات لە جێگایەکی بەرز بوەستێت و گەل لە ژێرەوە دەستی بۆ بەرزبکەنەوە و چەپڵەی بۆ لێبدەن. بەڵام ڕێبەر، ئەو خەونەی نییە، مرۆڤی هوشیار دروست دەکات، مرۆڤی هوشیار نابێتە حەشامات، دەبێت بە گەل.» هەڤاڵێکی دیکە قسەکەی لێوەرگرت: «بە بڕوای من، خۆشەویستیی خاک، یەکێک لە مەزنترین خۆشەویستییەکانە. چێژی ئەو خۆشەویستییە بەراورد ناکرێت بە چێژەکانی دیکە.» سەری بۆ لەقاند، بە دڵی بوو، زیاتر وردی کردەوە: «بێگومان. خۆشەویستی خاک، گەر ڕاستەقینەبێت، لە خۆشەویستی نێوان منداڵێک و دایکێک دەچێت. لەوانەیە لەم ژیانەدا لە خاک و دایک میهرەبانتر و ڕاستگۆتر نەبن. ئەم دووانە پێکەوە ژیان دەخولقێنن، خۆشەویستییەکی بێ چاوەڕانییان بۆ مرۆڤ هەیە. دایک چۆن لە پێناوی هەست و سۆزدا بۆ منداڵەکەی، بوونی پێشکەش دەکات، خاکیش بەهەمان شێوە. بیرم نەچێت دەستەواژەی خاک و نیشتیمان، پیرۆزی و دایک، دەستەواژەیەکی دێرینی سۆمەرییە. دەبێت شرۆڤەی بکەینەوە.»

دوو هەڤاڵی تر هاتنە ژوورەوە، قسەکانی بڕی. دانیشتن. داوای لێکرایەوە زیاتر باسی بکات: «سۆمەرییە دێرینەکان نیشتیمانیان بەدایک چواند، خیانەتکردن لە نیشتمان، بە خیانەتکردن لە دایکیان دەزانی. لە پێناو ئەو دایکەدا خۆیان بەخت دەکرد. زۆر کەس خاک بە دایک نازانێت، لە مەزنی و بەخشندەیی خاک تێناگات، بۆیە خیانەتی لێدەکات. زۆر کەسی دیکەی وەک ئەنکیدۆ لە پێناو تێرکردنی ئارەزوویەکیان نەک هەر خاک، گەلیش لەگەڵیدا دەفرۆشن. ئەم کرمە لەسەر جەستەکە بۆ کورد، قوڵاییەکی زۆری هەیە. ئەز ئەنکیدۆ بە

بیرۆکـە وەردەگـرم، بیـر دەکەمـەوە دژە بیرۆکەکـە دروسـت بکەین. ئەرکی ئەکادیمیـا چییـە، نەتوانـێ دژە ئەنکیـدۆ دروسـت بـکات؟ چۆن دروسـتی بکەیـن؟»

هەڤالان پێکەوە سـەری ڕەزامەندییـان ڕاوەشـاند. کەمێکی دیکە بۆیان دوا، داوای لێکـردن جێـی بهێڵـن. بیـری کـردەوە دژەکـەی چـۆن دەبێت؟ نـاوی چـی دەبێـت؟ سـەرلەنوێ ڕاپۆرتـی ڕێکخسـتنەکانی خوێندەوە. شـاهێنی بـەراورد دەکـرد بـە کەسـایەتی هەڤالانـی دیکـە. بـۆی ڕوون نەبوو جارێ لـە زینـدان چ ئەنجامێک بەدەسـت دێت. لـە ژوورەکە چووە دەرەوە، بەتەنیـا پیاسـەیەکی سـەر تەپۆلکەکـەی کـرد. لـەو بەرزییـەوە تەماشـای ئەکادیمیـا یەکێـک لـە ئارەزووەکانـی بـوو.

کۆمەڵێک ماڵ، چەند هۆڵێکی نە گەورە نە بچوک، گۆڕەپانی یاریکردن، گۆڕەبانی مەشقی سـەربازی، دانانی کۆمەڵێک نیشـانە بۆ مەشقی پێکان. هەمـووان جلی کەسـکی سـەربازیان لەبـەردا. بازنەیـەک کچ دانیشـتبوون، یەکێکیـان لـە ناوەڕاسـتیاندا وەسـتابوو، تفەنگێـک بەدەسـتییەوە فێری هەڵوەشـاندنەوەی تفەنگی دەکردن. لەسـەر تەپۆلکەکان پاسـەوان دانرابوو. بەبـەردی ڕەنگکراو ڕێڕەوەکان و سنووری گۆڕەپانەکان جیاکرابوویەوە، باخچەیەکی بچوک و کۆمەڵێک درەخت ڕوێنرابوون. دەستەیەک کوڕ و کچ لەبن دیـوارەک خـەریکی گفتوگۆ بوون.

هەریـەک لـە هەڤـاڵ عەلـی قەیتـان و دوران کاڵکان چوونـە سـەرەوە، سـڵاویان لێکرد و دانیشـتن. تووڕەییەکـەی گۆڕیبـوو بۆ بیرکردنەوە لە پرسـی خیانـەت و دژە خیانـەت. عەلـی نەیدەوێـرا گاڵتـە بـکات، کەچی تەماشـایەکی کـرد و بـە زەردەخەنـەوە، بـۆ دوو قسـەی خۆشمان بۆناکەیـت هەڤـاڵ عەلـی؟ ئاهێکـی پێـدا هاتـەوە، کەواتـە تـووڕە نییە. وەک عادەتەکـەی خـۆی: «ئـەرێ ئـەز ئەنکیـۆم یـان دژە ئەنکیـدۆ؟» دەسـتیانکرد بـە پێکەنیـن. بـە دەم پێکەنینـەوە: «هێشـتا کـەس نازانێت

تۆ کامیانیت، لەو بەینەدایت، لە شەڕێکدایت لەناو خۆتدا، کۆتاییەکەی بڕیار دەدەیت کامیانی.» گاڵتەکردنەکەی گۆڕی: «وتارەکەتم خوێندەوە لەسەر کولتوور، کەمێک خەوشی تێدایە. پێویستە تۆکمەی بکەیت. کولتوور بەبێ ناسینی قۆناغی کشتوکاڵ هەرقسەکردنێک لەبارەیەوە کورت دەهێنێت. بگەڕێوە بۆ سەردەمی کشتوکاڵ، کولتوور لەوێوە دەست پێدەکات. جیای بکەرەوە لەگەڵ دیاردە، خوو، نەریت. ئەوانە پرسی جیان، کولتوور لە هەمووی گەورەتر و بناغەیی ترە، بەشە فراوانەکەی سەر بە دونیای دایکە، بۆیە بەڕێزانەیە. بنەوانەکەی لە گوندەکانە، زیادەکەی لە شارە.»

پێنج هەڤاڵەکە ئەرک خرابوویە سەریان، وانە بڵێنەوە. پێش وتنەوەی وانەکان، بابەتێکیان ئامادە دەکرد، دەیاندایە ڕێبەر بیخوێنێتەوە و پەسەندی بکات، یان زیادەی بخاتە سەر. ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە بنەما فیکری و مێژووییەکانەوە هەبوون، ناچاریدەکردن بۆ ڕەگوڕیشەکەی بگەڕێنەوە، کرچ و کاڵ و تێپەڕ نەبن. ڕۆژانە خۆی زیاتر لە چوار کاتژمێر وانەی پراکتیکی دەوتەوە، بە پێی پرسیار و گفتوگۆکان زانیارییەکانی دەخستە ڕوو. ئەمما بەردەوام دووبارەی دەکردەوە، هەڤاڵان بەباشی لێی تێناگەن، یەکی کۆتێک لە مێشکیاندایە، بەدوای کۆتەکە کەوتوون، نایانەوێت بیکەنەوە و بێنە دەرەوە.

پەنجەی ڕاکێشا بۆ لایەک ئەو کەپرەی دروست کرابوو، «پێتانخۆشە لەوێدا سەکۆی ڕەخنەدانەکە دروست بکەین. گەر بیرتان مابێت لە پرۆگرامی ماڵەکەی گوندەکە بەخاڵێک خستمانە ڕوو، لەو بارەوە کەمێک دواین. ئێستا پێویستە بیخەینە ناو پەروەردەوە، لە منەوە دەست پێدەکەین. سەکۆکە چاک بکەن، هەفتەی داهاتوو دێمە سەر ئەو سەکۆیە، مناڵیم دەخەمە ڕوو، دەیدەمە بەر ڕەخنە، ڕێگە بۆ هەڤاڵان دەکەمەوە پرسیاری لەبارەوە بوروژێنن، یەکەم کەس دەبم

بۆ بوونە خاڵی داکوتین. پاش من دەست پێبکەن، با کۆی هەڤاڵان بگرێتەوە، ڕاپۆرتەکانی ڕەخنەدان بە هەند وەردەگرین، دەیانخوێنینەوە و دەیانکەینە وانەی بەردەوام.»

لە تەپۆڵکەکە هاتنە خوارەوە. نامەیەکی درایە دەست، کۆمەڵێک میوان دێن. چەند نووسەرێکی ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوابوون دەیانویست دۆخی ئەکادیمیا ببینن. خۆیان ئامادەکردبوو لەسەر ڕۆشنبیر و مۆدێرنە قسە بکەن، کەچی پێچەوانەکەیان بینی. کە دانیشتن یەک یەک پرسیاری لێدەکردن، پرسیاری شوێنەکانیان، ناوچەکانیان، شێوەی ژیانیان و ڕابردوویان، بیناسازییان، پەروەردەیان. هەموو پرسیارەکان تایبەت بوون بە ناوچەکانیانەوە، کەمترین زانیارییان لەسەر پرسیارە تایبەتییەکان هەبوو. ئیدی بە پەرێشانییەوە، پێیگوتن: «ئێوە چ ڕۆشنبیرێکن ناوچەکەی خۆتان و ژیان و مێژووەکەی ناناسن. دەتانەوێت بەناسینی دەرەوە چیمان پێ بڵێن؟ مرۆ پێویستە سەرەتا خۆی بناسێت، پاشان هەوڵی ناساندنی دەرەوەی خۆی بدات.»

میوانەکان ڕۆیشتن، موراد لەلای وەستا بوو، بە بێزارییەوە: «ئەگەر گەلی ئێمە تەنها تراژیدیاکانی بوونایە، ئاسان دەمانتوانی شرۆڤەی بکەین و هوشیاری بکەینەوە لە ڕابردووی، کێشەی ئەم گەلە ئەوەیە کەسایەتییەکی خستوەتە ناو ژیانەوە، لەهەر گۆشە نیگایەکەوە تەماشای دەکەیت پڕە لە کەلێن، نازانم دەبێت چەند شوێنی چاک بکەم. پۆلێک بەناو ڕۆشنبیر هاتوون، بچوکترین زانیارییان لەسەر گەلەکەی خۆیان نییە، کەچی باس لە هوشیاری دەکەن، چەند سەختە دروستکردنی مرۆڤی نوێ لەناو ئەم گەلەدا. زیهنی، بەڵێ زیهنییەتی داگیرکراوە کولتوورەکەی جینۆساید کراوە، لەبری پشکنین و دۆزینەوەی خۆی لە کولتوورەکەی، ڕووی لە خۆی وەرگێڕاوە و تەماشای دەرەوەی خۆی دەکات!»

## ٢٤

ئەشکەنجەدان ڕانەگیرا، برینەکانی سەر دەست و مەچەک و ڕوخساریان تازە بوونەوە. دادگا پێشنیازەکەی قبوڵکرد، ڕێگە پێدانیان پێگەیشت بەرگری لە خۆیان و دۆسیەکەیان بکەن. کۆبوونەوەیەکیان کرد، ڕێککەوتن لەسەر خاڵەکان و قسەکانی نێوانیان. ڕۆژی گواستنەوەیان پێکەوە زنجیرکران و بە ڕێوشوێنێکی توندی پاسەوانی برانە دادگا، گروپی خۆ بەدەستەوە دەران لەگەڵیان برانە هۆڵی دادگا. سەرەتا ڕێگە بەواندرا بکەونەوە دووبارەکردنەوەی قسەکانی دانیشتنی پێشوو. میدیاکان تەنها دیمەنی بە دەستەوەدەرانیان تۆمار دەکرد، گەیشتە سەر گروپی بەرگری.

دادوەر چەکوشە تەختە بچوکەکەی کێشا بە مێزەکەی بەردەمیدا، داوای لێکردن بە ڕیز لە ماوەیەکی کەمدا هەڵسن و وەلامی پرسیارەکانی داواکاری گشتی بدەنەوە، بە تەمابوون ئاراستەی دادگاییەکە بگۆڕن، خەیری هەڵسایەوە، سەری بەرزکردەوە، لەبەردەم باڵا بەرزەکەیدا، دوو داواکارە گشتییەکە لە گونکە هەویرێک دەچوون، دانیشتبن بە سەرەخرەکانیانەوە، تەماشای چنارێکی بەرز بکەن، پرسیاری ناویان لێکرد، ناوی خۆی گووت. چاوەڕێی پرسیاری دووهەمی نەکرد،

چوارخاڵی خستە ڕوو، ئاماژەی بەوەدا بەناوی هەمووانەوە قسە دەکات.

خاڵەکانی پوخت و ڕوون، لە خاڵی یەکەمدا. «ئێمە کوردین، مێژوو و ناسنامە و زمانمان لەگەڵ ئێوەی تورک جیاوازە، بێگومان بە داگیرکەرتان دەزانین، تێدەکۆشین بۆ دەرکردنتان لە خاکەکەمان.» دادوەر هاواریکرد بەسەریدا، لە پرسیارەکان لامەدە، گوێی لە دادوەر نەگرت، درێژەی بە باسەکەدا: «بەڵێ پەکەکەین، ئەندامین و ڕێکخستنمان کردووە، دەمانەوێت وەک سیاسی مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت، چونکە پرسی پارتەکەمان سیاسییە.» دەستی بۆ ڕوخساری هەڤاڵان ڕاکێشا، مەچەکی خۆی بەرزکردەوە: «جەنابی دادوەر ئەشکەنجەدان لە زیندانی ئێمە بەردەوامە، باکمان نییە، بە پێی یاسا پێویستە ئەشکەنجە ڕاگرن، چونکە تەنانەت مردن لە ئامانجەکەمان و داخوازییەکانمان، پەشیمانمان ناکاتەوە.» پەنجەی بەرزکردەوە، تەماشایەکی گروپی خۆبەدەستەوە دەری کرد: «ماندەگرین تا مردن، لە پێناو مامەڵەیەکی مرۆڤانە بۆ زیندانییەکان، لە پێناو تێکشکاندنی ویستی کۆمار و فاشیزم، لە پێناو سەربەرزکردنەوەی داخوازیی گەل لەبەردەم کۆمارێکی ترسنۆکدا.» چاوەڕێی نەکرد وەڵامی بدەنەوە و پرسیاری لێبکەن، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە دانیشت.

هەڤاڵان چواریان هەڵسانەوە، بۆ پشتگیریکردنی مانگرتن تا مردن. دادوەر و داواکاری گشتی لەوە تێنەدەگەیشتن. تەماشای یەکتریان دەکرد و بە سەرکێشییان دەزانی. قسەکانی لیژنەی دادگای ڕاوەستاند بەبێ گفتوگۆ لەگەڵ زیندانییەکانی دیکە، دانیشتن دواخرا. گەڕێنرانەوە زیندان. خرانە زیندانە تاکە کەسییەکان. دەستکرا بە مانگرتن. سەرەتا بەڕێوەبەری زیندان و پزیشکەکان بەوجۆرە لە چالاکییەکەیان ڕووانی، چەند ڕۆژێکە و برسییەتی تەنگیان پێهەڵدەچنێت و دەکەونە ژێر بار.

بەشی ژنان هەواڵی چالاکییەکەیان پێگەیشت، ساکینە پەیامێکی نارد، دەست پێبکەن؟ ئاگاداریانکردەوە دوای بخات. بەڕێوەبەری زیندان، هەوڵیدەدا سۆزیان بجوڵێنێت و دەست لە مانگرتن هەڵگرن، پزیشکەکانی ناردە لایان، لە بارەی تەندروستی و نەخواردن، مەترسییەکانی داهاتووی سەر جەستەیانی بۆ ڕوونکردنەوە، بە ورەیەکی بەرز و کەمێک گاڵتە پێکردنەوە، وەڵامیان دایەوە: «خەمی تەندروستی خەمی پزیشکانەیە، خەمی شۆڕشگێڕانە نییە.» کەسوکاریان هاندرا سەردانیان بکەن بۆ کۆتایی هێنان، ئامادە نەبوون پێشوازییان بکەن، بەڕێوەبەری زیندان فەرمانێکی دەرکرد، لە دەنگبەرەکەوە خوێنرایەوە، ئەشکەنجەدان ڕاگیرا، گوێیان لێنەگرت، پێشتر چەندین بەڵێنی لەو جۆرەی دابوو، جێگای متمانە نەبوو.

مانگرتن درێژەی کێشا. خەیری و کەمال دۆخی تەندروستییان بەرەو خراپی چوو. دوای پەنجا ڕۆژ کەوتن، هێزیان تێدا نەما. بەناو شیشە ئاسنەکاندا، ئاویان بۆ هەڤاڵەکانیان ڕەوانە دەکرد، پاڵیان دەدا بە شیشەکانەوە و، قسەیان بۆ مانگرتنەکانی دیکە دەکرد. بۆیە یەک یەک جیاکرابوونەوە، تەکنیکی هەوڵدانی تاکە کەسییان بەکاردەهێنا بۆ پەشیمان بوونەوەیان. دوای ڕۆیشتنی تیمە پزیشکییەکانی زیندان، ئیرادەی مانگرتوانیان بەرز دەکردەوە، دۆخی خۆیان لەوان باشترنەبوو، لێ ئەرکی سەرکردایەتیان کەوتبوویە سەر. وەک لە پەیامەکەی ئاپۆدا بۆیان هاتبوو: «هەرکەسەو خۆی ببێت بە ئاپۆیەک.»

جەستەیان ئاوی تێدا نەما، ئاویان ڕەوانە دەکرد بۆ هەڤاڵانیان، بیخۆن و بەرگری لە لەشیاندا دروست بکەن، هەوڵی زیندان بۆ شکاندنی مانگرتنەکەیان سوودی نەبوو. دەستیان لێشۆردن. کەمال بینینی کزبوو، جەستەی وزەی تێدا نەما، بەڵام هێشتا قسەی دەکرد و هەواڵی هەڤاڵانی دەپرسی، بانگی دەکردن، بە فشارێکی زۆر دەنگی دەردەهات، بە چ

حاڵێک گوێی لە وەڵامەکان دەبوو. بەرچاوی تەواو تەڵخ بوو، هێشتا بە تەواوەتی کوێر نەبووبوو، بانگی خەیری کرد، پێکەوە بە دەنگێکی کزی سوک چەند قسەیەکیان کرد. بۆ ئێوارەکەی بانگی کرد وەڵامی نەدایەوە، لەسەر یەک چەندجارێک بانگی کرد، سوودی نەبوو. خەیری لە دوای پەنجاو پێنج ڕۆژ، ڕاکشا، چاوێکی بۆ بنمیچی ژوورەکە گێڕا، وزەی تێدا نەما، چاوی داخست و نەگەڕایەوە. پاش کەمێک دوو سەرباز گەیشتنە سەری، تەرمەکەیان خستە ناو گونییەکەوە و ڕایانکێشایە دەرەوە. کەمال چاوی نەیدەبینی بزانێت چۆن بردیان، بە تەواوەتی کوێر بوو، پزیشکەکە چووە لایەوە، هانیدا هێشتا دەتوانێت نەهێڵێ بمرێت، گوێی لێنەگرت، چاوەکانی لە دەستدا. وردە وردە ڕاکشا، لە دەمەو بەیانێکدا وەک خەیری هەڵنەسایەوە، تەرمەکەیان ڕاکێشایە دەرەوە.

سێ مانگرتووەکەی دیکە، کە چەند ڕۆژێک پاش ئەوان دەستیان پێکرد، چونکە بە بەرنامە چالاکییەکەیان ئەنجامدا. دۆخیان تێکچوو، بران بۆ نەخۆشخانە. لە ژوورێک دانران. لەسەر قەرەوێڵەکانیان ڕاکشان، برین پێچێک ڕۆیشتە سەریان، بەنیازی هەڵواسینی ئاو بۆیان، ڕێگەیان پێنەدا، نەیاندەویست هەڤاڵەکانیان جێ بهێڵن. یەکێیان مرد. دەستەیەک ژەنەڕاڵ چوونە نەخۆشخانەکە، بەڵێنیان بە مانگرەکاندا چاکسازی لە زیندانەکەدا دەکەن، چاوەڕێی وەڵام بن.

مەرگی کەمال و خەیری و هەڤاڵەکەیان بڵاوکرایەوە. ڕێکخستنەکان بەیاننامەیەکیان لەسەر دەکرد، هێشتا سەرکردایەتی لە دۆڵی ئاوازە ئازادەکان ئاگاداری چالاکییەکە نەبوون. گروپە چەپەکان سەرسامبوون بە بەرگرییەکە، ئەمما ڕۆحە تورکییەکەیان ڕێگەی پێنەدەدان، نە بەرگرییان لێبکەن، نە ستایش. ئەوانەیان لە زیندانبوون، یەک_ یەک ئازاد کران، ڕاستکرابوونەوە و دەنێردرانە ماڵەوە، تەنها ئەندامانی پەکەکە ڕووبەڕووی سیستەم بوونەوە.

دوو هەڤاڵەکە لەسەر بەڵێنی ژەنەڕاڵەکان مانگرتنەکەیان شکاند. کەسوکاریان سەردانیان کردن. سێ تەرمەکە لە ڕێوڕەسمێکی ئاسایی خزمانەدا، بەرەو گۆڕستان بران، لە تەنیشت چوار ئەستێرەکە و مەزلومی داینەمۆدا نێژران. پرسەیان بۆ دانەنرا، گەژمەردە لە باوەڕی تێکۆشانەکەدا پرسەی ناوێ. سروتی پرسە گۆڕانی بەسەردا هێنرا، لەبری شیوەن و لە خۆدان، جلی کوردییان دەپۆشی و دروشم و سروودیان دەوتەوە، بە ورەیەکی بەرزەوە بەڕێ کران بۆ ناو گۆڕەکانیان.

ئەشکەنجەدان نەوەستا، گەرچی کەمێک چاکسازی لە خواردن و سەردانیکردنی کەسوکار، لە هێنانە دەرەوە بۆ هەڵمژینی هەوایەکی پاک، لە بێزارکردنی شەوان نەما، کەچی بەردەوام ئەشکەنجە دەدران. بەشی ژنان ئامادەکران بۆ دادگایی، بەسەر پەرشتی ساکینە، بە هەمان شێوە مانگرتنی تا مردن ڕاگەیەنرا، دادوەرەکان پێشتر ئەزموونیان کرد، مانگرتن لای بەرگریکاران مانای چییە، هەوڵیاندا پەشیمانیان بکەنەوە، ئەو چالاکییە نەکەن، بەڵام سێ لە ژنەکان دەستیان پێکرد.

دادوەرەکان ترسان، دادگاکەیان کەوتە ژێر پرسیار، فشاری دەرەکی و ناڕەزایەتی خەڵکی گەیشتە هۆڵی دانیشتنەکان و ژیانی دادوەرەکان. لەو ماوەیەدا، یەکێک لە داواکارە گشتییەکان تەقەی لێکرا، بەڵام پێوە نەبوو. دەیانویست ئاگری شەڕەکە لە خۆیان و ماڵ و منداڵیان دوور بخەنەوە، لە هەڵوێستی ڕێکخستنەکان تێگەیشتن، هێزێکە لە پێناو ئامانجەکانیدا دەست هەڵناگرێت. دادوەرەکان لە نێوان خۆیاندا قسەیان لەسەر گروپە چەپەکان و ئەو گروپە کوردییە دەکرد، چەند جیاوازن.

مانگرتنی ژنان درێژەی کێشا، سەرووی مانگێک تێپەڕی، دۆخی تەندروستییان تێکچوو، بران بۆ نەخۆشخانە، کەسوکاریان هێنرایە سەریان، بە گریان و پاڕانەوە ڕازییان بکەن کۆتایی پێبهێنن. ساکینە

نەیهێشت نەخۆی نە هەڤاڵەکانی بکەونە ژێر کاریگەری ئەو سۆزەوە. هێزیان تێدا نەما، بەچ حاڵێک دەیانتوانی بجوڵێنەوە، تەواوی گیانیان ئازاری دەهات. لە دادگاوە فەرمانێکی یاسایی دەرکرا، زیندانی ئامەد لە ئەشکەنجەدان بوەستێت و بەڕێوەبەری زیندان لەسەرکار لابرێت. فەرمانەکە سەرکەوتن بوو، دەستیان لە مانگرتن هەڵگرت، خرانە ژێر چاودێری تەندروستییەوە، تا ئاسایی ببنەوە. کۆتایی بە زیندانە تۆقێنەرەکە هێنرا. بەرپرسێکی دیکە نێردرا بۆ زیندان.

گەڕێنرانەوە. دانیشتنی دادگا دەستی پێکردەوە، پێکەوە، ژنان و پیاوانیان دەگواستەوە، ڕێگەیان پێدان بەرگری بکەن و پرسیار بکەن، وەڵام بدەنەوە و سەرنجی خۆیان بدەن. تیانووس و پێنووسیان بۆ نێردرایە زیندانەوە، ڕۆژانە ئاسایی دەبرانە دەرەوە پیاسە بکەن، لە کۆتایی دانیشتنەکانی دادگادا فەرمانی سزادان بەسەریاندا سەپێنرا، لە دەساڵەوە بۆ بیست ساڵ زیندانییان بەسەردا درا. هەریەکەو بە پێی چالاکی و دانپیانانەکانی خۆی سزاکەی بۆ بڕایەوە.

بەشێکیان گواسترانەوە زیندانی دیکە، ژنان برانە بەشی چاکسازی گەورانەوە. ئەو زیندانەی لە دوای کودەتاکەوە دەرگای کردەوە بۆ گۆڕینی شۆڕشگێڕەکان بۆ مرۆڤی کۆمار پەرست، بە بەرگری چەند زیندانێکی کورد، چیرۆکی تێکشکانی نووسرایەوە. شاهێن و گروپەکەی برانە زیندانێکی دیکە، بەو هەموو بەرگریی و بەشدارییەی بۆ لەناوبردنی خەباتی پارتەکە، هێشتا وەک تاوانبارێک تەماشا کرا و ڕێگەی ئازاد بوونی پێنە درا و سزای بەسەردا درا. پەشیمانییەکی گەورە ڕووی تێکرد، لە گۆشەیەکی زیندانە نوێیەکە دادەنیشت، سەرە لاکێشەییەکەی نەوی دەکرد و پشتە ملە پانەکەی دەردەکەوت، تادەهات بازنەی کەچەڵییەکەی ناوەڕاستی سەری گەورەتر دەبوو، بە چاوە کەوتووەکانی تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد، ئەو

گەنجانەی کەوتبوونە ناو فریودانەکانییەوە، بەردەوام سوکایەتییان پێدەکرد، بۆچی فریویدان و لەبەرچاوی گەل سەرشۆڕشی کردن. خاڵە دەسەلات پەرستەکانی، کە بەشێوە و بە ئاکار لە خۆی دەچوون، سەردانیان دەکرد، سوپاسگوزاری بوون، سەرشۆڕی نەکردوون لای بەرپرسان و هەڵوێستەکەی بەرز نرخێنرا.

هیچ کەس لە خزمانی فریودەرەکان سەردانی کوڕەکانیان نەدەکرد. بەلاواز و خۆبەدەستەوە دەر ناویان دەبردن. دۆخی بەرهەڵستکارەکانی زیندان، لەناو شار و گوندەکانی باکوور، دەنگۆیەکی دایەوە، بە لێشاو کوردەکان سەردانی ماڵی زیندانی و مانگرتووەکان و چوار ئەستێرەکە و ماڵی مەزلومیان دەکرد، باوک و دایک و خوشک و براکانیان شانازییان پێوە دەکردن. دایک و باوکی ساکینە، بووبوون بە ڕەمزێک، پەشیمانبوون لەوەی، ڕۆژگارێک دڵی کچەکەیانیان ئێشاندوە و لە ماڵ ڕایکردوە. وێنەیەکیان گەورە کرد لە هۆڵی میوانی هەڵیانواسی. هەموو کوردێکی باکوور ئارەزووی دەکرد منداڵەکانی بەو جۆرە ببینێت، مل بۆ کۆماری تورکیا نەوی نەکات.

# ٢٥

لـه باخچـه بچوكەكـەی بـەردەم یەكێـك لـه خانووەكانـی ئەكادیمیادا، دوو گـروپ لـه كـوڕ و كـچ بەرامبـەر یـەك دانیشـتبوون. مێزێـك لـه ناوەڕاستیاندا دانرابوو. چوویه ناویـان، هەموویـان لەبـەری هەڵسانەوە، بەدەست ئاماژەی بۆ كردن دانیشـن. جلی كەسكی سـەربازییان لەبەردا، چوارمشقی دانیشتن، یەكی تیانووسێك لەسـەر كۆشیان و پێنووسێك به دەستیانەوە. وانەكەیـان لەسـەر ئایدۆلۆژیـا بـوو، ڕێبـەر ئاپۆ دانەنیشت، بـه پێوە وەسـتا، تەماشـایەكی هەموویانـی كـرد. لـه زۆربـەی وانەكاندا بـه پێوە قسـەی دەكرد، نەریتێكی سـوكراتیانه، لـه كاتێكدا مرۆڤەكان به دانیشتنەوە باشـتر دەدوێن و باشـتر سـەرنج و تێبینـی دەدەن، ئەمما له گەنجییـەوە خـۆی لەسـەر پیاسـەكردن و بـه پێـوە وەسـتان ڕاهێنابوو.

دەسـتی پێكـرد، پێنووسـەكانیان خسـتە سـەر تیانووسـەكان و گوێیانگـرت: «ئایدۆلۆژیـا لـه ڕەگـە مێژووییەكەیـدا لـه دێرینـەوە وەرگیـراوە. ڕاسـتە چەمكەكـە مۆدێرنـە، بـەڵام بـڕوام وایـە دەبێت له سـرووتە دینییەكانـدا بـۆ لـە دایكبوونەكـەی بگەڕێیـن. سـۆمەرییەكان كـه دەوڵەتشـاریان دروسـتكرد، زەكورەیـان دروسـتكرد، ئـەو زەكورە و ئایینـە فرەخودایانـە پێویسـتیان بـە سـرووت هەبـوو، هەمـوو سـرووتێكی

ئایینی، هێزی ئایدۆلۆژی هەیە. لە لاوژەی گەلگامێشدا هاتووە، کاتێک ئەنکیدۆی هاوڕێی دەمرێت، گەلگامێش داوا لە خەڵکی شار دەکات دەبێت پرسە بگێڕن، شیوەنی بۆ بکەن.

ئەو بانگەشەیەی پاشا، بانگەشەیەکی ئایدۆلۆژییە، گوتارێکە خەڵک ئاراستە دەکات، لە دەوری پرسێک کۆیان دەکاتەوە. ئایدۆلۆژیا دەبێتە گوتاری دەسەڵات. ئێمە بانگردنەکەی گەلگامێش بۆ خەڵکی، تا بێن پرسە بگێڕن، بە بانگکردنی ئایدۆلۆژی دەبینین. کەوایە پێش دروستکردنی دەسەڵاتی نوێ، گوتاری ئایدۆلۆژی هەبووە، بەڵام بەناوی سرووتی دینییەوە، یان ناوە مۆدێرنەکەی نەبووە، بەڵام هەڵگری هەمان خەسڵەتە، لاوژەی گەلگامێش ئەو گوتارە دەگوازێتەوە و دەیبەستێت بە دەسەڵاتەوە. لە دێرینەوە تا سەردەمی کۆلۆنیالیزم، ئایین و دەسەڵات خاوەن ئەو چەمکەن، کاتێک کۆلۆنیالیزم دێت بە هەمان مانا کۆنەکەی مامەڵە لەگەڵ ئایدۆلۆژیا دەکات، ناتوانێت مانایەکی دیکەی پێ بدات. ئەرکی ئێمە ئەوەیە قۆناغەکانی چەمکەکە بناسین، شێوەی ناولێنانەکانی بناسین، بزانین لەناو ئاییندا سرووت چۆن ئایدۆلۆژیایە، لەناو سیستەمە دەسەڵاتدارەکاندا ئایدۆلۆژیا چییە؟ ئەرکەکەی چییە؟ بۆ لە قاڵبدراوە؟ چۆن لەو قاڵبە بهێنرێتە دەرەوە؟.»

یەکێک لە گەنجەکان لێی پرسی: چۆن بزانین سرووتە ئایینەکان هەڵگری مانای ئایدۆلۆژین؟ پرسیارەکەی پێخۆشبوو، سەرێکی ڕازی بوونی بۆ ڕاوەشاند: «ئایدۆلۆژیا بەو جۆرە شرۆڤە کراوە، لە قاڵبدان و ئاراستەکەرە، ڕاستییەکەی ئەو شرۆڤەیە بۆ ئایدۆلۆژیا، زۆر سنووردارە، دەکرێت بوترێت، بە هەمان ئەو مانایەی بۆ ئایدۆلۆژیا دیاریکراوە، بەوجۆرە شرۆڤە کراوە. گەر ئەو شرۆڤەیە وەرگرین، سرووتە دینییەکان ئاراستەکەرن، لە قاڵبدانن، لەو نیگایەوە دەتوانین بۆ ڕەگی ئایدۆلۆژیای شرۆڤە کراو لەناو ئایین و سروتە دێرینەکاندا بگەڕێین،

مەبەست لە بنەوانە مێژووییەکەیە. بەڵام سەردەمی مۆدێرن، سەردەمی ئایدۆلۆژیاکانە، سەردەمی بە حەشاماتکردن، ئاڕاستەکردن و لە قاڵبدانە، چەمکێک زۆرترین پشکی بەردەکەوێت ئایدۆلۆژیایە، چونکە بیرکردنەوە خۆرئاواییەکان بەو خوێندنەوەیە، تەواوی خەوشەکانی سەردەمەکەیان خستە ناو چوارچێوەی ئایدۆلۆژیا» لێرەدا هەستی پێدەکرا، ڕەخنەکردن و گۆڕینی شرۆڤە مارکسیەکە بوو، بۆ چەمکی ئایدۆلۆژیا. هەڤاڵێکی دێرینی خۆی، پرسی ئێمە چۆن مانایەکی دیکە بە ئایدۆلۆژیا بدەین؟. ڕاستەوخۆ چوویە سەر شرۆڤەی دەستەواژەی بونیادنان.

«بە بڕوای ئەز، بونیادنان مانای هەڵتەکاندنەوە، وێرانکردن، ڕوخاندن نییە. بەمانایەکی جیاواز لێی تێدەگەم. بونیادنان لە پڕۆژە فیکرییەکەی مندا، مانادانە بە کۆی ئەو شتانەی لە مانا ڕاستەقینەکە داماڵراون و بێمانا کراون. بۆ نمونە: پێشتر ئێوە دەزانن هەڤاڵان، لەسەر چێشتخانەی ماڵ تێبینیمدا، یەکێک لە پایە گرنگەکانی خێزانە، کە دیارە خێزان پایەی بنەڕەتی کۆمەڵگەیە، کاتێک دەبینین ئەو شوێنە گرنگە ماناکەی شێوێنراوە، بارگاوی کراوە بە شوێنێکی بێ مانا، بێ ماهییەت، ئێمە دەستەواژەی بونیادنان هەڵدەگرین، بۆ گەڕانەوەی مانا بۆ ئەو شوێنە، کە نمونەیە لە کۆی شوێن و شتەکانی دیکە.

ئەرکی ئایدۆلۆژیا لە بیری مندا، سەرلەنوێ مانادانەوەیە بەو شتانەی بێمانا بوون. نامەوێت ئێوە شرۆڤە خۆرئاواییەکە وەرگرن، لە قاڵبدان و ئاڕاستەکردن، جۆشدان و بە جەماوەریکردن، بە پێچەوانەوە. ئایدۆلۆژیا ئەو ڕووبەرەیە مانا بۆ هەموو پرسەکان دەگەڕێنێتەوە. تەماشاکەن، دوژمنەکانی کورد، چ مانایەک بە کورد دەدەن، شاخاوی، ناشارستانی، بێ کولتوور، کەسایەتی ناجێگیر، بێ ڕابردوو، ئەو ناونانانە، ئایدۆلۆژین بە شرۆڤە خۆرئاواییەکەی، گوتاری ئایدۆلۆژی ئەوانەی بەرهەم هێناوە، کەوایە دەبێت چیبکەین؟ سەرلەنوێ ئایدۆلۆژیا

دەگۆڕین، ئەرکێکی دیکەی پێدەبەخشین، دەیکەینە ڕووبەرێکی بەرهەمهێنەر، لەبری واتا خۆرئاواییەکەی، واتایەکی دیکەی پێدەدەین، واتایەک، بتوانێت شرۆڤە بکات، مانا ببەخشێت. لە پێناو چیدا؟ لە پێناو پیشاندانی وێنە ڕاستەقینەکان و هەڵتەکاندنەوەی وێنە ساختەکان.»

پەقرەجە ئاوەکەی هەڵگرت، پەرداخەکەی نیوەکرد، خواردییەوە، پاشان دەستی پێکردەوە: «بەکەرەستەی خۆیان، شەڕی خۆیان دەکەین. تەماشای گوتاری ئایدۆلۆژیای کۆمار بکەن، یان عەرەبەکان، یان فارسەکان. خەریکی پیشاندانی وێنەیەکی ساختەن، بە ناوی وێنەی ڕاستەقینەوە. میدیا و حەشاماتی بۆ دروستدەکەن، جینۆسایدێکی کولتووری و کەسایەتی لەژێر گوتارەکەیاندا خۆی شاردوەتەوە، ئێمەی خاوەن وێنە ڕاستەقینەکە، بە ئایدۆلۆژیایەکی دیکەوە، بە گوتارێکی دیکەوە، وێنە ساختەکە تێک دەشکێنین و ڕاستی دەخەینەوە شوێنە ڕاستییەکەی خۆی. پرسەکە زۆر قورس نییە، تەنها گۆڕانکاری لە چەمکەکاندا بکرێت و ئەرکێکی دیکەیان بۆ دروستبکرێت، ئیدی ڕێڕەوی خۆی دەگرێتە بەر. بەم پێیە، ئایدۆلۆژیا بۆ ئێمە دەبێتە سەرزەمینێک، هیچ کات لەو سەرزەمینە ناچێت، بۆی دروستکراوە.»

سەرنجەکانی خۆی تەواو بوو، ڕێگەی دا پرسیاری لێبکەن، گەنجەکان تێبینییەکانیان نووسی، یەک_ یەک پرسیارێکیان کرد، کورسییەکی هێناو لە پشت مێزەکەوە داینا و لەسەری دانیشت، وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. لەسەر کورد چۆن ئایدۆلۆژیای خۆی بەیان بکات، بڕوای وابوو: «کورد، لە دێریندا گەلێکی بێباکە، بۆی گرنگ نییە لە دەرەوەی چی ڕوودەدات، خۆی بە حەقیقەت دەزانێت. ساختە و ناڕاستی دەبینێت لەسەری دەگوترێت، پێی ناشێوێت، چونکە ماهیەتی خۆی بەباشی دەبینێت. لەسەر وتنی ڕاستی پەروەردەکراوە، بە تایبەت بەرلەوەی شارە نوێیەکان کەسایەتییەکەی ژەهراوی بکەن،

لە گوندەکاندا بەر ئەو ڕاستییە دەکەویت لە زمانی مرۆڤەکانەوە دێتە دەر. ئایدۆلۆژیای ئێمە گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕاستییە، سێ بنەما زەردەشتییەکە گوتاری بەرزی ئایدۆلۆژیای ئێمەیە.»

بۆئەوەی کورد و پارت نەکەونە ناو یاریی گوتاری ئایدۆلۆژی دراوسێکانەوە پێویستە چی بکرێت؟ ئەمە پرسیاری گەنجێک بوو. وەڵامەکەی بەمجۆرە وەرگرتەوە. «هێرشێکی گەورە لەسەر گەلە، هێرشەکە نوێ نییە، زیاد لە شەش هەزار ساڵە بەردەوامە، شارنشینەکانی سۆمەر، ئەکەد، ئاشووری، سێ هەزار ساڵ هێرشیانکردوەتە سەرمان، بە لەشکر و بەربەرییەتەوە، بە دیدی شارنشینی و خۆ بە شارستانی زانەوە، بە کێشانی وێنەی، کێوییەکان و برسییەکان، ئەوەی لە سەردەمی دەوڵەت نەتەوەدا دەیبینن، درێژکراوەی ئەو هێرشە مێژوویانەیە. دەبینین، نە سۆمەری، نە ئەکەدی، نە ئاشووری نەمان، گەلی ناو شاخەکان درێژەی بەمانەوەی خۆی دا. ڕۆژگارێک دێت، دەوڵەت نەتەوە شکست دێنێت، ئەم گەلە هەر دەمێنێتەوە، چونکە زیهنی داگیرکردنی نییە، زیهنی بونە فاشیستی نییە، لە شوێنەکەی خۆی بنج دادەکوتێ، کولتوور و زمان و پەروەردەکەی گەشە پێدەدا. بەس تەنها ئەم گەلە بگەڕێنینەوە بۆ ناسینی جەوهەرە بەشکۆکەی، بیگەڕێنینەوە بۆ بینینی دێرینی خۆی، ناکەوینە ناو یارییە ئایدۆلۆژیاکانی دراوسێکان و، ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنین.»

لەسەر هاتنە ناوەوەی گەرای گوتاری ئایدۆلۆژی دوژمنەکانی کورد، گەڕایەوە بۆ پرسی دروستکردنی کەسایەتی و پاراستنی کولتوور و زمان. «هیچ گەلێک بەبێ خەوش نییە. درزەکانمان دەبینین، بەدوای قلیشەکاندا دەگەڕێین، لەم دۆڵەدا ئەرکی ئێوە چییە؟ نامەوێت کەسانێکی گوێڕایەڵی بێ پرسیاربن، چۆن من خەمی گەورەم هەیە بۆ ناسینی خۆم، کە گەلەکەمە. ئێوەش ئەو خەمە هەڵگرن. لەناو

کەسایەتی خۆتاندا بۆ خەوش و درزەکان بگەڕێن، لۆژیکێک بدۆزنەوە بۆ پڕکردنەوە و دووبارە نەبوونەوەی، داهاتوویەکی پرشنگدار دێتە بەردەم گەل و ئایدۆلۆژیا نوێیەکەی.»

وانەی ئەو ڕۆژە تەواو بوو، هیلاک دەرنەدەکەوت، بە گفتوگۆی گەنجەکان وزەی بۆ گەڕایەوە. داوایکرد یاریی تۆپی پێ بکەن. دەستیانکرد بە یاریکردن، یاریزانی باش نەبوو، ئەمما ئەو گۆڕەپانەی بە گۆڕەپانی سیاسیی و کولتووری دەبینی. سەرنجی دەخستنە سەر، بزانێت کێ تۆپەکە لە قاچیایەتی، چی لێدەکات؟ کەسێکە دەتوانێت بەباشی یاریی پێبکات و هەڤاڵەکانی ببڕێت، یان کەسێکە تۆپەکە لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە؟ دەیەوێت پاس بدات بە هەڤاڵەکەی، یان بەنیازە خۆی گۆڵ بکات، گەرچی بزانێت گۆڵی پێناکرێت. بە شێوازی یاریکردنەکانیان، دۆخی دەروونی و ئارەزووەکانی هەڵدەسەنگاندن.

یارییەکە تەواو بوو، ئارەقێکی زۆریان کرد. گەڕانەوە خانووەکان. خۆیان شۆرد، ئامادە بۆ خوانی ئێوارە. هۆڵێک دروستکرابوو، مێزی درێژ دانرابوون، پێکەوە نانیان دەخوارد. بە شێوەی سەربازی. ئەرکی چێشت لێنەرەکان لێنانی چێشت و دابەشکردن بوو، هەریەکە و قاپ و کەوچکی خۆی هەڵدەگرت، بە ڕیز لە دوای یەکەوە دەوەستان، خواردنیان وەردەگرت و دەهاتن لەسەر مێزەکە دایان دەنا، بە پێوە دەوەستان تا هەموان خواردنیان وەردەگرت، فەرمان دەدرا دانیشن، فەرمان دەدرا دەست بەخواردن بکەن. خواردن دەخورا، هەرکەسەو کەوچک و قاپی خۆی دەبرد دەیشۆرد، سەر مێزەکانیان پاک دەکردەوە، دەگەڕانەوە ژوورەکان. کاتژمێری خوێندنەوە دەستی پێدەکرد. بەپێی ڕێنمایی ئەکادیمیا کتێب و بڵاوکراوەکانیان دەخوێندەوە. لەناو کتێبخانە گەورەکەدا دوو بەشی سەرەکی هەبوون، بەشی کتێبەکان و بەشی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و بەیاننامەکان.

هەتاکو پێش خەوتن دەیانخوێندەوە، لە کاتی دیاریکراودا ئاگادار دەکرانەوە ڕووناکییەکان دەکوژێنەوە و کاتی خەوە. دەموچاو شوشتن و خۆگۆڕین دەستی پێدەکرد، لە کاتی خۆیدا دەخەوتن. بە پێی سیستەمی سەربازی، پاسەوانیکردنی دۆڵی ئاوازە ئازادەکان، هەفتەی جارێک دەگۆڕا. لەناو ئەرکەکاندا، جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچدا نەبوو. پێکەوە ئامادە دەکران بۆ تێکۆشانێکی بەردەوام. چ لە ڕووی هزرییەوە، چ لە ڕووی جەستەییەوە. هەموو پەیوەندییەکی تایبەتی غەریزەیی قەدەغە بوو. ئارەزوو پەرستەکان لەناویاندا جێگایان نەدەبوویەوە، دەچوونە ناویان، بەلام زوو هەڵدەهاتن.

هێشتا پارتەکە زۆری مابوو تۆکمەتر بکرێت. نەخشەیان دادەڕشت، بۆ دروستکردنی شوێنی دیکە، هەڵکشان بۆ پارچەکانی دیکە، ڕێکخستن لە خۆرئاوا، دروستکردنی بنکەی ئابووری، بە دانانی دوکان و کارگە و کۆمەڵێک پرۆژەی بچوک، بۆ هێنانی داهات. پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ هێزە یاخییەکان، کڕینی چەک و تەقەمەنی، لە باشترین جۆرەکانی. ڕاهێنانی خوێندکارانی ئەکادیمیا لەسەر بنەمای خۆڕاگری و کەم خواردن، لەسەر پێکانی ئامانج و بەکارهێنانی کەمترین تەقەمەنی.

بە قوڵی لەناو کتێب و دەستە پارتیزانەکاندا کەوتنە لێکۆڵینەوە. دەیانویست مۆدێلێکی نوێ دروست بکەن، لە شۆڕش و بەرگری. شۆڕشەکانی کوردی باشوور و ڕۆژهەلاتیان کرد بە نمونەیەک، لە شۆڕشی بێ پرەنسیپ، هێزی فرە جۆر و بێ دیسپلین، لاوازیی لە بەرگریکردن و لاوازیی لە مانەوە لە سەنگەردا. چەندین لێکۆڵینەوەیان لەسەر شەڕەکان و هۆکاری شکستەکان، شەڕەکان و هۆکاری سەرکەوتنەکان، کرد. سەنگەر و سەربازەکانی دوژمنیان لەبیرنەدەکرد، سەنگەر بۆ سەرباز چییە؟ قەلاکان چۆن دروست دەکرێن؟ چەند سەربازی لێدەبێت، تانک هێزەکەی لە چیدایە؟ هێرشی سەربازی

بەچ تەکنیکێک دەکەن؟ چۆن شکستی پێدەهێنرێن؟ هێرشی گەورە چییە و هێرشی گروپی بچوک چییە؟ دەستکەوتی کامیان گەورەترە؟ گورزی کامیان بەهێز ترە؟ ئەوانەو چەندین نەخشەی سەربازیی لەناو پەروەردەدا کاری لەسەر کرا.

## ٢٦

لـه ژوورەکـه دانیشـتبوو، ڕاپۆرتێـک بـه دەسـتییەوە. دەیخوێنـدەوە و ڕەنگـی ڕوخسـاری ئەسـمەرتر. برۆکانـی تونـد دەکـرد و دەسـتی دەهێنا بـه سمێڵیدا. ڕاپۆرتەکـەی لەسـەر مێزەکـه دانـا. کەمێک بێدەنگ، وەسـتا. دیسـانەوە هەڵیگرتـەوە، سـەرلەنوێ لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە خوێندییـەوە. هەڤـالان وەسـتابوون تەماشـایان دەکـرد، ژوورەکـە بێدەنـگ، سـێجار لەسـەر یـەک ڕاپۆرتەکـەی خوێنـدەوە. هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و ڕوخسـاری کرایـەوە، دەمێـک نیگـەران دەردەکـەوت، دەمێک بەهێـز و تونـد.

ڕاپۆرتەکـە لـە ڕێکخسـتەکانەوە نێردرابـوو، لەسـەر دۆخـی زیندانی ئامـەد. بەرگرییەکانیـان و چالاکیەکانیـان، ئاگرەکـەی مەزڵـوم و چوار ئەسـتێرەکە، مانگرتنەکـەی خەیـری و کەمـال و هەڤـالان، هەوڵەکانی شـاهێن و شکسـت پێهێنانی، مانگرتنەکـەی سـاکینە و ناچارکردنی دادگا بۆ بڕیاری نوێ، تـەواوی وردەکارییەکانی تێدا نووسـرابوو. هەڵیگرت، لـە ژوورەکـەی چووە دەرەوە، هەڤـالان بـە شـوێنیدا، داوایکرد تـەواوی بەشداربووانی ئەکادیمیا کۆببنـەوە. لـە دەنگبەرەکـەوە بانگکران، بە پەلە مەشـقەکانیان جێهێشـت و بـە ڕیز وەسـتان. ڕاپۆرتەکـە بـە دەستییەوە،

بەرزیکردەوە، ڕایوەشاند. نەیاندەزانی چی تێدایە. شانازیی بە خۆیەوە دەکرد ڕاپۆرتێکی لەو جۆرەی بە دەستەوەیە. سەری بەرزکردەوە.

بە دەنگی بەرز، کە هەتا ئەو کاتە، ئاوا بە حەماسەتەوە قسەی نەکردبوو: «ئێمە دواکەوتین، شۆڕش دەستی پێکردووە، هەڤالانی زیندان شۆڕشیان داگیرساند، بانگی کوردیان دا بە گوێی کۆماردا. تێکۆشانێکی مەزن، بەڵێ مەزن، تێکۆشانێک پێویستە شرۆڤە بکرێت، ڕۆبچینە ناوییەوە، ئەو ڕۆحە بەرز و کەسایەتییە بەرزانە بناسین، بیکەینە نمونە، وزە بدەینە خۆمان لەوان بچین. هەڤالانی زیندانی ئامەد، نوێنەرایەتی ڕۆحە بە شکۆکەی کورد دەکەن، مەزنن، جێی شانازین، دەبێت تێبکۆشین بۆ گواستنەوەی ئەو ڕۆحە، بۆ تاک بەتاکی گەلەکەمان.» دوران کالکانی بانگکرد، ڕاپۆرتەکەی دایە دەستی بیخوێنێتەوە.

خوێندییەوە، بەشێک لە گەنجەکان تەزوو بە گیانیاندا دەهات. بەشێکیان دڵیان پڕ، ئاگرێک لە ناخیاندا هەڵیکرد، ڕێک وەک ئەو ئاگرە بەجۆشەی شەوی بەفرە زۆرەکەی گوندی ئامارا، کە بە خۆشیی لە دایکبوونی شازادەی بەفرەوە، لەناو دڵی گوندنشینەکەدا هەڵیکرد. کاتێک گەیشتە سەر دروشمەکەی مەزلوم: «بەرخودان ژیانە» ڕایگرت، داوایکرد بکرێت بە دروشمی سەرەکی پارت، بکرێت بە دروشمی هەموو گەل، بەڵێ بەرخودان ژیانە. ئەو دروشمەی لە گۆشەی زیندانێک تێکۆشەرێک نووسی، گەلێکی خستە جۆش و خرۆشەوە، بوو بە بنەمایەک بۆ ئایدۆلۆژیا نوێیەکە، تێکۆشان لە پێناو ئازادی، ماف، بەهێزی و ئیرادە، بوو بە ژیان. ژیان بەبێ تێکۆشان لە جێگەیەک دەوەستێت و سڕدەبێت.

هێشتا کۆبوونەوەکەوە تەواو نەبوو بوو، جۆش و خرۆشی گوێگران، تا دەهات زیاتر دەبوو. فەرمانیکرد، وێنەیەکی ساکینە لە ژوورەکەی لە پشتی سەرییەوە هەڵواسن. ناوی نرا ئەستێرەکەی

تێکۆشان. خوێندکارانی ئەکادیمیا ئاگادارکرانەوە لە زیندان چی ڕوویداوە و چۆن ڕووبەڕووی فاشیزم بوونەتەوە، خۆیان سەرکۆنە دەکرد، بۆچی لەو شۆڕشە دواکەوتوون، کە لەناو ئامەددا، لە گۆشەی زیندانەکاندا سەری هەڵدابوو.

ڕاپۆرتەکەی لە دوران وەرگرت، چوونە ژوورەوە. بەبێ وەستان، فەرمانیکرد، تۆڵەی مانگرتوان و مەزڵوم و هەڤاڵەکانی بکرێتەوە، ڕێکخستنەکانی شار ئاگادارکرانەوە، دڵنیایی درا هەر هەڤاڵێک نێردرا بۆ ئەو چالاکییە، پێش ناردنی جەلادەکە بۆ گۆڕستان ئەو ڕستەی بیرنەچێت، پێی بوترێت، «لەلای کەماڵەوە هاتووە.» پەیامیان بۆ ڕێکخستەکانی شار نارد، کەوتنە گەڕان بەشوێن بەڕێوەبەری زیندانی ئامەددا، دۆزیانەوە، ماڵی لە ئەنقەرە بوو، ڕۆژانی هەینی لەگەڵ ژن و منداڵەکەیدا دەچووە پارک، پاش پیاسەیەک و نانخواردنێکی خێزانی لەناو پارک، دەگەڕایەوە ماڵ. بەرودی چاودێرییانکرد، لە ڕۆژێکی هەینیدا، هەڤاڵێک بە دەمانچەیەکەوە چووە هەمان پارک، وەستا تاکو گەیشت. بە دیاریانەوە دانیشت، نانەکەیان خوارد، کاتێک سواری پاس بوون، ئەوش لەگەڵیان سواربوو.

چوویە سەر سەری، لە تەنیشت ژنەکەیەوە، کەمێک بردییە ئەولاوە، زمانی بەڕێوەبەری زیندان تەتەڵەی دەکرد، دەیەویست بڵێ من ئەو کەسە نیم، بێئاگا لەوەی بنجوبنەوانیان دەرهێنا بوو، پێش ئەوەی فیشەکەکە بنێت سەرەییەوە، هەڤاڵەکە پێیگووت: «من لە زیندانی ئامەدەوە، لەلای کەماڵەوە هاتووم.» نای بەتەوقی سەرییەوە، خوێن نەهاتە دەرەوە، بەلادا کەوت، هەناسەی نەدا. ژنەکەی و منداڵەکەی ڕەنگ زەرد و حەپەساو، نەیاندەتوانی بقیژێنن. ڕووی لە ژنەکە کرد: «پیاوەکەت مافی خۆی وەرگرت، چەندین خێزانی بێ باوک و بێ کوڕ و برا کرد، کچەکەت گەورە بوو پێی بڵێ، لەبەرچی کوژرا، جەلاد نابێت بە باوکێکی باش.»

دەمانچەکەی خستە باخەڵی، پاسەکە وەستا، سەرنشینەکان ترسان، نەیاندەوێرا بجوڵێن. شۆفێری پاسەکە دەمی کردبوویەوە، دەرگاکەی کردەوە و دابەزی، پاسەکە وەستابوو، بە پیاسە بەبێ خۆشڵەژان، ڕێگای گرتە بەر، گوێی لە دەنگی قیژەبوو لەناو پاسەکەوە بەرزبوویەوە. چووە کۆڵانێک و ونبوو، نامەی ناردەوە بۆ دۆڵی ئاوازە ئازادەکان، ئەرکەکەی وەک خۆی جێبەجێکردوە. لە ئەکادیمیا بەو بۆنەیەوە، ئاهەنگێکی بچوک ڕێکخرا، بەڵێنیان بە هەڤاڵاندا، تۆڵەی خوێنی هیچ کوردێک بە هەدەر ناچێت.

بە هەمان شێوە، کەس نازانێت چیرۆکەکەی چۆنە، دوای دوو ڕۆژ لە ئازادکردنی شاهێن، تەرمەکەی لە قەراخ ڕووبارێک دۆزرایەوە، فیشەکێک نرابوو بەسەریەوە، پارچە تیانووسێک لەسەرسنگی وەک پەیمان، تێیدا نووسرابوو: «خائینێ نابێت لەسەر ئەم خاکە بژیت.» کۆتایی بە چیرۆکی دوو کەس هێنرا، ئەرکێکی زۆریان کێشا هەڵسانەوەی کوردی باکوور پەک بخەن و خزمەتی کۆمار بکەن. هەر لەو سەردەمەدا، نامە نێردرا بۆ ئاغا و کوێخا و شێخ و مەلا کۆمار پەرستەکانی گوندە کوردییەکان، ئاگادارکرانەوە، گەر خزمەتی گەل ناکەن، ئیتر دەست بۆ سەگەکانیان نابرێت، لەبری ئەوان خاوەنی سەگەکان دەنێردرێت بۆ شوێنێک، هەتا هەتایە نەگەڕێنەوە.

ترس و گومان لە ناو ماڵی ئاغا و کوێخا و شێخ و مەلاکاندا دروست بوو. بۆشاییەکیان دروستکرد لە نێوان خۆیان و بەرپرسانی دەوڵەتدا، بەشێکیان نامە هەڕەشەکانیان برد بۆ پۆلیس و دەزگا سیخوڕییەکان، دەترسان لەو هێزە نوێیە. ڕاپۆرتەکەی زیندان تەواوی دیدگای ئەکادیمیای گۆڕی. زیاتر لە جاران کەوتنە بیرکردنەوە لە هێرشکردن. چاودێریی مەشقە سەربازییەکان چڕترکرایەوە، گروپی پێنج کەسی و سێ کەسی دروستکران، بۆ ئیشکگرتن و مانەوە بۆ حەفتاو دوو

کاتژمێر، لە چاڵێک، یان لەژێر بەردێک، یان لەناو ئاودا، ڕادەهێنران چۆن توانای مانەوەی درێژخایەنیان هەبێت. نیشانەگرەوەکان فێرکران، بۆ سێ ڕۆژ لە شوێنێک پاڵکەون و چاودێریی بکەن، کەمێک نان و ئاویان پێبێت و نەجوڵێن، لەو سێ ڕۆژەدا کتوپڕ خاڵێکی بچوکیان بۆ دەردەخستن، نیشانەی لێبگرنەوە و بیپێکن. تۆکمەکردنی هێز، ڕووبەرێکی گەورەی وانەی ڕۆژانەی بۆتەرخانکرا.

لەسەر مێزەکە چوار نەخشەیان دانا، نەخشەی شەڕی عوسمانی و سەفەوی، شەڕی کوردی باکوور و دەوڵەتی تورک، شەڕی کوردی ڕۆژهەڵات و دەوڵەتی ئێران، شەڕی کوردی باشوور و دەوڵەتی عێراق. لەو چەند سەد ساڵەی شەڕدا، لە ناوەڕاستی سێ پارچەدا بۆشاییەکیان دۆزییەوە، وەک حەوزێکی قەدەغەکراو، سەرنجیاندا تەنانەت سوپا بەهێزەکانی ئیمپراتۆرییەتەکان خۆیان لاداوە لەو حەوزە، لە نەخشەکەوە دیار کەوت، لە کێوی قەندیلەوە بۆ شەمزینان، هەرێمێکی چڕە، پڕ کەش و کێو، زستانەکەی سارد و هاوینەکەی فێنک، سوپا گەورەکانی کۆن و نوێ، نەیانتوانیوە ئەو حەوزەیە داگیربکەن، تەنانەت توانایان نەبووە، بۆ مانگێک تێیدا بمێننەوە و دەستبگرن بەسەریدا و بیکەنە سەنگەر.

شارەزای ناوچەکە نەبوون، بەڵام تێبینییان کرد، شوێنێکی گرنگە، لانکەیەکە، لە لانکەی دێرینی میتانییەکان و گوتییەکان و سۆباری و لولوبییەکان دەچێت، کەلێن و بەرز و نزمیی بێ ئەندازەی تێدایە، بە نەخشە سەربازییەکاندا دەردەکەوت، ئاو، دارستانی چڕ، فراوانیی ناوچەکە بووە بە هۆکارێک، هیچکام لە سوپاکان هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی نەدەن. ماڵی دووهەمیان دەویست، گومانیان نەبوو، لە دۆڵی ئاوازە ئازادەکان نامێننەوە، سەرزەمینێکە دەبێت جێ بیهێڵن، لەناو خاکی کوردان، لە قوڵاییەکدا جێگەیەکی باشتر و هەمیشەیی

بدۆزنەوە، بیکەن بە بنکەی سەرەکی، جێگایەک بێت، نزیک لە چوارپارچەکە، بە وردبوونەوە لە نەخشە سەربازییەکە، حەوزەکەیان بە هەرێمێکی نەگیراو دەزانی، هەرێمێک وەک خەون بێت، نەگیرێت، وەک کورد بێت، نەگیرێت. چۆن هەمیشە شوێنێکی کورد هەیە، نە دەگیرێت و نە ئاشکرا دەکرێت، لەسەر خاکەکەی شوێنی هەمانجۆر هەیە. بەدیار نەخشەکەوە، ئەو رستەیەی لە گۆشەیەک نووسی: «کورد وەک خەونە، ناگیرێت.»

سێ گروپ جیاکرانەوە، لەناو هەریەک لە گروپەکاندا، نەخشەکێش، تێبینی نووس، شارەزای ناوچەیی، شوێن پێ هەڵگر هەبوو، ئامادەکران و بەشوێن یەکدا نێردران بۆ کەشفکردنی ناوچەکە. پێش ماڵئاواییکردنیان لە ئەکادیمیا، جگە لە شارەزاییە تایبەتییەکانی خۆیان، کۆمەڵێک وانەی جوگرافییان پێدرا، کتێبە کۆنەکانی _سترا بۆن، یاقوتی حەمەوی، موساخۆرانی، گەزنەفۆن، هێرۆدۆت، هێڵە بازرگانییەکانی بابل، نەخشەی هێرشەکانی ئاشووری، نەخشەی عوسمانییەکان، سەفەوییەکان، شەڕی سوپا نوێیەکانی دەوڵەت نەتەوەکانیان، پێدرا. لە بارەیانەوە وانەیان پێگوترا، خواردنی پانزە ڕۆژیان بۆ ئامادەکرا، ڕاهێنران خۆراک پەیدابکەن، بە مەرجێک دەست بۆ هیچ باڵندە و گیاندارێکی کێوی ناوچەکە نەبەن و سروشت بپارێزن.

سێ گروپەکە ئەکادیمیایان بەجێهێشت و بەرەو سنووری نێوان سوریا و عێراق کەوتنە ڕێ. بە ڕۆژێک پەڕینەوە خاکی عێراق، بەسێ ڕۆژ نەوەستان و ڕۆیشتن، چوونە خاکی کوردستانەوە، لەسەر سنووری خاکی کوردستان، دابەشبوون بۆ سێ قۆڵ. کەوتنە پشکنین و گەڕان، ئەرکەکەیان قورسبوو، بچوکترین خاڵ و ڕێگەیان لای خۆیان یاداشت دەکرد، شێوەی شاخەکان، تولە ڕێکانی، کانییەکان، ڕووبارەکان، ئەشکەوتەکان و، تەواوی وردەکاریی ناوچەکە.

ڕێبەر ئاپۆ سێ ڕۆژ نەچووە دەرەوە. لە یەکێک لە شارە کوردییەکانی سوریا، باڵەخانەیەکی سێ نهۆمیان بەکرێ گرتبوو. نهۆمی سەرەوە ئەوی تێدا دادەنیشت، هەڵبەت لەکاتی پشووەکاندا، ڕاپۆرتەکەی لەگەڵ خۆی برد، لەو سێ ڕۆژەدا تەنها بۆ نانخواردن لە ژوورەکەی دەچووە دەرەوە. کەس نەیدەزانی بە چییەوە قاڵە.

نهۆمی سەرەوە، ژوورێکی پڕ لە کتێب، مێزێک لە تەنیشت کتێبخانەکە دانرابوو، لەپشت ئەو مێزەوە دادەنیشت. ژوورێکی خەوتن، لەگەڵ هۆڵێکی بچکۆلە بۆ میوان. لەناو هۆڵەکە دوو قەنەفەی درێژی ڕەنگ قاوەیی دانرابوون، مێزێکی تەختە لە ناوەڕاستیاندا، کورسییەک لە تەنیشت دەرگاکە، شوێنی شەش کەسی لێدەبوویەوە. پەنجەرەکەی هۆڵەکە دەیڕوانی بەسەر کۆڵانێکی تەسکدا، خانووەکانی ئەوبەر دیاربوون، دەزانرا لە ماڵەکانیانەوە خەریکی چین. پەردەیەکی ئەستوور درابوو بە پەنجەرەکانیدا، زۆر بەکەمی لادەدرانەوە، بۆ ئەوەی نە تەماشای ماڵەکانی ئەوبەر بکەن، نە ئەوان بزانن لەو ماڵەدا کێ هەیە و چیدەکات و چۆن دێت و دەڕوات.

پاسەوانەکان لە نهۆمی دووهەم و یەکەم دادەنیشتن. یەک دەرگای هەبوو بۆ سەرکەوتن. لە هەورەبانی نهۆمی سێیەمدا، ئەوکاتانەی ڕێبەر ئاپۆ لەوێ دەبوو، پاسەوانی دەکرا، چاودێری سەربانەکانی دراوسێ و تێبینی لەهەر جموجوڵێکی گوماناوی لە گەڕەکەکەدا دەکرد.

دوای سێ ڕۆژ هەندێک لاپەڕەی بەدەستەوە بوو شتیان لەسەر نووسرابوو، چووە هۆڵی دانیشتنەکە. نان و چای بەیانی خوارد و بە سەرەوخواری بۆئەوەی نووسینەکانیان دەرنەکەون، لاپەڕەکانی لەسەر مێزەکە دانا. هەڵسا، کراسێکی شینی لەبەرکرد، مانگی حەوت بوو، گەرما دەستی پێکردبوو. پانتۆڵێکی قوماش و پێڵاوێکی ڕەش، دەستێکی هێنا بە قژە تاڵتاڵ و ڕەقەکانیدا، هەڤاڵانی ئاگادارکردەوە دەردەچن.

## ٢٧

گەیشتە ئەکادیمیا، لاپەڕەکان بە لولکراوی لە دەستیدا. سڵاوێکی لە هەڤاڵان کرد، بەخێرایی هەنگاوی دەناو چوویە ژووری کۆبوونەوە. سەرکردایەتی چاوەڕێیان دەکرد، داوای لێکردن هەڵنەسن، لەسەری سەرەوە دانیشت. لاپەڕەکانی خستە بەردەمی، بە پێکەنینەوە: «با زۆر دوانەکەوین، هەڤاڵانی زیندان شەرمەزارمان نەکەن.» پرسی شۆڕشی چەکداری هێنایە ناو باسەکەوە. ناوی دیاریکرد بۆ شۆڕشگێڕەکان: گەریلا، ناوە نوێیەکە بوو، جەختی لەوە کردەوە، «ئێمە تەنها مرۆڤەکە و شۆڕشەکە ناگۆڕین، بەڵکو زمان و ناولێنانەکان دەبێت بگۆڕین، شۆڕشێک فەرهەنگی خۆی نەبێت، شۆڕش نییە. زمان یەکێکە لە بنەماکانی شۆڕش و پەروەردە.»

لەسەر کەسایەتی گەریلا، کۆمەڵێک تێبینی پیشاندا: «کەسایەتییەکی جیاوازە، هزر پاکە، دژە ئەنکیدۆیە، بە هێز و بە ئیرادە، مانای نائومێدی و خەمگینی نازانێت، پەروەردەیەکی بەرزی ئاکاری هەیە، زمانی پاکە، زمانی نزم بەکارناهێنێت، شکست ناناسێت، ڕاهێنراوە بۆ سەرکەوتن. هەموو خەسڵەتەکانی جیاوازن، لە خەسڵەتی شۆڕشگێڕەکانی ناو مێژووی کورد. لە چەک و سوپا ناترسێت، خۆی ئەتۆمەکەیە، هەر

کەرەستە و چەکێک مرۆڤ دروستی بکات، واتای ئەوەیە، لە مرۆڤ لاوازترە، گەریلا ئەو مرۆڤەیە بازدەدات بەسەر هێزە مەترسیدارەکاندا. فەرهەنگی خۆی نادۆڕێنێت، لە کەسایەتیدا شا کەسایەتییە. بە شکۆ و خاوەن هێمنی، بەڕێز و پڕ جموجوڵ و ماندوونەناس. ڕۆحێکی بەرزی سەرکەشی هەیە، دژی ڕۆحە داڕزیو خۆبەدەستەوە دەرەکەیە. ئارەزوو پەرست نییە، خەونی گەل و خاک شا خەونییەتی.»

هەڤالان گوێیان گرت، خۆشحاڵبوون، چاوەڕێی چرکەساتێکی وایان دەکرد، هۆڵەکە گەرم، ئارەقیان کردبوو، ئەمما لە ناخەوە هێندە تامەزرۆی ئەو هەواڵەیان دەکرد، گەرماکەیان لەبیرکرد. خۆیان نەگرت، چەپڵەیەکیان لێدا. بە پێکەنینەوە باوەشیان بەیەکتریدا کرد، کاتی هەڵکردنی ئاگرەکەی میترا گەیشت، هەڤالانی زیندان، جوڵەکەیان پێش خست. بەرخودان دەستی پێکرد. نامە نێردرا بۆ ڕێکخستنەکان چاوەڕێی مژدە بن.

گروپێک گەریلا هەڵبژێردران، گەنجێکی قۆزی پتە و سەرپەرشتکاریان بوو. گەنجی بەهێز و پڕجوڵە، ماندوو نەناس و مەشقپێکراو، لە ناوەڕاستی مانگی حەوتدا کۆڵە پشتەکانیان پڕکرد، چەک و فیشەک، وەک تیمێکی یەک دەست ئامادەبوون بۆ جوڵە. بەیانییەکەی سەرجەم هەڤالانی ئەکادیمیا لەبەردەم ڕێڕەوی گشتیدا بەڕیز وەستان، گروپەکە کۆڵەپشت لە پشتیان، تفەنگ لە شان، تاقم بەستراو، بەڕیز تەوقەیان لەگەڵ کردن، ئامێرێکی پەیوەندی کردنیان پێبوو، گەیشتنە شوێنی مەبەست پەیوەندی بکەن، کەی چالاکییەکەیان کرد پەیوەندی بکەن. بە سلاو سروودی من کوردم، ماڵئاواییان لێکرا.

دەوڵەتی تورکیا، بەڕێگای دیبلۆماسی و ڕێگەی سیخوڕی، فشاری بۆ سوریا و ئوردن هێنا، هێلانەی شۆڕشگێڕەکان تێک بدات، دوو دەوڵەتەکە داوای تایبەتی خۆیان هەبوو. لەو ڕۆژگارەدا، هەر دەوڵەتە

ی هێزە یاخییەکانی دراوسێی داڵدە دەدا، بۆ بەکارهێنانی کارتی فشار لەسەر یەکتری. هەوڵەکانی کۆماری تورکیا سەریان نەگرت، ئەمما ماندوو نەبوون و خۆیان ئامادەکرد بۆ گەڕێکی دیکە. میدیاکان سەردانی ئەکادیمیایان کرد، دیداریان لەگەڵ ئەنجام دەدان، کوردانی چوارپارچەکە، لە هونەرمەند و نووسەر، دەچوونە لایان و پێشوازیان لێ دەکرا.

گروپە گەریلاکە گەیشتە خاکی کوردستان، سەرەتای مانگی هەشت چوونە سنووری باکوورەوە، پەیوەندییان بەسەرووی خۆیانەوە کرد کە لەناوچەی باکوورن، بەڵێنیان پێدان بە نزیکترین کات، دەنگی سەرهەڵدانی کورد دەگەیەنن بە کۆمار. ناوەڕاستی مانگی هەشت، شەوێکی مانگەشەو، لە نزیک سەربازگەیەک دانیشتن، چاوەڕوانی ئاوابوونی مانگیان کرد، لە تەنیشت بەردێک پاڵیان دابوویەوە، هێندە نزیک کەوتبوونەوە دەنگی سەربازەکانیان دەبیست. لە نێوان خۆیاندا چپە چپیان دەکرد، هەر یەکەیان دەیویست هەڤاڵەکەی ڕازی بکات یەکەم تەقەی دەسپێکردن خۆی بیکات. ڕێککەوتن لەیەک ساتدا، لەیەک خولەکدا، پێکەوە لە چوار شوێنەوە هەڵکوتنە سەر سەربازگەکە. چەند خولەکێک بوو مانگ ئاوابوو، هەڵیان کوتایە سەریان، ئاگریان تێبەردا، سەربازەکان چاوەڕێی مەرگی خۆیان بوون، بەڵام چاوەڕێی ئەوە نەبوون، شۆڕشی کورد دەست پێبکاتەوە.

بە ماوەیەکی کەم سەربازگەکەیان گرت، تارومایان کرد، تەپڵی سەرکەوتنیان لێدا، ئاڵای شۆڕشەکەیان لەسەری چەقاند. چەک و تەقەمەنییەکانیان کۆکردەوە، لە ئامێری سەربازییەکەوە، بە تورکی لە سەربازگەی کێوەکەی ئەوبەرەوە، هاواریدەکرد: «ئەو تەقە کردنەتان لە چییە؟ کێ فەرمانی پێداون تەقە بکەن.» نەیاندەزانی چی ڕوویداوە. گەنجە قۆزەکە ئامێرەکەی هەڵگرت، بە زمانەکەی خۆیان: «ئێمە گەریلاین، یەکەم دەستپێکی شۆڕشمان لێرەوە دەست پێدەکات،

چاوەڕێی مەرگتان بن.» داینایەوە. بە دۆڵەکەدا ڕۆیشتنە خوارەوە، بەرەو کێوە بەرزەکە کشان، دەنگی کۆپتەر هات، سەربازگەکانی دیکە هەواڵەکەیان گەیاندبوو.

کۆپتەرەکان بە هەڕەمەکی بۆمبارانی ناوچەکەیان کرد، گەریلاکان لەوبەرەوە تەماشاچی بوون. بروسکەیان ناردەوە بۆ ئەکادیمیا، چالاکییەکە ئەنجام درا، نیوەشەوێکی درەنگ، وەرگری بروسکەکە لە خۆشیدا هاوارێکی کرد، هەڤاڵانیان لەخەو هەڵساند، شایی و ستران دەستی پێکرد.

بۆبەیانیەکەی میدیاکان کەوتنە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست. هێرشێکی بەرنامە بۆ داڕێژراویان کردە سەر پەکەکە. سوپا بەرەو ناوچە کوردییەکان کشا، سەربازگەکان تۆکمە کران. ئاغا و موختار و شێخ و مەلاکانی سەر بە کۆمار، خەویان زڕا. ڕێکخستنەکان لەناو شاردا بەیاننامە و نووسینی سەردیوارەکان دەستیان پێکردەوە. هەڤاڵانی زیندان دەنگۆی دەستپێکردنیان بیست. بەهەمان شێوە، شایی و سترانیان دەست پێکرد. سزادراوەکانی دیکە چوونە لایانەوە، پرسیاریان دەکرد چی ڕوویداوە؟ باسی سەرهەڵدانی شۆڕشی چەکدارییان کرد، ڕۆشنبیرانی ناو مەیخانەکانی ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە، باسی ڕۆژگارێکی مەترسیداریان دەکرد.

پەڕۆ سوورەکەی شەوی لە دایکبوونی شازادە بەفرینەکە، بە ڕەنگە سوورەکەیەوە، بەئەستێرەکەی عەشتارەوە لەناویدا، لەسەر لوتکەی شاخەکان، لەسەر سەربازگە گیراوەکە، بە شنەبای کێوەکان دەشەکایەوە. بە ئامێری پەیوەندی کردن گروپەکە ئاگادار کرانەوە، کۆمەڵێک پەناگە دیاری بکەن، پاشان بگەڕێنەوە. گروپی دووهەم و سێهەم نێردرا، شەڕ لە چەندین لاوە دەستی پێکرد، لەناو شارەکاندا ڕێکخستنەکان کەوتنە چالاکی، چی نۆکەری کۆمار هەبوون لە

گوندەکانی سەرسنوور، گوندە دوورە دەستەکان، یان هەڵهاتن، یان سزادران. ئیدی سەربازەکان نەیاندەتواتی بە کەیفی خۆیان بەناو ناوچە کوردییەکانی سەر سنووردا بگەڕێن.

لە هەمانکاتدا لە باشوور، شەڕی ناوخۆ، لە نێوان دوو لایەنەکەدا دەستی پێکرد، گەریلاکان هوشیارکرانەوە خۆیان بە دووربگرن لە هێزەکانی باشوور، نەیاندەویست بەریان بکەون و کێشە بێتە ڕێگەیان. لەو ساڵەدا لەناوچەی هەکاری، هێزێکی گەورەی تاڵەبانی، کەوتە ناو بۆسەیەکی سەرۆک خێڵ و هێزەکانی بارزانییەوە، پەرتەوازە کران. ئەو هێزە بەشێکیان لە سنووری ئێرانەوە بۆ ناوچەی لۆلان و بەشێکی دیان لە سووریاوە کەوتبوونە ڕێ، بەنیازی یەکتر ببینن و دانانی پێگەی نوێ لەناوچەی بادینان بۆ هێزەکانیان، بە چەک و کەرەستەوە بۆ دەستپێکردنەوەی شۆڕش خۆیان ئامادە کردبوو، لە بۆسەکەدا زۆربەیان گیران و کوژران، کەمێکیان بە سەلامەتی دەرچوون. بەرپرسەکانیان لەلایەن بەرپرسەکانی هێزەکەی بارزانییەوە بە شێوەیەکی تایبەت کوژران، یەکێک لە بەرپرسە گەورەکانی هێزەکەی بارزانی گوتبووی: «مرۆڤی مەزن دەبێت بە چەکی مەزن بکوژرێت.» بە چەکی مەزن بەرپرسەکانیان کوشتن.

شەڕە کۆنەکەی سالانی شۆڕشی ئەیلول لە باشوور دەستی پێکردەوە. دەوڵەتی ئێران یارمەتی هەردوولایانی دەدا بکەونە وێزەی یەکترییەوە. لە چەندین شوێن بۆسەیان بۆیەک دەنایەوە و سەرقاڵی یەکتر کوشتن بوون، سەرکردایەتییەکانیان یان لە ئۆردوگاکانی ئێران بوون، یان لەسەر سنوور نزیک لە ئێران بارەگایان دروستکردبوو. دەوڵەتی عێراق تەماشای دەکردن، هیچ پەروەردەیەک و مەشقێکی سەربازی بە هێزەکانیان نەدەکرا، هیچ ئەکادیمیایەکە و لێکۆڵینەوەیەکیان فێرنەدەکرا، ڕاستەوخۆ دەخرانە ناو هێزەکانەوە و دەنێردران بۆ یەکتر کوشتن.

لە ئەکادیمیا پرسی دوورکەوتنە لە شەڕی کورد، بوو بە پرسێکی ڕۆژانە، ڕێبەرئاپۆ بڕوای وابوو: «گەر لە ئێستادا خۆمان لابدەین لێیان، لە داهاتوودا، تورکەکان پەیوەندییان لەگەڵ دەبەستن و دەیاندەن بە گژماندا.» هیچ لایەک، بە دۆڵی ئاوازە ئازادەکانەوە، چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد، دەوڵەتی عێراق بەو زووییە گۆڕانکاری بەسەردابێت و باشوور بچێتە قۆناغێکی دیکەوە. گرووپە گەریلاکان لە ناوچەی باکوور چالاکییەکانیان دەکرد و لەوێ دەمانەوە. بەشێکی سنووری باشوور، ناوچەی بادینان هێزە بارزانییەکان کۆنترۆڵیان کرد، ناوچەی سۆران هێزەکانی تاڵەبانی.

شەڕی باکوور گەرم بوو، بەردەوام گرووپی نوێی بۆ دەنێردرا، سوپای تورک بەرە و ناوچەکان کشا، هەوڵی دەدا لە بەرگریدا بمێنێتەوە، تەکنیکی پوچی بەکار دەهێنا، بۆ شێواندنی وێنەی گەریلاکان. بە هەمان جلوبەرگ و شێوەوە، سیخوڕەکان خۆیان دەگۆڕی و دەیاندا بەسەر مالاندا، ژن و منداڵیان دەکوشت و کەلوپەلی ماڵەکەیان دەدزی، لە میدیاکان دەکرا بە هەواڵ، گەریلاکان هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی گوندەکان و تەواوی خێزانەکەیان کوشتوە و، کەلوپەلەکانیان دزیون. کوردەکان دەیانزانی ئەوە ئاکاری گەریلا نییە، بەلام ناچاربوون گوێ لە هەواڵەکان بگرن.

بە تەکنیکەکەیان زانرا، لە چەند شوێنێک بۆسەیان بۆ دانان، کەوتنە ناو بۆسەکانیانەوە، چەتەکانیان کوشت، بە هەمان جلوبەرگەوە هەڵیانواسین و لەسەر پارچە تیانووسێ، کە لەسەر سنگیان دایاننابوو، نووسیان: «ئەمە چەتەی کۆمارە، گەریلا نییە، دەیویست وێنەی گەریلا بشێوێنێت، بە سزای خۆی گەیشت.» هەوڵەکەی کۆمار شکستی هێنا، گواستییەوە بۆ وێنەی سینەمایی. کۆمەڵێک فیلمی بەرهەم هێنا، لە فیلمەکاندا ئەرکی چەتەیی درا بە گەریلا، لە شارە کوردییەکان و

تورکییەکان بڵاوکرانەوە. ویستی لە ڕێگەی دیمەنی فیلمەکانەوە کۆ دەنگیەک لە دژیان دروست بکات، خەڵک ڕابهێنێت دژیان بوەستنەوە.

لە باکوور گەنجان چالاکییان دژی فیلم فرۆش و سینەماکان دەست پێکرد. چەند دوکانێکیان سوتاند، هەڕەشەیان لە سینەماکان کرد لە پەخشکردنی ئەو جۆرە فیلمانە بوەستن، بەناچاری وەستان. لە ناوچە سنوورییەکان شەڕ گەرم، شەوانە هێرشیان دەبردە سەر سەربازگەکان، تەرم و بریندار دەبرانەوە بۆ شارەکان. مەراسیمی ناشتی سەربازەکان دەستی پێکرد.

پێشتر تەنها تەرم بۆ کوردەکان دەڕۆیشتەوە، دیمەنەکە گۆڕا، تەرمی سەرباز لە تەنیشت یەک ڕیزدەکران، ئاڵای تورکیا دەدرا بەسەریاندا. شیوەنی کەسوکاریان و قسەکردنیان لەبەردەم میدیاکاندا پەخش دەکرا. خوێنڕشتن لە نێوان هەردوولادا دەستی پێکرد، ئیدی ئەوە تەنها کوردەکان نەبوون خوێنیان دەڕژا، تورکەکانیش چوونە ناو هەمان چارەنووسەوە. لەناو شەقامدا دەنگێکی نزم، نەک بەرز، داوای چارەسەری دەکرد، داوای ئاشتی دەکرد.

ژەنەراڵەکان توورە، هەڕەشەی کۆتایی هێنانی جولانەوە چەکدارییەکەیان کردە باسی میدیاکان. بەڵێنی زوو چارەسەریان بە گەلی تورک دەدا، ئەمما لە ڕاستیدا تازە ئاگری شەڕەکە دەستی پێدەکرد، نەورۆزەکەی مەزلوم، بوو بە تێبەردانی ئاگر لە کۆمار و سوپای ژەنەراڵەکان.

# ٢٨

سێ گروپە پشکنەرەکە گەڕانەوە...

سێ نەخشەیان هێنابوو، شوێنی گردەکان و کێوەکانیان دیاریکردبوو. هەرێمی قەندیل بۆ شەمزینان بە وردی دەست نیشانکرا. پێگەی سەرەکی لە قەندیل دیاریکرا، ڕێگەی شەمزینان و باشوور بەهەند وەرگیرا. کەوتنە ئامادەسازی بۆ گواستنەوەی گروپەکان، بە هیوای دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام و هەمیشەیی، کە وەک حەشارگەیەک و جێگای بڕیاردانی داهاتوو تەماشا بکرێت. ئەو خوێندکارانەی قۆناغەکانی ئەکادیمیایان بڕی، ئاگادارکرانەوە، پۆل پۆل بەرەو شوێنی مەبەست بکەونە ڕێ.

دۆڵی ئاوازە ئازادەکان، بوو بە هێلانەی گەورەکردنی بێچووە بازەکان، فێرکران دوژمن بناسنەوە، وەک بازەکان خێرایی فڕین شارەزابن، لە سنووری قەڵەمڕەوییاندا نەهێڵن ڕاوچییەکان تێپەڕن، ئامادە و ساز بۆ ڕاوی دوژمنەکان. گەورەکران، گەیشتنە ئاستێک ئیدی ببنە بازێکی تەواو، لە هێلانەکەیان دەیاندا لە شەقەی باڵ و لەناو نەخشەی کوردستاندا دەنیشتنەوە.

سنووری شەڕەکە لەگەڵ تورکیا فراوان بوو. چەند ساڵێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی خوێناویدا بەرامبەر یەکتری وەستان. جیهان تەماشای شەڕە نوێیەکەی دەکرد. هێشتا هیچکام لە دەوڵەتەکان لە تەماشاکردنی ئەو دیمەنە خوێناوییانە نەبووبوونەوە، کتوپڕ دەوڵەتی عێراق هەڵەیەکی کرد، هەڵیکوتایە سەر دراوسێیەکی عەرەبی. شێخ و پاشا عەرەبەکان کەوتنە کۆکردنەوەی هاوپەیمانی بۆ وەستاندنی. جیهانیان بردە ژێر دەوارە عەرەبییەکەوە، زلهێزەکانی تینوی نەوتی خاکی عەرەب خزانە ژێر دەوارەکەوە. لە دەمەوبەیانێکی بومە و لێڵدا، هەڵیانکوتایە سەر سوپای عێراق، تاروماریانکرد. لە وڵاتە داگیرکراوەکە دەریان پەڕاند، هانی خەڵکی باشووری عێراقیاندا خۆپیشاندان بکەن، خۆپیشاندەران لە بەشێک لە شارەکان پاشەکشێیان بە دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق کرد. جیهان چاوی داخستەوە، دەرگا بۆ سوپای عێراق کرایەوە، شارەکان بگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

سوپا هەڵیکوتایە سەر باشووری وڵات، بە هەزاران خۆپیشاندەر و نارازی کوژران. ڕێککەوتنێک لەگەڵ عێراق و جیهان کرا، پشکێنەران بۆ گەڕان بەدوای چەکی مەترسیداردا گەیشتە عێراق، شوێنە دیاریکراوەکانیان پشکنی، بیانووەکان درێژەیان کێشا، سزای خۆراک بەسەر گەلی عێراقدا بڕایەوە. سوپا و دەوڵەت لاواز بوون، پارەکەی کەوت و نرخی شتومەکەکان زیادی کرد. کوردی باشوور کەوتنە خۆ، لە شارێکی سەر سنوورەوە دەستکرا بە ڕاماڵینی دامەزراوەکانی عێراق، گەل ماڵەوەی جێهێشت و چووە سەرشەقام، لە تەواوی شارەکان بوو بە ڕاپەڕین. جەلاد و سیخوڕەکان لە ناوەڕاستی شارەکاندا هەڵواسران، بارەگا سیخوڕییەکان کران بە گۆڕستان، دەوڵەت پاشەکشێی کرد، شاری بیرە نەوتەکان گیرا، جیهان تووشی گومان بوو، نەدەبا ئەو شارە بکەوێتە دەست کوردەکان، تورکەکان و

عەرەبەکان و فارسەکان فشاریان بۆسەر زلهێزەکان دروستکرد، شارە زێڕینەکە بگەڕێتەوە باوەشی دەوڵەت.

سوپای عێراق جولەی دەستپێکرد، بە هەمان ئارەزووی باشوور، بەنیازی سەرکوتکردن. کۆدەنگییەک لەناو گەلی باشوور دروستبوو، پێکەوە ماڵەکانیان جێهێشت و بەرەو سنوور کشان. میدیاکانی جیهان ڕوویان لەسەرسنوورەکان کرد، گەلێکیان بینی ماڵ و نیشتیمانەکەی خۆی جێدەهێڵێت و دەسەڵاتی عێراق قبوڵ ناکات. هونەرمەندان و سینەماکارانی جیهان، وێنەی میدیاکانیان بینی، هەستیان جولا، کەوتنە خۆئامادەکردن بۆ کۆکردنەوەی خەڵک و هاوسۆزی دەربڕین، سترانیان بەسەر گەلی ئاوارەدا گووت. دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران، چاوەڕێی ئەو دۆخە نەبوون، لێشاوی گەل چووە ناو خاکەکەیانەوە، بە فەرمانی ئەکادیمیا، یەکلایەنە شەڕ لەگەڵ تورکیا ڕاگیرا، تا دۆخی ئاوارەکانی باشوور بەرەو خراپتر نەچێت.

جیهان ناچارکرا کۆببێتەوە، لەسەر هێڵێکی دیاریکراو سنوورێکیان بۆ گەلی باشوور دروستکرد، ئەمما شارە زێڕینەکەیان نەخستە ناو هێڵەکەوە. سوپای عێراق ناچارکرا بچێتە ئەودیوی ئەو هێڵەوە. گەلە کۆچکردوەکە گەڕایەوە نیشتیمانی خۆی. هێزەکانی بارزانی و تاڵەبانی، کۆڵە پشتەکانیان دا بە کۆڵیاندا و ئۆردوگاکانیان جێهێشت و لەگەڵ ئاوارەکاندا خۆیانکردەوە بە نیشتیماندا. پەرلەمانێکیان دروستکرد، هەڵبژاردن کرا، کورسییەک جیاوازی نێوانیان بوو، ناکۆکییەکانی شاخیان بۆماوەیەک فەرامۆشکرد. شێوازی بەڕێوەبردنیان نەدەزانی، کەوتنە سامان کۆکردنەوە بۆ خێزانەکانیان.

هەرلایەکیان هێزی خۆی گەشە پێدەدا. حوکومەتێکی بێ سامانیان دروستکرد، گەل لەژێر زەبری سزای ئابووریدا دەیناڵاند. لە شارەکان و لە گوندەکان، نان نرخی ژیانێکی دەهێنا. سەر سنوورەکان

پڕبوونەوە لە کۆڵبەری کورد، ناو شارەکان دۆخێکی خراپتر، گوڵەچنی و گەڕان بەشوێن ناندا، بوویە خەمی زۆربەی خێزانەکان. ئۆردوگاکانی سنوورەکانی ئێران و تورکیا خاڵی بوونەوە، گەلی باشوور هێشتا بەو دەردانەوە دڵخۆشبوون بێگانەیەک دەسەلاتی بەسەریاندا نییە. دوو لایەنەکە ناکۆکیەکانیان گەیشتە بن بەست، شەڕی کۆنی شاخیان بردەوە ناو شارەکان، گەنجانیان هاندەدا یەکتری بکوژن. لەناو شارەکان و گوندەکاندا خوێنێکی زۆریان ڕشت. لەو سەروبەندەدا، گەریلاکان لە قەندیل خەریکی داکوتینی پێگەی دووهەم بوون، خۆیان دەپاراست لە تێکەڵبوونی شەڕەکە. ماڵ تالانکردن و سوتاندن و یەکتر ونکردن، بوو بە نەریتێکی هێزەکانی بارزانی و تاڵەبانی. لایەکیان خۆی گرێدا بە تورکەکانەوە و، لایەکیان بە ئێرانییەکان. چیرۆکە کۆنەکەی میرنشینەکان زیندووکرایەوە، سنووری قەڵەمڕەوی یەکتریان کێشا. فشاریان لەیەکتری دەکرد پەیوەندی بە دراوسێکانەوە بکەن. لەسەر گرتنی شاری هەولێر، بارزانییەکان بۆ بەعسییەکان چەمینەوە، دەستیانگرتن و بردنیانە ناو شارەکەو هێزەکانی تاڵەبانییان ڕاونان، بەعسییەکان و بەرزانییەکان پێکەوە بەناو شەقامەکانی هەولێردا دەسوڕانەوە. هێزەکەی تاڵەبانی شکا، تا سەرسنوور دوایان کەوتن، لەوسەرەوە وەک پاسدارەکان سەری خۆیان کەچەڵ کردوو دیسانەوە گەڕانەوە. لەناو شەقامەکانی سلێمانی پاسدار و تاڵەبانییەکان بەسەری کەچەڵەوە دەسوڕانەوە.

شەڕەکە نەدەوەستا، چەندین کورد لە باشوور کوژران. بێگانەکان کەوتنە نێوانیانەوە، خولی سێهەمی شەڕەکەیان ڕاگرت. دوو سەرۆکی هێزەکان بانگران بۆ کۆشکێکی سپی، پیرەژنێکی بەتەمەن ئاشتی کردنەوە. ڕێککەوتن سامان و داهاتی وڵات بەسەر خۆیاندا بەش بکەن، کوڕەکانیان بردە پێشەوە بۆ ئەوەی میراسەکەیان بۆ جێ بمێنێت. بەڵێنی هاوکارییان پێدرا، هەڵکوتنە سەر ناوچەکانی گەریلا. کەوتنە

پێش سوپای تورکیا، هەریەکەیان لە گۆشەی خۆیەوە، شەڕێکی نوێیان لەگەڵ پەکەکە دەست پێکرد. بە سواری کۆپتەرە تورکییەکان تا قوڵایی بنکە سەرەکییەکانیان چاوساغییان کرد.

لە دۆڵی ئاوازە ئازادەکان، ئاپۆ نیگەران و تووڕە، چاوەڕێی دۆخەکەی کردبوو. فەرمانی بە گروپەکان کرد، سنووری خۆیان تێنەپەڕێنن، لەناو هێلانەکەدا بمێننەوە و بەرگری بکەن، نەهێڵن دوژمنەکانیان تێیدا دانیشن. بانگی فراوانکردنی شەڕەکەی کرد لەگەڵ تورکیا، هەوڵیدەدا لە دوو شوێنەوە لە کۆمار بدات، هەم هێزە نوێنەرەکانی بارزانی و تاڵەبانی، هەم لێدان لە سەرباز، بۆ ئەوەی دەست لە هێزەکانی باشوور هەڵگرێت. تەکنیکەکەی سەری گرت، گەرچی ڕۆژگارێکی خوێناوی لە نێوانیاندا تێپەڕی.

هێزەکانی باشوور گەڕانەوە شارەکان، شەڕەکە وەستا. کەوتنە هەوڵدان بۆ لێکردنەوەی نینۆکەکانی باکوور، چەندین دانیشت و سەردانی دۆڵی ئاوازە ئازادەکانیان کرد، بوونە نوێنەری کۆمار، تا لە گۆشەی باکوورەوە شەڕ ڕاگرێت. ئاپۆ لە کۆبوونەوەیەکدا چیرۆکێکی مێژوویی گێڕایەوە: «پرۆژەی فیکری پێویستی بە ئارامییە بۆ گەشەکردن. ئێمە تەنها هێزێکی بەرگریکار نین، بناغەیەکی پتەومان هەیە. ئەم ڕووداوە لە حودەیبیە دەچێت، واژۆی ئاشتی لەگەڵ دوژمنێکدا دەکەین، دڵنیاین بۆ هەڵدەگەڕێت گەلەکەمان لەناو ببات، بەڵام ئێمە دەیکەین، چونکە ئەو هێزەکەمان دەبینێت، بونیادە فیکرییەکە نابینێت. سەرلەنوێ هەڵدەچینەوە، ئاشتی دەکەینە سەرزەمینی گەشەپێدان و سەرلەنوێ خۆ پتەوکردنەوە.» ئاشتی ڕاگەیاند. چالاکی ئەکادیمیای فراوانکرد، نووسەران و هونەرمەندانی بانگهێشتکرد، دەرگای بەڕووی ڕۆژنامەوانانیدا کردەوە، ڕێکخستنەکان بە پۆل گەنجانیان دەنارد بۆ خۆ پێگەیاندن. دۆخێکی ئارامی فەراهەمکرد بۆ زیاتر ڕۆچوونە ناو

پرسی کورد و ڕۆژهەلات و دیدگای جیهانەوە بۆ کورد، کۆمەڵێک وتار و کتێبی نووسی.

دۆخە فیکرییەکە زیاتر گەشەی کرد، بە ڕووە سیاسییەکەدا هەوڵی زیاتر فەراهەمکردنی ئارامیی دەدا، دەیزانی ڕووداوێکی مێژووی کۆنە و سەرلەنوێ خۆی دەرخستووەتەوە. بە پەیماننامەی حودەیبیەی دەبینی. کۆمارییەکان کاریان لەسەر دانانی چەکەکان دەکرد، نەیاندەزانی چەکی گەریلاکان تەنها تفەنگێک نییە بە شانیانەوە، بەڵکو پرۆژەیەکی فیکری مێژووییە.

گۆڕانێک لە دۆخی تورکیا ڕوویدا، هێزە ئیسلامییەکان هێنرانە پێشەوە، بە زمانێکی نەرم و ڕوخسارێکی دیکەوە. سەرتا ژەنەڕاڵەکان نیگەران بوون، کەوتنە خۆ ئامادەکردنەوە، کاتێک لەگەڵیان دانیشتن و لە داهاتووی پرۆژەکەیان تێگەیشتن، باوەشیان بۆ کردنەوە. دەیانویست لە ڕێگەی ڕوخسارە نوێیەکەوە سەرلەنوێ شکۆ بۆ کۆمار بگەڕێتەوە. زمانی هێزە ئیسلامییەکان زۆرێک لە دانیشتوانی شارە کوردییەکانی فریودا، ڕوویان تێکردن و لە هەڵبژاردنەکاندا بەرزیانکردنەوە. بە نهێنی پارتی بچوکی کوردی دروستبوون. لەگەڵ پتەوبوونی هێزە ئیسلامییەکاندا دۆخی باکوور گەڕایەوە سەردەمی ژەنەڕاڵەکان.

خولێکی دیکەی شەڕ دەستی پێکردەوە. هێزەکانی بارزانی بەشداری خولەکەیان کرد، گەریلاکان لە دووبەرەدا شەڕیان دەستپێکرد، بەرەی باشوور و بەرەی باکوور. ئاپۆ لەبەردەم میدیاکارەکاندا توند، هێرشبەرانە، دۆخی باشووری بە میرنشینە دێرینەکان هەڵسەنگاند. هەر میرە و لە جێگەی خۆی دەیەوێت سنووری قەڵەمڕە و دروست بکات، میرێک پشتی بە عوسمانییەکان و میرێک پشتی بە سەفەوییەکان بەستووە، پارچە پارچە بوونەکە، ناچاریکرد، پرۆژەی یەکپارچەیی کورد و خاکەکەی، ببەستێتەوە بە سەردەمێکی کۆنەوە. لە وتارێکیدا لەبەردەم

هەڤاڵاندا: «خاوەنی ئیمپراتۆرییەت بووین، ئاشوورییە داگیرکەرەکانمان تێکشاند، ئەو سەرکەوتنە دەنگی شوێن پێی باپیرانمانە. نەوەی ئەوانین. دەگەڕێینەوە بۆ خەونی دیاکۆ، هۆزەکان و گوندییەکان و شارەکان کۆدەکەینەوە، پێیان دەڵێین: ئێوە یەک گەلن، دابەش مەبن بەسەر داخوازیی بێگانەکاندا. کە سەرکەوتین، پرۆژەکەی کیاکسار دەخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، سنوورە گەورەکە دروست دەکەینەوە، گەلە دێرینەکە، بە شێوازە جیاکانی زمانەکەی، بە شێوازە جیاکانی ژیان و پێکهاتەکەی لەناو نەخشە مەزنەکەدا وزەیەکی دیکەی پێ دەبەخشین. پێویستە ئەو پارچە پارچە بوونە هەڵوەشێنینەوە و زیاتر کار بکەین لەسەر پتەویی یەک بوون، باشوور و باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، تەنها گروپە ناهوشیارەکان گورزی لێداون، ئێمە هوشیارین ناکەوینە ناو دونیا بچوکەکەی ئەوانەوە. لە پێناوی یەکچارچەییدا تێکۆشان چڕ دەکەینەوە، خەونی بچوکی میرنشینی تێک دەشکێنین.»

خولی دووهەمی شەڕەکە هەزارانی بەکوشتدا. هێزەکانی بارزانی دەکەوتنە پێش سوپای تورکان، کێوەکان و دۆڵەکانیان بۆ ئاشکرا دەکردن، دەیانبردنە سەر حەشارگەکانیان، بە شانازییەوە وێنە و دیمەنەکانیان بڵاودەکردەوە کە پێشڕەوی بۆ بێگانە دەکەن دژبە کوردەکان. لە نێوان هەردوولادا ماندووبوون لە شەڕێکی بێ ئامانج بە بۆچوونەکانی هەردوولاوە دەرکەوت. خەڵکانێک کەوتنە نێوانیان، ناچاریانکردن ڕایگرن. قەندیلماڵێکی بەهێزی لێدروستکرا، کێوەکان کونکران، ڕێگاکان گۆڕان، ئەکادیمیای نوێ بونیاد نرا، قەڵەمبازی دووهەمی دۆڵی ئاوازە ئازادەکان، بەخێراییەکی زۆر گەشەی کرد. بە نێوەندگیری شەڕەکە وەستا.

خۆیان ئامادە کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماردا. چەندین یەکەی تایبەتی جیاواز دروستکران. ڕێکخراو، ڕایەڵەی دیکە پێکهاتن.

عەلی قەیتان و دوران کاڵکان نێردران بۆ خۆرئاوا، لەناو ئاوارەی کورددا کەوتنە پێکهێنانی ڕێکخستن. تیمێک ڕەوانەی ناوچەی کوردانی قەوقاس کرا، فەرامۆشکراوەکان هێنرانەوە ناو پرسی کورد، بۆنەو یادە کوردییەکانیان بۆ ڕێکخرا، لە جەژنە گەورەکەی نەورۆزدا لەسەرخوانی میتۆلۆژیاکە کۆ کرانەوە. جەمیل و موراد نێردرانە قەندیل. چەندین کادیرو شارەزای دیکە لەگەڵیان. ئاپۆ لە ئەکادیمیا مایەوە، ڕۆژانە وانەی بە خوێندکارەکان دەگوتەوە، وانەکان ڕەوانەی قەندیل کران، لەوێش وانە وتنەوە دەستی پێکرد، نووسەران و کادیران ڕاسپێدران بۆ چاپکردنی کتێب و نامیلکەکان، بەناو نەخشەی چوار پارچەکەدا بڵاویان کردنەوە، کتێبەکان وەرگێڕانە سەر زمانە جیهانییەکان و بڵاوکرانەوە. هێزی ئابووری لە چەندین شوێن بونیاد نرا. سێ نەخشەکەی تیمە پشکنەرەکە، بوو بەڕاستییەک لەناویدا هەزاران گەریلا هاتووچۆیان دەکرد.

## ٢٩

میوانەکانیان گەیشتن، گرووپێک گەنج، لە کوڕان و کچان، لەژێر سێبەری درەختەکانی باخچەکەدا دانیشتن. مێزێک دانرا، ئاپۆ پشتی لەوان، سێ ڕۆژنامەنووس لە دەوری مێزەکە، کامێرامانەکان لەپشت ڕۆژنامەنووسەکانەوە خۆیان ئامادە دەکرد، سێ ڕۆژنامە نووسەکە لە تەمەنی کامڵیدا، بە ئەزموون، کەسانی دیاری ناو میدیاکانی تورکیا. دەوڵەت ڕێگەی پێدان سەردانی دۆڵی ئاوازە ئازادەکان بکەن. لە بارەی ژیانیان و شێوەی مەشقەکانیان، لە بارەی کچان و کوڕان، سیمایان، کێن، چۆنن؟ بیرکردنەوەیان؟ وانەکانیان؟ ژیانی تایبەتی ڕێبەرەکەیان، ڕاپۆرت و دیدار بکەن و بڵاوی بکەنەوە.

یەکیان قژێکی درێژ، لە دواوە بە پەڕۆیەک بەستبووی. یەکیان کەچەڵ، یەکیان ساکسوکێکی هێشتبوویەوە، شێوەی ڕوخساری درێژکردبوو. پەقرەجێک ئاو، بە چوار پەرداخەوە لەسەر مێزەکە دانرابوو، سێ تەسجیلی بچوکی تۆمارکردن لەسەر مێزەکە، نەبادا کێشەیەک لە تۆماری کامێراکاندا ڕووبدات. یەکی سێ لاپەڕەی پڕ لە پرسیار لە بەردەمیاندا. ئاپۆ بە سنگێکی بەرزەوە، جلوبەرگی کەسکی سەربازیی لەبەردا، چاوە بزەکان و شێوەی ڕووانینی پڕ لە شانازی، سەرنجی هەموولایەکی دەدا.

دەستپێکرا، لە ئاشتی و شەڕ دوان، لە منداڵی و گەنجی. لە ئەکادیمیا و چالاکی گەریلا. لە ناکۆکی دێرینی تورک و کورد، لەبارەی کۆمارەوە، گووتی: «کۆمەڵگەی تورکی گرێداوە بەخۆیەوە، فەزایەکی بۆ خولقاندوە، هەموو تورکێک وا بیردەکاتەوە، گەر کۆمار نەبێت ئیدی تورک نین. لەسەر خاکی گەلان دادەنیشن، کۆمەڵکوژی دەکەن، داهات و مافی گەلانی دیکە پێشێل دەکەن، سیمایەکیان بۆ کۆمەڵگەی تورکی دروستکردوە، جیهان دوژمنیانە، بەڵام لە ڕاستیدا مرۆڤی تورکیان لەسەر ئەو بنەمایە پەروەردەکردوە، دوژمنی جیهانە. ڕیشەی پەروەردەکە دێرینە، لەو سەردەمەوە لە هەردوو قوڵی قەوقاس و ئاسیای ناوەڕاستەوە خێڵە تورکەکان دێنە سەرزەمینی میزۆپۆتامیا، لەو خێڵانەوە مرۆڤەکە ڕاهێنراوە لەسەر هێرش بردن، پەلاماردان، دزینی مافی ئەوانی تر، تاڵانکاری، جینۆسایدی کولتووری، ترسان لە ئەویتر. هەموو ئەویترێک لای مرۆڤی تورک، دوژمنە. ئێوەی ڕۆژنامەنووسان، بەشی ئەکادیمیاکانتان، پەروەردەتان، پێویستە سەرلەنوێ خۆتان چاک بکەن، ئەو دیدە کۆن و مرۆڤە ترسناکەی دروستان کردوە، بگۆڕن بۆ مرۆڤێکی شارستانی، لانیکەم چاو لە مرۆڤە دێرینەکەی کورد بکەن، تەماشای شارستانییەت و مێژووەکەی بکەن، شەش هەزارساڵە لێی دەدرێت هیچ کات لەویتر نەترساوە، ماوەتەوە، نەبووە بەو مرۆڤە ترسناکەی کۆمار لە تورکیا دروستیکردوە.»

ڕۆژنامەنووسەکان تەماشایەکی یەکتریان کرد، لە ناخەوە قسەکانیان پێناخۆشبوو، بەڵام لەبەر دیدارەکە دەبا زەردەخەنە بکەن و سەریان ڕاوەشێنن، گوایە لەگەڵ بۆچوونەکەیدان. پرسی پیاو و ژنی کورد هاتە ناو باسەکەوە، لەسەر ئەو پرسە زۆر بە درێژی دوا: «ڕۆژهەلات بە گشتی، پیاوی کورد بە تایبەتی، لەناو گرێی باوکدا دەژیت. دەیەوێت شوێنی باوک بگرێتەوە، ناتوانێت بەبێ خودا و بەبێ دەسەڵات بژی، خودی تێکۆشانەکەی ئیبراهیم پەیامبەر، شکاندنی بتەکان و دەسەڵاتێکە،

تا باوکێکی ئەزەلی بدۆزێتەوە، بێگومان دۆزییەوە. پیاوی کوردی لە دوای دارمانی ئیمپراتۆریەتی مادەوە، ئەو گرێیەی بۆ دروستبووە، ئێمە لەگەڵ کولتووری خۆرئاواییەکان جیاوازین، ئەوان گرێی کوشتنی باوکیان هەیە، ئێمە گرێی بوون بە باوک.

باوک وەک شوێن، دەسەلات، بەڕێوەبەر، باوکی خێڵەکی، باوکی میرنشینی، باوکی هۆزایەتی، باوکی نەتەوەیی، باوکی سەرۆک، کۆی ئەم ناوانە لە خێزانەوە بیگرە بۆ سەرەوە، هەڵگری هێمای باوکن. ئەوکێشەیەی نێوان ژن و پیاو، کە لە میتۆلۆژیای شارنشینییەوە دەست پێدەکات، بۆ ئەم سەردەمەی کە ئێمە تێیدا دانیشتووین گفتوگۆ دەکەین، پڕە لە ئاماژە لەسەر ئەم پرسە، بەنیازین پیاوە تێکشکاوەکە بە تەواوەتی تێک بشکێنین، بیتوێنینەوە، بیکەینەوە بەقوڕ و سەرلەنوێ مرۆڤێکی دیکەی لێدروست بکەین.» بە پێکەنینەوە. «هێزێکی خودایی پێویستە. سۆمەرییەکان پێیانگووتین، مرۆڤ لە قوڕ دروستکراوە، بابلییەکان گووتیان نا، لە خوێنی خوداکان. چونکە بابلییەکان باوەڕیان وابوو لەوە پیرۆزترین لە خوێنی خودایان نەبین، مرۆڤیان بەرزکردەوە بۆ ئاستی خودا، ئایینە یەکتاپەرستەکان هاتن، کردیان بە خزمەتکاری خوداکان، ئیمپراتۆرەکان کردیان بە شەڕکەر و پاڵەوانی خودا، مۆدێرنە هات دیسانەوە کردی بەخودا. لە ڕاستیدا هیچیان نییە، تەنها مرۆڤێکی ئاڵۆز، پڕ لە شوێنی تاریک. بەنیازین لەو دیدگایانەی لەناو زیهنیدا چەسپیون ئەرکی پاککردنەوە بگرینە ئەستۆ، بە دیدێکی تازەوە، دونیا بینینێکی تازەوە، لەسەر خۆی و بەرامبەرەکەی بکەوینە بیرکردنەوەوە. وەک گووتم: پێویستە وردوخاشی بکەین و سەرلەنوێ دروستی بکەینەوە، بە بڕوای ئێوە ئەمکارە لە هێزی مرۆڤدا هەیە؟»

قژدرێژەکەیان، وەلامی پرسیارەکەی دایەوە: «من هیچ بیرۆکەیەکم نییە، بە پێی دەربڕینەکانی تۆبێت، خۆم پڕم لەو خەوشانە، کەوایە پێش

دەستبردن بۆ هەر پیاوێک، گرنگە سەرەتا خۆم چاک بکەم.» پێکەنین، گەنجەکانیش لە دوایانەوە بە هەمان شێوە. بۆئەوەی گفتوگۆکە سارد نەبێتەوە، قسەکەی لێوەرگرتەوە: «ئێمە ئەو هێزە لە خۆمان شک دەبەین کارەکە بکەین. دەتوانی لەم هەڤاڵە گەنجانە بپرسیت، ئازادیت، لەگەڵیاندا پیاسە بکە، بیاندوێنە، بچۆرە ناو دەروونیانەوە، بزانە گەلی ئێمە سەرقاڵی چییە، بەراوردی بکە بە گەلەکەی خۆتان. قسەکانیان بە هەند وەریگرە، گەنجی نوێن، لە ئەکادیمیا تێدەگەن و دەزانن بەرەو چ کەسایەتی و دونیایەک تێدەکۆشن.»

ڕۆژنامەنووسە کەچەڵەکە پرسیارێکی لەسەر ئەدەبی تورکی لێکرد. لەبارەی نازم حیکمەت و یەشار کەمال، لەبارەی یەلمازگوینەی و بەشێکی دیکە لە نووسەران و سینەما دوا. گلەیی لە نووسەرە کوردەکان کرد، کەمتر ڕۆدەچنە ناو پرسی گەلەکەیانەوە و خۆیان خەریک کردوە بە جیهانێکەوە هێندە دوورە لە کولتوور و ڕەگوڕیشەی مێژووی گەلەکەیانەوە، لەیەک تێناگەن. درزێکیان دروستکردوە تەنها ئەو درزە بەوە پڕدەبێتەوە، نیگای خۆیان بگوازنەوە بۆناو گەلەکەی خۆیان. بە دەنگێکی کەمێک شانازییەوە: «دەبایە من بکەن بە ڕۆمان، ئەم کارەی دەیکەم کاری ڕۆماننووسە، لەناو ژیانە ڕاستەقینەکەدا ڕۆمان دەنووسم، پێویستبوو ببمە ڕۆمان.» لە دواوە لەناو گروپە گەنجەکەدا دەنگێک بەرز بوویەوە: «ئەز دەبیت بە ڕۆمان، دڵنیام دەبیت، ڕێبەر.» لایەکی کردەوە، بۆ دەنگەکە گەڕا نەیزانی کێبوو.

لە بارەی پرسی زۆرەوە گفتوگۆیان کرد. گەنجەکانی دواوە، بە پرسیارکردن بەشدارییان کرد، سەرنجی ڕۆژنامەنووسەکان زیاتر لەسەر کچەکان بوو، دەیانویست تێبگەن پەیوەندییەکانیان لەناو پەکەکەدا چۆنە؟ ئایا هیچ خۆشەویستییەکی نێوان دوو ڕەگەزەکە ڕێگە پێدراوە؟ بە نهێنی پەیوەندی دروست دەکەن؟ لەسەر تێگەیشتنە کۆنەکەی ئاکار لەگەڵیان

دەدوان، گەرچی پێشتر ڕابەرەکەیان بە درێژی باسی مرۆڤێکی نوێی کردبوو، بەڵام لە زیهنی ڕۆژنامەنووسەکاندا جێگیربوو، دوو ڕەگەزەکە بە بێ پەیوەندییەکی تایبەت ناتوانن لە نزیک یەکەوە هەڵبکەن.

کارەکەیان تەواو بوو، بەناو ئەکادیمیادا گەڕان، شوێنەکانیان بینی، کەچەڵەکەیان لەگەڵی ڕۆیشت بۆ شوێنە تایبەتییەکەی لە ماڵە سێ نهۆمییەکە. نیوەڕۆ خوانێکیان پێکەوە خوارد، کاتێک تەنیا بوونەوە، ئاشکرای کرد بە ڕەگوڕیشە کوردە و سۆزێکی زۆری هەیە بۆ کورد، بەڵام ئیدی شوناسەکەی گۆڕاوە بۆ تورک و لەناو یادەوەرییەکانیدا دەینووسێتەوە کوردە. ئاپۆ سەرکۆنەی نەکرد، بەزمانە تایبەتییەکەی خۆی تێیگەیاند: «کوردبوون ئازارە، ڕاکردن لێی نامەردییە.»

گەڕانەوە تورکیا، دیدارەکانیان بڵاوکردەوە، بوو بەهەڵا. کۆمارییەکان و ڕەگەزپەرستەکان بە وتاری لاواز و نزم، کەوتنە هێرشکردن بۆ سەر کورد و جوڵانەوەکانی. چینێکی میانڕەو بە ئاسایی وەریان گرت، دەوڵەت سەرکۆنە کرا بۆ ڕێگە بەو جۆرە دیدارانە دەدرێت لە میدیای تورکییەوە بڵاوبکرێنەوە. داوای ڕاگرتنیان کرد، ڕۆژنامەکان پڕبوون لە جیاوازی لەسەر کورد و تێکۆشانە نوێیەکەی، ئەمما لە باکوور پێشوازییان لێکرا. خێزانی گەنجەکان وێنەی منداڵەکانیان دەبینی لە پشت ئاپۆوە، بە شانازییەوە لەناو کۆڵان باسیان دەکرد.

گەلەکە بە ئاگاهێنرا، ڕۆڵەکانی خۆی خستنە ناو تێکۆشانەکەوە. پاش دیدارەکان، خولێکی دیکەی فشارخستن لە ڕێگای دیبلۆماسی و سیخوڕییەوە بۆسەر دراوسێکان دەستی پێکرد، بەنیازی دەرپەڕاندنی لە دۆڵی ئاوازە ئازادەکان. زانیارییەکانیان لەسەر دروستکردنی ماڵێکی دیکە کەم بوون. ئەکادیمیا بەشە گرنگەکانی گوازرانەوە، تەنها سیمایەکی دەرکەوتەی مابوو، بەهۆکاری ئەوەی خۆی لەوێ بوو هەمووان ڕوویاندەکردە ئەوێ. بەڵام قەندیل لەناو سروشتە جوانەکەی

لە تەنیشت خورەی بەفراو و داربەڕووە پتەوەکانیدا، پێگەی بە هێز و فراوانبوو، وردە وردە کارکرا بۆ کەمکردنەوەی فشارەکان لەسەر دۆڵی ئاوازە ئازادەکان.

شەڕێکی نوێ دەستی پێکردەوە. ژەنەراڵەکان بەنیازی برینی هێڵی نێوان قەندیل و شەمزینان، هێڵی نێوان قەندیل و رۆژئاوا، سوپایان جوڵاند. هێزەکانی بارزانی بە زانیاری و چاوساغییان هاوکارییان کردن. لەسەر ئەو نەخشەیەی ژەنەراڵەکان بە نیازبوون ڕێگەکە لەوێوە داببڕن، شەڕی چەند مانگە کرا. کۆمەڵێک بنکەی سەربازی لە سنوورەکانی باشوور دانران، تیمە سیخوڕییەکان گوازرانەوە بۆناو شارەکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی. بەناوی چێشتخانە و کۆمپانیا و ڕێستورانتەوە، دەزگا سیخوڕییەکان چەندین شوێنیان لە شارەکان کردەوە بۆ چاودێریکردن و گواستنەوەی زانیاری.

پەیوەندییەکانی بەشێکی باشوور لەگەڵ تورکیا چووە ئاستێکی فراوانەوە. بازرگانی قاچاخی نەوت و خۆراک گەشەی کرد. سزای ئابلوقەی سەر عێراق بەردەوامبوو. زلهێزەکە چاوی بڕییە نەوتی عێراق. بە بیانووی چەکی کوشندە، بەردەوام هەڕەشەی لە عێراق دەکرد. لەناو خێزانی سەرۆکایەتیدا کێشە دروست بوو. دوو لە زاوا و نزیکەکانی سەرۆکی عێراق بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک وڵاتیان بەجێهێشت و چوونە لای دراوسێکەیان. میدیاکان لێیان کۆبوونەوە، دەنگۆی کودەتای سەربازیی لەناو سوپادا بڵاوکرایەوە، دەستەی سەرۆکایەتی عێراق، هێزە تایبەتییەکانیان بەکارهێنا بۆ پاکتاوکردنی گومانلێکراوانی ناو سوپا. میدیای جیهانی بەردەوام هەواڵی جیاجیای بەخشدەکرد و شەڕێکی گەورەی لەگەڵ کۆماری عێراقدا دەستپێکرد.

بەبێ هۆکار، دوو زاواکەی سەرۆک کۆمار گەڕانەوە. بە یاسایەکی کۆماری بەخشران، لەناو خێڵدا کۆبوونەوەیەک کرا، بڕیاردرا وەک خێڵ

لێیان خۆش نەبن، کۆی ئەندامانی خێڵی سەرۆکایەتی چەکیان هەڵگرت، منداڵ و کچەکانی سەرۆک کۆماریان گواستنەوە بۆ کۆشکێکی تایبەت، چەک نێردرا بۆ دوو زاواکەی سەرۆک بەرگری لە خۆیان بکەن. لە نیوەشەوێکدا چەکدارانی خێڵ هەڵیانکوتایە سەریان، تا کۆتاییان پێنەهێنان دەستیان هەڵنەگرت، هەواڵی کودەتای سەربازی کۆتایی هات.

کۆمەڵگەی باشوور، بەهۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و قاچاخیی سەر سنوورەکانەوە کەمێک بوژایەوە، شارەکان بەرەو فراوانبوون پەلیان هاویشت، کۆکردنەوەی سامان و بە هەدەردان، گەیشتە لوتکە، دوو بنەماڵە دەسەلاتدارەکە، حکومەتێکی نیوە بە نیوەیان پێکهێنا، پیسخۆری و زەوی داگیرکردن و فرۆشتنی نەوت بە نرخێکی هەرزان، قاچاخچییەتی گەشەی پێدرا. چینێک دروست بوون، ساماندار، لە بەرامبەریاندا چینی زۆرینە هەژار. ئاستی گوزەرانی دووچینەکە بەراورد نەدەکرا. دەزگا سیخوڕییەکانی ئێران و تورکیا و دەوڵەتەکانی دیکە، باشووریان کرد بە گۆڕەپانی یارییەکانیان.

لە باکوور شەڕەکە بەردەوام بوو. هێزە ئیسلامییەکان ئەرکی ژەنەراڵەکانیان بە بەرگی حوکومەتەوە بەڕێوە دەبرد، جاوازییەک لە دیدی هەردوولایاندا نەبوو بۆ پرسی کورد. بە ناچاری بۆ دورخستنەوەی کوردانی باکوور لە پرۆژەکەی ئاپۆ، کۆمەڵێک کەناڵیان کردەوە بتوانن بۆ ساتێکی دیاریکراو بە کوردی بدوێن. هەوڵەکانی ناوخۆ و جوڵەکانی سوپا، نەیانتوانی شۆڕشەکە بەو ئاقارەدا ببەن، کە شۆڕشەکانی پێشوی پێیدا تێپەڕی بوون.

## ٣٠

هەڤالانی زیندان، کە سزاکەیان تەواو بوو، لەژێر دەسەڵاتی تورکیا خۆیان ڕزگار دەکرد.

ساکینە پاش دووهەوڵی ڕاکردن و شکست هێنان، کۆتایی بە سزاکەی هێنرا و گەڕایەوە ماڵ. هەفتەیەک لە پێشوازی خەڵکدا ماندووهیلاک، بیر و خەیاڵی لای خۆگەیاندن بە هەڤالان ئۆقرەی لێ بڕیبوو. گروپێکی ڕێکخستنەکان چوونە لای، بەڵێنیان پێدا بەزووترین کات ڕەوانەی شوێنی مەبەستی بکەن، باوکی لە ئەڵمانیا کاری دەکرد، بە گەنجی بردبووی بۆ گەڕان، داوای کرد کچەکەی ببرێتە لای، ڕێگەی پێدرا گەشت بکات. چووە ئەڵمانیا، لەوێ ڕێکخستنەکان بە پیریەوە چوون. بە ناوێکی خوازراو ئامادەسازییان بۆکرد بەرەو سوریا گەشت بکات. لەو سەروەختەدا، بەشێک لە بەرپرسەکانیان لە دادگاکانی خۆرئاوا دادگایی دەکران. تورکیا فشاری لە هەموولایەک کرد، کۆتاییان پێ بهێنێت و کەسە دیارەکانیان دەستگیربکرێن.

دەمەو بەیانێک لە فڕۆکەخانەی دیمەشق دابەزی، دڵە خورپێ، بە پەلە، چاوی بە هەموولایەکدا دەگێڕا، کراس و پانتۆڵێک لەبەریدا، لێی

نەدەهات، موستیلە و زنجیرێکی ئاڵتون و گوارە لە گوێیدا، بۆئەوەی هەستی پێنەکەن. لە فڕۆکەخانە چووە دەرەوە، هەموویانی لێکردەوە، جگە لە ئەڵقەی پەنجەی. هەڤالان پێشوازیيان لێکرد، چاوەڕوانییەکی زۆری دیبوو، ئەشکەنجەی زۆر، بەڵام بەهیوای بینینەوەی گروپەکەی ئەنقەرە، دڵی پڕ، حەزیدەکرد بگریت، جێهێشتنی نیشتیمان، خێزان، خوشک و برا، دۆست، ئەو هەموو ساڵەی زیندان، ئەشکەنجە، دواجار لەسەر خاکێکی غەریب، لەناو کۆمەڵێک هەڤاڵدایە نایان ناسێت، بەڵام هەست بە ئازادی دەکات.

لە ئۆتۆمبێلەکەدا بەردەوام پرسیاری دەکرد؟ موراد لە کوێیە؟ عەلی چی دەکات؟ جەمیل پیرنەبووە؟ دوران خەریکی چییە؟ ڕێبەر لە کوێ دادەنیشێت، بەدەم پرسیارکردنەوە لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکەوە تەماشای باڵەخانە و شەقامەکانی دیمەشقی دەکرد. شارێک لەناو قوڵاییدا، کێوەکان تاشراون، گەڕەکە بەرزەکان خۆیان داوە بە پاڵ کێوەکانەوە و گەڕەکە نزمەکان لە تەختاییەکدا ڕاکشاون. دەنگی هۆڕینی ئۆتۆمبێل و قسەکردن بە بەرزی لەلایەن دوکاندار و مشتەرییەکانیانەوە.

لەهەر گۆشە و چوار ڕێگایەک، وێنەیەکی سەرۆکی پارتی بەعس هەڵواسراوە، بە ڕوخسارە لاوازەکەی و قژە کەمەکانییەوە، نە زەردەخەنەی لێدێت، نە توڕەیی، دەموچاوێکی وەستاوی هەیە، تێناگەیت لە چ دۆخێکدایە. پۆلیس و سەرباز دەبینرێن. بارەگا زۆرەکانی بەعس لە هەموو شوێنێک بە ئاڵاو وێنەی سەرۆکەوە خۆیان پیشان دەدەن، تەماشای کۆڵان و ماڵەکان دەکەن. ئۆتۆمبێلەکان پەلەیانە، شەقامەکان پڕن لە ڕێبوار، لەچەندین دیمەندا جگە لە جلوبەرگی کوردی، هەموو جۆرە جلوبەرگێک دەبینی، هەستی دەکرد دیمەشق شارێکە تەنها بۆ کوردان قەدەغەیە خۆیانی تێدا پیشانبدەن. تێپەڕین بەرەوشارێکی دیکە

ڕۆیشـتن، نیوەڕۆکـەی لەسـەر ڕێگا نانێکیـان خـوارد، چێشـتخانەیەکی گـەورە، موسـافیرەکان لێی دادەبەزیـن.

بـەرەو ئامانجـی دیاریکـراو کەوتنـەوە ڕێ. گەیشـتە شـارێکی کـۆن، نیـوەی خانووەکانـی ڕەنگیـان پێـوە نەمابـوو، قەڵایەکـی کـۆن دیاربـوو. ڕوخسـاری خەڵکەکـە مانـدوو، عەرەبانـەی دەسـتگێڕ و لەفـە فرۆشـەکان نیوەی شـەقامەکانیان گرتبوو، دوکاندارەکان نیوەکەی دیکـەی، ڕێبوارانی هاتووچۆکـەر ناچـار بەڕیـز بـەدوای یەکدا دەڕۆیشـتن، یـان دەچوونـە سـەر جادەکە، ڕێگەی ئۆتۆمبێلەکانیـان دەگرت. دەنگی ماتۆڕسـوارەکان مێشکی دەشڵەقاند. گەیشتنە کۆڵانێکی باریک، لە بەردەم باڵەخانەیەکی سێ نهۆمـی، دابەزیـن.

پێشـوازیکرا بـۆ نهۆمـی سـێهەم، بەتەمابـوو ئـەوێ شـوێنی پشـودانی تایبەتـی بێـت، لـە دەرگاکـە چوویـە ژوورەوە، ئاپـۆ بـە پێـوە وەسـتابوو، جانتاکـە لـە دەسـتی کـەوت. باوەشـی بۆکـردەوە، باوەشـی پێداکـرد، دەسـتیکرد بـە گریـان. ئاپـۆ دەیکێشـا بـە پشـتیدا: «سـەربەرزت کردیـن، نمونـەی تێکۆشـەر و مرۆڤـی بـە ئیـرادە. شـانازیت پێـوە دەکـەم. تـۆ هەڤاڵی.» دای نیشـاند، ئاوێکی خـواردەوە، حەپەسـابوو، بڕوای نەدەکرد بـەو زووییـە و بـەو ئاسـانییە ئـەو دیمەنـە ببینێـت. شـەرمی کـرد، ویسـتی ئەڵقەکـەی بشـارێتەوە، بـە پێکەنینـەوە پێـی گـووت: «مەیشـارەوە، ئـەوە متمانـەی نێـوان دوو کەسـە، پەیمانـە، مـرۆ دەبێـت پەیمـان نەشـکێنێت.» هەسـتیکرد شـتێک دەزانێـت، خـۆی لـە باسـەکە لادا. ئاگادارنەبـوو ئـەو کەسـەی لـە زینـدان متمانـەی پێکردبـوو، بەڵێنـی پێدابـوو لەگەڵـی بژیـت، دوای ئازادکردنـی ڕۆیشـتبوویە دۆڵـی ئـاوازە ئـازادەکان، پاشـان نێردرابـوو بـۆ نـاو گەریـلا، لەوێـوە خـۆی کردبـوو بەنـاو هێزەکانـی بارزانییدا و، خانووێـک و ئۆتۆمبێلێکیـان پێدابـوو، لـە یەکێـک لـە گەڕەکـە بۆرجوازییەکانـی هەولێـر دادەنیشـت و پاسـەوانی هەبـوو. چاوسـاغی

بۆ دەزگا سیخوڕییەکانی تورکیا دەکرد، زانیاری و ناونیشانی گرنگی پێدەدان، لە پای ئەوە پارە و خۆشگوزەرانییان بۆ فەراهەم دەکرد.

پێکەوە نانیان خوارد. گفتوگۆی گەرم لە نێوانیاندا ڕوویدا. باسی گروپی سەرەتا، ئەنقەرە، ژێرزەمینەکەی خارپێت. بێ ماڵی و خۆشاردنەوە، بەیاننامە نووسین، وتار بڵاوکردنەوە، چوون بۆ خۆپیشاندان، دروستکردنی پارتەکەیان لە گوندە بچوکەکە. گەمارۆدان و خائینەکان لە تەنیشتیان. تێکۆشانی زیندانی ئامەد و بەرخودانەکانی هەڤالان. دروستکردنی ئەکادیمیا، سەرقاڵبوونەوە بە ناو مێژووی هەشت هەزارساڵی میزۆپۆتامیا. پەروەردەکردن و بەرهەمهێنانی گەریلا. شەڕ و ڕووبەڕوو بوونەوە. گواستنەوەی بەشێکی زۆری ئەکادیمیا بۆ ناوچەیەکی گرنگ. دابەشبوونی هەڤالان. چۆن دووانیان لە قەندیلن و دووانیان لە خۆرئاوا. فەرامۆشکردنی چیرۆکی خۆشەویستییەکەی ئاپۆ. چەندین باسی دیکە، کە هەرگیز بە ڕۆژێک و هەفتەیەک تەواو نەدەبوون. دوو گەنجی عەلەوی، لە دوو گوندی باکوورەوە لە ماڵ چووبوونە دەرەوە، لەگەڵ هەڤاڵەکانیان، خەونی کۆمارێکیان شێواند، کە بەتەمابوو بۆ هەمیشە کۆتایی بەو گەلە کە بهێنێت ناوی کوردە.

پێکەوە ڕۆیشت بۆ دۆڵی ئاوازە ئازادەکان. بە دەیان گەنج بەڕیز، لەمبەر و ئەوبەرەوە وەستابوون، چەپکە گوڵ بەدەستیانەوە، چەپڵەیان بۆ لێدەدا. دۆخێکی بۆ دروست بوو، نەیدەزانی لە خۆشیدا فرمێسک لەچاوی دێت، یان دڵی ناسک بووەتەوە. ئەو ژنە ئاسنینەی بەرگەی ئەو هەموو ئەشکەنجەیەی گرت، کەچی بەرگەی ئەو پێشوازییەی نەگرت، دەگریا. شکۆمەندانە برایە ژوورەوە، مێزێکی گەورە دانرابوو، ئاپۆ لە سەرەوە دانیشت، لەپشت سەرییەوە وێنەیەکی خۆی بینی، هێندە دڵخۆش بوو، نەیدەزانی چی بڵێت. «هەندێکجار نزیکەکانت وات لێدەکەن، تەنانەت زمانیشت دەشکێت.» لەبەرخۆیەوە ئەو قسەیەی کرد.

برایە ناو وانەکانەوە، لەسەر سەکۆکە دانرا، ئاپۆ پێی گووت: «تۆ عەشتاری، ئینانایت، هەموو پیاوان هێرش دەکەنە سەرت، بەرگری لە خۆت بکە.» سەرەتا نیگەران، بە دادگاییکردنی دەزانی، هەڤالان بۆیان ڕوونکردەوە، وانەیەکی بنەڕەتی ڕەخنە لە خۆگرتنە. چیرۆکی زیندان. چیرۆکی گروپەکە، هەڵەکان، ڕاستییەکان، لاوازییەکانی گێڕایەوە. پرسیار و ڕەخنەگرتن لێی دەستی پێکرد. لە چەندین لاوە تەنگی پێ هەڵچنرا. یەکێک لە هەڤالان، چیرۆکی ئەو کەسەی بۆ گێڕایەوە لە زیندان متمانەی پێکردوە و، ئێستا هەڵهاتووە. وەک ئاوێکی ساردی پێدابکەن. زانی بۆچی لە ماڵە سێ نهۆمییەکە ئاپۆ تەماشای ئەڵقەکەی کرد و باسی پەیمانی بۆکرد. دۆش داما، تاوێک وەستا، نەیتوانی وەڵام بداتەوە، سەکۆکەی جێهێشت، گەڕایەوە ژوورەوە.

هەستی بەلاوازی کرد، لە خۆی دەپرسی بۆچی ئەوەندە لاوازبووە متمانەم پێکرد. ئەڵقەکەی لەدەستی دەرهێنا، بەبێ ئەوەی بەکەس بڵێت، لەناخی خۆیدا: «من ئیتر هی گەلم، هی کەس نیم، ئەو ژیانەی ماومە، بۆ گەلە، بۆ کەس نییە.» خۆی گۆڕی، جلی سەربازیی لەبەرکرد، چووە مەشقی سەربازییەوە، لە وانەکان دوا نەکەوت، پرسیاری دەکرد و دەگەڕا. دەیخوێندەوە. لەناو ژیانە پڕ ئازارەکەیدا هەڵەکانی دەدۆزییەوە، بەهێزتر بوو، ڕەخنە لێگرتنەکانی بەهێزی کرد، دەیگووت: «ئەز دەردم هەیە، دەرد، بۆیە وەک مەزلوم منیش ئاپۆچیم، هیچ کەس ناتوانێت لەم ڕۆماننووسینە بمکاتە دەرەوە، دەبێت یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکان بم.» بەرگریی لەخۆی کرد، بۆچوونی چەند کەسێک وابوو، خۆی ناگرێت، هەڵدێت بۆ لای خۆشەویستەکەی. هەڵنەهات، خۆی گرت، پرسی هێنانە پێشەوەی ژنی کرد بە بابەتی سەرەکی، ڕەخنەی لە ڕێبەرایەتی گرت، هێشتا کاری مەزنی بۆ ژن نەکردوە. ڕەخنەکەی وەرگیرا.

بڕیاردرا یەکینەکانی ژنان ڕێکبخرێنەوە، داوای لێکرا بچێتە قەندیل، لەوێ لەگەڵ هەڤاڵان یەکینەکانی ژنان دروست بکات. بە خرۆشەوە لەگەڵ گروپێک چوو بۆ قەندیل، شەوێکی درەنگ گەیشتە مەکان. لە ئامێری پەیوەندی کردنەوە ئاگایان لێبوو، پێشوازییەکی گەورەیان لێکرد، ئاسمان ساماڵ، بەڵام مانگ بە ئاسمانەوە نەبوو، وەک موراد گووتی: «مانگ لەسەر زەوییە.» چاوی بە دوو هەڤاڵەکە کەوتەوە، سەرقاڵی یەکینەکان بوو، دوران و عەلی گەڕانەوە، کەیفی زۆر پێدەهاتن. بە گاڵتەکردنەکانی عەلی دەیدایە قاقای پێکەنین. کۆبوونەوە لەسەر کۆبوونەوە کرا، یەکینەکان دروستکران. لە پاڵ گروپە کوڕ و کچە گەریلاکاندا، یەکینەکانی ژنان چالاکی دیکە و کاری دیکەیان ئەنجامدا.

ماوەیەکی زۆر لەوێ بوو، تەنها یەکجار گەڕایەوە دۆڵی ئاوازە ئازادەکان. لەناو شاخەکاندا، فەرمانی پێکرا یادەوەرییەکانی بنووسێتەوە. شەوان لەهەر شوێنێک دانیشتنایە بۆ پشوو، دەستی دەکرد بە نووسینەوە. کۆڵە پشتەکەی خۆی و هەڤاڵێکی پڕ لە لاپەڕە و دەستنووس. دۆخی دەروونی زۆر باش، سروشت و بۆنی خاکەکە، ئارامیی پێدەبەخشی. وێنەکانی لەناو شۆڕشگێڕەکاندا بڵاوکرانەوە، بە ڕەمزی بەرخودان و دەسەڵات شکێن ناسرا. بەڵام بە جۆرێک هەستی ناسکبوویەوە، بە قسەی هەڤاڵێک دڵتەنگ دەبوو، بەرگەی نەدەگرت، زۆرجار لە تەنیشت تاشەبەردێک دادەنیشت و بەتەنیا دەگریا.

هێشتا بەرگی یەکەمی یادەوەرییەکانی تەواو نەکردبوو، بانگرایەوە بۆ دۆڵی ئاوازە ئازادەکان، خۆی ئامادەکرد بۆ دیداری ڕێبەرەکەی. دروشمەکەی مەزلومی هەڵگرت، هەمووان دەیانگووت: ئەوە ئاپۆ چییەکە هات، عەلی قەیتان بە پێکەنینەوە، بۆ مەگەر ئێمە چین؟ دەستی دەخستە سەرشانی، ئێوە پەکەکەن، بەس ئەز ئاپۆیم.

گەڕایەوە ئەکادیمیا، لە بارەی یەکینەکانەوە ڕاپۆرتی خۆی خوێندەوە. سەرنج لەسەر ڕاپۆرتەکەی خرایە ڕوو، کەلێنەکانی پڕکرانەوە و نێردرانەوە بۆ قەندیل. بەرگی یەکەمی یاداشتەکانی لەوێ تەواوکرد، فەرمانی پێکرا بەرەو خۆرئاوا بڕوات، لەوێ ببێتە بەرپرسی جوڵانەوەکە، تیمێکی سێ کەسی بۆ ئامادە کرا. پێیخۆش نەبوو بڕوات، مەیلی زیاتر بۆ گەریلایی دەجووڵا، بەڵام ئەرکەکەی بەسەردا درا، ڕەخنەی لە ڕێبەرایەتی گرت بۆیە دەینێرنە خۆرئاوا، بۆئەوەی دووری بخەنەوە لە گەریلایی. بۆی ڕوونکرایەوە، «ئەرکی گەریلا لە شاخەکان و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شەڕە تایبەتەکەی تورکیا گەورەترە. گەریلا مرۆڤێکی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، کورد دەکات بە چەقی کێشەکان، لە ڕێگای ئەو میراسە گەورەیەی گەلەکەیەوە، چارەسەری بۆ پرسی گەلەکانی دیکە دەخاتە ڕوو. ڕۆژهەلات لەناو دەوڵەت نەتەوەدا هیلاک بووە، بەرگێکی کۆنکرێتی کراوەتە بەر، بەرگەکەی نەگۆڕێت، بەرەو پاشەکشەیەکی گەورە دەچێت، ئەرکی گەریلا ئەمەیە، جیهان بە سەنگەری گۆڕانکارییە هزرییەکان بزانێت.» وەڵامەکانی قبوڵکرد.

لە فڕۆکەخانەی دیمەشقەوە بەرەو پاریس ڕۆی. لەوێ سێ هەڤاڵ پێشوازییان لێکرد. لە باڵەخانەیەکی چەند نهۆمی شوێنیان ئامادەکرد. دەستیکرد بە بینینی کوردەکان، سەردانیکردن، هەوڵدان بۆ ناسینی سیاسییەکان بۆ هێنانی پاڵپشتی، دروستکردنی خۆپیشاندان و نارەزایەتی، دژ بە هەر دەستدرێژییەکی دراوسێ کوردەکان. کۆکردنەوەی سامان، لەو شوێنانەی خرابوونە کارەوە بۆ بەرهەم هێنان. نامە ناردن بۆ هەڤالان، چ لە قەندیل چ لە دۆڵی ئاوازەکان.

دەستیکرد بە نووسینی بەرگی دووهەمی یادەوەرییەکان. بەشی زیندان و شێوەی ئەشکەنجە، ئەو دۆخە خراپانەی لەبەردەم

ژیانیدابوون، تروسکایی ئومێدەکە، چاوبڕین لە دەرەوە، کە کورد و تێکۆشانەکەی بەرەو کوێ دەگات. بڕوابوون بەسەرکەوتن و هاتنە دەرەوە بۆ سەرزەمینێکی ئازاد. شەوان تا درەنگانێک لەناو کۆڵانەکانی یادەوەریدا دەگەڕا، دیمەنەکان بەبیری دەهاتنەوە و یاداشتی دەکردن. بە ڕۆژیش کارکردن بۆ پارت.

# ٣١

فشارەکان ئەنجامی بەدەست هێنا. دەوڵەتی سوریا ئاگاداری ئاپۆی کردەوە سنووری وڵاتەکەیان جێبهێڵێت. پەیوەندی بە هەڤاڵانەوە کرد، داوایانکرد بچێتە قەندیل، بە پێکەنینەوە: «بۆچی ببمە هۆکاری سوتاندنی شاخەکانی کوردستان، لە کاتێکدا هەموو گەنجیم تێپەڕاند بۆ ئەوەی بیانپارێزم. ڕێگایەکی دیکە دەگرمە بەر، جیهان دەخەمە ناو تاقیگەوە، بزانم چۆن لە کورد دەڕوانێت، گەرچی چارەنووسەکە بۆمن نا، بۆ ئێوە خەمهێنەربێت. پێویستە ئەم جوڵەیە وەک جوڵەکانی پێشوو، لە منەوە دەست پێبکات.» لە ڕێگای پەیوەندییەکانەوە، یۆنانییەکان ڕازیکران بچێتە خاکەکەیان، ڕێگەیان پێدا. سوریای جێهێشت. گەیشتە ئەسینای یۆنان. لە ڕۆژی یەکەمدا هەستی کرد، ئەو یۆنانەی ئەو لەناو فەلسەفەدا دیویەتی، کۆتایی هاتووە. لەوماڵەی لێی دانیشتبوو، دەستیکرد بە نووسین: «ئەز والە یۆنانم ڕوانی، هێشتا فەزیلەتی هاوڕێیەتی سوکرات و ئەفلاتونی تێدا ماوە، بەڵام نە ئەو فەزیلەتە ماوە، نە دەبێت جارێکی دیکە لە خاکی یۆناندا بەشوێن هاوڕێیەتیدا بگەڕێین.» درکی بەوەکرد، ناهێڵن بمێنێتەوە.

تورکیا فشاری خستە سەر، حوکومەتی یۆنان هوشداری پێدا ناتوانێت لەوە زیاتر لەخۆی بگرێت. ڕوسەکان داوایانکرد بچێتە وڵاتەکەیان، گەیشتە ڕوسیا، بەکۆی دەنگی ئەنجومەنی ڕوسیا قبوڵکرا مافی پەناهەندەیی پێ بدرێت. بەڵام حوکومەتی ڕوسیا دژی ئەنجومەن وەستایەوە و مانەوەکەی ڕەدکردەوە. کۆماری تورکیا بە هەموو توانای خۆیەوە بەشوێنیدا دەگەڕان، بڕوایەک لە کۆماردا دروست بوو، گەر مامۆستاکە لەناو ببرێت، یان بگیرێت، پرسی کورد کۆتایی دێت، ئاگادارنەبوون پرسی کورد لە کەسێکەوە گوازراوەتەوە بۆناو هزر.

کوڕە کۆچەرییەکەی گوندی ئامارا، لەو هاتوو چۆیەدا، ئەو ڕۆژانەی بیردەکەوتەوە، تویشوویکی دەدا بە کۆڵیدا و هەساره خاتوونی دایکی دەستی لێبەر نەدەدا، لە ڕێگا خۆڵەکە بەدەم پێکەنین و گاڵتەکردنەوە بۆ شار دەڕۆیشتن. تیمێک لەگەڵی بوون، لە وڵاتێکەوە دەنێردرا بۆ وڵاتێکی دیکە، کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی جیهانی بە شوێنییەوە، کەسایەتی و پارێزەرەکان سەردانیان دەکرد. هەرجێگایەکی دەست نیشان دەکرد، ڕەد دەکرایەوە. کۆچەرییەک بوو، چارەنووسەکەی بێ شوێنی و بێ ماڵی. چۆن کوردەکان چەند سەدەیەکە لە ماڵەکانی خۆیان هەڵدەکەنران و بێ شوێن دەبوون لە جیهاندا، شازادەکەی شەوی بەفره زۆرەکە، زۆربەی تەمەنی بەو کۆچەری بوون و بێ شوێنییە گوزەراند.

بڕیاری حوکومەتی ڕوسیا لە بەرژەوەندی تورکیا درا، ئەنجومەن ناڕەزایەتی دەربڕی، بەڵام هێزی کشانەوەی بڕیارەکەیان نەبوو. ڕوسیای جێهێشت، گەیشتە ئیتاڵیا. دەوری ماڵەکەی گەمارۆ درا، لەناو کۆشکێکی تایبەت دانرا، تیمی گۆڤاری دیشپیگلی ئەڵمانی سەردانیان کرد، دیدارێکیان لەگەڵیدا سازدا، سەرنجی خستە سەر هەوڵە جیهانییەکە: «جیهان سیستەمێکی پێکەوەییە، جەستە و بوونی کورد بەو سیستەمە

نامۆیە، ئەز نوێنەرایەتی ئەو بوونە دەکەم، ئەم گەشتەم بەو جۆرە دەبینم، هەوڵی کوردە بۆ چوونە ناو جیهانەوە، دەمەوێت ئەزموونی بکەم، بزانم جیهان کورد قبوڵ دەکات، یان دەیخاتە دەرەوەی خۆی. یان وەک سەردەمی کۆلۆنیالیزم زیندانی دەکات.» پرسەکەی نەکرد بە پرسی تاکە کەسی، بەستییەوە بە گەلێک و جیهانەوە.

میدیاکان شوێن پێیان هەڵگرت، سیخورەکان بەهەمان شێوە. بازنەیەکی بەهێز لە دەوری، هەڤاڵانی دڵسۆز، ڕێکخستنەکانی خۆرئاوا، چاودێریی توندیان دەخستە سەر ئەو جێگایانەی بۆی دەچوو، بەناو شوێنە دیاریکراوەکاندا بڵاوبوونەوە. دۆڵی ئاوازە ئازادەکان، کەمترین کەسی لێمایەوە، بارگەی خۆیان پێچایەوە و بەرەو ئەکادیمیای دووهەم ڕۆیشتن. گروپە هەڤاڵە نزیکەکانی سەرەتای دەستپێک، لە ناو شاخەکاندا دانیشتن، چاودێریی ڕێبەرەکەیان دەکرد، بە میدیاکان و پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی خۆرئاواوە، دەیانزانی دۆخەکە گەشتووەتە چ ئاستێک.

شاری ڕۆما، ئیمپراتۆرییەتە زەبەلاحەکەی سەدەکانی پێشوو، کە بڕوای وابوو، هەموو ڕێگاکان دەچنەوە ڕۆما، بەرگەی میوانداریی ئاپۆی نەگرت. هیچ دەوڵەتێک ئامادە نەبوو لە پێناوی کوردێک، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا بخاتە بارگرژییەوە. کۆدەنگییەکی لەسەر دروستبوو، ئەو مرۆڤە غەریبە، بەخۆی و توێشووەکەیەوە، لە گوندێکەوە گەشتیکرد، بە نیازی گۆڕینی سیستەمی جیهان، دەبێت وەرنەگیرێت و سیستەم بکەوێتە بەرگیرییەوە؟ چۆن هەڤاڵەکانی لە زیندانی ئامەددا لەبەردەم کۆماردا کەوتنە بەرگرییەوە، جیهان لەبەردەم ڕێبەرەکەیان دۆخی بەرگری بۆ خۆی دروستکرد.

گەڕێنرایەوە بۆ یۆنان، بە پێی یاساکانی خۆرئاوا، کەسی کۆچەر دەگەڕێنرێتەوە ئەو شوێنەی لێیەوە هاتووە. یۆنان نەیدەتوانی بیخاتەوە ناو سنوری سوریا، فشاری لێکرا جێگایەکی دیکە بدۆزێتەوە،

فڕۆکەکەی بەرەو ڕوسیا فڕی. لەناو ڕوسیادا دوو بۆچوونی دژ بەیەک دروستبوون، دەزگا سیخوڕییەکان و دەوڵەت دژی مانەوەی بوون، تەنانەت ڕێگەیان نەدەدا لە فڕۆکەخانە بچێتە ناو خاکی ڕوسیاوە، ئەنجومەن بە پێچەوانەوە، داوای کرد ڕێز لە بڕیارەکەیان بگیرێت و قبوڵ بکرێت لە ڕوسیا بمێنێتەوە. کێشەی دوو بۆچوونەکە بەو ئاراستەیە شکایەوە، پێویستە بنێردرێتەوە یۆنان و کێشە بنەڕەتییەکە لەوێوە دەستی پێکردوە.

لەناو تورکیا، میدیاکان زانیاری جۆراو جۆریان بڵاودەکردەوە، کوردانی باکوور بێدەنگ، تەماشای هەواڵەکانیان دەکرد و بۆ چارەنووسی ڕێبەرەکەیان دەگەڕان. لە یۆنان ڕاگیرا. پەیوەندییەکان ئاماژەیان بە وڵاتێکی دیکە کرد، کە ئامادەیە پێشوازی لێ بکات. کینیا ئەو وڵاتە بوو، باوەشی بۆ دەکاتەوە.

لە یۆنانەوە بەرەو کینیا ڕۆیشت. فڕۆکەخانەی کینیا دەرگای بۆ نیشتنەوەی فڕۆکەکە کردەوە. دابەزی. برایە بەشی پێشوازییەوە. کۆمەڵێک ئەفسەر و چاکەت و پانتۆڵ لەبەری ڕەش پێست، لە دەوری کۆبوونەوە. داوایان لێکرد لە بەشی پێشوازی بمێنێتەوە، تاکو فەرمانی سەرووی خۆیان پێدەگات. پاشان گواستیانەوە بۆ باڵیۆزخانەی یۆنان.

متمانەی نەما، لەگەڵ هەڤاڵەکانی بە چپەوە قسەی دەکرد: «هێزی نەمرودەکانی جیهان بەدوای ئیبراهیمەوەن. لە هەرشوێنێکی ئەم سەرزەمینە دانیشم، بۆمن جیاوازیی نییە، دەیکەم بە قەڵەمبازی سێهەم. ئەو نەمرودانە، لاوازن، بچوکن، مرۆڤ بەشوێن دەپێون، نازانن مرۆڤ مانا بەشوێن دەدات، چ زیندان بێت یان دونیایەکی ئازاد، گرنگ ئەوەیە تۆ چی دەخولقێنیت. پارچە زەویەک دەبێت تێیدا دانیشم، کە دانیشتم، تێیاندەگەیەنم چی بەرهەم دەهێنم. هەنگاوی سێهەمم قوڵترین و چارەنووس سازترە. » لەو قسەکردنانەدا، زەردەخەنەیەکی کرد.

هەواڵی هەڤالانی دیکەی پرسی، ڕۆژنامەنووسەکان هەوڵیاندا بیدوێنن، ماندوونەبوو، بەڵام تێبینی جیهانی دەرەوەی کرد، کە چۆن باس لە ئازادی و ماف دەکەن، دەبێت ئازادی و ماف لە دیدی ئەواندا چی بێت؟ دونیا بینییە ڕەگەزپەرستانەکەیان بەو جۆرە لە ئازادی و ماف تێگەیشتوون، بۆ کولتوورەکەی خۆیان بێت، نەک بۆ ڕۆژهەڵات.

لەوهاتن و چوونەدا، تەنها یەکجار تووڕەبوو، ڕۆژنامەنووسێک لێی پرسی: بەو دۆخەوە چۆن کێشەی کورد چارەسەر دەکەیت؟ بە وشەی کێشە تورە بوو، بە دەنگی بەرز بۆئەوەی جارێکی دیکە دووبارەی نەکاتەوە: «کورد کێشە نییە، پرسە، پرسێکی مەزنی ڕۆژهەڵاتە، تۆ ناتوانیت لە ڕوکەشیی بێیتە دەرەوە، بۆیە نابینیت ئەو پرسە چەند مەزنە. تەماشای ئەز بکە، بە مندا نازانی پرسەکە چەند مەزنە، چۆن جیهان لەسەری کۆکە دژی پرسەکە بێت؟ جیهانێک نەتوانێت پرسی ڕێبەرێکی سیاسی چارە بکات و قبوڵی مانەوە بکات، ئیدی چۆن دەتوانێت پرسی گەلێک چارە بکات؟ من نوێنەرایەتی ئەو پرسە دەکەم، هەتا پرسی گەلی کورد چارەسەر نەکرێت، ڕۆژهەڵات ئارام نابێتەوە، ڕۆژهەڵات ئارام نەبێت جیهان ئارام نییە، چونکە دڵی جیهانە، سەرچاوەی وزەیە، سەبەتەی خۆراکە، سەرزەمینێکی زێڕینە. چیتر کورد بە کێشە ناومەبە، ئەوەی کێشەیە تورکە، فارسە، عەرەبە، ئەوانن هاتوونەتە سەر خاکی کوردان. کورد خاوەن خاک و پرسێکی مێژووییە، بچۆ لە کێشەکان بپرسە، نەک خاوەن ماف بە کێشە ناوبهێنێت.»

پێنەدەچوو ڕۆژنامەنووسەکە تێبگات، سەری بادا. لە گۆشەیەکی بچوکەوە کۆچەکەی هەڵیسەنگاند. تیمەکەی بۆ ساتێک جێیان نەهێشت. دەرەوەی باڵیۆزخانە پڕبوو لەو مرۆڤانەی چاویلکەیەکی ڕەش دەکەنە چاویان و چاکەت و پانتۆڵێکیان لەبەردایە. لە پەنجەرەکەوە کەمێک

تەماشای کردن، لە نوێنەرەکەی کینیای پرسی: ئەو ڕوخسارانە سپین، لەگەلی ئێوە ناچن؟ چیدەکەن لێرە؟ نوێنەرەکە شلەژا، کەمێک ڕوونکردنەوەی دا، پێکەنیناوی بوو، گوایە کۆمپانیای پاسەوانییان هەیە، لە خۆرئاواوە کۆمپانیاکە هاتووە و ئەرکی چاودێری و پاسەوانی دەکەن، بەشێکیان یۆنانین، سەر بە باڵیۆزخانەکەن.

یەکێک لە هەڤاڵەکانی بانکرد: «هەرشتێکی نەخوازراو ڕوویدا، کارێ مەکە لەناو بچیت. پێدەچێت ئێمە کەوتبینە ناو تۆڕێکەوە، گەر لێرە دەرچین، هەلێکی باشە بۆمان.» بیری لە تەکنیکەکەی سەردەمی دەرچوونی سەرسنوور کردەوە، بۆچی هەمان تەکنیکی بەکارنەهێنا؟ ئاڵۆزی نەکرد، ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی، بە هەڵسەنگاندنی جیهانەوە تەماشا کرد، خۆشحاڵبوو تەکنیکی پێشوی کۆماری، لەگەڵ جیهاندا بەکارنەهێناو ڕاستەوخۆ بەریکەوت.

ڕیزێک ئۆتۆمبێلی جام ڕەش گەیشتن، لەبەردەم باڵوێزخانەکە وەستان، میوانەکان کرانە دەرەوە، تەنها کارمەندەکان لەوێ مانەوە. دەنگی کۆپتەر دەهات بەسەر باڵوێزخانەکەوە. ئارام لەسەر تاک قەنەفەیەک دانیشتبوو. تینوی بوو، داوای ئاویکرد، یەکێک لە هەڤاڵان ئاوەکەی بۆ هێنا. نوێنەرەکەی کینیا یارمەتی خواست دەچێتە دەرەوە، لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە ژووری پێشوازی مایەوە، دووانیان بەردەرگاکەیان گرت، یەکێک دانیشت.

بێدەنگی، بێدەنگییەکی قوڵ. دەستی هێنا بە سمێڵیدا. لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد. سەبازی دەمامکدار، ئۆتۆمبێلی جام ڕەش، دەنگی کۆپتەر، دۆخێکی سەربازی دەوری باڵوێزخانەی دابوو. زۆری پێنەچوو، تیمێکی دیکە دەرکەوتن، کراسی ڕەش لەبەریان و پانتۆلی خاکی، لەلایەن کەسێکی چاکەت و پانتۆل لەبەرەوە پێشوازی کران. شێوەیان لە ڕۆژهەلاتی دەچوو، خۆی تێک نەدا، چاوەڕێی

چارەنووسێکی دەکرد، بانگی نوێنەرەکەی کرد، داوای لێکرد ڕێگە بدەن وڵاتەکەیان جێبهێڵن و بگەڕێنەوە یۆنان، نوێنەرەکە دەسەڵاتی فەرماندانی نەبوو، بۆ پەیوەندیکردن بەسەرووی خۆیەوە، ژوورەکەی جێهێشت. چاوەڕێی نەدەکرد بگەڕێتەوە، گەرچی یەکێک لە هەڤاڵان گووتی: «ئێمە دەتوانین لێرە دەرت بکەین، یان دەکوژرێین، یان سەردەکەوین.»

تەماشایەکی دەرەوەی کرد، پەنجەی ڕاکێشا: «دەبینی، چۆن دەردەچیت؟ پێناچێت بەوجۆرەئاسان بێت لە هزری تۆدا هەیە. ئەو نوێنەرە ناگەڕێتەوە، ئێمە بانگ نەکراوین بۆ ئەوەی لە وڵاتەکەیان بمێنینەوە، بانگراوین بۆ ئەوەی بماندەن بە دەستەوە. بزانین ئەو جیهانە بۆگەنەی سەرمایەداری، چۆن لە ئێمەی کورد دەڕوانێت.»

بەهەمان شێوە، نوێنەرەکە نەگەڕایەوە، کتوپڕ سەربازەکان لە پەنجەرەکە نزیک کەوتنەوە، لولەی تفەنگەکانیان ڕوو تێکردن. لە دەرگاکەوە گروپێک چوونە ژوورەوە، سێ هەڤاڵەکەیان دەستیگرکرد. خەریکبوو وردە وردە بەرچاوی تاریک دەبوو. هەستیکرد سەری گێژ دەخوات. لەو کاتەدا هاتبوونە ناو ژوورەکەوە، لە هەڤاڵەکەی پرسی: «ئەو ئاوەت لە کوێ هێنا؟» وەڵامیدایەوە، لە بەشی ئیدارە.

بە تەواوی بەرچاوی تاریک بوو، لەسەر قەنەفەکە شل بوو، ئاگای لە خۆی نەما. هەڤاڵەکانی دەستگیرکران، تیمێکی سیخوڕی ئەمریکی و تورکی و ئیسرائیلی لە بەردەم ژوورەکە وەستان. دەستی یەکتریان گوشی بۆ سەرکەوتنی کارەکە. بە زمانی ئینگلیزی لە نێوان خۆیاندا قسەیان کرد، گوایە زۆر ماندوو بوون، بەڵام لە کۆتاییدا هەقی ماندووبوونەکەیان بەدەست هێنا.

# ٣٢

لەناو فڕۆکەیەکەوە دەرکەوت...

چاوی بەسترابوو، بێهۆش، ئاگای لەخۆی نەبوو. ملی پێ ڕانەدەگیرا. بەرچاوی تاریک، دەستی لە دواوە بەسترابوو. دەنگی گرمەی بزوێنەری فڕۆکەکە زیاتر ئازاری سەری دەدا. گوێی لە چەند دەنگێک بوو بە تورکی پرسیاریان لێدەکرد. نەیدەزانی دەمامکیان پۆشیوە بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە و دواتر تۆڵەیان لێبکرێتەوە.

لە پرسیارەکان باش تێنەدەگەیشت، نەیدەتوانی بەباشی قسە بکات، دەرمانی ناو ئاوەکە هێندە فشاری خستبوویە سەر، تەنانەت ئاگای لەوە نەبوو دەستی بەستراوە. گروپی ناو فڕۆکەکە وێنەیان دەگرت، تۆماریان دەکرد، خۆشحاڵ بوون و پەنجەی سەرکەوتنیان بەرزدەکردەوە. لەناو میدیاکان دیمەنەکە بڵاوکرایەوە. هەڤاڵە دێرینەکانی گروپی سەرەتایی بینیان، لە ناخەوە ئاگریان تێبەربوو، توند و ڕەق لەبەردەم دیمەنەکەدا وەستان. هەوایەکی سارد لە قەندیلەوە هەڵیکرد، تەزوێکی هێنا بە گیانی هەڤاڵەکانیدا. تەماشای دیمەنەکەیان کرد و تەماشای یەکتری، عەلی قەیتان هەموو گاڵتەو پێکەنینەکانی نێوان خۆی و ئەوی هاتەوە

بەرچاو، جەمیل شەوەکان و ڕۆژە سەختەکان، دوران عەرەبانەی کوبە فرۆشیەکە و یەکەمین دیدار، موراد ئەوساتانەی دەکەوتە گفتوگۆوە و بەرژدییەوە دەچووە ناو باسەکانەوە. ساکینە لە فەرەنسا، فرمێسک لە چاوی نەوەستا، زوو زوو، دەیکێشا بەسەری خۆیدا، بەهێزبە، مەگری، لە هەرشوێنێک بێت ڕێبەرە.

لە شارەکانی باشوور، خەڵکێکی زۆر بۆی گریان، بەشێکی دوو هێزەکەی بارزانی و تاڵەبانی خۆشحاڵ. لە ڕۆژهەلات وێنەکانی بەرزکرانەوە، وەک ڕێبەرێکی گەورەی گەنجان و پیران برایە سەرشەقام، ستایشیان کرد و دروشمیان بۆ گووت. لە تورکیا کۆمار ئاهەنگی سەرکەوتنی گێڕا، سەرۆک کۆمار وتارێکی بۆ جەماوەری تورک دا، دەستی ڕاوەشاند و ئاماژەی سەرکەوتنی دا بە بینەر و گوێگرەکانی. ژەنەراڵەکان لە ئاهەنگێکی گەورەدا کۆبوونەوە، بەخۆشی کۆتایی هێنان بە پرسی کوردەوە، پێکی شەرابەکانیان بەرزکردەوە و نۆشیان. دەزگا سیخوڕییەکان خەڵاتکران. ڕۆژنامەنووس و میدیاکارەکان کەوتنە شرۆڤەی چالاکییەکە، چەندین شارەزای سیخوڕیی بانگکران باس لە جوڵەی سەرکەوتنەکە بکەن. گروپە چەپە هەڵهاتووەکان، بێدەنگ، نە بەرگرییان لێکرد، نە دژی بوون. ئەو خوێندکارەی ناو زانکۆ کە لە گۆشەیەک دادەنیشیت و بە گۆشەگیرەکە ناویان دەهێنا، خەونەکەی کۆماری پوچەڵکردەوە، لە ناخەوە نەیاندەتوانی خۆشیان بوێت و دانی پێدا بنێن.

لە خۆرئاوا کوردان ڕژانە سەرشەقامەکان، خۆپیشاندان دەستی پێکرد، پەلاماری نوێنەرایەتییەکانی تورکیا درا، گەنجانی دەمامک پۆش هەڵیانکوتایە سەریان و باڵەخانەکانیان سوتاند، ئاڵاکەی تورکیایان هێنایە خوارەوە و، گڕیان تێبەردا. لە باکوور سەرەتا بێدەنگی، پاشان چالاکی شەوانە دەستی پێکرد، بە تەقەکردن و ئاگر تێبەردان،

ئۆتۆمبێلەکانی دەزگاکانی پۆلیس و جەندرمە، بە مۆلۆتۆف بۆمباران کران و سوتێنران. هەموو شەوێک لە چەندین شوێن و لە چەندین شار، شەڕی کۆلانە و کۆلان دەستی پێکرد. چەندین سیخوڕ و بەکرێگیراو لەو نێوانەدا کوژران، ڕەشبگیری دەستی پێکرد، هێزەکان دایان بەسەر شارو لادێکاندا و گەنجانیان دەستگیر دەکرد، هەڕەشەیان لە خەلک دەکرد.

لە چەند خۆپیشاندانێکی خۆرئاوادا، کۆمەلێک گەنج خۆیان سوتاند، جیهان سەرسام بوو، میدیاکانی خۆرئاوا دەستیانکرد بە باسکردنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، ڕەخنەیان لە سیستەمە سیاسیەکان گرت، بۆچی نەیاتوانیوە خۆپیشاندەران کۆنترۆل بکەن و دۆخی دیموکراسی خۆرئاوایان شێواندوە، مافی پەناهەندەکان زیادکراوە و بوونەتە مەترسی بۆ مافی گشتی. دیمەنی خۆسوتاندنەکانیان بە نا دیموکراسی و دژە ماف پیشان دا.

لە ناوچەی شەمزینان لە چەند لایەکەوە شەڕ سەری هەلدا، گەریلاکان هەلیانکوتایە سەر سەربازگەکان و تاروماریان کردن. سەرکردەی ولاتە دیموکراتەکان کۆبوونەوە، بەدەم پێکەنین و ڕێکخستنی بۆینباخەکەی ملیانەوە، پرسی هاوکاریکردنی گەلانی بێ مافیان کردە باسی دانیشتنەکەیان. ژینگە و خەمخواردن بۆ ئاژەلەکان تەوەرەیەکی سەرەکی گفتوگۆکەیان بوو، داوایان لە هاولاتیان کرد گەر ناتوانن دەست لە گۆشت خواردن هەلگرن و ببن بە ڕووەک خۆر، با بتوانن بە شێوەیەکی سیستەماتیک خۆراک بەکار بهێنن، بۆ ئەوەی مافی ئاژەلەکان پێشێل نەکرێت.

لە فڕۆکەخانە دەرکەوت، میدیاکان دیمەنەکانیان گواستەوە. کەمێک هۆشی هاتبووەوە بەر، دەیتوانی ڕێبکات، پەڕۆکەی سەرچاویان لادابوو، دوو دەمامکدار ئەملاو ئەولایان گرتبوو، ڕۆژنامەنووسەکان

لە دوورەوە هاواریان دەکرد، سەرکەوتووبن، ئەوانیش دەستیان بۆ بەرز دەکردنەوە. خرایە ناو ئۆتۆمبێلێکەوە، لە ڕێوڕەسمێکی توندی پاسەوانیدا بەرەو شوێنێکی نادیار برا.

هەسارە خاتوونی دایکی هەواڵی پێدرا، شازادەی شەوە بەفرینەکەی دەستگیر کراوە. لە ناخەوە نیگەران، بەڵام بە زمان و شێوە، سنگی خۆی دەرپەڕاند: «کوڕەکەم وەک هەموو کوڕە کوردەکانی دیکە، جیاوازی نییە.» حەوای خوشکی هاوسەرگیری کردبوو، بە منداڵێک لە باوەشییەوە چوو بۆ گوندی ئامارا، هێندە گریا چاوی سوور هەڵگەڕان.

دایکی دڵنەوایی دایەوە. بەڵام بیری نەچوو، گووتی: «دەمزانی لە کۆتاییدا تەنیا دەمێنێتەوە.» جیهان تەنیای کرد، بە تەنیا لەناو سەرزەمینێکی گەورەدا جێیانهێشت. وێنەکەی لە دیواری ژوورەکە هەڵواسرابوو، هەڵیگرت بردی بە کۆڵەکەی هەیوانەکەوە هەڵیواسی و ڕوویکردە دەرەوە. کوڕی ئاغا و کوڕی موختار، لەوێوە تێپەڕین، تەماشایەکی وێنەکەیان کرد ڕووبەدەرەوەبوو تا خەڵک ببینێت، نەیانوێرا هیچ بڵێن، لە ناخەوە دڵخۆش، پێکەوە باسیان لەوەکرد، «سەردەمی ئێمە دەگەڕێتەوە.»

بۆ بەیانییەکەی بە هەزاران کەس، لە گوندەکان و لە شارەکانەوە، بەرەو گوندی ئامارا ڕۆیشتن. بە شایی و هەڵپەڕکێ، بە وتنەوەی سروود و دروشم، دەوری ماڵی ئاپێ ئۆجەلانیاندا. هەسارە خاتوون لەسەر سەربانەکەیان کۆمەڵێک قسەی دایکانەی بۆ کردن: «ڕێگاکەی ون مەکەن، ژیانی لەپێناو ڕێگاکەیدا دانا، هەریەکەتان ببنە کوڕی ماڵی ئێمە، شوێنی بگرنەوە، کاتێک ئاسودە دەبم، ڕێگاکەی ون نەکرابێت.» چەپڵەیەکی قایمیان بۆ لێدا. کوڕی ئاغا و کوڕی موختار لە دوورەوە تەماشایان کرد، بەیەکتریان گووت: «سەردەمی ئێمە هەرگیز ناگەڕێتەوە.»

هەفتەیەکی نەبرد، دادگایکردنی دەستی پێکرد، نمایشێکی کۆن، لەناو شوشەیەک دانرابوو، چاکەتێکی قاوەیی و پانتۆڵێکی ڕەساسی، سەرو قژی جوان داهێنرابوو، بەڕێز و بە دیسپلین وەستا. کۆمەڵێک دایک و خوشک و کەسی سەربازە کوژراوەکانیان دانیشاندبوو، لەناو دادگا دەگریان و هاتوهاواریان دەکرد، هیچ دایک و خوشک و برایەکی کوژراوە کوردەکان لەوێ نەبوون، دادگا تەنها ئەوانەی بە ماف دەزانین خوێنەکەیان تورکە. دادگاکە بە چەند دانیشتنێک بەردەوام بوو، ئامانجەکەی پیشاندانی کۆمار بوو، وەک کۆمارێکی یاسایی. بە چاوە بزەکانی تەماشای دادوەرەکانی دەکرد، سەری سوڕدەمان لە بێ توانابیەکەیان.

قەندیل سەرلەنوێ خۆی داڕشتەوە، ئەکادیمیا و بەشەکانی خستەوە بەر لێکۆڵینەوە. پرسی کورد و پرسی ڕێبەریان گرێدا بەیەکترەوە. دژی دەستگیرکردنەکەی و گۆشەگیرکردنی، چالاکی جۆراو جۆریان ئەنجامدا، وزەیان دایەوە بە گەریلا پڕۆژە فیکرییەکەی گەشە پێبدەن و فراوانی بکەن. لە ڕۆژئاوای کوردستان، بنکەی ڕێکخستن دانرا، تۆڕەکان دەستیان کرد بە جوڵە و چالاکی، هێزێکی تۆکمە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان دروستکرا، لەگەڵ حیزبە نارازییەکانی کۆماری ئێران کۆبوونەوەیان کرد، هەوڵیاندا پێکەوە بەرەیەک دروستبکەن و بیانبەنە ناو هەرێمی قەندیلەوە، حیزبە ڕۆژهەلاتییەکان ئامادە نەبوون ئۆردوگاکانی ژێر دەسەلاتی بارزانی و تاڵەبانی جێبهێڵن. دامەزراوەیەکی نوێیان بۆ باشوور دروستکرد، هەوڵی ڕێکخستنیان لەناو گەلی باشووردا.

برایە زیندان. داوای کتێب و تیانووس و پێنووسی کرد. بۆی هێنرا. بە هەمان ڕەوت و هێزی گەنجێیەتییەوە کەوتە خوێندنەوە و تێبینی نووسین. دانیشتنەکانی دادگا کۆتاییان هات، سزایەکی هەمیشەیان بۆ

بڕییەوە، بەلایەوە گرنگ نەبوو. سێ هەڤاڵەکەی برانە لای، دڵخۆشبوو بە گەیشتنیان. لە ناوچەی ئیمراڵی زیندانییەکیان بۆ دروستکرد، تەماشایەکی هەڤاڵەکانی کرد و ئەو چیرۆکەی بۆ گێڕانەوە: «حەوت براکەی یوسف، لەبەرئەوەی هێزی گەورەی براکەیان دەبینی، خستیانە بیرێکەوە، بەلام لەو بیرە هاتە دەرەوە، سیستەمە جیهانییەکەی ئەوکاتی گۆڕی، فیرعەونی لە ستەمکارێکەوە کرد بە دەسەلاتدارێکی بەخشندە. پێدەچێت ئەم شوێنە هەمان بیربێت. حەوت براکە دەوڵەتە نەتەوەییەکان و زلهێزەکانن، ئێمە یوسفەکەین، چۆن لەم بیرە بێینە دەرەوە؟ چۆن فیرعەونەکانی ئەم چەرخە بگۆڕین؟ بە بڕوای ئێوە چی بکەین؟»

نەیانتوانی وەلامی پرسیارەکەی بدەنەوە، دەستیکرد بە پێکەنین. لەسەر تیانووسێک ئەو ڕستەیەی نووسی: «هێزی وشە.» پاشان بۆی شرۆڤە کردن، «هێزی وشە هاتنە دەرەوەی یوسفەکەی ئەم چەرخە و گۆڕینی سیستەمە جیهانییەکەیە. هێزی وشە دەتوانێت قاڵبەکە تێک بدات، پانتاییەکی گەورە بکاتەوە، ئاگرەکەم ناکوژێتەوە، دڵنیام لەوە، بەلام ئەم بیرە شوێنێکی زۆر مەزنە، یوسف ئەوەیە لەم شوێنە بچێتە دەرەوە، هزراندن، پلیکانەی هاتنە دەرەوەیە لە بیرەکە، هزرت بچێتە ناو گەلەوە، زۆر گرنگترە لەوەی خۆت بچیتە ناو گەلەوە. هزر تەنها بە وشە ڕێگای گەیشتن بە گەل دەدۆزێتەوە، کەواتە با بچینە دەرەوە، بەپلیکانەی وشەدا.»

سەری خۆیان ڕاوەشاند، گوایە تێدەگەن. دەستیکرد بە چیرۆکە تازەکە. لە سەردەمی گروپەکان، دروستکردنی پارتەکەدا، لە ئەکادیمیا، لە کۆی قۆناغەکاندا، هێندەی ئیمراڵی کاتی نەبوو بۆ ڕۆچوون و بیرکردنەوە. کاتەکانی بە هەدەر نەدا، بەهاوکاری ڕێکخراوە جیهانییەکان خێزانەکەی نامەیان بۆ نارد، لە نامەکەیاندا ئاگاداریان

کردبوویەوە بەو زووانە سەردانی دەکەن، وەڵامی نامەکانی دایەوە، داوای وێنەی لێکردن. لەگەڵ خۆیاندا وێنەکانیان برد، هەسارە خاتوون، جلێکی کوردیی لەبەردا، حەوا بەهەمان شێوە. لە ژوورێکی سپیدا پێشوازییان لێکرد، پاک و خاوێن و جوست و چالاک، ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین. نەیدەویست دایک و خوشکەکەی نیگەران بن. پرسیاری لە دۆخی ژیانیان و گوند کرد، پرسیاری کوردەکان و پیرە عەلەوییەکانی گوندەکەیان، پرسیاری گەنجان و کشتوکاڵکردن، دۆخی کەشوهەوا ئاودێری، شێوەی خانووەکان و ڕێگا خۆڵاوییەکە.

وەکجاران، قسەکانیان لە چوارچێوەی باسی گوندەکەیان مایەوە، هەسارە خاتوون وەک سەردەمی منداڵی، وورەی پێدا بەهێز بێت و ئەو قۆناغە تێپەڕێنێت. گفتوگۆکەیان نێو کاتژمێری خایاند، زیندانیان جێهێشت و گەڕانەوە. لەسەر دیسپلینە تایبەتییەکەی ژیانی، نەخشەی ڕۆژانەو شەوانەی دانا، چوویە ناو دونیای نووسینەوە. بەرگریی نامەی ئەسینای تەواو کرد، پرسی دیموکراسی و ماف، لە ناو سیستەمە جیهانییەکەدا خستبوویە بەر ڕەخنەوە. پرسی هاوڕێیەتی و نەمانی فەزیلەت لە خۆرئاوا. پرسی هەڵهاتن لە بەرگریکردن و ڕێزگرتنی میوان. هەمان ئەو پرسانەی گرێدابوو بەو مێژووە دێرینی کوردەوە، کە هێشتا ئەو ئاکارانەی لەناودا ماوە، بۆیە جیهان بە بوونێکی نەناس تەماشای دەکات، چونکە سیستەمە جیهانییەکە هیچ لەو بەهاو ئاکارانەی تێدا نەماوە، هەر ئەمەشە وادەکات، ئەو گەلە لەناو سیستەمەکەدا قبوڵ نەکات، کە خاوەنی بەها بەرزەکانە.

# ٣٣

(زستانی ١٩٩٩)

بەفرێکی زۆر باری بوو.

ئاسمان ساماڵ، کە تەماشات دەکرد هەموو شوێنێک سپی دەنواند، جگە لە سەگە پاسەوانەکانی زیندانی ئیمرالی، گوێت لە هیچ دەنگێکی دیکە نەبوو. کراسێکی شینی کاڵ لەبەریدا، لاجانگەکانی سپی بوون، وەک بەفرە زۆرەکەی شەوی لە دایکبوونەکەی. لەسەر جێگەکەی ڕاکشا، کتێبێکی شیعری شێرکۆ بێکەس، کە تازە لە شێوەزاری سۆرانییەوە گۆڕیبویان بۆ کرمانجی، بە دەستییەوە. بەرگی کتێبەکە سوور، بە وێنەی ئەو پەڕۆ سوورەی شەوی یەکەمی لە دایکبوونی خستیانە ژێرییەوە. وێنەیەکی هەسارە خاتوونی دایکی لە پشت سەرییەوە هەڵواسرابوو، وێنەیەکی ئاپێ ئۆجەلان و حەوای خوشکی لەسەر ڕەفەی کتێبەکان دانرابوو. پاش کەمێک دەنگی پێی پاسەوانێک هات، دەرگاکەی کردەوە، هەڵسا چوویە دەرەوە، لە حەوشەی زیندانەکە دەرکەوت، سەگەکان بێدەنگ بوون.

چاوەڕێی دوو هەڤاڵەکەی کرد، تامەزرۆی قسەکردن بوو بەدەم پیاسەوە، ئەوانیش چوونە حەوشەکە، پێکەوە نەرم نەرم هەنگاویان

دەنا و لەژێر پێیاندا خرمەی بەفرەکە دەهات. هەناسەیەکی هەڵکێشا، کتێبەکەی لەناو دەستیدا لوولکرد، دەستی ڕاکێشا بۆ زەویەکە و گووتی: «ئێرە قەڵەمبازی سێهەمی منە. زیندان دەکەمە ئەکادیمیا، دونیای دەرەوە دژی کەسێکە لەناو سیستەمەکەیان جێگای نەبێتەوە، جیهان چوارچێوەی تایبەت بە خۆی هەیە، ئێمەی کورد لە دەرەوەی چوارچێوەکەین، کەواتە دەبێت ڕەخنەی خۆمان و جیهان بکەین.» پاسەوانەکان چاودێرییان دەکرد. بەناو بەفرەکەدا بەدەم گفتوگۆوە قسەیان دەکرد. «کورد یەک پاکێجە، جیاکردنەوەی ئیشی دوژمنەکانە، ئەو خەم و ئازارەی باکوورییەک هەیەتی، ئەو خەونەی ڕۆژهەڵاتییەک هەیەتی، جیاواز نییە لە باشوور و ڕۆژئاوا.» کتێبە شیعرییەکەی پیشانی دوو هەڤاڵەکەی دا: «ئەمە شاعیرێکی باشوورە، نیشتەجێی ناو تراژیدیاکانە، بانگی هەموومان دەکات بۆ یەک ماڵ، ئەویش ماڵی کوردە. زمان و شیعر دەکات بەسەرزەمینی ناساندنی کورد، ڕابردووی کورد، بەچوار بەشەکەوە لەناو یەک مێژوودایە، ئێمە ناکەوینە یاریی دابەشبوونەکەوە، لەم ئەکادیمیایەدا بۆ پرسەکە دەڕوانین، شاعیرەکەمان گەورە بیردەکاتەوە، دەبێت بانگەوازەکەی لەبیرنەکەین، لە هەمان بانگەوازی ئەندێشەی من لە شیعرەکانیدا هەیە.»

داوای کۆمەڵێک کتێبی کرد، بەشێکیان ڕێگە پێنەدراو بوون. لە ژوورەکەی تەلەفزیۆنێکی بچوک، تەنها چەند کەناڵێکی دیاریکراوی وەردەگرت بۆی دانرا. ڕۆژنامە دەوڵەتییەکانی بۆ دەچوو. پارێزەرەکانی ڕێگەیان پێدرا بۆکاتێکی دیاریکراو بیبینن. لیژنەی مافی مرۆڤ بەهەمان شێوە. دەم بەپێکەنین و ڕژدتر لە جاران، دیسپلینەکانی تۆکمەتر کردبوو. سەرقاڵ بە خوێندنەوە و نووسین. پرۆژەی بەرگری نامەکانی دارشت، لە یۆنانەوە بۆ ئورفا، لە سۆمەرەوە بۆ سەردەمی سەرمایەداری. بەرگری لە ئازادی خۆی نا، بەرگری لە ئازادی گەلێک چەقی ناو نووسینەکانی بوو.

لە تیانووسە نوێیەکەدا تێبینییەکانی تۆماردەکرد. پزیشکێکی دەوڵەت ئەرکی چاودێریکردنی تەندروستی کەوتبووە سەر. ئامۆژگاری دەکرد ڕۆژانە پێویستی بە جوڵەیە، زۆرمانەوە لە ژوورەکە جەستەی و مێشکی ماندوو دەکات. ڕێنماییەکانی بەهەند وەرگرت، بیری لەو فەرمانەی کردەوە بۆ ڕێکخستنەکانی سەرەتای پارتەکەی دیاری کردبوون: «مانەوە گرنگترە لە چالاکییەک.» بە جۆرێکی دیکە چوویە ناو دونیای کوردەوە: خۆی گووتەنی: «پاش خۆم میراسێک بەجێدەهێڵم، هەرگیز ئاگرەکە خامۆش نەکات.»

دوای یەک دوو دانیشتنی دادگا، بەرگرینامەی یەکەمی چووە دەرەوە، وەرگێڕدرایە سەر زمانە جیاجیاکان، جیهانی خۆرئاواو زلهێزەکان گوێیان لێنەگرت، لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان بە کۆماری تورکیاوە بەتەنیا مایەوە. هەسارە خاتوون پێشتر هەستی کردبوو، کورد هەمیشە بەتەنیا دەمێنێتەوە و کوڕەکەی، چونکە خەمی گەورەی بووە بە ڕەگویشە و ماف و ئازادی گەلی کورد، لە کۆتاییدا جیهان دەستی لێبەردەدا.

دۆخێکی نوێ ڕووی لە تورکیا کرد، گروپە ئیسلامییەکانی ناو دەسەڵات بە دوای مانەوە و درێژکردنەوەی دەسەڵاتدا دەگەڕان، پرسی ئاشتییان خستە ناوەوە، لەبارەی کورد و تورکیاوە نامەیەکی نووسی، سەرەتای وەرزی بەهار. کوردانی باکوور لە دیاربەکر بۆ پیرۆز ڕاگرتنی نەورۆز کۆبوونەوە، لە یادی ئاگرە دێرینەکە و ئاگرەکەی مەزلوم لە زیندانی ئامەد، ستران و هەڵپەڕکێ، هاوار و دەنگ بەرزکردنەوە بە زمانی کوردی، ملیۆنانی کوردی کۆ کردەوە. کاتی خوێندنەوەی نامەکەی، ملیۆنان گەنج و پیر، کوڕ و کچ، ژن و پیاو و منداڵ، لەبەردەم دەنگی بێژەرەکەدا کپ و بێدەنگ گوێیان گرت، بزانن ڕێبەرەکەیان چیدەڵێت.

کتوپڕ وێنەیەکی کەوتە سەر شاشەی پشتی بێژەرەکەوە، بە جارێک ملیۆنان کەس چەپڵەیان لێداو هاواریان بۆکرد. لە زیندانەوە بە جیهانی ڕاگەیاند، چارەنووسی گەل هەمیشە لای کەسانێکە، گەل بەسەرچاوەی ژیان و سەرکەوتنی بزانن. دەزگا میدیای کوردی کرانەوە، چاپەمەنییەکان دەستیان بەکارکردەوە، چالاکی سیاسی گەشەی کرد، تورکیا لە دۆخێکدابوو کەمێک دەرگاکانی خۆی کردەوە تابزانێت گەلی سەرکوتکراوە بەرەو کوێ دەڕوات و نیازی چییە. لە بەرگرینامەکەیدا ئاماژەی بەو تەکنیکەی کۆمار کرد، کە پێویستە گەل هوشیاربێت لەبارەیەوە.

نەیانهێشت ئەو دیمەنانە ببینێت، لە ڕێگای گێڕانەوەی پارێزەرەکانییەوە کەمێک لە وێنەی پشتگیریکردنەکەی بەدەست گەیشت. ئاڵوگۆڕێکی بەسەر پرسی کورددا هێنا، بە کتێبەکانی قوڵتر و فراوانتری کرد. کۆمار هەڵوەستەیەکی کرد، ڕۆژگارەکە بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆیشت لەبەرژەوەندی کوردبێت. گفتوگۆکانی ئاشتی وەستێنرا، گەمارۆی خرایە سەر زیندانی ئیمڕاڵی، وەک نەریتە کۆنەکەی عەلەوییەکان، بەردێک لەبەردەم دەرگای ئیمڕاڵی چەقێنرا، بۆکەس نەبوو سەردانی بکات، ئاگای لێی بێت، بیبینێت، گۆشەگیرکرا.

چالاکوان و پارتە کوردییەکانی باکوور کەوتنە بەر هەڕەشە و گرتن. بەلام ئیدی جارێکی دیکە کۆمار نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، زمانی کوردی و کولتووری کوردی جینۆساید بکات. لە هەزاران شوێنەوە ستران، هونەر، کتێب، بڵاوکرانەوە، پارتی نوێ، چالاکی، جلوبەرگی کوردی، کەلەپور، زیندووکرانەوە و لە گۆڕەکە هێنرانە دەرەوە.

سەرکوتکردن و پەلاماردان دەستی پێکرد. پارتەکان داخران، کارەکتەرە سیاسییەکان دەستگیرکران، بەهاوکاری چاوساغەکانی

باشوور، سوپا و دەزگا سیخوڕییەکان کەوتنە گەڕان بەدوای گەریلاکان. بۆمباران و کوشتن، تیرۆرکردن و فڕاندن. هێرشی سەربازی بە چاوساغی هێزەکانی بارزانی و تاڵەبانی لە باشوور، بۆسەر سەنگەرەکانی گەریلا، هەواڵی یەکەمی میدیاکانی تورکیا بوون. باکوورییەکان تووڕە لە باشوور، ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕۆژئاواییەکان بەهەمان شێوە، دوژمنەکانی کورد توانییان بەو لێکترازانە بچنە ناوەوە و گورزێکی دیکە لە پرسەکە بوەشێنن.

لە تەلەفزیۆنە بچوکەکەوە بەشێک لەو هەواڵانەی دەبینی، لەبەرخۆیەوە: «بەسەر ئەم قۆناغەدا سەردەکەوین، گەل زیندوو بووەتەوە، شۆڕشگێڕ و نۆکەر لەیەک جیادەکاتەوە، ڕۆحی نۆکەرایەتی نوێنەری ئەم گەلە نییە، ڕۆحە شۆڕشگێڕەکە نوێنەرایەتی گەل دەکات. نۆکەرەکان لەناو مێژوودا ناگەڕێن وێنەی خۆیان ببینەوە، بەڵام مێژوو وێنە ڕاستەقینەکەیان بۆ نەوەکانی داهاتوو دەخاتە ڕوو.» هەم نیگەران، هەم بە ئومێد.

متمانەی بە هەڤاڵەکانی بوو لە شاخ، متمانەی بە گەلەکەی، تۆوێکی چاند، گێلگەکەی بە سەوزی هێشتەوە. لە هەر هەواڵێکدا پەیوەندی بە کوردەوە هەبوو، بۆ ساتی ڕوودانی هەواڵەکە نەدەگەڕا، بنەوانی ڕوودانەکەی مەبەست بوو، بزانێت بۆچی ڕوویداوە، لە کوێی ڕابردوودا دەتوانێت بیدۆزێتەوە. کتێب دوای کتێب دەینووسی و دەیناردنە دەرەوە، لەبری ئامادەیی خۆی، بیرکردنەوەکانی ئامادە بوون. هەڤاڵەکانی لەناو شاخەکان ئەکادیمیاکەیان گەشە پێدا، وێنەیەکیان لە شوێنی وانەکان هەڵواسی، ئەستێرە سوورەکەی خوداوەندە دایکیان لە پشت سەرییەوە دانا. کەوتنە کنەکردنی بیرۆکەکانی، لە بەشێکی نووسینەکانیدا ڕەمز هەبوو، ڕەمزەکانیان دەشکاند، هێز و وزەی پارتەکەیان لەسەر بونیاد نا.

لەناو ئەشکەوتەکەی میترادا، ئاگرێکەی کردبوویەوە، بانگی دەکردن بگەڕێنەوە بۆ بنەچە بەشکۆکە، بە زمانێکی پاکەوە، بە بیرکردنەوەیەکی پاکەوە، بە ئاکارێکی پاکەوە، مرۆڤی ناو شارستانییەتە دێرینەکەی گرێدا بەو سێ کۆڵەکەیەی لە زەردەشتەوە بۆیان نووسرابوو. جگە لەوە نەریتێکی نوێی خستە ناو بیرکردنەوەکانەوە، منداڵی و پەیوەندی خێزانی خۆی، کردە سەکۆیەک بۆ ڕەخنەکردن، ورد بوویەوە، گرێکان، خەوشەکان، هەڵەکانی دەرخست.

زیندان گۆڕا، لە دیلکردنەوە بوو بە بەرهەمهێنەری بیرۆکەی زۆرتر. گەمارۆی دووهەم دەستی پێکرد، ترسان لە کتێبەکانی بوو بە گفتوگۆی نێوان میدیاکارەکان. ڕێگریکردن لە چوونە دەرەوەی کتێبەکان، کاری دووهەمی کۆماربوو. شەڕە تایبەتییەکەی تورکان لەگەڵ کورد بە شێوازێکی دیکە سەری هەڵدایەوە. هەوڵەکان بۆ تێگەیشتن فەرامۆشکران، دەنگی سەربازەکان بەسەر دەنگی گفتوگۆکەراندا سەرکەوت.

بەو شەڕە نوێیە، گروپە ئیسلامییەکان پێگەی خۆیان لەناو دەسەڵاتی تورکیادا بەهێزکرد. گروپی بەرگریکردن لە ڕێککەوتن لە دەسەڵات دوورخرانەوە. سیستەمی کۆماریی بە شێوەیەکی ئایینی گەڕایەوە سەر مۆدێلە سەرەتاییەکەی. دۆستەکانی تورکیا لە باشوور، لە کەمپینی هەڵبژاردنەکاندا لە پێشی پاسەکانەوە دانیشتن، بەناوچە کوردییەکانی باکووردا دەگەڕان، دەنگ بۆ سیستەمە داپڵۆسێنەرەکەی دژ بە کوردان کۆبکەنەوە. لە کۆشکە گەورەکان پێشوازییان لێکرا، بەشەرمێکی خزمەتکارانەوە لەبەردەم سوڵتانە نوێیەکەدا دەوەستان و زەردەخەنەیان بۆ دەکرد. زیندانەکان پڕکرانەوە لە کوردانی باکوور، ڕۆژنامەکان داخران، ژەنەڕاڵەکان بە بەرگی مەدەنییەوە لەسەر کورسییەکان دانیشتنەوە. جیهان بە بێدەنگی تەماشای وێنەکانی دەکرد.

ئاپۆی ڕێبەر، لە زیندانەکەدا ماندوو نەبوو، جگە لە دوو هەڤاڵەکەی، هیچ کەسێکی دیکەی نە دەبینی. هەموو ڕۆژێک پێش چوونە دەرەوەی بۆ حەوشەی زیندان، سەگە پاسەوانەکان دەوەڕین، کە دەردەکەوت بێدەنگ دەبوون. جەندرمە پاسەوانەکان چاویان تێدەبڕی. ئەویش دەستی دەخستە پشتی و بە ئەسپایی هەنگاوی دەنا، کەمێک کێشی زۆر بوو، هەڤاڵەکان بە هەمان شێوە. نیگەران لەوەی کتێبە دڵخوازەکانی بۆ ناهێنن، بە دەنگێکی کەمێک لە خۆ ڕازی بوونەوە: «دەست لە ژیان هەڵدەگرم، بەڵام هەرگیز دەست لە خوێنەربوون هەڵناگرم. نزیکیی لە کتێب، وای لێکردین سێ قەڵەمبازی گەورە بخولقێنین.»

گەنجانی نوێ پەیوەندییان بە پارتەکەیەوە کرد، ئەکادیمیای ناو شاخەکانی ئاوەدانتر لە جاران. لە ناو ئەشکەوتەکاندا ئاگریان کردەوە و هەواڵی مانەوەی نەوەی میترابیەکانیان بە دراوسێکان دا. دەنگی سترانە کرمانجییەکان لە گشت بازاڕ و کۆلانێکی شارەکاندا بیسترا. ئەو مرۆڤە نوێیەی تەواوی تەمەنی خۆی تەرخانکرد بۆ دروستکردنی، دروست بوو. پەیامەکەی سەردەمی ڕێکخستنەکان کە دەیگووت: «میتۆلۆژیایەکی نوێ دەنووسینەوە.» دەستکرا بە نووسینەوەی.



# ŞAZADEKEYÎ URFA

## NABAZ GORAN

بەفرێکی زۆر باری بوو.

ئاسمان ساماڵ، سەر لە ئێوارە کە تەماشات دەکرد هەموو شوێنێک سپی دەنواند، تاریک داهات، ئەستێرەکان دەرکەوتن، جگە لە دەنگی وەڕینی سەگەکانی ماڵی ئاغا و کوێخا، لە گوندی ئامارا گوێت لە دەنگێکی دیکە نەدەبوو. کتوپڕ، نیوەشەو، چرایەک هەڵکرا، هاواری ژنێک بیسترا، دوای هاوارەکە، چرایەکی تر هەڵکرا، دەنگێکی تر بیسترا، گوندەکە لە کپی و خامۆشیی بەئاگا هات، چراکان داگیرسان، خەڵکەکە بەرەو ڕووی یەکەم هاوار ڕۆیشتن، زۆری نەبرد دانیشتوانی گوند، لەبەردەم ماڵی ئاپی ئۆجەلان کۆبوونەوە، هەواڵی لە دایکبوونی کوڕێک گەیشتە گوێی هەمووان. لەناو ئەو بەفر و سەرمایەدا، گەرمییەک کەوتە دڵی خەڵکەکەوە. پیاوان پێکەنین، ژنان بەهەمان شێوە، منداڵان لەبەردەم شەوقی چراکاندا، دەستیانکرد بە یاریکردن. لە درەنگانێکی ئەو شەوەدا، شازادەی شەوە بەفرینەکە، لە دایک بوو.